
# وەرزنامەی ئێرانناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٩) ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

- گفتوگۆکانی ناو مەتبەخ و هێزی نەرم
- سیاسەتی کولتووریی ئێران بەرامبەر کورد
- بونیادی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران
- ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فاکتەرە کاریگەرەکانی ناکۆکی نێوان ئێران و ئازەربایجان
- بەرزیی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئێران کەلێنی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات
- ڕۆژهەڵاتناسیی فارسی: ئایدیۆلۆجیا ڕەچەڵەک. زمانییەکان و دروستکراوەی «ئێرانییەت»

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٩) ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

وێنەی بەرگ: لە کتێبی (بنەما مێژوویی و فیکرییەکانی
دوانەیی «ڕەسمی» و «محەللی» لە ئێرانی هاوچەرخدا)

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G، شووقەی 4)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وەرزنامەی ئێراننناسی

وەرزنامەی ئێراننناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێراننناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. مەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆك

سەروتار


ئێران و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست [بارام مەجیدخان] ........................................ ٤ |


توێژینەوە


گفتوگۆکانی ناو مەتبەخ و هێزی نەرم [ئازاد حاجی ئاقایی] ........................................ ٩ |

سیاسەتی کولتووریی ئێران بەرامبەر کورد لەبەر ڕۆشنایی دەستوورو یاسا و... [هەردی مەهدی میکە] ......... ١٨ |

فاکتەرە کاریگەرەکانی ناکۆکی نێوان ئێران و ئازەربایجان [تەحسین وسو عەبدوڵلا] ........................................ ٥٤ |

بونیادی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران [بارام مەجیدخان] ........................................ ٧١ |

ناکۆکییەکانی ئێران و ئیمارات سەبارەت بە سێ دوورگەکە ( طنب الکبری، طنب الصغری، أبو موسی) [یاسین عزەم] ... ٨٣ |

ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ؛(مەکتەب قورئان و دەعوەت و ئیسڵاح وەك نموونە) [سۆران ئەسعد] ٩٨ |


چاوپێکەوتن


چاوپێکەوتن لەگەڵ فەیسەڵ عەلی؛ ئابووریناس و سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان

بەرزی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئێران کەڵێنی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات ........................................ ١٢٤ |


توێژینەوەی وەرگێڕدراو


ڕۆژهەڵاتناسی فارسی: ئایدیۆلۆجیا ڕەچەڵەك .زمانییەکان و دروستکراوەی «ئێرانییەت»

[ئەحمەد محەمەدپوور/ و: گەلاوێژ سۆفی] ........................................ ١٣٨ |

ئایین و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئێران [ڕێحانەی غوڵامی/ عەبدوڵا ڕەسولی] ........................................ ١٧٦ |

ڕێکەوتننامەی سعودیە – ئێران و نێوەندگیری چین: [سەدات لاچینەر/ و: هەڤاڵ ئازاد محێدین] .................. ٢٠٥ |


کەسایەتی


ئایەتوڵڵا محەمەدڕەزا مەهدەوی کەنی؛ متمانە پێکراوی دوو ڕابەر [ئامادەکردنی : ئەژی ئازاد ئەبووبەکر] ......... ٢٢٣ |
...


کتێبناسی


ئێرانییەکان، مێژووی دێرین تا سەردەمی هاوچەرخ [ئامادە کردنی: ئێر اںناسی] ........................................ ٢٢٨ |


چەمکناسیی


ئاسایشی نەتەوەیی [ئامادەکردنی: هەورامان فەریق کەریم] ........................................ ٢٣٣ |



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku

سەروتار

بارام مەجیدخان

# ئێران و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

کەمینەی شیعە لە لوبنان ئەو گەرایە بوو کە دەستی ئێرانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست کردەوە. ئێران میوانی ناوەختی ناوچەکە لە سەردەمی شای ئێران و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٦٠ هێدی و لەسەرخۆ توانی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکات. حەزەکانی شای ئێران بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە. شا پێیوابوو پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دەرفەتێکە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتری ئەمریکا. لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت پشتیوانی لۆبی یەهوودی لە جیهان بەدەستبهێنێت. لە لایەکی ترەوە پەیوەندی لەگەل ئیسرائیل پارسەنگی هێزی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بە قازانجی شای ئێران دەگۆڕێت. ئەمەش هەر زوو کاردانەوەی ڕەوتی نەتەوەپەرستی عەرەبی بە شوێن خۆیدا هێنا. جەمال عەبدولناسر پەیوەندییەکانی خۆی لە ئێران پچڕاند. شای ئێران خواستی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە شیعەیان تێدایە (عێراق، لوبنان) هەبوو. بەڵام ئێران نەیدەتوانی یاری بە کارتی شیعە بکات. هەر هەوڵێکی لەو چەشنە نەیارە ناوخۆییەکانی شای بەهێزتر دەکرد. لە کۆتاییەکانی حکومەتی محەممەد ڕەزا شا، ئێران بوو بە کڕیاری سەرەکی چەک لە ئیسرائیل. هاوکات ٧٠٪ نەوتی ئیسرائیل لە ئێرانەوە دابین دەکرا. ئیسرائیل بەم پەیوەندییەی لەگەڵ ئێران ئاسوودە بوو. بەبێ دەنگیش چرای سەوزی بۆ پشتیوانی لە کوردی عێراق و بە بێدەنگی نیشاندا.

لەگەڵ شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران، واقعی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە گۆڕانی بە سەردا هات. سروشتی شۆڕشی ئیسلامیی توندڕەو و پەرگیر بوو. ئێران بە هۆکاری ئەوەی کە ئیسرائیل یارمەتی دەزگای سەرکووتکاری ساواکی داوە و دژی مسوڵمانانی فەڵەستین وەستاوەتەوە، دژی ئیسرائیل کەوتە جووڵە. بە تایبەت لە لوبنان کە دەروازە و بیانوویەکی باش بوو بۆ هەناردەکردنی شۆڕش. ئیمام موسا سەدر توانی کە شیعەکانی لوبنان یەک بخات و گەرای پرۆژەی سیاسی شیعی دابنێت. کە خۆی لە بەشداری سیاسی شیعە لە لوبنان و هاوسەنگی بەشداری سیاسی لە خۆ دەگرت. لە سەرەتادا شیعەی لوبنان زۆر هاوسۆز نەبوو لە گەڵ کێشەی فەڵەستین. چەکدارە فەڵەستینییەکان لە باشووری لوبنانەوە هێرشیان دەکردە سەر ئیسرائیل. ئەو هێرشانە شیعەکانی نیگەران دەکرد. پێیانوابوو کە بابەتی فەڵەسین بابەتێکی دنیای سوننەیە. بەڵام


هێدی و لەسەرخۆ شیعەی لوبنان و حیزبوڵڵا ئاوێتەی بابەتی فەڵەستین بوون.

هێرشی ئیسرائیل بۆ باشووری لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢ دەستپێکی حکایەتە خۆێناویەکەیە. هەم ئیسرائیل و هەم ئەمریکا خوێندنەوەی دروستیان بۆ شەڕەکە نەبوو. لە کاتێکدا بڕوای گشتی ئەوەبوو، کە هیچ هێزێک ناتوانێت پاشەکشێ بە ئەمریکا و ئیسرائیل بکات لە ناوچەکە. هێرشی ئیسرائیل بۆ باشووری لوبنان، هەڵەیەکی ستراتیژی گەورە بوو کە شیعەی لوبنانی بە ڕادەیەکی زۆر بەهێز کرد. ئەمەش دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ئێران ڕەخساند کە پێگەی خۆی لە ناوچەکە بەهێز بکات.

وەستانی شەڕی ئێران-عێراق دەرفەتی بە ئێران بەخشی کە هەم دووبارە بگەڕێتەوە سەر پرۆژە تەواونەکراوەکانی دۆسییەی ئەتۆمی و هەم ئەزمونی شەڕ لە گەڵ عێراق، بیرۆکەی بونیات نانەوەی دوبارەی سوپای ئێرانی لە پلانی ستراتیژی ئەو وڵاتەدا چاند. بەڵام دەرفەتی زێڕینی ئێران، پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق بە چەند قۆناغێک جێبەجێ کرا، ئێرانی کردە هێزێکی حاشاهەڵنەگری ناوچەکە. پشتیوانی ئێران بۆ گروپەکانی هاوسۆز لەگەڵ خۆی، تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا چاند. بە تایبەت لە عێراق، لوبنان و یەمەن و بەحرەین تا دەگاتە بەشێک لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان سیاسەتەکانی شای ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو ئامانجە هاوبەش و کۆدژانەی کە هەردوو قۆناغەکە لێک جیادەکاتەوە چین؟ پرۆژەکانی ئێران دوای شۆڕش زیاتر بزوێنەری هەستی شاراوەی نەتەوەیی و ئایینی ئێرانی لە ئامێز گرتووە. تا ئێستا بنەما سەرەکییەکانی پاش و پێش شۆڕش بە جیاوازی کات و شوێن سیاسی هەمان بنەمان. کە خواستی ئێران بۆ بوون بە وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکە جێگیر دەکات.

تارمایی ناکۆکییەکانی ئێران ئیسرائیل هەم بەسەر کێشەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+١ بە ئاشکرا دیارە و هەم بەسەر وڵاتانی ناوچەکە. شەڕی شاراوەی ئەمنی ئیسرائیل و ئێران بە ڕادەی کوشتنی زانا ئەتۆمیەکان و دزینی بەڵگەنامە نهێنیەکانی دۆسیەی ئەتۆمی لە پارێزراوترین دزەی ئەمنی ئێران تا هەڕەشەی ناوخۆیی لەسەر ئێران، ئەو ڕوانگەیەی بەهێز کرد کە دیواری ئەمنی ئێران بە گشتی بەرامبەر بە ئیسرائیل ڕووخاوە. بەڵام هێرشەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر ئەو گومانەی بەهێز کرد کە ئیسرائیلییەکانیش لە ڕووی ئەمنیەوە هێندە بەهێز نەبوون کە توانرا ئەو گورزە کوشندەیان بەربکەویت کە بە «ڕۆژی ڕەش»ی ئیسرائیلییەکان ناوزەد بکرێت. ئەم شەڕە زیاتر لەوەی شەڕ بە شێوە باوەکەی بێت زیاتر لە شەڕێکی ئەمنی دەچێت. خاڵە لاوازەکانی ئیسرائیل لەم شەڕەدا وەدەرکەوتن. لەگەڵ هەبوونی مەترسی گەورە لەسەر پەرەسەندنی ئەم کێشەیەی کە ئەمڕۆ لە غەزە بەردەوامە ڕۆڵی ئێران چاوی عەرەبی و جیهانی زۆر لەسەرە. چاوەڕوانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئێران ئیسرائیل ئەگەرێکی زۆر بەهێز نییە. هێڵی سووری ئێران کاتێکە کە هێرشی ڕاستەوخۆ بکرێتە سەر وڵاتەکەی. ئێران لە باتی نەتەوەیەکی تر و وڵاتێکی تر ناچێتە شەڕەوە. ئەمەش لۆمەکردنی سیاسەتەکانی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێناوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# توێژینەوە


ئێرانناسی



# گفتوگۆکانی ناو مەتبەخ و هێزی نەرم

تویژەر: ئازاد حاجی ئاقایی

مامۆستای بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی یاگولینسکی، کراکۆ




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەرایی

ئێستا لە سەردەمی گلۆکالیزاسیون، بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە زۆرتر لەسەر لەناوچوونی سنوورەکان و گەشەسەندنی کولتوور و فەزاییکی یەکدەستی جیهانی پێداگری دەکرا، زۆرتر لەسەر کارتێکەریە دوولایەنەکانی ڕەوتی بە جیهانیبوون و خۆجێییبوون پێداگری دەکرێت. دەرەنجامەکانی بە جیهانیبوون یان بە جیهانیکردن، سەرەڕای ئەوەی کاریگەری زۆریان لە نزیککردنەوەی ئاسۆکانی تێڕامانی مرۆڤ، خوڵقاندنی هیوای نەمانی کێشە و ململانێ و هاوبەشی و هاوکاریکردنی مرۆڤەکان لە پێناو دروستکردنی جیهانێکی دوورتر لە پشێوی دانا، بەڵام لە ئاکامدا پرسی بەرژەوەندی، سەپاندنی هێز، ئایدۆلۆژیا و نۆرم و بایەخەکان-وەك بەشێك لە سروشتی مرۆڤ- نەیتوانی ململانێکان دابەزێنێتە ئاستێکی نزمتر. بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان لە ئاستی ئەمری واقیع، ئەم وتارە بە گرنگی پێدانی ویستی سەپاندنی هێزی لایەنێك بە سەر لایەنێکی تر، لە ڕێگەیەکی نەرم و نیانتر هەوڵدەدا چوارچێوەیەك بۆ خوێندنەوەی کاریگەری هێزی نەرمی ئەکتەرە ناوچەییەکان لە ڕێگەی میدیا، لە باشووری کوردستان دەستەبەر بکات.

## تو انجێك لە جیاتی پێشەکی

لە ٢٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٤٩، ڕیچارد نیکسۆن، جێگری سەرۆککۆماری ئەمریکا بە بیانووی بەشداریکردن لە پیشانگەیەك کە بە مەبەستی نیشاندانی پیشکەوتنەکانی ئاستی ژیانی ئەمریکییەکان لە مۆسکۆ ڕێکخرابوو، لەگەڵ نیکیتا خرۆشچێف، سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت گفتۆگۆیەکی ئەنجامدا. لە میانەی ئەم چاوپێکەوتنەدا، نیکسۆن و خرۆشچۆڤ بۆ ماوەیەکی کورت لە ماڵێکی مۆدێلی ئەمریکی کە لەم پیشانگایەدا دانرابوو، قسەیان کرد. نیکسۆن بە پیشاندانی کەرەسە پێشکەوتووە ئەمەریکییەکانی ناو مەتبەخی ماڵەکە وتی لە ئەمریکا دەکرێ ئەم ماڵە لە لایەن کرێکارێکی توێژی مامناوەندی ئەمەریکی بکڕێت. خرۆشچۆڤ وەڵامی دایەوە ماڵە ئەمریکییەکان ماوە کورتن، کەچی ئەو ماڵانەی لە سۆڤیەت بینا دەکرێن بۆ ماوەی دەمدرێژ بینا دەکرێن. نیکسۆن لە بەردەوامی قسەکانیدا، بە ئاماژەکردن بە قاپشۆرێکی کارەبایی وتی ئێمە حەز دەکەین لە ئەمەریکا ژیان بۆ ژنان ئاسانتر بکەین؛ خرۆشچۆڤ دەستبەجێ وەڵامی دایەوە تێڕوانینی کاپیتالیزم سەبارەت بە

ژنان، مژارێکە لە ناو کۆمۆنیزم دا قەت سەرناکەوێت. لە بەردەمیدا، خرۆشچێف وتی ئەمەریکا تەنیا ١٥٠ ساڵە بوونی هەیە و ئێمە وەك سۆڤیەت تەنیا چل و دوو ساڵە هەین، حەوت ساڵی داهاتوو لە ئاستی ئێوەدا دەبین و ئەو کاتەی گەیشتینە ئاستی ئێوە و لێتان پێشکەوتین، دەستی خۆمانتان بۆ هەڵدێنین. ئەم گفتۆگۆیە لە ڕۆژی ئەمڕۆکەشدا وەك بەریەککەوتنی دوو ئایدیۆلۆژی، بە مەبەستی دەرخستنی هێزی لایەنێك بە سەر لایەنەکەی دیکەدا لە سەردەمی شەڕی سارد دەنوێنرێتەوە هاوکات ئاماژەیەکیشە بۆ بەردەوامی ئامرازە شاراوەکانی سەپاندنی هێز بە مەبەستی زاڵبوون و زاڵکردنی بایەخەکان؛ ئەو کاتەی شەڕ لە ڕێگەی سەربازییەوە تێچووی زۆرتری دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کەڵك وەرگرتن لە چەمکی مەتبەخ، بەر لە چەمکی هێزی نەرم هاتۆتە ناو قامووسی سیاسەتەوە و زۆر دواتر، پۆست مۆدێرنەکان جەختیان لەسەر مەتبەخ-یش وەك بەردەوامیی سیاسەت کردۆتەوە، بەڵام گفتوگانی ناو مەتبەخ وەك میتافۆرێك بۆ پێداگریکردن لەسەر بایەخە ناوخۆییەکان، لایەنی شاراوەی هێز و کولتوور، بەردەوام کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەم تێگەیشتنە لە سەردەمی شەڕی سارد ئەگەر نیشاندەری چەشنە دیپلۆماسییەك بوو، ئێستاکە، دوای ڕووخانی سۆڤیەت، خاوبوونەوەی باسوخواسەکان لە مەڕ بە جیهانیکردن/جیهانیبوون، دەتوانێت دەرخەری لایەنە شاراوەکانی هێزی ئایدۆلۆژییەکی شاراوەی سەر شاشەی تیڤی، چۆنیەتی ماکیاژ و حیجابی خانمە پێشکەشکارێك، ستایلی چێشت لێنان، میلۆدی گۆرانییەك یان تەنانەت بڵاوکردنەوەی زنجیرە درامایەکیش بێت کە چۆن کاریگەری لەسەر بەرەنگی خۆی دەستەبەر دەکات.

ئەگەر چی دڵڕفێنبوون و کاریگەری دانان لەسەر هزر و تێڕامانەکان، وەك ڕیکلام، بەردەوام خاوەن گرنگی بوون، بەڵام وا پێدەچیت لە سەردەمی تەنینەوە و گەشەی سۆشیاڵ میدیا، چوونە ناو تێڕامان و دڵی خەڵك لە ڕێگەی زانیاری و ئەکتەرە سینەماییەکان، کاریگەری دانان لەسەر ستایلی ژیان و کردەی ڕۆژانەیان، هەم تێچوویەکی کەمتری هەبێت و هەمیش کاریگەریەکی قووڵتری لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێت. سەرەڕای ئەمانەش وا دێتە بەرچاو لانیکەم ئەم لایەنە گرنگەی هێزی نەرم لە باشووری کوردستان، لە ساڵانی ڕابردوو و ئێستاشەوە، دزە پێکردنی هێزی نەرمی لایەنێك یان لایەنەکان لە ناو هزری جەماوەر، بە وردی ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. یان تەنانەت ئەگەر ئاوڕیشی لێدرابێتەوە، وا پێدەچیت وەك ئەجێندایەکی بە مەبەست بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکانی کۆمەڵگە و لە کۆتا قۆناخ، خۆ بەدەستەوەدانێکی بە ئەنقەست بووە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێناسەیەك بۆ هێز(ی)- نەرم

قسەکردن لەسەر چەمکی هێز بەردەوام مشتومڕی لێکەوتۆتەوە و هەر ئەمەش وایکردووە هیچ پێناسەیەك لەم چەمکە لەلایەن ئەو کەسانەی بە کاری دێنن بە تەواوی ڕەزامەندی لەسەر نەدرێت. هەڵبژاردنی پێناسەیەك بۆ هێز لەلایەن کەسەکان یان ئایدۆلۆژیا فکرییەکانەوە، ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندی و بەهاکانیانە؛ بۆیە بە پێی وتەی نای، قسەکردن لەسەر هێز وەك قسەکردن لەسەر کەش و هەوا وایە. هەموو کەسێك دەتوانێت قسەی لەسەر بکات بەڵام بە تێگەیشتنێکی کەم یان ڕێژەوییەوە. هەر بەو شێوازەی وەرزێرەك یان کەشناسێك هەوڵی ئەوە ئەدات کەش و هەوا پێش بینی کات، ڕێبەرە سیاسی و شرۆڤەکارانی سیاسەتیش لە هەوڵی پێناسەکردنی سیاسەت و گۆڕانەکانی پەیوەندیدار بە هێز-ن. ئەم ناسەقامگیرییە لە پێناسەکردنی چەمکی هێز و لایەنە جیاوازەکانی هێز بە ڕادەیەك بەرباڵاوە کە ژۆزێف نای پێیوایە هێز وەك خۆشەویستی وایە، ئاسانترە ئەزموون بکرێت، تاکو پێناسەی بۆ بکرێت یان هەڵبسەنگێنرێت[1].

لە دەستپێکەکانی کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی Bound to Lead: The Changing Nature of American Power، نای پێیوایە گرنگیی تەکنەلۆژیا، پەروەردە و گەشەی ئابووری لە خەمڵاندنی هێز ڕوو لە گەشەدایە و هاوکات لایەنی ئابووری، حەشیمەت و ماتریاڵە خاوەکان بەرەو کزی هەنگاو دەنێن.[2] ئەم ئارگیۆمێنتە ئاماژەیەکە بە لایەنی نەرم-ی هێز؛ ئەم لایەنە لە پێناسەی هێزی نەرم تایبەتمەندیی لاستیکی بوونەکەی دەخاتەوە بیر، واتە لە کاتی بە بەکارهێنانی، وەك سەرچاوەیەك لێ کەم نابێتەوە و لە ڕێگەی پیشەسازی کولتوورییەوە دەتوانێ بەرهەم بێت.[3] بەڵام ئەم تێڕوانینە بە هۆی ئەوەی لە ژێر کاریگەری تاکلایەنە ڕوانین بۆ هێزی ڕەق-وەك ویستی سەپاندنی هێزی سەربازیی یان ئابووری سەیر کراوە- لەلایەن کەسانێکی وەك Steven Lukes – کە لەسەر سێ سیمابوونی هێز پێداگری دەکەن، توشی ڕەخنە بۆتەوە؛ هەربۆیە لوکێس پێیوایە هێز بە تەنها لەو کاتەدا نابینرێت کە ئەکتەرێك یان لایەنێ کردار و مامەڵەی خۆی دەگۆڕێت، بەڵکو ئەو کردەوانەش دەگرێتە خۆی کە سیاسەتێکی تایبەت لە ڕێگەی پێکهاتە دامەزراوەییەکان و بەهاکانی سیاسەتەوە سنووردار دەکرێت. ئەم تێڕوانینە بۆ هێز، کێشەیەك بۆ خوێندنەوەی چەمکی هێز لە نەریتی ڕیئالیستی خۆی دەخاتە ڕوو. بەم واتایە هێز تەنیا بە هەوڵدانی ئەکتەر یان لایەنێك بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کردەی ئەکتەرێکی تر سنووردار ناکرێت[4] بەڵکو لایەنی نەبینراوە و شاراوەی بۆ قەناعەت پێکردن و سەپاندنی خۆی هەیە. بەم پێیە، نەتەوەیەکی

خاوەن هێز، کە زانیارییەکانی خۆی، نەك لە ڕێگەی فەرمان و ڕیکلامی ڕاستەوخو، بەڵکو لە ڕێگەی کاریگەریدانانی ناڕاستەوخۆ و تێخزاندنی بایەخەکان و سیمبولەکان لە ناو مێشکی ئەندامانی نەتەوەیەکی دیکە جێبەجێ بکات، لایەنێکی شاراوەی هێزی خۆی دەخاتە گەڕ. ئەم هێزە نەرمە- ناچارکردنی کەسەکانی تره بۆ ئەو دەرەنجامەی لایەنێك دەیەوێت- هاوبەشکردنیانە لە جیاتی ناچارکردنیان، لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشبوون(5)

## هێزی نەرم و بە براندکردنی بایەخ و ئایدۆلۆژیاکانی نەتەوەیەك

گرگی ئاماژەکردن بە دەستەواژەیەکی بازرگانیی وەك براند، نواندنەوەی گرنگی هێزی نەرمە. هۆکارەکەشی ڕوونە، وڵاتەکان...وەك براندەکان مامەڵە دەکەن، هەڵە بێت یان ڕاست- براندەکان وەك وڵاتەکان یان دەوڵەتەکان خاوەن تایبەتمەندی و کواڵیتی تایبەت بە خۆیانن. بە براندکردنی تایبەتمەندییەکانی وڵاتێك یان دەوڵەتێك، لە ڕێگەی بایەخ و نۆرمەکان و نواندنەوەیان دەبێتە هۆکاری بەدیهاتنی خەیاڵکردێکی هاوبەش لە ناو مێشکی ئەو کەسانەی لە وڵاتێکی دیکە بەکاریان دێنن. ئەگەر بێتۆ بە براندکردنی نەتەوە یان وڵاتێك لە ڕێگەی بەرهەمەکانیی، وەك تەکنیکێکی ستراتیژیك کەڵکی لێوەرگیرێت، ئەوە خەیاڵکردێکی پۆزەتیڤ لە ناو مێشکی دانیشتوانی وڵات یان خەڵکانی تر بەرهەم دەهێنێت و لە ئاکامدا هێزی نەرم، بێ ئەوەی لە لایەنی سەربازیی کەڵك وەرگیرابێت، ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت. هەر بۆیە هێزی نەرم و بە براندکردنی بایەخ و ئایدۆلۆژیاکانی نەتەوەیەك، پەیوەندی ڕاستەخۆیان پێکەوە هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە ڕەنگە لە سەردەمی ئێستاشدا، دزەکردنی هێزی نەرم لە ڕێگەی سینەما، میدیا و میوزیك وەك چڕبوونەوەی هێزی هێمایین، باشترین ڕێگە بۆ دزەپێدان و سەپاندنی هێزی نەرم بێت. ئەم هێزە وەك توانستی دەستێوەردان لە ڕەوتی ڕووداوەکان، و لە ڕاستیدا وەك دروستکردنی ڕووداوەکان، لەسەر کردە و هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە کاریگەری دادەنێت. ئەم لایەنە لە هێز دەتوانێت خاوەن ناواخنی ڕوونی ئایدۆلۆژیك بێت یان نەبێت (6).

توانستی ئەم هێزە هێماییەنەی پیشەسازی کولتوور، کە خۆی لە سینەما، میدیا و میوزیکدا دەنوێنێتەوە، لە ڕوونانی ڕاستینەی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە، واتە لەم ڕێگەیەوە، بە هۆی هەڵبژاردن و هەڵاواردنی بایەخەکان و نۆرمەکان، دەکرێ جیهانی ڕاستەقینە بنوێنرێتەوە و وێنا بکرێت. ئەم ڕەوتە، کە خۆی شێوازێکی نەرمی بەکارهێنانی هێزە، ڕێگە دەداتە میدیا تاوەکو وەشانێکی تایبەت لە واقیع پێشکەش بکات. بە گەڕانەوە بۆ پێناسەی نای لە هێزی نەرم، بینەرەکان، بەردەنگەکان وەك ئامانجەکانی هێز پێناسە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەکرێن. گرنگی پێناسەکەی نای لە چەمکسازیکردنی هێزی میدیا وەك فۆرمێکی هێز وایە. بەو هۆکارە کە هێزی میدیا کاتێك کاریگەر دەبێت کە ئەمری واقیع لە ناو مێشکی بەردەنگ و بینەردا سەر لە نوێ بنیات بنێتەوە و هاوکات شەرعییەتی بایەخ و نۆرمی ئایدۆلۆژیکی تایبەتیش پەرە پێ بدات. ئەم ڕەوتە، بە پێی کوڵدری بە سروشتیکردنی هێز-ی لێ دەبێتەوە[7]

## ململانێی هێزەکان و تاکتیکەکانی سەپاندنی هێزی نەرم

زیاتر لە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر نیکۆلۆ ماکیاڤێلی وەك ئامۆژگارییەك بە شالیاری ئیتاڵیای وتووە، کە زۆر باشترە لێت بترسن نەك ئەوەی خۆشیان بوێت. بەڵام هاوکات ماکیاڤێلی لەسەر دوو خاڵی هاودژی سروشتیی مرۆڤیش داکۆکیی دەکرد و پێیوابوو مرۆڤ لە ناخەوە دژ بە کۆمەڵایەتیبوونە؛ بەڵام بە پێی پێداویستییەکانی ژیان، بۆ مانەوە لەگەڵ یەکتر پەیوەندیی بە مرۆڤی دیکەوە دەگرێت و خۆشی لە ناو زنجیرە گرووپەکانی ڕکابەردا بە ڕێکخراوە دەبێت، فێر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ویست و داخوازییەکانی خۆی جڵەو بکات؛ هێور هێور  بە مەدەنی بێت و ڕابێت لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی لە ناو سیڤیتاس-ێکدا بژیت. هەر بۆیە لە جیهانی ئەمڕۆدا، وەك سەردەمی ماکیاڤێلی، واپێدەچێت ئەوە باشتر بێت کە هەم لێت بترسن و هەمیش خۆشییان بوێت؛ هاوکات لەگەڵ ڕکەبەرایەتی لەگەڵ ئەوانی تر، بتوانێت بە ئامرازێکی مەدەنی، ویستەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بەڵام ململانێی هێزە ناوچەییەکان و هێزەکانی ناو هەرێمی کوردستان لەگەڵ یەکتر، تا چ ڕادەیەك دەرفەتی بۆ سەپاندنی هێزی نەرمی هێزە ناوچییەکان ڕەخساندووە؟ چۆن دەکرێت سەپاندنی ئەم هێزە نەرمە، لە ڕێگەی پیشەسازی کولتوورەوە، لەلایەن ئەکتەرە ناوچەییەکانەوە پێناسەی بۆ بکرێت؟

سەرەڕای ئەوەی شوناسی نەتەوەکان بابەتێکی چەقبەستوو نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەڵام لایەنە جیاوازەکانی ناسێنەری نەتەوەیی، ستایڵی نەتەوەیی بە درێژایی زەمەن، لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگۆڕێت. ئەم دۆخە بۆ هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی ژێر ململانێی هێزە ناوچەییەکان لەوانەیە ڕووەو  گۆڕانێکی خێراتریش هەنگاو بنێت. دزەپێکردنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی-ئیخوانی لە ڕێگەی وەرگێڕانی کتێب- وەك پرۆژە-  بڵاوکردنەوەی درامای تەلەڤزیۆنی، شێوازی ماکیاژی ئافرەت، دروستکردنی چێشتخانە و ستایڵی تایبەتی چێشت لێنان هاوکات لەگەڵ ڕێکلام بۆ بەرهەمەکانی وڵاتێك، میوزیك بە ستایڵی تایبەت هەموویان بە بەشێك لە سەپاندنی هێزی نەرم لە قەڵەم دەدرێن؛ کە لە ساڵانی دواییدا، هێواش هێواش ستایڵی بیرکردنەوە

و ژیانیان لە هەرێمی کوردستان گۆڕیوە و هاوکات لەسەر بەها و نۆرمە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگەش کاریگەریان داناوە.

وەك نموونەیەکی بەرچاو، گەشەی بڵاوکردنەوەی دراما تورکییەکان لە هەرێمی کوردستان، کارگەرییە ڕاستەوخۆکان لەسەر بەدیهێنانی ئینتیمایەك بۆ ئەو وڵاتە و هەستکردن بە هاوبەشی لەگەڵیان، دەکرێ وەك بەشێك لە سەپاندنی ئەم هێزە نەرمە میدیاییە سەیر بکرێت. ئەگەرچی لە نەبوونی دەزگایەکی توێژینەوە و ڕاپرسی زانستی لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی کاریگەریدانان، دەرەنجامەکان و ئامانجە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان، ناکرێ بە وردی ئاماژە بکرێتە سەر ڕێژەی بینەران و خێزانەکان، بەڵام کارتێکەری ئەم هێزە نەرمەی دراما تورکییەکان لە ناسێنەری نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەك بەرچاو بووە کە لە ساڵی ٢٠١٥، هەر ئەو کاتەی تورکیا هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوامبوون و تەنانەت لە کاتی هێرشکردن بۆ سەر عەفرین-یش، ئەم هێزە نەرمەی تورکیا، بە بەردەوامی لە لایەن هەندێك کەناڵی ناوخۆیی و سەتەلایتی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکرایەوە و لە ناو ماڵەکانیش سەیر دەکرا.

ئەگەرچی نامەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، سیروان عوسمان حوسێن، ئاماژە دەکاتە سەر کاریگەری دراما تورکییەکان لەسەر زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق لە هەرێمی کوردستان، پێیوایە بڵاوکردنەوەیان لە گەڵ ئادابی کوردەواریی ناگونجێت، دەکرێ وەك نموونەیەك لە پەرچەکردار سەبارەت بەم لایەنەی هێزی نەرم سەیر بکرێت، بەڵام بەردەوامی بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە درامایانەیە ڕەنگە ئاماژەیەك بۆ ئەجێندایەکی سیاسی تێدا بەدی بکرێت. ئەم ئەگەرە وادەکا نەبوونی دەزگایەکی چاودێری و پەسەندکردن بۆ بڵاوکردنەوەی دراماکان، لە لایەکەوە نیشانەی نەناسینی هێزی نەرم لە لایەن بەرپرسەکانی هەرێمەوە بێت و لەلایەکیترەوە ڕەنگدەرەوەی بە براندکردنی وڵاتیك لە ڕێگەی تێخزاندنی بایەخەکانی ئەو وڵاتە بێت.

ئەگەر ئەم کێشەیە لە زۆنێك لە هەرێمی کوردستان بەم ڕواڵەتە بە شێوازێکی زەقتر خۆی بخاتە ڕوو، لە زۆنێکی تر، هێزی نەرمی ئێران لە ڕێگەی دراماکانی ئەم وڵاتە، کە خاوەن ڕواڵەتێکی ئایینین، دامەزراوەی ئایینی و بە تایبەت وەرگێڕانی کتێب- ئەدەبیات و پێشکەشکردنی دەرفەتی پەروەردەیی خۆی جێگیر کردووە. وەك نموونەیەکی بەرچاوی دیکە، لە کاتێکدا سروشتی ئایین لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی لەگەڵ ئێران جیاوازە و دەسەڵاتێك بە ناوی حکومەتی ئیسلامیی بوونی نەبووە، ئەم ڕەوتە لە هێزی نەرم، خۆی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەدا زەق کردۆتەوە کە لەسەر پرسەکانی حکومەتێکی ئیسلامیی سیاسی یان پێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامیی دەدوێن. نموونەی تریش لە سەپاندنی هێزی نەرم لەم زۆنە بە ڕوونی بەدی دەکرێت، بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ئیمام شافعی، گۆڕینی ئایینزای یەکێك لە شێخە سوننەیەکانی کورد-ی هەرێمی کوردستان، پڕۆپاگاندە بۆ بە سیاسیکردنی داب و نەریتی موحەرەم، پیشکەشکردنی دەرفەتەکانی زانکۆ و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی یەکێك لە شێخەکانی کەسنەزانی، دەکرێ ئاڕاستەیەکی جیاوازتری سەپاندنی هێزی نەرمی ئێران وەك پرۆسەیەکی بەردەوام سەیر بکرێت، کە بە تەواوی لە ڕووی تاکتیك و بەهاکانەوە، جیاوازی لەگەڵ تورکیا هەیە؛ بەڵام لە ئاکامدا هەمان ئامانج دەگرێتە بەرخۆی. هاوکات لەگەڵ هەوڵدانانە، هەوڵدانی زۆریش بۆ گۆڕانی ئایینی شەبەکەکان و کاکەییەکان کراوە.

ئەم دوو نموونە کۆنکرێتییە لە ستراتێژی و تاکتیکی ئەم دوو هێزە ناوچەییە وەك ئاماژەیەك بۆ تێخزاندنی هێزی نەرمی هێزە ناوچەییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەرخەری هەوڵدانی ئەم دوو وڵاتە بۆ زاڵکردنی نۆرم و بایەخە شاراوەکانی ناو ئایدۆلۆژیا تایبەتەکانی خۆیان بە مەبەستی وەدەستهێنانی باڵادەستییە. ئەگەر لایەنێکی هاوبەشی ئەم هەوڵدانە نەهێشتنی گەشەکردنی پوتانسییەلی هێزی کورد وەك قەوارەیەکی یەکگرتوو بێت، هەر کام لەو دوو وڵاتە ئەجێندای سیاسی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. بەڵام هەر کام لە دوو زۆنەکەش، بە هۆی ململانێکانی نێوان خۆیان، ڕەنگە ئەم دەرفەتە بۆ لایەنێکی تر، ڕەخساوتر بکەن. ئەم لێکدانەوەیە لە ململانێی هێزەکان، دەرگا بۆ جەختکردنەوە لەسەر لێکدانەوەیەکی سیاسی بە نیسبەت چەمکی هێز دەکاتەوە.

## کاریگەرییەکانی هێزی نەرم لە بەستێنی هەرێمی کوردستان

سروشتی ململانێی سیاسی لە کوردستان، بە هۆی بەرهەمهاتنەوەی تایبەتمەندییە ناوچەییەکانە، کاریگەری هێزە ئیقلیمییەکان و کارکردن بە لۆژیکی نەبینینی مەوادی نێوان ڕەش و سپییە، بە گشتی نەگۆڕ ماوەتەوە. ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە چەمکێك لە ژێر ناوی بەرژوەندی نەتەوەیی یان چاکەی گشتی، سەرەڕای ڕیکلام بۆ کردن، پێناسە نەکراو بمێنێتەوە. هەربۆیە ململانێی هێزە ناوخۆییەکان، بەستێنێکی ئامادەکراو بۆ بەکارهێنانی لایەنە جیاوازەکانی هێز دەستەبەر بکات. ئەگەر لە سەردەمی ئێستادا هێزی زبری وڵاتانی ناوچەکە وەك هێرشی ڕاستەوخۆی سەربازیی، چاوترساندن و زەختی ئابووری توانیویەتی

تاکەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو لاوازی بەردەوام ببات، هێزە نەرمەکە پوتانسیەلی بیرکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەکەشی لەناوبردووە. گرنگی بەردەوامیی لایەنەکانی هێزی نەرم لە هەرێمی کوردستان، لە لایەك ئاماژەی ناڕاستەوخۆی شەرعیەت پێدانی هێزی وڵاتانی ناوچەکە و هاوکات ڕەنگدەرەوەی بەربڵاوی و تێکەڵاوبوونی ئاڕاستەکانی هێزی زبر و نەرم لە هەرێمە. لە لایەکی دیکەشەوە بڵاوبوونەوە و کاریگەرییەکەی لە هەرێمی کوردستان، نیشاندەری سەرچاوەکانی هێزی هەر کام لەم وڵاتانەیە. تورکیا بە هۆی دەستەبەرکردنی بەشێکی زۆرتر لە داهاتی هەندێك لە لایەنەکانی هەرێمی کوردستان، هێزێکی سەربازیی پۆشتەتر، میراتە مێژووییەکەی وەك ئیمپراتۆری عوسمانی و بوونی پەیوەندی باشتر لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا، بە بەراورد لەگەڵ ئێران، پوتانسیەلێکی زۆرتری بۆ بەرهەمهێنانی هێزی نەرم لە هەرێم هەبووە.

لایەنێکی گرنگی تری تایبەتمەندیی سەپاندنی هێزی نەرم لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە سەر دابەشکاری عێراق لە نێوان تورکیا و ئێران؛ لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن، دابەشکارییەکی نیوە ڕاگەیەنراو لە نێوان ئێران و تورکیا بۆ بەشە سوننە و شیعەکەی لە ئارادابوو. هەر ئەم دابەشکارییە وایکرد دوای ٢٠ ساڵ تورکیا کاریگەریی زۆرتری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت. ئەوە ئاماژەیەکی بە هێزە بۆ خوێندنەوەی چۆنیەتی تێڕوانینی تورکیا بۆ هێزی نەرم. بە پێچەوانەی ئێران، تورکیا هێزی نەرمی وەك هێزی وشیار/زیرەك پێناسە کرد کە خۆی لە سەرچاوەکانی هێزی زبر و هێزی نەرم بەرهەم دەهێنایەوە(9&8). بەپێی ئەم چەمکە و سەرنجپێدانی هەوڵەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ ئاماژە بکرێتە سەر جەختکردنەوەی تورکیا لەسەر بوونی هێزێکی سەربازی بە هێز و هاوکات پێکهێنانی دەرفەتی ئابووری، پێکهێنانی دامەزراوە و کۆمپانیا، دروستکردنی بەرژەوەندی بۆ هەرێم لە ناو تورکیا. ئەمە وایکردووە هەر کام لە دوو زۆنەکە خاوەن بەرژەوەندی جیای ئابووری و سیاسی و هاوکات سەرنجپێدانیان بۆ وڵاتێکی تری ناوچەکە بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز بیت. تێکەڵاوی هێزی زبر و نەرم-ی تورکیا لە هەرێمی کوردستان وەك دوو جەمسەری تەواوکەری ستراتیژیای تورکیا نیشاندەری کەڵکوەرگرتنی تورکەکان لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوان خۆیان و ئێران بووە؛ هەربۆیە دەکرێت دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەکانی ئەم ململانێی هێزە ناوچەییە لە ناو دەقی ململانێی هێز لە هەرێمی کوردستانیش بە زەقی ببنیرێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## توانجێکی تر لە جیاتی دەرەنجام

لە دە ساڵی ڕابردوودا، وەك ڕەوتێکی بەردەوام و ئاشکرا، قەبارە و توانستی هەرێمی کوردستان، بە لایەنی یاسایی و حکومییەوە بەردەوام بەرەو کزی هەنگاوی ناوە. دوو ناوچەکە، سەرەڕای ڕیکلامی حیزبی، لە ڕووی سیاسی و ئیدارییەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی چاکەی گشتی خەڵکەکە، بە ڕووی یەکتردا داخراو ماونەتەوە؛ کە ئاماژە بۆ گەڕانەوی بەرهەمهاتنەوەی ئیمارەتەکانی سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەردەمی پێش-مۆدێرنە. دامەزراوەکان وەك سەرچاوەی هێزی نەرم، بە میدیا و بە گشتی پیشەسازی کولتووری، وەك شوێنی پلاندارشتنی سیاسەت، نەیانتوانیوە نە تەنها هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە ئاراستەی دامودەزگای ئیلیتی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی بکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم، نەیانتوانیوە بەرژەوەندی و چاکەیەکی گشتی-ش پێناسە بکەن. ئەم تێڕوانینە بۆ سیاسەت، دەرگای بۆ هێزی نەرم-ی وڵاتانی ئیقلیمی کردۆتەوە تاوەکو بە تێچووەکی زۆر کەم، ئامانجی گەورە بپێکن. ئەگەرچی دەرەنجامەکانی کاریگەریی هێزی نەرم درەنگ خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام هەر ئێستاش دەکرێ ئەم کاریگەرییە لەسەر توێژە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بە ڕوونی ببینرێت. لەوانەیە نەبینینی واقیعەکانی کۆمەڵگە، بە لەبەرچاو نەگرتنی بگۆڕیی سەرچاوەکانی ناسێنەر و شوناس، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، خۆی نەك لە قەیرانی سیاسیی، بەڵکو لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەربخات، ئەگەر دەستەبژێرە سیاسییەکان، هەروەك خرۆشچۆف لەسەر خولیاکانیان پێداگری بکەن؛ ئەگەر چی وا پێدەچێت ئەوان خەونی گەورەتریان هەبێت

## سەرچاوە

Nye, J. S., 2004. Soft Power: the means to success in world politics. New York: Public Affairs.

Joseph S Nye, 1991, Bound To Lead: The Changing Nature Of American Power Paperback, 1991, 29.

Naren Chitty, L. J. (Ed.). (2017). The Routledge Handbook of Soft Power. New York: Routledge. p. 10

Lukes, S 1974, Power, MacMillan, London. P. 2.

Joseph S.Ney, J. (2004). Soft Power: The Means To Success in World Politics. New York: Public Affairs. P.5.

Couldry, N 2003. Media Rituals A Critical Approach, London, Routledge. P. 38.

Couldry, N 2000, The place of media power: pilgrims and witnesses of the media age, Routledge, London. P. 5.

Nye, J. S., 2004. Soft Power: the means to success in world politics. New York: Public Affairs.

Nossel, S., 2004. Smart Power. Foreign Affairs, 83(2), pp. 131-142.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# سیاسەتی کولتووریی ئێران بەرامبەر کورد

## لەبەر ڕۆشنایی دەستوور ، یاسا و گێڕانەوە ڕەسمییەکاندا[1]

توێژەر: هەردی مەهدی میکە



(١) لە "کۆنفرانسی زانستیی ئیپریالیزمی زمانیی و هەژموونی کولتووری" لە زانکۆی سۆران ساڵی ٢٠٢١ پێشکەش کراوە.

**پوختە**

دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران، کە هەوڵەکانی دامەزراندنی سەرەتاکەی بەرهەمی جووڵانەوەی پاش بزووتنەوەی مەشروتییەت (وەک جووڵانەوەیەکی ڕۆشنگەری) و لوتکەکەشی بەرهەمی کودەتا سیاسییەکەی سەیدزیائەدین و ڕەزاخان بوو، هەر لەو کاتەوە تا کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆخی هەنووکەیی، لەسەر هەرسێ ئاستی مێژوو و گێڕانەوەی ڕەسمی دەوڵەت (مێژوونووسان و نوخبەی سیاسی و ناوەندە ئەکادیمییەکان)، پەروەردە (پرۆگرامەکانی خوێندن) و دروستکردنی لایەنگری نزیک لەدەسەڵات لەنێوخۆی ڕوناکبیرانی کوردیشدا و لە چوارچێوەی سیاسەتی کولتووریی دەوڵەتدا وەگەڕخراوە و هاوشانی سیاسەتی گشتی و سەربازیی و ئاسایشییدا، کاری لەسەر مێژوو و یادگە و یادەوەریی مرۆڤی کورد دەکات، بە جۆرێک کە دووپاتکەرەوەی ئەو گێڕانەوە ڕەسمییە بێت کە گوتاری دەوڵەتیی پەسەندییەتی، نەک ئەو فاکت و ئارگیومێنتانەی کە پێدراوی نێو یادگە، دەق و دەستنووس، بەڵگەکان و گێڕانەوەی خودی کورد بێت. ئەم توێژینەوەیە لەڕێی میتۆدی مێژوویی و وەسفی-شیکارییەوە و بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی و بەڵگەیی. کاری لەسەر ئەو پرسیارانە کردووە: سیاسەتی کولتووریی ئێران (دەوڵەت و نوخبە) بەرامبەر کورد چییە؟ وێنای شوناسی کورد لەسەر ئاستەکانی گێڕانەوەی ڕەسمی، پەروەردە و شوناسی دەوڵەتدا چۆنە و چ پێگەیەکی هەیە؟ و شێوازەکانی بەکارهێنانی بۆ مەرامی سیاسیی و نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی نەتەوەیەکی دیاریکراو چین؟

وشەکلیلییەکان: سیاسەتی کولتووری، مێژووی ڕەسمی، گێڕانەوەی مێژوویی، ئێران، وێنای کورد لەدیدی ئێرانەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەرایی

لەگەڵ دامەرزراندنی دەوڵەتانی نوێی هاوچەرخی ناوچەکە (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) لەچوارچێوەی سەپاندنی شوناسی یەک نەتەوە و یەک دەوڵەتی ناوەندییدا کاریان کرد و کوردیش لەنێویاندا بێ کاین مایەوە، هەریەک لەو وڵاتانە بۆ وێناکردن و چەسپاندنی شوناسی نەتەوەییان، سەروەریی و یەکسازی (تواندنەوە-ئاسمیلاسیۆن)ی نەتەوەکانی دیکەی نێویاندا، جیا لە سیاسەتی ناوەندگەرایی و نەتەوەسازیی لەڕێگەی فشار و سەربازەوە، سیاسەتی کولتووریشیان یەکێک بووە لەو ستراتیژە کاریگەرانەی کە بۆ وەشاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر جوگرافیای سیاسییاندا و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەکانی دیکە ڕۆڵی هەبووە. ئێران لەنێو ئەو چوار دەوڵەتەدا، بە بەکارهێنانی سیاسەتێکی کولتووریی کاریگەر ناسراوە، بەشێک لە کوردیش چارەنووسی سەدەیەک زیاتری گرێدراویی لەو دابەشکارییەدا بەر ئێران کەوت، گرنگە بزانرێت کە هەژموونی سیاسەتی کولتووریی ئەو دەوڵەتە لەسەر زەین و شوناس و گێڕانەوەی مێژووەکەییدا چ کاریگەرییەکی جێهێشتووە و گێڕانەوەی ڕەسمی دەوڵەت و یادگەی مێژوویی ناوچەکە چۆن لەپێناو مەرامی سیاسیی و نەتەوەیەکی دیاریکراودا بەکارهێنراوە.

پرسیارەکانی توێژینەوە بریتییە: کاری لەسەر ئەو پرسیارانە کردووە، کە سیاسەتی کولتووریی ئێران(دەوڵەت و نوخبە) بەرامبەر کورد چییە؟ وێنای شوناسی کورد لەسەر ئاستەکانی گێڕانەوەی ڕەسمی، پەروەردە و شوناس چۆنە و شێوازەکانی بەکارهێنانی بۆ مەرامی سیاسیی و نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی نەتەوەیەکی دیاریکراو چیین؟

ئامانجی توێژینەوەکە کار لەسەر هەوڵ و کاریگەریی سیاسەتی کولتووریی ئێران دەکات و ئامرازەکانی بۆ گێڕانەوەی مێژوو و شوناسی کورد بخاتەڕوو، لە ڕێگەی شرۆڤەی هەر سێ گۆڕاو لەم بوارەدا: ١. گێڕانەوەی ڕەسمی دەوڵەتی ئێرانی (پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی) لەبارەی کوردەوە. ٢. ئەو ڕۆشنبیر و مێژوونووسە ئێرانکردانەی کە بە هاندان یان لەخولگەی سیاسەتی کولتووریی ئێران بەرامبەر کورددا خولاونەتەوە. ٣. پرۆگرامە بابەتە مێژوویی و کولتوورییەکانی قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی.

ڕێبازنامەی توێژینەوە، مێژوویی، وەسفی-شیکارییە بەسوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی و بەڵگە و یاداشتی نوخبەی سیاسیی و ڕۆشنبیران و پرۆگرامی پەروەردەیی.

سنووری توێژینەوەکەش ڕووماڵی سیاسەتە کولتوورییەکانی هەردوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر مێژوو و شوناسی کوردە لەو وڵاتەدا.

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

### - یەکەم: سیاسەتی کولتووری

کولتوور بریتییە لە باوەڕەکان، دەزگاکان، زمان، جۆری ژیان و گوزەران، قسەکردن و بیرکردنەوە، هەموو پێکەوە دەبنە دەستەیەک و کولتوور پێکدەهێنن. ئەم دەستەیە واقعێکی دینامیکیی مێژوویە کە جۆراوجۆری چینایەتی، نەوەکان، ناوچەیی و پێکهاتە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت. کولتوور بەرهەمی تەواوکاریی هزری، مەعنەویی و مادی هەر تاکێک یان گرووپێک یان کۆمەڵگەیەکە. جۆرێکە لە هۆشیاریی تاکی و جیهانیش. کولتوور شێوەی ژینی مەعنەوی و مادیی مرۆڤ و گروپەکانە و بۆ سەرەکیترین پێداویستییەکانی هەر گروپێک وەڵامی هەیە. کولتوور تەنها هونەر، فیلم و بیناسازیی هەر وڵاتێک نییە، بەڵکو لەخۆگری بەهای مێژوویی و هەموو تێگەیشتنە گشتییەکان و شێوەی ژیانی هەر نەتەوەیەکیشە. شێوەی ژیانیش، وردەکارییە زمانییەکان، یاسا و ڕێنمایی، ئایین و مەزهەب، وێنەکێشان، تەلارسازیی و ...تاد دەگرێتەوە(اشتریان، ١٣٩١،ل. ٢٣).

لەڕووی چەمکەوە، سیاسەتە کولتوورییەکان بەوە دەناسرێن: کۆمەڵە بەها و بنەمایەکن کە ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکرێن لە کاروباری کولتوورییاندا. سیاسەت لە یەکێک لە ناساندنە سادەکانیدا واتە بڕیاردانی کەسێک یان گروپێک لە بابەتێکدا، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەوە ئاڵۆزترە، چونکە کۆمەڵێک بەهای ڕێکخراو، پێوەر بۆ بڕیاردان، سیستەمێک لە ئامانجە قۆناغی و کۆتاییەکان، پلانێکی کردەیی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجانە و بەداواداچوونی جێبەجێکردنیان لەلایەن تاکەکان و دەزگاکانەوە بوونیان هەیە. چەمکی کولتووریش دەکرێت وەسف بکرێت بەوەی گوزارشتە لە ڕەهەندی واتایی شارستانییەت. کۆنترین پێناسەش بۆ کولتوور ئەو پێناسەیە کە لەکتێبی «الثقافة البدائیە»ی ئیدوارد تایلۆردا (ساڵی ١٨٧١) هاتووە: «هەموو مەعریفە و باوەڕەکان، هونەرەکان، یاسا و نەریت و هاوشێوەکانیان لە تواناکان و ڕێساکان دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەو پێیەی کە تاکێکی کۆمەڵگەیە بەدەستی هێناون»(شوقی، ٢٠١٥،ل. ٧).

لانیکەم سێ مۆدێلی سەرەکی لە سیاسەتە کولتوورییەکان بوونیان هەیە:

١) سیاسەتی گشتگیرانە(شمولی): ئەو سیاسەتەیە کە دەوڵەت بەتەواوی ڕکێفی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت دەکات و سەرجەم بوارەکان بەسەر هەر دەسپێشخەرییەکی تاک و کۆمەڵگەدا دادەخات و خۆی سیاسەتە کولتوورییەکان ئاڕاستە دەکات. لێرەدا دەزگا کولتوورییەکانی سەربە دەوڵەت سیاسەتە کولتوورییەکان بەرهەم دەهێنن و دابەشیان دەکەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

۲) سیاسەتی لیبراڵ: ئەو سیاسەتەیە کە دەوڵەت بوار فەراهەم دەکات و مافی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سیاسەتە کولتوورییەکان بۆ تاک و کۆمەڵگەی مەدەنی جێدەهێڵێت.

۳) سیاسەتی هەژموونخوازیی و دەسەڵاتگەرا: ئەم سیاسەتە کۆکراوەی هەردوو جۆرەکەی پێشووە، بەو پێیەی کە بازاڕ ئاڕاستە و حوکمی بڵاوکردنەوەی کولتوور و پەخشکردنی دەکات، بەڵام لەژێر ڕکێفی دەوڵەتدایە و لەڕێی ئامرازی دەزگایی جۆراوجۆری خۆیەوە دەستی تێوەردەدات و تا ڕادەی ڕێگرتن، دەستبەسەرداگرتن و زیندانیکردنی بکەرانی هەر کردەیەکی کولتووریشی تێدەکەوێت(عبدالله، ۲۰۱۹).

بۆ هەر وڵاتێکیش چوار فاکتەری سەرەکی لە سیاسەترێژیی کولتووریدا کاریگەرن و دەبێت بەرنامەی لەپێشەینەی ئەو سیاسەتە بن:

یەکەم، قەیرانە کولتوورییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم جۆرە قەیرانانە یەخانگیریی(تحدی) بۆ بنەما بەهایی و ئەخلاقییەکانی دەوڵەتەکان دروستدەکات و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها بنەما ڕێسایی و کولتوورییەکانی ڕەوایەتی دەسەڵاتیش لەرزۆک دەکات.

دووەم: بەرژەوەندیی تاک و هێز و گرووپەکانی فشاریش یەکێکی دیکەن لەهۆکارەکان کە کاریگەرن لەسەر سیاسەترێژیی کولتووری، بۆ ئەمەش سوود لە هەژموون و دەسەڵات و سەرمایەی خۆیان وەردەگرن تا سیاسەتی کولتووریی دەوڵەت و حکومەتە خۆجییەکان لەبەرژەوەندی خۆیان ئاڕاستە بکەن.

سێیەم: ئامانج و ئایدۆلۆژیاکانیش سێیەمین دەستەی کاریگەرن لەسەر داڕشتنی سیاسەتی کولتووریی دەوڵەت. بەتایبەت دەوڵەتە ئامانجگەراکان سەرجەم تواناکان وەکاردەخەن تا کولتوور بۆ مەرامی ئامانج و دونیای خەیاڵبۆکراویان ئاڕاستە بکەن، ئیتر ئەم ئامانجە دەکرێت نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبی...تاد بێت.

چوارەم: بەرژەوەندیی دەسەڵاتی سیاسیی لەپێناو جێگیرکردنی پایەکانی دەسەڵات، بۆ ئەمەش ڕاستەوخۆ حکومەت لە سیاسەتی گشتییەوە تا وردە سیاسەتی شارەوانییەکان دێتە نێو پرۆسەی داڕشتن و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی سیاسەتی کولتوورییەوە. تەنانەت لێرەدا کولتوور ئامرازی سەپاندن و چەسپاندن و بەکارهێنراوی دەسەڵاتی سیاسییە(اشتریان، ۱۳۹۱،ل.p. ٤٨-٥٢).

لە سیاسەرێژیی کولتووریدا یەکەمین هەنگاو بریتییە لە ناسینەوەی گۆڕاوە بنەڕەتییەکان و دیاریکردنی ئاماژەکان و پێنوێنەکانە کە بەرنامەڕێژییەکان بە شێوەیەکی ڕوون و شایستەی جێبەجێکردن ئاسان و کردەیی بکات. سیاسەترێژی کولتووری دەکرێت لە چەندین

ڕەهەندەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، لەوانەش: بەشی کولتوورە کە بوارەکانی پەروەردە، هونەر، ئەدەبیات و هاوشێوەکانی لەخۆدەگرێت. لەم پۆلێنبەندییەشدا بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی فێرکردن، سیاسەتی هونەری، بانگەشەکاری، سیاسەتی زانستی-توێژینەوەیی و...تاد دەبنە بواری کارکردنی سیاسەتی کولتووری(اشتریان، ١٣٩١،ل.p. ٢٥-٣١). لێرەوە دەردەکەوێت پێکهێنەرەکان و زەمینەیەکی فراوانی سیاسەتی کولتووری پێکهێنەرەکانی هەر شوناسێکن، بۆیە گرنگە بزانرێت، شوناس و شوناسی نەتەوەیی چیین؟ پێگەیان لەسیاسەتی کولتووریدا چییە؟

- **دووەم: شوناس و شوناسی نەتەوەیی**

چەمکی شوناس پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەریەک لە چەمکەکانی هۆشیاریی، پێکەوەیی کۆمەڵایەتی، ئەندامێتی ناو کۆمەڵگە و گرووپەکان، هێماکان و چەندان چەمکی تری هاوشێوەوە هەیە. ئەم پەیوەندییەش بە چەند جۆر و لە چەندین ڕەهەندەوە پێناسە کراوە.

شوناس لە زمانی عەرەبی بە (هویة) و لە فارسیش بە (هویت) و لە ئینگلیزیشدا (Identity) هاتووە. بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی زمانەوانی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرد دەردەکەوێت کە چەمکی (Identity) ڕیشەیەکی لاتینی هەیە، (Identitas) لە وشەی (Idem)ەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای (هاوشێوە و یەکسان) دێت و دوو مانای هەیە، یەکەمیان «هاوشێوەیی ڕەها» دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەم شتە وەک ئەوە وایە. دووەمیش بە واتای «جیاوازی و تایبەتمەندی» دێت کە بە گوزەری ڕۆژگار ئەم مانایەی وەرگرتووە. بەم شێوەیە بە مانای چونیەکی و جیاوازی دێت لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە، چەمکی شوناس لەیەک کاتدا لە نێوان تاک و شتەکاندا مانا وەردەگرێت، لە سەرێکەوە هاوشێوەیی و لە سەرێکی تریشەوە جیاوازی بەرهەمی هێناوە(جنکینز، ١٣٩١،ل. ٥).

لە عەرەبیدا (هویة) لە هەردوو بەشی (هو+یە) پێکهاتووە، وشەیەک و پاشگرێکە، بە واتای یەککگرتن لەگەڵ خود-دا دێت، واتە یەکبوون لەگەڵ ناوەڕۆکدا. بە واتایەکی تر شوناس وەڵامە بۆ چییەتی و کێ-ی هەر تاکێک، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکە هەر تاکێک لە تاکێکی دیکە جیادەکاتەوە. شوناس لە پێناسەیەکیدا: تایبەتمەندیی جەستەیی و ڕۆحی تاکەکان دەخاتەڕوو. بەم دەربڕینە، تایبەتمەندیی ماددی مرۆڤ هەمان ڕەنگی پێست، چاو، باڵا، کێش، نیشانە و شوێنەوارە کەسێتییەکان و زۆری تریش لەو تایبەتمەندیانە دەگرێتەوە و هاوکاتیش شێوەی بیرکردنەوە، جۆری ڕوانین، ڕەوتی ڕەفتار، شێوەی دەربڕین، پیشە، کاری کۆمەڵایەتی و چەندین چەمکی دیکەی تر لە خۆ دەگرێت کە لە بەرکەوتنە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کۆمەڵایەتیەکاندا بەدیدەکرێن، شوناس گرنگی بە هەموو ئەمانە دەدات(قوشچی، ١٣٨٩،ل. ٣١).

ئێریکسن (Erikson) لەبارەی شوناسەوە دەڵێت: هەستکردنە بە بەردەوامی و هاویەکی و هاوشێوەیی نێوان خودی تاک لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە «ئەوانی تر» لەسەر ئەو تاکە هەیانە(محمود، ٢٠١١).

لای ستیوارت هال وێنا و وێنەکانی ئێمە لەبارەی شوناسی نەتەوەییەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، لەوەی کە ئێمە بزانین بەریتانین، یان فەرەنسایی، یان ئەفریقایی، یان یابانی، {یان کوردستانیبوون} چ مانایەکی هەیە، بە بێ سیستمە دەلالەتییەکان ناتوانین هیچ یەک لەم شوناسانە دەستبخەین یان ڕەتیانبکەینەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئێمە نەماندەتوانی ئەو ژینگە جیهانیەی کە ناومان ناوە کولتوور دروست بکەین، یان بپارێزین(هال، ١٣٩٣،ل. ٢٣).

شوناس بابەتێکی جێگیر و وەستاو نییە، گۆڕانکاریی و وەرچەرخانیش بە خۆووە دەبینێت، سێ هۆکار شوناسەکان، لەرزۆک و ڕووبەڕووی بارگۆڕان و هەڕەشە دەکەنەوە: ١.پەیوندییان پتەوی بە کاتەوە(زمان) هەیە. ٢.ڕووبەڕووی ئەوی تر (غیر) دەبنەوە و هەست بە هەڕەشە دەکەن، چونکە خودی ئەوی تر جۆرێک لەهەڕەشەیە لەسەر شوناس. ٣. میراتی توندوتیژیی دامەزرێنەرانە و دامەزراوەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شانازیی و خۆشحاڵییەی مرۆڤ پاش دامەزراندنی دەزگایەک دەیکات، لەکاتێکدا ئەمە بەواتای ئەوەیە کە بە کۆمەڵێك کردەی توندووتیژ ئەو ڕەوایەتییەی لە دامەزراندنی دەزگایەکدا بەدی هێناوە. ئەمەش بە ناوی دەوڵەتی یاسا و حەقەوە ڕادەگەیەنرێت، لەکاتێکدا پرۆسەکە تێپەڕە و کورتخایەنن و بەهۆی کردەی توندووتیژەوە بەدەستهاتوون. دیارە کە هەر کردە و حاڵەتێکیش بۆ هەندێ شانازیە هەمانکات بۆ هەندێک سەرشۆڕیی، بۆ هەندێک ئاهەنگە و بۆ هەندێک ڕق و کینە، ئیتر بەمشێوەیە برینە ڕاستەقینە و هێماییەکان لە ئەرشیفی یادگەی کۆمەڵییدا تۆمار دەکرێن. لێرەوە دەردەکەوێت کە هۆکاری سێیەمی لەرزۆکی شوناس لە خاڵی دووەمدا دەتوێتەوە. بۆیە زۆرجار ئایدۆلۆجیاکان دەبنە پارێزەری شوناس، ئەمەش لەبەرئەوەی وەک وەلامێکن بۆ پاراستنی شوناس لەو هەڕەشە و لەرزۆکانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە(ریکور، ٢٠٠٩،لل. ١٣٦-١٣٩).

لە پۆلێنبەندی جۆرەکانی شوناسیشدا، دەکرێت جۆرەکانی شوناس بەمشێوەیە بخرێنەڕوو:

١.شوناسی تاک: شوناسی کەسێتی (تاک) پەیوەندە بە خێزان و لەسەر ئەو بنەمایەش شێوە دەگرێت. هەر تاکێک لەسەر بنەمای مەعریفە، ئایین، ئایدۆلۆژی، یادەوەریی

کۆمەڵگەکەی و کولتوورەکەی لە هەوڵدایە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەو شوناسە کەسێتییەی کە باوەڕی پێیەتی. شوناسی تاک دەکرێت یەکەمین و سەرەکیترین جۆرەکانی شوناسی مرۆڤ لەقەڵەم بدرێت، کە منداڵ لە خێزان و لەپەیوەندییەکانی بە باوان و نزیکانیەوە دەستی دەخات(قوشچی، ١٣٨٩،ل. ٣٢).

٢.شوناسی کۆمەڵی: شوناسی کۆمەڵی لە پەیوەندیی تاک بە کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە، هەندێك شوناسی بچوکتر لە شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئەم شوناسە کۆمەڵی-یەدا جێیان دەبێتەوە، وەک شوناسەکانی ڕەگەزی (نێر/مێ)، نەژادی، چینایەتی، حزبایەتی و کۆمەڵە گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەندێجاریش شوناسەکانی نەتەوە و نەتەوایەتیش دەخرێنە چوارچێوەی ئەم جۆرە لە شوناسەوە(تیلور، ١٣٩٢،ل. ١٧١).

٣. شوناسی کولتووری: کۆمەڵێک ڕەوشت و نەریت، باوەڕە مەزهەبیەکان، فۆلکلۆر، بەها و دیدگاکان دەگرێتەوە کە کۆمەڵێکی مرۆیی بەکاریان دەهێنن و لە ناویاندا باون، بۆ ئەوەی پێکەوە بسازێن، هاوکات خۆشیان وەک هەبوویەکی کولتووریی جیاواز لە کولتوورەکانی تر جیابکەنەوە(فتحی، ١٣٨٧،ل. ٣٤).

٤. شوناسی نەتەوەیی(نیشتمانی): باڵاترین ئاستی شوناسە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، پەیوندی و حەزی هەر تاکێک بە کۆمەڵگەی نیشتمانەکەیەوە نمایش دەکات. دەکرێت ئەم وابەستەییە شوناسییە لە وەفاداریی بە نەتەوە و نیشتمان و پارێزگارییان لە شوناسی نەتەوەیی ببینرێتەوە، دواجار ئەم وەفا و بەرگرییە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم «ئەوانی تردا کە هەژموونی خۆیان بسەپێنن یان داگیری بکەن.

بە کورتی شوناسی نەتەوەیی «کۆمەڵەیەکە لە تایبەتمەندی، پەیوەندی و وابەستەییەکانە، هەروەها پەیوەندیە جوگرافیی، مێژوویی، کولتووری، حەماسی و نەژادییەکان لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا لەخۆدەگرێت، ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیەش بەوانەوە دەنازێت و شانازی دەکات» (قوشچی، ١٣٨٩، ل. ٣٥).

بە گشتیی پێکهێنەرەکانی شوناسی نەتەوەیی لە دیدی مرۆڤناسەکانەوە لە هەرسێ فاکتەری شوێن، کات و کولتوور کورتدەکرێتەوە. بەڵام ڕۆژگاری ئەمڕۆ و بە هۆی ئەو فراوانی و پێشکەوتنەی بە خۆیەوە دیویەتی، شوێن کاریگەری لەسەر پێکهێنانی شوناس کەمتر بووەتەوە، بەڵام کات هێشتا هەر هەمان بایەخی جارانی ماوە و فاکتەری سەرەکی پێکهێنانی شوناسە. هەر شوناسێکیش پێویستی بە بەردەوامیە لە کاتدا. کە ڕیشەکەی پەیوەستە بە ڕابردوویەکەوە کە بۆ تاک ڕۆڵی یادەوەری دەبینێت و بۆ کۆمەڵگەش دەبێتە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مێژوو. کولتووریش وەک فاکتەرێکی دیکەی شێوەی ژیان و بە دوای ئەوەشدا شوناسێکی تایبەت بەرهەمدەهێنێت. بە تایبەت لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا کولتوور ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەرترین سەرچاوەی شوناسسازییە(فتحی، ١٣٨٧،ل. ٣٠).

یەکێک لەو کۆڵەکە کاریگەرانەی کە وێنای شوناس لە زەینی تاکدا پێکدەهێنێت و پێکهێنەرێکی کاریگەری لەسەر پێکهێنانی شوناسێکی گشتگیر دەداتە نەتەوە، گێڕانەوەیە و یادگەیە، هەروەک دەربڕینەکەی جۆن لۆک (١٧٣٢-١٨٠٤) کە یادگەی بە پێوەری شوناس داناوە(ریکور، ٢٠٠٩،ل. ١٣٦). دەوڵەتان لە ڕێگەی سیاسەتی کولتوورییەوە وەک دەسەڵات و مێژوونووسانیش لەم نێوەندەدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، مێژوونووس لە پرۆسەیەکی گێڕانەوەدا، بە مێژووچنینەکەی تەنها کەسێکە کە مردووان و زیندووان لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە کولتوور، یادگە، ڕووداو، چنینی وشە و دواجار گێڕانەوەیەکی تەواوەوە پێکەوە دەبەستێتەوە، مێژووەکان بە چنینی گێڕانەوەکان هەم یادەوەریی گشتی دەپارێزن و هەم بەرهەمیشی دەهێننەوە لەپێناو ژیانی هەنووکەیی و ئایندەیی کۆمەڵگەدا.

گرنگە بزانرێت خودی گێڕانەوە و ڕۆڵی گێڕانەوە و گێڕانەوەی ڕەسمی دەوڵەتی و مێژونووسان چییە و چ پێگەیەکیان هەیە لە وێناکردنی شوناسدا و چ کاریگەرییەکیشیان هەیە بۆ سەپاندن، لێکردنەوە و دیاریکردنی شوناسێک بۆ نەتەوەیەک کە شوناسی ئەوان نییە؟

## - سێیەم: گێڕانەوە و گێڕانەوەی مێژوویی و ڕەسمی

چەمکی «گێڕانەوە-Narration» یەکێکە لەو چەمکە ئاڵۆزانەی کە لەچوارچێوەدان و ناساندنی ئاڵۆزە و ڕاجیایی لەسەرە، بەڵام بە گشتی گێڕانەوە واتە ئەو شتەی کە دەگێڕدرێتەوە، واتە بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکانە لەڕێی بونیادێکی هۆ و ئەنجامییەوە، کە کۆی بابەتی گێڕانەوەکە پێکدەهێنێت. مەرج نییە گێڕانەوەکانیش هەمان و هەموو ڕووداوەکان وەک خۆیان نمایش بکەنەوە(اوحدی، ١٣٩١،ل. ١٩). کۆمەڵناسانی گێڕانەوە، چالاکی و ڕووداوەکانی نێو داستانەکان، وەک کۆڵەکە و بونیادێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێن، چونکە پەیوەستییەکی ڕەتنەکراوە لە نێوان بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی، شوناس و جوڵەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە(آندرا دسیو ریتیوا، ١٣٩١،ل. ٣٨).

گێڕانەوە وەک بنەما و ڕێزمانی زمانەکانە، جۆرە سیستمێکی هێمایی/نیشانەییە (رمز/علامە) وەک نیشانەکانی هاتووچۆ. گێڕانەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە و ڕێگەیەکە بۆ گەڵاڵەکردنی ئەزموونەکان، بە جۆرێک کە بتوانرێت لەو ئەزموونەدا بەشداریی تێدا بکرێت. گێڕانەوەکان زانیاریی تایبەت نمایش دەکەن کە لەگەڵ زەمینە(پاشخان)

کولتوورییە جیاوازەکاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەگەر زمینەکانی گێڕانەوەکە لەگەڵ زەمینە کولتوورییەکەدا یەک نەگرێتەوە، ئەو گێڕانەوەیە هەرگیز جێ ناگرێت و لەلایەن بەردەنگ (مخاطب)ەوە درک ناکرێت(اوحدی، ١٣٩١،ل. ٢٥).

لە تاکەوە بیگرە تا گرووپ، کۆمەڵگە، دەوڵەتان، و دەسەڵاتە سیاسیی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان هەریەکە چیرۆک و گێڕانەوەیەکی هەیە، چ بۆ هەبوونی خۆی و چالاکییەکانی، چ بۆ ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە یان ڕوودەدەن و لەوێوە جۆرە شوناسێکی تایبەت بە خۆی نمایش دەکات.

پۆل ڕیکۆر (١٩١٣-٢٠٠٥) یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە بەشێکی ژیانی خۆیی بۆ ڕامان و لێکدانەوەی گێڕانەوە و یادەوەریی تەرخان کرد، لەم بوارەدا خاوەنی دیدگایەکی تایبەتە و لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیەشدا تێزەکانی نزیکترن. هەربۆیە وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ڕوونکردنەوە و شرۆڤە و چنینی پێدراوەکان بەکارهێنراوە.

ڕیکۆر لەدەیەی ١٩٨٠دا، ئەو وێنایەی خستەڕوو کە ئاڵۆزیی ژیانی مرۆڤ، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی بەهۆی گوزەری زەمانەوە بەسەریدا دێت، ئەگەر لە شێوەی گێڕانەوەدا بخرێنەڕوو، دەتوانن زیاتر شایستەی دەرک و تێگەیشتن بن(آندرا دسیو ڕیتیوا، ١٣٩١،ل. ٢١٦)، پێیوایە هەرەمێکی سێ ئاستی هەیە بۆ تواناکانی مرۆڤ، باوەڕی وایە ڕکێفکردن و دەسەڵاتشکان بەسەر زمان و ئاخاوتندا ئاستی یەکەمی هەرەمەکەیە «ئاخاوتن کردەی شتەکان بە وشەکانە»، بە دەسەڵات و تواناییش بەسەر وتن و ئاخاوتندایە بەرەو ڕکێفکردن و توانایی بەسەر کار و کردەکاندا دەجوڵێین ئەمەش ئاستی دووەم. بەڵام ئاستی سێیەمی هەرەمەکە دەبەستێتەوە بە گێڕانەوەوە، باوەڕی وایە توانایی سێیەمی مرۆڤ بریتییە لە گێڕانەوە و گێڕانەوەش لای ئەو بریتییە لە توانای وتنی شتێک کە ڕووی داوە. گێڕانەوە پلەی سێیەمی ئاستی توانایی مرۆڤی وەرگرتووە و پاش قسەکردن و کردەوە هاتووە. بۆیە گێڕانەوەی مێژوویی و چیرۆک و مێژووەکان لە گرنگترین هۆ فەلسەفییەکانن بۆ درکی هەبوون (بلخن، ٢٠١٣،ل. ٤٣-٤٥).

ڕیکۆر گێڕانەوە لە دوو واتادا کورتدەکاتەوە: یەکەم کۆکردنەوەی جیاوازییەکانە. دووەم چنین و ئاوێتەکردنی ئەو جیاوازیانەیە لە یەکەیەکی یەککگرتوودا. لێرەدا گێڕانەوە هۆیەک نییە بۆ دەلالەت لە شتێک بەڵکو خودی دەلالەتە. گێڕانەوە کۆکردنەوەی پەرش و بڵاوییە و ڕێکخستنی ناکۆکەکانە و دووبارە پێکهێنانەوەی ڕووداوەکانە، بۆیە چنین لە گرنگترین ڕەگەزەکانی گێڕانەوەیە و هەمیشە بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی هێڵێکی دانان و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نووسیندایە و سەرجەم ڕەگەزە نەگونجاوەکان لە چنراوێکدا کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی ببنە یەکەیەکی یەککگرتوو کە نەتوانرێت لێکهەڵوەشێن و ئەرکی گێڕانەوە بریتییە لە ڕێکخستنی ڕووداوەکان و ساچاندنیان(دانیشاندنیان) پێکەوە بە جۆرێک لە کۆتاییدا ببنە فەرمان و کارێکی کامڵ. گێڕانەوەی مێژوویی بە واتایەکی دی دووبارە پێکهێنانەوەی ئەزموونی خوێنەرە بە کەتوار(واقیع)ی بە هۆی دووبارە بیناکردنەوەی مێژوو لەسەر بنەما و دار و پەردووی شوێنەوارەکان بەڵام لە قاڵبێکی گێڕانەوەییدا. پێکهاتەیەکی وتەییە ئیشەکەی دووبارە بنیادنانەوەی ڕابردووە لە میانەی شرۆڤەی پێکهاتە و ناوەڕۆکیەوە. لێرەدا دووپاتکردنەوە (تکرار) کاریگەریی دەبێت، کە بریتییە لە دووبارە گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بیرۆکەی کەلەپووری دەستاودەستکردووی ڕابردوو. دووبارەکردنەوە زیندووکردنەوەی ڕووداوی ڕابردووە لە قاڵبی نوێدا، کە ئەمەش خۆی گێڕانەوەیە(بلخن، ٢٠١٣،ل.ل. ٤٨-٥٧).

وێنەکێشان بە گێڕانەوە بەشدارییەکی کارا دەکات لە داڕشتنەوەی شوناسی پاڵەوانە بەشدارەکان لە کردەوەکاندا. لێرەدا ئاستێک هەیە کە ئایدۆلۆجیاکان وەک گوتارێکی پاساوهێنانەوە بۆ دەسەڵات و ڕکێفگەراییکەی کاری تێدا دەکەن. لێرەدایە کە هەموو ئەو بابەتە یاریپێکراو و دەستکاریکراوانە دەبینرێن کە لەڕێگەی چیرۆک و داستان پێشکەشکراون و ئامادەسازییان بۆ کراوە. ڕکێف و هەژموونگەرایی تەنها بە فشاری فیزیایی جەستەیی بەس ناکات. تەنانەت ستەمکارەکانیش پێویستیان بە گوتاربێژی دەستکرد و دروستکراو هەیە، بۆ ئەوەی بەڵگەی زمانی و ڕەوانبێژی بۆ پرۆژەی دەسەڵات بخاتەڕوو چ لەڕووی هاندانەوە چ لەڕووی ترس و تۆقاندنەوە بێت. لێرەوە خراپ بەکارهێنانی یادگە بە ئەنقەست دەردەکەوێت کە ئایدۆلۆژیاکان لە شێواندن و چەواشەکردندا لەسەر چەند ئاستێک بەکاری دەهێنن، گرنگترینیان مێژووی ڕەسمییە یان یادگەی گریمانەکراوە کە بە گێڕانەوە و مێژووی ڕێپێدراو پرچەککراوە. مێژووی ڕەسمی ئەو مێژووەیە کە هەمووان فێری دەبن و بە ئاشکرا لەبەردەم هەمووواندا شانازی پێوە دەکەن. ئەمەش یادگەی ڕاهێنراو و مەشق پێکراوە و لەسەر ئاستی دەزگایی یادگە فێرکراوە و بەکارهێنراوە. لە کۆتاییدا چیرۆکەکە دەچێتە خزمەتی شوناسی کۆتایی کۆمەڵییەوە. مێژوو لێرەدا فێردەکرێت، لەبەردەکرێت، هەروەها شانازی پێوە دەکرێت. ئەمەش هاوپەیمانێتییەکی ترسناکە لەنێوان پرۆسەکانی دووبارە بیرخستنەوە و لەبەرکردنی زانیاریی و ئەو ئاهەنگانەی بۆ یادەوەریی و یادگەی گشتی ئەنجام دەدرێن. لێرەدا مێژوونووسان دەکەونە دوڕیانێکەوە: ئایا بۆ چاکەی گشتی بنووسن، یان بۆ هەقیقەت؟ (ڕیکور، ٢٠٠٩،ل. ١٤٣-١٤٤).

لەم پرۆسەیەدا چاکەی گشتیش لەدیدی دەسەڵاتەوە دیاری دەکرێت و ئەو شوناسەی مێژووی ڕەسمیش پێشکەشی دەکات دەبێت لەو چوارچێوەیەدا بێت.

لە دیدگای گێڕانەوەییدا، شوناس، واتە جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕووداوانەی ژیانی کەسێک بۆ ئەوەی جۆرێک لە کەسێتیی خودی-چییەتیە کە کەسەکە دەناسێنێت. لەبەرئەوە هەر تاکێک لە بنجەوە تا ئەو شوێنەی شوناسەکەی لەلایەن جووڵە و چالاکییەکانییەوە شکڵ دەگرێت یەک ئامرازە(آندرا دسیو ڕێتیوا، ١٣٩١،ل. ٢١٧).

لەبارەی چنینی گێڕانەوەکان و مێژووەوە، ڕیکۆر باوەڕی وایە: «ئێمە دەگێڕینەوە چونکە ژیانی مرۆڤایەتی شایستەی گێڕانەوەیە، ئەم تێبینیەش خۆبەخۆ هێزێکی گەورەی تێدا کۆبووەتەوە، بۆیە جەخت لەوە دەکەینەوە کە پێویستە مێژووی شکستخواردووەکان و دۆڕاوەکان ڕزگار بکەین لە تیاچوون، چونکە مێژووی ئازار و نارەحەتییەکان سەرجەمییان داوای یاخیبوون و شۆڕش دەکەنەوە و داوای گێڕانەوە دەکەن» چنینی ڕووداو پردی نێوان مێژوو و ڕووداویشە، بۆیە ڕووداوی مێژوویی تەنها شتێک نییە ڕوویدا بێت، بەڵکو پێکهێنەرێکی بنچینەیی گێڕانەوەیە(بلخن، ٢٠١٣،لل. ٦١-٨٣).

یادگە (Memory) لە مێژوو و گێڕانەوەکاندا بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە پشت بە یادگەکان دەبەستن بۆ «دووبارە بیرخستنەوە»، لە دووپاتکردنەوە و بیرخستنەوەشدا دەکرێت یادگە بە هەردوو ڕەهەندی بەرژەوەندگەرایی (پراگماتیکی) و مەعریفی بەکار بهێنرێت «بەکارخستنی یادگە»، لە ڕووی ڕەهەندی پراگماتیکییەوە بەکارهێنانی یادگە لەو پێناوەدایە کە تواناکان، هێزەکان و ئیمکانیاتەکان بەکاربهێنرێن کە پەیوەست و تایبەتن بە دەستەواژەی «من دەتوانم»ەوە. بەڵام لەڕووی ڕەهەندی مەعریفییەوە یادگە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ وەسفی دیدگایەکی تەواو بە ئامانجی مەعریفی و کردەیەکی ڕێکاریی ڕووتە وەک بووژاندنەوەی کەلەپووری فەیلەسوفێک لە ڕابردوودا. لێرەوە کاری مێژوونووسان و کەسانی دیکەش لە گێڕانەوەدا، «بەکارخستنی یادگە»یە، یادگەش لەڕێگەی ڕاهێنانەوە بەکار دەهێنرێتەوە، بۆیە دەکرێت هەم باش بەکاربهێنرێت و هەم بەپێچەوانەشەوە خراپ بەکاربهێنرێت (سوء استعمال الذاکرة). یادگە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەدایە و لەڕێگەی خراپ بەکارهێنانییەوە بەئامانج دەگیرێت، لەسەر سێ ئاستیش دەکرێت یادگە خراپ بەکاربهێنرێت: ١.لەسەر ئاستی نەخۆشی و کێشەی خودی یادگەکان، ٢.لەسەر ئاستی ئەو لێدان و لادانانەی بەسەر یادگەدا دەهێنرێت و ڕووبەڕووی یارییپێکردن و چەواشەکردنی دەستکرد دەبێتەوە، ٣. لەسەر ئاستی سێیەمیش خراپ بەکارهێنانی یادگەیە لەسەر

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاستی ئەخلاقی سیاسی کە تێیدا دووبارە بیرهێنانەوە و بیرخستنەوە و یادگە بۆ شکۆ و مێژووی ڕەسمی و کەرنەڤاڵە و شانازیکردن بە یادگەوە سوودی لێوەردەگیرێت. ئەمەش وادەکات هەمیشە هەڕەشە لەسەر یادگە دروست بکات و لەبەردەمیاندا لەرزۆک بێت (ڕیکور، ٢٠٠٩،لل. ١٠٢-١٠٤ و ١٢٠-١٤٥). لێرەوە دەکرێت دەسەڵاتە سیاسییەکان و ئایدۆلۆجیاکان، بە ئامانجێک لەڕێگەی گێڕانەوەوە یادگەی کۆمەڵ و مێژووی ڕەسمی بۆ نزیککردنەوەیان لەو ئامانجەی بیری لێدەکەنەوە بە ئامانج بگرن، لێرەدا مێژوو و یادگە ڕۆڵی بنیادنانی ئایندە و شوناس و گوتاری سیاسی دەگێڕن.

یادگە پێویستی بە ڕاهێنان و مەشقە بۆ بەکارهێنانی، یاریکردن و چەواشەکاریی لە یادگە و گێڕانەوەشدا، ئەمەش دیوی خراپ بەکارهێنانیەتی، بۆیە یەکێک لە ئامرازەکان بواری پەروەردە بەگشتی و پرۆگرامەکان و ڕێگاکانی فێربوون دەبن، لە مێژووی سەدەکانی نێوەڕاست و نوێدا ئەم هەنگاوە زۆر لەبوارەکانی پەروەردەدا بەکاردەهێنرا، بەتایبەت لە خوێندنگە ئاینییەکاندا لە ڕێگەی دووپاتکردنەوە و زۆروتنەوە و بەکارهێنانی یادگە و ئەو پرۆگرامانەوە کە دیاری دەکران بۆ خوێندکاران و شاگردانیان(ڕیکور، ٢٠٠٩،لل. ١٠٤-١٠٨).

لای ڕیکۆر، مێژوو ئەڵقەیەکی ڕووداوەکانی ڕابردوو یان کۆکەرەوەی گشتگیری ڕاستەقینە مێژووییەکان نییە، بەڵکو بریتییە لە ڕاڤەی حاڵەتی مرۆڤ کە بوونەوەرێکی زەمەنییە و تۆڕێکە لە یادگەی مێژوویی (ذاكرة التاريخية) و بیرچوونەوە، بۆیە لە خۆڕا نییە کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان یادگە و مێژوودا هەیە، ئەگەر ئەرکی یادگە پاراستنی ڕابردوو بێت، ئەوا ئەرکی مێژوو بیناکردنی ئەوەیە کە یادگە پاراستوویەتی. (بلخن، ٢٠١٣ل. ١٢٧)

یادگە لای ڕیکۆر سێ وەرچەرخانی گرنگی بە خۆیەوە دیووە لە ئاستەکانی بەکارهێنانیدا:

یەکەمیان: ڕەهەندێکی وتاربێژی و هونەر و ڕەوانبێژی وەرگرت.

دووەم: لە شۆڕشی دووەمدا ڕەهەندێکی ئەخلاقی وەرگرت لێرەدا یادگە بەشێک بوو لە پەرەپێدان فەزیلەت و ئەخلاق و ئازایەتی و دادگەری...تاد، لەم قۆناغەدا بوو کە بۆ نموونە شارلمان پاشای بەهێزی سەدەکانی نێوەڕاستی ئەورووپا، هەوڵیدا سیستمی پەروەردەیەکی دێرین بگێڕێتەوە و ئەوە ڕابگەیەنێت کە یادگە «بریتییە لە گەنجینەی هەموو شتەکان»: بنەماکانی باوەڕ، ڕێگاکانی فەزیلەت و گەیشتن بە فیردەوس، هەروەها ئەو ڕێگەیەشە کە ئاڕاستەکارە بۆ جەهەننەم.

سێیەم: لە شۆڕش و وەرچەرخانی سێیەمیشدا هونەر و تەکنیکی یادگە ڕۆڵی پێ درا و کەسێتی ڕەمزیی و هونەر و یادگە وەک وەحی بەکارهاتن. لێرەدا تەکنیکی جادووی یادگە

بەکارهات کە توانایەکی بێسنووری هەیە، هەر ئەوەی کە شیشرۆن ناوی لێنا کردەی داهێنەرانەی یادگەی ڕاهێنراوی نیمچە خوایی، بۆیە هونەری یادگە لەگەڵ پەرستشەکانی لەسەر ڕەوتی خۆی، بۆ سیستەمەکە ڕاهێنانی مەنهەجی بوون(ریکور، ٢٠٠٩،لل. ١١١-١١٦).

دەکرێت بۆ قۆناغی سێیەم نهێنی سەردەمی ڕۆشنگەریی و ڕێنسانسی ئەورووپی بە نموونە وەربگیرێن کە لە پلەیەکی بەرزی هونەرییدا یادگە و کەلەپووری ڕابردوویان بوژاندەوە و وەک پاڵەوان و ئیلهام و ئاماژە لە ڕابردووی دوورەوە سوودیان وەرگرت و یادگەیان بەکارهێنایەوە.

ڕەنگە وەسفەکەی ڕۆلان بارت لەبارەی کاریگەریی و هەژموونی گێڕانەوەوە بە نرخ بێت کە جەخت دەکاتەوە لەسەر کولتووری ئەمڕۆیی و هەنووکەیی کە بە چەندین گێڕانەوەی جۆراوجۆر تێر بوون؛ ئەفسانە، داستان، چیرۆک، چیرۆکی کورت، لاوک، مێژوو، مەرگەسات، دراما، پانتۆمایم، وێنەکێشان، فیلم، هەواڵ، گفتوگۆ، تەنانەت ڕوونکردنەوە و ڕانانەکانی هەردەستەواژەیەکی بێلایەنانە، لەو ئەزموونە ڕۆژانەییانەی ئێمەن کە سەرجەمیان گێڕانەوەن. گێڕانەوە نەک تەنها لە شێوە جیاوازەکانی کولتووری ئێمەدا ڕەگیان داکووتاوە، بەڵکو کۆی کولتوورێکە کە لە سەرەتای مرۆڤەوە لە هەموو سەردەمەکاندا و لە هەموو کولتوورەکاندا بوونیان هەبووە، لەم ڕووەوەیە کە گێڕانەوە تا ئێستاش بە ئەندازەی خودی ژیانی سروشتی، خۆی دەنوێنێت(اوحدی، ١٣٩١،ل. ٦١).

دەرئەنجام لەو چوارچێوە تیۆرییەی خرایەڕوو، دەکرێت جۆر و ڕەگەزە کاریگەرەکانی نێو پرۆسەی سیاسەتی کولتووریی کورت بکرێنەوە لە: گوتار و ئایدۆلۆجیای سیاسیی دەوڵەت، جۆر و شێوازی دارشتنی سیاسەتی کولتووریی هەر وڵاتێک، شوناس، یادگە و یادگەی کۆمەڵی، سیاسەتی پەروەردەیی و پرۆگرامی فێرکاری، پرۆسەی یادخستنەوە و خراپ بەکارهێنانی یادگە، کات و ڕابردوو، مێژوو و گێڕانەوەی ڕەسمی، پاڵەوانەکان و ...تاد. هەموو ئەمانە پێکەوە لە پاکێجێکدا دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە پێدان و وەرگرتنەوە و سەپاندنی هەر شوناسێک بگێڕن، هەم شوناسساز بن و هەم لەشوناسخستنی پێکهاتەیەک و تواندنەوەشی لەخۆبگرن. هەم شانازیی بۆ پێکهاتەیەک و هەم نەهامەتی و سڕینەوە بۆ شوناسێکی تر لە هەمانکاتدا بەرهەم بهێنن.

کەواتە لەم دیدگا تیۆریەی خرایەڕوو دەکرێت لە هەنگاوەکانی مێژووی سیاسەتی کولتووریی هاوچەرخی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر کورد (وەک نەتەوەیەکی نێو ئەو وڵاتە)بڕوانرێت و پێکهێنەر و ئاڕاستەکانی سیاسەتەکەی ڕاڤە بکرێت و بزانرێت ئەنجامەکەی چی دەبێت؟

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## تەوەری دووەم: نەتەوەسازیی ئێرانی و دیدی ئێرانگەرایی لە سیاسەتی کولتووریی دەوڵەتدا

**- یەکەم: پێکهێنەرەکانی شوناسی نوێی ئێرانگەرایی**

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی کولتووریی هاوچەرخی دەوڵەتی ئێران، پێویستە بەر لەوە، گرێ بدرێتەوە بە ئەنگێزەکانی دەرکەوتنی ئەو دەوڵەتەوە، چونکە لەگەڵ بناغەدانانی دەوڵەتی هاوچەرخ کە کودەتای ٣ی ئیسفەند هێنایەکایەوە، لە دوو ساڵی سەرەتایدا، بەرنامەیەکی تایبەت جێبەجێکرا، کە جۆرە سیاسەتێکی گشتیی کولتووریشی لەخۆدەگرت و لەسەر چەند بنەمایەکی ئایدۆلۆژی-سیاسیی کردە دروشم و لەگەڵ جێگیربوونی دەسەڵاتەکەیدا (چەسپاندنی پەهلەوی یەکەم)، ڕوون ئەم سیاسەتانە دەرکەوتن کە ئامانجێکیان دەوڵەتێکی یەکشوناسی بەهێز بوو، هەر لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەشەوە بوو پرۆسەی یەکنەتەوەسازیی ئێرانی و (تواندنەوە-ئاسمیلاسیۆن)ی ئەوانی دیکەی دەست پێکرد.

سیاسەتی گشتیی دەوڵەت لەسەر سێکوچکەیەک بیناکرا: نەتەوەسازیی، ناوەندگەرایی و مۆدێرنگەرایی زۆرەکی. دەوڵەت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم سێ سیاسەتەوە دەیویست گوتاری ناوەندگەرایی و ئێرانگەرایی خۆی بسەپێنێ، بەڵام ئەو دەمە ئێران لە دۆخێکی پێچەوانەی ئەمەدا گوزەری دەکرد. ئەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ یەکخستنی سوپا ئاڕاستە دەکرد: دەسەڵاتی لۆکاڵی سەردار و هۆزەکانیان، هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونە بەردەوامەکان دژی دەوڵەت، سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لای نەتەوە جیاوازەکان و هەوڵی سەربەخۆییان، هێزی چەکداری ناوچەیی، هێزی چەکداری دەوڵەتیش چەند پارچەیەکی جیاواز و ناتەبا، هەژموونی دەسەڵاتی بێگانە(ئینگلیز و ڕووس) و کاریگەریی بەسەر سیاسەتی دەوڵەتدا بوو، ئەمانە و چەندین کۆسپی دیکە وایان کرد بیرکردنەوە لەو سیاسەتە گشتییانە ببێتە ئەنگێزەی نوخبەی ڕۆشنبیر، دەوڵەتی کودەتا و دەوڵەتی پەهلەوی یەکەمیش پیادەکاری بوون.

ڕەزاشا بۆ پیادەکردنی سیاسەتە گشتییەکان و کۆتاییهێنان بە دۆخی پەرتەوازەی دەسەڵات و حوکمڕانە ناوچەییەکانی ئێران کە مانایەکیان بۆ دەوڵەتێکی ناوەندیی نەهێشتبوویەوە، دەیویست لە سێ ڕێگاوە سیاسەتە گشتییەکانی بەرجەستە بکات: چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەنددا، بەهێزکردنی پایەکانی مۆدێرنگەرایی لە کۆمەڵگەدا و

هەژموونی تەواوەتی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەدا(مراد، ٢٠١١،ل ١٧٤) .

هاوتالەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا، دەنگی بەشێکی دیاری ڕۆشنبیران و نوخبەی سیاسی لەگەڵ ڕەزاخاندا هاوئاهەنگ بوو، کە داوای سنووردارکردنی دەسەڵاتی ناوچەیی و دروستکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندییان دەکرد. لەوانە سلێمان میرزای پەرلەمانتار و ڕێبەری حزبی سۆسیالیست (١٩٢٥)، ستایشی هەنگاوی سازکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی و پەلامارەکانی ڕەزاخانی بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی دەکرد(کاتوزیان،١٣٨٩،ل٢٠٥). تەقیزادەی ڕۆشنبیری دیاری ئێران لە نامەیەکیدا(١٩٣٠) بۆ ڕەزاشای نووسیبوو: باوەڕی تەواوم هەیە کە خودا خاوەنشکۆی بۆ ڕزگارکردنی مەملەکەت نازڵ کردووە»(زادە، ١٣٨٣،ل. هفدە)، ئەو ساڵیک بەر لە کودەتاکەش (١٩٢٠)، لە وتارێکی ڕۆژنامەی کاوەدا پایەکانی سیاسەتی گشتی لە دوو کۆڵەکەدا دەبینییەوە: مۆدێرنسازیی(چاولێگەریی ئەورووپا) و نەتەوەسازیی(پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و خوێندنی زۆرەکی) (هەمان:ل١٥)، ڕاشکاوانەش بۆ تەواوکردنی بەرنامەی دەوڵەت پێویستیی دەوڵەتێکی سەربازیی و سەربازیی زۆرەکی و یەکخستنی لەشکرەکانی ڕوونکردبووەیەوە، تا ئەو سوپایە بتوانێت دەوڵەتێکی ناوەندی و هەنگاوەکانی مۆدێرنبوون بگرێتە ئەستۆ و نەیارەکانیشی ملکەچی یاسا بکات(اصفهانی، ١٣٩٢،لل. ٥٠-٥١). تەنانەت موسەدەقوسەڵتەنەش لەپەرلەماندا ڕاشکاوانە وتی: زۆر بە ڕەزاشا باوەڕدارم و خۆشمەوێت، ئەو خزمەتێکی بە مەملەکەت کردووە و بۆ کەس شاراوە نییە... لەوکاتەوەی دەسەڵاتی وەدەست گرتووە ئاسایشی گەڕاندووەتەوە بۆ مەملەکەت و حەزدەکەم جڵەوداری ئەم وڵاتە هەر ئەو بێت(اسناد مجلس شورای اسلامی، نهم آبان١٣٠٤).

ئەمانە نموونەیەکی کەمی ئەو کەسانەبوون لەو لێشاوە نوخبەیەی پشتیوانی چەسپاندنی سێ پایەکەی سیاسەتە گشتییەکان بوون، کە تریبۆنی پەرلەمان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیان لەدەستدا بوو، ڕەزاشاش درێغی نەکرد و کەوتە چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەتێکی یەکشوناسی ناوەندگەرا:

آ. نەتەوەسازیی و شوناسسازیی: ئەم بەرنامەیە خەونی نوخبەی دەوڵەتی و یەکێک لە پێکهێنەرەکانی سیاسەتی گشتی دەوڵەتیش بوو، لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت لەسەر پایەی نوێی «نەتەوەسازیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە» وێناکرابوو، کە بنەماکەی بە تێگەیشتنی ئەوان «ڕەگەزی ئاریایی کۆکەرەوەیە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک بەناوی ئێرانەوە لەسەر ئەو میراتە زمانی-ڕەگەزییە» ئەڵبەت لەهەناویشیدا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چەمکەکانی شوناس، پاڵەوان، جوگرافیا، هەستی هاوبەش، مێژوو، کەلەپور و دواجار دەوڵەتی نەتەوەیی پێکەوە گرێدەدرانەوە و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا هەر چەمکە ئەرک و ڕۆڵێکی دەگێڕا و لە کۆتاییشدا دەوڵەت و نەتەوەیەکی سازکراوی پێکەوە تێکەڵ و هاوئامانج دەکردەوە(ملایی توانی، ١٣٨٤،ل. ١٢١). بۆ ئەمەش لە گوتارێکی هاوبەشدا زمانی فارسی، ئارياییبوون، پێشینەی مێژوویی، دەوڵەتدۆستی و شاپەرستی و ..تاد، چوارچێوەی پێکهێنەری ئەو شوناسە بوون کە دەوڵەت بۆ سەپاندن و چەسپاندنیان دەستی بە تواندنەوە و یەکسازی(ئاسمیلاسیۆن)ی نەتەوەجیاوازەکانی نێو ئێران کرد و کاری لەسەر سڕینەوەی زۆرەکی زمان و کولتووره جیاوازەکانی دیکە دەکرد(اکبری، ١٣٩٣،ل. ٢٥٠).

ب- مۆدێرنگەرایی: پایەیەکی تری گوتاری نوێی دەوڵەت و سیاسەتە گشتییەکانی بوو، هەم دەوڵەت و هەم ڕۆشنبیران لەپشتی وەستابوون، بۆ چەسپاندنیشی، دەوڵەت سەرەتا دەستی کردە سەپاندنی خوێندن و ڕەنگدانەوەی شوناسی نوێی دەوڵەت لە پرۆگرامەکەیدا، هەروەها لاوازکردنی پێگەی ئاین و پیاوانی ئاینی و وەک ڕێگر لە پێشکەوتنی ئێران دەیناساندن، سەپاندنی سیاسەتی جلوبەرگ(سەپاندنی جلێکی دیاریکراو و کڵاوێک بۆ پیاوان، لابردنی پەچە و نەهێشتنی باڵاپۆشی بۆ ژنان، ئیتر بێگوێدانە شوناس و کەلەپووری نەتەوەجیاوازەکان). ئەگەرچی ئەم سیاسەتە کولتوورییەش ڕیشەکەی بۆ سەردەمی قاجار و مەشروتە دەگەڕایەوە، بەڵام دەوڵەتی نوێی ئێران ئەرکی چەسپاندنی وەئەستۆ گرت(اکبری، ١٣٩٣،ل. ٢٢٣). هەرچەند ئەم سیاسەتە ڕاستەوخۆ پاش کودەتا بەشێکی بەرنامەکانی دەوڵەت نەبوو، بەڵام لەگەڵ جێگیربوونی پایەکانی دەسەڵاتی ڕەزاشا و لاوازکردنی نەیارانی لە پەرلەمان و دەوڵەتدا، کە ئیتر شێوە سیستەمێکی نیمچە دیکتاتۆری-بنەماڵەیی چەسپا، توانی بەرنامەی مۆدێرنسازیی زۆرەکی دەست پێبکات(کرونین، ١٣٩٠،ل. ١٣٣).

ج. دەوڵەتسازیی ناوەندگەرایی: پایەی سێیەمی گوتاری دەوڵەت بوو، کە کۆمەڵگە و دەزگاکانی دەوڵەتی یەکدەخست، ڕێک ئەم بنەمایەی بەرامبەر دەسەڵاتە ناوچەییەکان، کولتووره جیاوازەکان و گەلانی دیکەی نێو ئێران بەکارهێنا، بەو واتایەی یان دەوڵەت و دەسەڵاتە ناوەندییەکەی یان دەسەڵاتە ناوچەییەکان(David ، ٢٠٠٢،ل. ٥٩). خەونی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندیی، مێژووی کۆنتری هەیە، بەڵام لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی، دیسانەوە بووژایەوە، چونکە لەوکاتەدا دەوڵەتی قاجار نە لەنێوخۆ مەملەکەتی پێدەپارێزرا و نە لە سیاسەتی دەرەوەش کارا بوو. بۆیە لە بڵاوکراوەکانی ئەو دەمە و لە

نووسینەکانی ڕۆشنبیراندا، وەک پێویستییەک سەیری دەوڵەتێکی ناوەندییان دەکرد. لەوانە: حسێن کازمزادە، مەحمودی ئەفشار، نەفیسی، کەسرەوی، پورداود، ڕەشیدیاسمی، موشفیقی کازمی، عەباس ئیقباڵ، مەلیکوشوعەرای بەهار، عەلی ئەکبەری سیاسی، تەقیزادە و...تاد، سەرەڕای جیاوازی تەرزی بیرکردنەوەیان، بەڵام دەوڵەتێکی ناوەندییان پێ پێویست بوو، باوەڕیشیان وابوو ئاوات و ئامانجەکانی بزووتنەوەی مەشروتە، لە دۆخێکی وەک ئەوکاتەدا ناچەسپێن و دەوڵەت «دیکتاتۆرێکی نموونەیی» و «تاکرەوێکی ڕۆشن ئەندێشە» و «مێشکێکی مونەوەر»ی دەوێت، تا زەمینەکانی شۆڕشێک ئامادە بکات، بۆ ئەمەش زۆرینەیان باوەڕیان وابوو بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پێویست بە هێزێکی یەکگرتوو و دەسەڵاتێکی یەکدەست دەکات کە ئامانجەکان بهێنێتەدی(نظری، ١٣٨٦،ل. ١٤٤) و (تخشید، ١٣٧٧،.ل . ٩٨) کە هەموو ئەمانە دەچوونە خانەی چەسپاندنی هەرسێ پایەی دەوڵەتی ناوەندیی، مۆدێرنگەرایی و نەتەوەسازییەوە.

- **دووەم: سیاسەتی کولتووریی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران**

لێرەدا گرنگە پرسیارێک بکرێت، ئایا سیاسەتی کولتووری تەنها ئەرکی دەوڵەتە؟ یان تەنها ئەوەیە کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات؟ لە دەوڵەتانی کراوە و ئازاددا، دیارە وەڵامەکە نەخێرە، چونکە پێویستە کۆمەڵگە و بواری گشتی و دەزگا نادەوڵەتیەکانیش بەشدار و کارا بن. سیاسەتی کولتووری دەبێت ڕەچاوی گۆڕاوەکان بکات، لەوانە جیاوازیی کولتوور نێوچەکانی هەر وڵاتێک، دیموکراسیی کولتووریی، پێویستە سیاسەتی کولتووریی لەهەناوی ئەو جیاوازیانەدا دابڕێژرێت(اشتریان، ١٣٩١،ل. ٣١و٣٥). بەڵام لە دەوڵەتە ناوەندگەرا و نادیموکراسییەکاندا دۆخەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە لەوێدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە شوناس و گێڕانەوەی ڕەسمی و سیاسەتی کولتووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ئاراستە دەکرێت و لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە ئامانجی نەتەوەسازییەکی نوێ کاردەکرێت کە لەگەڵ گوتارە سەپێنراوەکەدا یان گوتارە پێشنیارکراوەکەدا بگونجێت.

پێدراوە مێژووییەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە سیاسەتی کولتووریی لە ئێراندا دوو ئامانجی سەرەکی لە ئەستۆیە: یەکێکیان بەهێزکردنی پێکهێنەرەکانی شوناسی نەتەوەییە، ئەوی دیکەشیان کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکانی لاوازکردنی ئەو شوناسەیە، گوایە لەبەر ڕێگریکردن لە دروستبوونی درزی ئیتنیکی نێوان پێکهاتەکان، قەیرانە کولتوورییەکان، دووریگرتن لە دەرخستنی جیاوازییە ئیتنیکی و ڕەچەڵەکیەکان {نەتەوەییەکان} و «نازین بە ڕەچەڵەک و ناوچەگەرێتیدا» و دابەشنەکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای پێکهاتەکان و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کەمکردنەوەی قەبارەی شوناسە سەروو نەتەوەییەکان(اشتریان، ١٣٩١،ل. ٩٧). ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی کولتووری وڵاتانی کراوە و دیموکراتە.

لێرە بەدواوە سیاسەتی کولتووریی ئێران لەبەر ڕۆشنایی دەستوور و یاساکان، گێڕانەوە ڕەسمییەکان، مێژوو و مێژوونووسانی ئاڕاستەکراو و ئاڕاستەکانی گێڕانەوە لە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە لەبەرامبەر کورددا دەخرێنەڕوو، کە لە هەردوو قۆناغی پەهلەوی یەکەم (گوتاری نەتەوەیی فارسی¬تەوەر) و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا (مەزهەبی-نەتەوەیی-فارسی¬تەوەر)، لەدەستی دەوڵەتدا بووە:

**١. سەردەمی پەهلەوی:**

لە سەردەمی پەهلەویدا دەوڵەت ویستوویەتی شوناسی ئێرانگەرایی و «نەتەوەسازیی ئێرانی» لەڕێی گوتارێکی دەوڵەتییەوە بسەپێنێت، گەرچی جوگرافیای ئەو وڵاتە سروشتێکی فرەنەتەوەی هەیە، بەڵام حکومەت کۆشاوە بە خەڵکی وڵاتەکە و جیهانی بسەلمێنێت لەئێراندا تەنها نەتەوەی ئێران(بەتەوەرێتی فارس) هەیە {لەسەر ڕیشەی ئاریایی} و ئەوانی دیکە دەبنە گروپی ئیتنیکی و خێڵی و زاریی (لەهجە) (عەزیزی، ٢٠٢٠،ل. ٢١). ئەمەش لەڕێگەی سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر بواری گشتی و خوێندن و زمانی ڕەسمی دەوڵەتدا، دەوڵەت ئەمەی لەپێناو یەکپارچەکردن و یەکسانزایی و تواندنەوەی ئەوانی تر کرد، بەو ئایدۆلۆژیایەی کە دەوڵەت و ڕۆشنبیران باوەڕیان پێ هێنابوو، بۆ ئەم کارە زمانەکانی دیکەی قەدەغەکرد و سەرانسەریکردنی زمانی فارسی سەپاند و لەژێر ناوی «بەکارهێنانی یەک زمان» لە خوێندنی ڕەسمیشدا پیادەی کرد، بەمەش هەڵێکی باش درایە دەزگا حکومەتییەکان بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەی جیاوازیی زمانی گەلانی نافارس(نظری، ١٣٨٦،ل. ١٥٠).

بە دەستوور و یاسا لەسەردەمی یەکەم و دووەمی پەهلەویدا ئەم هەنگاوە ڕێکخرا و سیاسەتی کولتووریی ئێرانیزە و ئاریزەیشنکردنی نەتەوەکان و بەسەنتەرکردنی زمانی فارسی ڕێکخرا و دەستی دەزگا جێبەجێکارە کولتووری و کارگێڕیی و بگرە ئەمنییەکانیش ئاوەڵا کرا بۆ جێبەجێکردنیان.

بەڵگە و مێژووی دەوڵەتی پەهلەوی لەسەر ئاستی نەرمەهێز و توندەهێز نیشانی دەدات لەبواری سیاسەتی کولتووریدا بەرامبەر کورد بۆ لەخۆگرتن و تواندنەوە و ئێرانیزەکردنی درێغی نەکردووە، لێرەدا گرنگە لەسەر دوو ئاست دەوڵەتی و ڕۆشنبیریی مێژوویی، دیدگا و ڕێکارەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی ئەو سەردەمە بخرێنەڕوو لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی

کولتووریی دەوڵەت بەرامبەر کورد کە ڕۆڵیان هەبووە و شوێنەوارەکانی تا هەنووکەش هەر ماوون:

محەمەد عەلی فروغی(ذكاء الملک) جیا لەوەی بیرمەند و یەکێک لە دەستەبژێرە کاریگەرەکان بووە، ڕوخسارێکی کاریگەری نێوسیاسەتی پەهلەویش بووە و لە هەردوو بوارەکەدا پایەدارێژێکی سەرەکیی و کردەیی پرۆسەی نەتەوەسازیی ئێرانی و دەوڵەتسازیی ناوەندگەرا بوو.

هەمیشە ئەنگێزەی جیاخوازیی و شوناسی جیای کوردەکانی لەسەر ئێران و تورکی و عێراق بە مەترسی دەزانی، لەم بوارەشدا بە چەندین شێوە ئامۆژگاری دەوڵەتی دەکرد و ڕێکاری جێبەجێکاریی لەهەردوو بواری دیپلۆماسی و سیاسەتی نێوخۆیی و کولتووری بۆ پێدانی شوناسێکی دیکە بە کورد دەگرتەبەر تا بیر لە جیایی نەکەنەوە. فروغی لە نامەیەکیدا، بە ڕەزاشا دەڵێت نابێت لەوە دڵنیابین کوردەکان لە ئەنگێزەی سەربەخۆیی خۆیان واز دەهێنن. دیارە فروغی لەو ڕۆشنبیر و سیاسیانە بووە کە هەمیشە زانیوویەتی شوناسی کورد جیاوازە لە شوناسی ئێرانیبوون و تورکی بوون، بەڵام ئەو لەبری نێوبردن و سڕینەوەی فیزیکی، بیری لە تواندنەوە و یەکسانکردنیان لەشوناسی ئێرانچێتیدا دەکردەوە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات «گەر ئینگلیزەکانیش هاوکارییان نەبن لە سەربەخۆبوون، ئەوان{کوردان} مرۆڤانی بەتوانان و خۆیان بە سروشت بەدوای ئەو خواستەیاندا دەڕۆن... بۆیە ئێمە پێویستە لەبیری کوردستانی خۆماندا {ڕۆژهەڵات} بین و ئەگەر توانرا تورکەکانیش لەگەڵ خۆماندا هاودید بکەین، ئەمەش نەک بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی کورد چونکە ئەمە خەیاڵێکی خاوە، بەڵکو بە میهرەبانی {نەرمەهێز} و بە پەیوەندیی دروستکردنی ئەوان بە دەوڵەتی ئێرانەوە و لەڕێگەی پەروەردەکردنیانەوە بە پەروەردەی ئێرانێتی...بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ گەشەبکات و بەهێز بێت، کوردەکانی ئێران بۆ ئێمە نەبنە مایەی دەردی سەری و زەحمەت... بەڵام ئەگەر دیدگای بەرپرسانی ئێران وەک ڕەوتی پێشتر بێت و کوردەکان فەرامۆش بکەن بە باوەڕی بەندە هەڕەشەکان نزیکن» (فروغی، ١٣٨٩،لل. ١٢٩-١٣٠).

لێرەدا دەردەکەوێت و دان بەوەدا دەنێت کە کوردەکان خاوەنی شوناسی جیاوازن، دان بەوەشدا دەنێت کە پێشتر ڕێگەیان جیابووە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات لەڕێی پەروەردە و خوێندنەوە بیری ئێرانیزم بەسەریاندا بچەسپێنرێت و بەو نەرمەهێزە شوناسی ئێرانێتی بەسەر کوردبوونیاندا زاڵ بکرێت تا نەبنە مەترسیی ئایندەیی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەزگاكانی دەوڵەتی پەهلەوی، نەیاندەشاردەوە كە پێویستە زمانی فارسی لە تەواوی پانتایی ئێراندا ببێتە زمانی یەكەم و لەلایەن نافارسەكانیشەوە بخوێنرێت و بەكار بهێنرێت، لەم بوارەشدا چەندین پرۆژەیان پێشكەشی دەوڵەت كرد. بۆ نموونە پرۆژەكەی (هرمز میلانیان)، كە پێشكەشی ئەنجومەنی باڵای كولتووریی ئێرانی كرد و تێیدا جەختی لەسەر پەرەپێدانی زمانی فارسی و میكانیزمە ورد و شێوازەكانی سەپاندنی لە نێو سەرجەم پێكهاتەكانی دیكەی غەیرە فارسی نێو ئێراندا دەكردەوە و بەڵگاندنی هۆكارەكانیشی خستووەتەڕوو، هاوكات بوارەكانی (پەروەردە، زانكۆ و دەزگادەوڵەتی و مەزهەبی و كۆمەڵایەتییەكان) بەكارهێنانی فارسی دیاری كردووە، جگەلەوەش ئامۆژگاری دەوڵەت دەكات لەڕێگەی هاندانی نوسەر و شاعیر و وەرگێڕەكانەوە، كۆڕوكۆبوونەوە بە فارسی و ئەدەبیاتی فارسی بووەشێنن، پێشنیاریشی كردووە بۆ»پێدانی خەڵات بە فارسینووسان بەبێ گرنگیدان بە ناوەڕۆك» و...تاد(میلانیان، ١٣٥١،لp. ١٣-٤٤).

هاوكات دەوڵەت لەڕێگەی هاندان و پاداشتی نووسەران و توێژەران و بگرە ڕۆژهەڵاتناسانیشەوە، هانی دەدان نووسینەكان بەو ئاڕاستەیەدا بەرن كە كورد وەک ئێرانی و ئاریایی بناسێنن، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک(١٩٣٩) (كە وەزارەتی كولتوور(فرهنگ) ئاڕاستەی نووسینگەی سەرۆكوەزیرانی ئێرانی كردووە) لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران و خودی شای ئێران، كار لەسەر ئەوەكراوە كە كوردەكان بە ڕەگەزێكی ئێرانی ڕەسەن لەقەڵەم بدرێن و دوور بخرێنەوە لەو بیرۆكانەی كە لە «شوناسە ئاریایی و ئێرانییەكە» دووریان دەخاتەوە و لەم ڕووەوە چەندین كار كراو و یەک لەو كارانە (لەساڵی ١٩٣٨دا) ڕاسپاردنی هەریەک لە «ڕەشید یاسمی ماموستای زانكۆی تاران، مەردۆخی كوردستانی مێژوونووس و فلادیمیر مینۆرسكی ڕۆژهەڵاتناس و مامۆستای زمانە ڕۆژهەڵاتییەكان، بۆ نووسینی سێ كتێب بۆ چەسپاندنی ئەو دیدگا دەوڵەتییەی كە كوردەكان دەكاتە ئێرانی. بەگوێرەی بەڵگەكە لە هەریەک مەردۆخ و یاسمی كتێبەكانیان لە ساڵی ١٩٣٩دا تەواو كردووە و دەیدەنە وەزارەتی كولتوور بۆ چاپكردن و مینۆرسكیش سەرقاڵی نووسینی بووە (بڕوانە: پاشكۆی ژمارە١ ، بەڵگەنامەی وزارەتی كولتوور بۆ نوسینگەی تایبەتی شاهەنشای ئێران، ١٣١٧/١٢/١{١٩٣٩/٢/٢٠}، تاران، ئەرشیفی نەتەوەیی ئێران).

بە سەیركردنی بەرهەمەكانی ئەم سێ كەسایەتییە، دەردەكەوێت ناوبراوان هەر ئەوەیان كرد كە دەوڵەتی پەهلەوی ویستی، هەرچی مینۆرسكی بوو، جیا لەوەی لەساڵی ١٩٣٧ەوە بووە سەرۆكی بەشی ئێرانناسی لە لەندەن، دنیا دەگەڕا و دەینووسی، لەبارەی

کوردیشـەوە ئەو باوەڕە دەگمەنـەی دەچەسپاند کە «کورد ئارياييـە و لەنـەوەی مادەکانـە». هـەر بـەو ئاڕاسـتەیە و بـە ڕاڤـەی داتاکانی بەڵگەکـە و هاوتاکردنی لەگـەڵ ژیانیـدا، دەردەکەوێت مینۆرسـکی دووسـاڵ پاش ڕاسـپاردنی لەلایـەن ئێرانی پەهلەوییەوە، دیارترین توێژینـەوەی لەسـەر کـورد بەنـاوی «نـەژادی کـورد»ەوە، لـە سـاڵی ١٩٤٠دا، لەکۆنگـرەی بیسـتەمی ڕۆژهەڵاتناسـی برۆکسـل لـە بەلجیکا، پێشکەشـکرد، کـە تێیـدا تەنها جەخت لەسـەر ڕەچەڵەکی مادەکان دەکاتەوە و ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی دیکـەی وەک گوتی، لولوبی، کاسی و کاردۆخییـەکان فەرامۆش دەکات(مینۆرسـکی، ١٩٨٤،ل. ١٥و٣٤).

هەرچی ڕەشـید یاسـمی(١٨٩٦-١٩٥١) کوردی کرماشـانیش بـوو، بووە یەکێک لەڕۆشـنبیرە دەوڵەتییەکانی گوتاری سیاسـی دەسـەڵاتداری پەهلەوی و لایەنگری تیۆری نەتەوەی ئێرانی و بە ئارییکردن و بە قەوم ناساندنی نەتەوەی کورد بوو. ئەو لەگەڵ چەند هاودیدی دیکەیدا کرانـە مامۆسـتای زانکۆی تـاران، یاسـمی باوەڕی وابـوو «کورد یەکێکـە لـە لقەکانی درەختی کۆنەسـاڵی شـکۆمەندی ئێران» و لـە بەرایی کتێبی «کـورد و پەیوەندیی نەژادیی»یەکەشـیدا بەبێ بەڵگەیەکی ڕوون دەڵێت»کورد لـە لقـە دیارەکانی نـەژادی ئارياييـە و لـە ئارياييبوونيـان گومانێـک نەماوەتـەوە». یاسـمی، ئـەو توێژەرانـەی کـە کـورد بـە لقێکی جیـاواز لـە ئێـران لەقەڵـەم دەدەن بـە «دوژمنانی خۆبەدۆسـتزان» وەسـفیان دەکات و هەمـوو ئەوانـەش کـە کورد دەبەنەوە سـەر گوتی و لولو و کاشییەکان {وەک ئیحسـان نوری پاشا و ئەمین زەکی و... تاد} بە کەسـانێک وەسـفیان دەکات کە دەیانەوێت کورد ڕەچەڵەکی نادیار بێت و وەک دەڵێ «ئەمانە زۆر ڕۆنەچـوون لـە توێژینـەوە لـە ڕەچەڵەکی کورددا» و نەیان ویسـتووە «بچنـە نێو ئەو هەقیقەتی ئێرانیبوونەی کورد» و ئەوە بسـەلمێنن بۆیە خۆیان بەدوور گرتووە!(یاسـمی، ١٣١٣،ل. ٧، ٤، ١٠٩، ٥ و ٦). یاسـمی بەدرێژایی کتێبەکەی کوردی بـە «قـەوم» و «تایەفە و «ڕەچەڵەکێکی هاوخوێنی و کۆمەڵایەتی فـارس لەقەڵەمداوە و بـە هیچ شـێوەیەک وەک نەتەوەیەکی سـەربەخۆ نـاوی نەهێنـاوە، لەبـارەی ئـەو کوردانەشـەوە کـە لەمێژوودا بـە فارسی نووسـیوویانە وا لەقەڵەمیان دەدات کە خزمەتیان بە زمان و مەعریفـەی نەتەوەیی خۆیـان کـردووە! ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت لای یاسـمی، فارسـی دایکـە و کوردێـک کـە فارسـی دەنووسـێت خزمـەت بـە نەتەوەکـەی خـۆی دەکات، چونکـە لای ئـەو کوردی وەک بەشـێک لەنەتـەوەی فـارس و ئێـران داناوە بگـرە لەجەوهـەردا زیاتـر لـەوەش دەڕوات و لـە بەشی پێنجەمـدا وەک نووسـەرێکی گوتاری دەوڵـەتی و گێڕانـەوەی ڕەسـمی دەڵێـت کورد بـە هەسـت و یـادەوەری هاوبـەش بەشـێکن لـە نەتـەوەی ئێران(یاسـمی، ١٣١٣،ل. ٨٨ و١٣٧ و ١٤٥).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

محەمەد مەردۆخی کوردستانی(١٨٨٠-١٩٧٥)یش، وەک ڕاسپێردرابوو، کتێبێکی لەپێناو گوتاری بە ئێرانیزەکردن و ئارياييکردنی کورد نووسی، بە ناونیشانی «تاریخ کرد و کردستان یا تاریخ مردوخ»، ئەو لەچەندین جێگەدا ئاماژەی بە ئاریبوون و ئێرانیبوون و هاوزمانی و یەک سەرچاوەی زمانی فارسی و کوردی و تەنانەت جوگرافیای هاوبەشی ئەو دوانەش کردووە، زۆر بە دڵنیاییشەوە مەسەلەکەی ئاسان بڕیووەتەوە و دەڵێت: «ئەمڕۆکە ئاریبوونی کورد و پارس یەکلابووەتەوە»!(بڕوانە: مردوخ کردستانی، ١٣٥١،ل. ١٢-٢٤)

دیارە کە ئامانجی سیاسی لەم بەستنەوە نەژادییەی کوردەوە بە ئارياييەکانەوە بۆ لکاندنیەتی بە زمانە ئێرانییەکانەوە و وەک پرسێکی نەژادیی و ئایدۆلۆجی لە پرسێکی زمانەوانی ڕووت بڕوانن و لەو ڕێگەیەوە بوترێت کوردەکان سەربەنەتەوەی ئێرانین، واتە هەمان ئەو دیدگایە بکرێتە گێڕانەوەی ڕەسمی کە نوخبەی ناسیونالیستی ئێرانی و گوتاری دەوڵەت لەسەر کورد دەیویست. ئەمەش پرۆسەی لەنەتەوەخستنی کورد بووە، چونکە چەمکی «قەوم» لە فارسیدا، زیاتر بەمانای هاوخوێنی و هاونەژادیدا دێت، کە دەکرێت گروپی ئیتنیکیی خێڵەکی بن ئەم جۆرە گروپانەش کۆویژدانی خوێنی و عەشایەری کۆیاندەکاتەوە، بەڵام نەتەوە و نەتەوایەتی (ملت و ملی¬گرایی) و کۆویژدانی نەتەوەیی فراوانتر لە ناوچەگرایی و عەشایەر و ئیتنیک پێکیان دەبەستێتەوە، نەتەوە یەکەیەکی گەورەی مرۆییە، کە هۆکاری دروستبوون و پەیوەندییەکە هۆشیاریی هاوبەش و کولتوورە. لێرەدا هەستی یەکبوون و پەیوەستی بەیەکەوە باڵایە و جوگرافیایەکی هاوبەشیش کۆیاندەکاتەوە، ئاین و کولتوور و زمانی هاوبەشیش کۆکەرەوەی دیکەی نەتەوەیە، نەتەوە کۆمەڵگەیەکی مێژوویی و خاوەنی چنراوێکی کولتووریی تایبەت بە خۆیەتی(آشوری، ١٣٩٤،ل. ٣٠٧).

لەکاتێکدا بە پێچەوانەی گوتاری ئایدۆلۆژیی دەوڵەت و نوخبەی ئێرانی بۆ ئارياييبوون و نەتەوەسازیی ئێرانی، لە توێژینەوەکانی دیکەدا سەلمێنراوە کە کورد بە ئاری کراوە(ئاریزەیشن) و بەر لە زمانە ئێرانییەکان لەسەر خاکی کوردستانی هەنووکە نیشتەجێبوون، ئەوان بەر لە مادە ئارییەکان پێکهێنەری نەژادی کوردن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی مادەکان ٩٠٠ساڵ پێش زاین دێنە ناوچەکانی کوردستانەوە، بەڵام گوتی،کاشی و لولوکان لانیکەم ١٠٠٠تا ٢٥٠٠ساڵ بەرلەوان لە چیاکانی زاگرۆس و کوردستانی ئەمڕۆدا هەبوون(میران، ٢٠٠٩،ل. ٧٩-٨٦). دەرکەوتووە کە کوردەکان بەر لە ئێران و ئۆراسییەکان لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، ئەوەی مینۆرسکی و پاشتریش مکنزی (بەریتانی بەڕەچەڵەک ئێرانی)

پشتی پێدەبەستن چەند وشەیەکی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و وشە جێماوەکانی ماددەکانە، ئەمەش بەس نییە بۆ بەستنەوەی ڕەچەڵەکی نەتەوەیەک بە ئەوانەی پێش خۆیەوە، لەوبارەیەوە فێردیناند هێنەر بێشلەر(کوردناس) دەڵێت: «سەلمێنراوە مێژووی کولتووری کورد لە تیۆری ماددەکان جیایە»، ئەو جەخت لەوەش دەکاتەوە کە کورد بە ئێرانی کراوە، لەبارەی ڕیشەی وشەی کورد-یشەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ وشەی «کور»ی سۆمەری کە بەمانای دانیشتووانی شاخەکان دێت و ناوێکی جوگرافییە نەک ئاماژەی ڕەچەڵەکی. ڕوونیشە سۆمەریان بەر لە کۆچی ئاری و هیندۆئەورووپییەکان لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون. بێشلەر بۆ ئەم ئەرگیومێنتانەی توێژینەوەکەی پشتی بە پشکنینی (DNA)ی لە نموونەی جیاواز و مێژووی کولتووری و توێژینەوە پێشینەکان و شوێنەوار بەستووە و دەرئەنجامەکانی خۆی لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی «بنەچەی کورد»ەوە ڕێکخستووە(بڕوانە: بیشلەر، ٢٠١٦،ل. ١٥-٥٢).

زیاتر لەو بەڵگانەش خرانەڕوو، گرنگە دەرئەنجامێکی ڕەچەڵەکناسی و فاکتێکی مێژوویی لەبارەی هەردوو شوناسی «ئاریایی» و «ئێرانی»بخرێتەڕوو:

١. مێژووی چەمکی نەژادی ئاریایی(Aryan race) خۆی لە ئەورووپا و لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە (١٨٥٠-لەلایەن ئارتور دوبینگۆ) بەمەبەستی نەژادپەرستی و سوودوەرگرتن لێی بۆ مەبەستی داگیرکاریی دروستکرا. ئەورووپییەکان، سەرەتا لەژێر ئەم ناوەدا خەڵکی ئێران و هیندستانیان زنجیرکرد و دەیانچەوساندنەوە. لەکاتێکدا وشەی ئاری پێشتر بارێکی زمانەوانی ڕووتی هەبوو و هیچکات بۆ ڕەچەڵەک بەکارنەدەهات و لە نێو ئەدەبیاتی پێشینی ئێرانی وەک شانامەی فردەوسی و ئەوانی دیکە ئاریا و ئاریایی بوونێکی نییە. ئەڵبەتە لەوەبەدوا ئیتر دەوڵەتی ئێرانیش بە ئاریایی و ئێرانی بوون لە سیاسەتی کولتووریدا ویستوویەتی غەیرە فارسەکان کۆت بکات و بیانگرێتەخۆیی و لە شوناسی خۆیان بێبەریان بکات(غیاث آبادی، ٢٠١٢) و (رواسانی، ١٣٧٨،ل. ١٥٢-١٦٢).

٢. چەمکی ئێران، بۆ دەوڵەت و نەتەوە مێژووەکەی تازەیە، ڕاستە وشەی ئێران دێرینە، بەڵام هیچکات وەک ئاماژە بۆ نەتەوەیەکی هاوبەش و دەوڵەتێک بە چوارچێوەیەکی سیاسی کە یەک نەتەوەی تێدا بێت بەکار نەهاتووە، بەڵکو بە ئێران و جوگرافیاکەی ناوەکانی تری وەک دەوڵەتی سەفەوی، قاجار، مەمالیکی مەحروسە و پارس و پێرشیا بەکارهاتووە، تا ئەوەی لە ١٩٣٤/١٢/٢٧دا، بە پێشنیاری سەعیدی نەفیسی مێژوونووسی دەوڵەتی و ڕاوێژکاری ڕەزاشا، کە لەمەودوا دەوڵەتان لە نووسراوە ڕەسمەییەکانی خۆیاندا،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وشەی ئێران بەکارهێنن(نفیسی، ١٣٩٦).

لەسەر ئاستی بواری پرۆگرامی خوێندن و دووپاتکردنەوەی ئەو گێڕانەوە ڕەسمییە نوخبەگەرا-دەوڵەتییە، بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکەیە کاریگەریی جێبهێڵێت لە کۆمەڵگەدا، ئەم ڕەگەزە لە پرۆگرامەکانی پەروەردەدا جێگیرکرا و لە کتێبەکاندا بە ڕوونی ڕەنگی دایەوە، بەتایبەت لە کتێبەکانی مێژوو و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا(وطندوست و دیگران، ١٣٨٨،ل p. ١٨١-١٨٢).

**٢. سەردەمی «شۆڕشی ئیسلامیی ئێران»**

بۆ تێگەیشتن لەسیاسەتی کولتووری ئێران لەم تەوەرەدا ڕاڤەی وێنای شوناسی کورد لە دیدگای ئێرانەوە لەسەر ئاستەکانی: دەستوور، یاسای پەیوەست بە سیاسەتی کولتووری، پرۆگرامی پەروەردەیی-یەوە کراوە.

سیاسەتی کولتووری ئێران لەسەردەمی پاش شۆڕشی ١٩٧٩شدا، جیا لە پێفشاریی لەسەر شوناسە ئێرانسازییەکەی کە میراتی پەهلەوی بوو، هاوکات دیدگایەکی مەزهەبیش هاتووەتە گۆڕێ. ئەمەش لە دەستوور، یاساکان، سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن و میدیا و...تاد دا ڕەنگی داوەتەوە، لێرەشدا لەبەرئەوەی ڕەگەزێکی پێکهێنەری شوناسی بەشێکی فراوانی کوردانی ئێران سوننی مەزهەبن، دەبنە ماکی پەراوێزخستن یان بەشیعەکردنیان. هەر لە بەندەکانی دەستوورەوە لە وەرگرتنی پۆستی ڕێبەر و سەرۆککۆمارەوە (بڕوانە: قانون اساسی، ١٣٩٥)کە دەبێت شیعە مەزهەب و وەلای بۆ ویلایەت هەبێت، تا ئەو سنووربەندییە دادگایی، سیاسی، مەدەنی و میدیایی و مافانەی کە بۆ هەر سوننە مەزهەبێک دێنەپێش، تەنانەت لە ناونانی منداڵانیشدا دەبێت خۆیان لەو ناوانەی لەسەر سوننە حسێبکراون بەدوور بگرن، زۆرینەی کوردەکانیش ئەم جیاکارییە مەزهەبییە دەیانگرێتەوە. ڕەنگە هەندێک لەو جیاکارییانە بە یاسا نەنووسرابنەوە، بەڵام لە تێکستە پەروەردەییەکان، مێژووی ڕەسمی و کەلەپووری زارەکی و نووسراوی نێو کۆمەڵگەدا دەبینرێن و دوپاتدەکرێنەوە، ئەم دیدگایەی شوناسە باڵادەستەکە، زەینێکی جیاکارانەی درووستکردووە و وەک واقیعی کۆمەڵایەتی شوناسێکی پەراوێزخراو و هاوڵاتیەکی پلەدووی لە کورد سازکردووە(عەزیزی، ٢٠٢٠).

جۆری وێنای ئەم دیدگایە بۆ شوناسی کورد وای کردووە مافەکانی کوردستانی ئێران، یەکێک بێت لەو خاڵە هەستیارانەی کە بۆ هەردوولا مایەی ناکۆکی بووە، ئەوان ئێستا کەمترین پشکیان لە مافە سیاسیی، کولتووریی و کارگێڕییەکانی وڵاتەکەدا هەیە، هۆکارەکەی

بۆ دەستووری پڕ لە جیاکاری مەزهەبیی دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەی لە مادەی ١٩-ی دەستووری ئیسلامیی ئێراندا هاتووە خەڵکی ئێران هەموویان «مافی یەکسان»یان هەیە و نەژاد و زمان نابێتە هۆی جیاوکێکی تایبەت(قانون اساسی، ١٣٩٥،ل. ٤٧) و لە مادەی ١٥شدا، زمانی فارسی بە زمانی فەرمی دیاریکراوە. ئەمە جیا لەوەی کە لە ڕووی مافی سیاسییەوە، لە مادەی ١١٥ و سەبارەت بە مەرجەکانی سەرۆککۆمار هاتووە کە پێویستە سەرۆککۆمار لەسەر مەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامی بێت(هەمان سەرچاوە، ١٠٤).

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییدا جیا لەوەی شوناسە ئێرانییە فارسی سەنتەرەکە، هێڵرایەوە. شوناسی ئاینی-مەزهەبی-دوانزەئیمامی کراوەتە بنەمای سیاسەتی کولتووریی کە هەر لەدەستوورەوە چەسپاوە و یاسا و ڕێنمایی تایبەتیشیان بۆ ئەو شوناس و سیاسەتە کولتوورییە لە پەرلەمان و ئەنجومەنی شۆڕشی کولتووریدا بۆ دەرکراوە و جێبەجێکراوە، لە پرۆژە پەسەندکراوی بنەماکانی سیاسەتی کولتووریياندا کە پەسەندکراوی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڕوونی ئاماژە بەوەکراوە کە «پێویستە سیاسەتی کولتووری هەمان سیاسەتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران» بێت، لەپەنای ئەمەشدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەزگاکانی دەوڵەت گرنگی بە شیعەگرایی و دوانزەئیمامی ویلایەتی فەقیە بدەن و لەو سۆنگەیەوە سیاسەتی کولتووریی سەرجەم ئێران ڕێکبخەن. لەبڕگەی ئامانج و بنەماکانی یاساکەشدا (بڕگەی ١ و ٥)ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە کاری سیاسەتی کولتووری پێویستە پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی (یەک نەتەوە) و مەزهەبی(یەک مەزهەب) بێت و لە بڕگەی ٧یشدا ئەوە دەچەسپێنێت کە پێویستە زمانی فارسی بەهێز و پەرەپێدراو بێت. لە بەشی ئەولەویەتەکانی سیاسەتە گشتییە کولتوورییەکاندا، چەندین بڕگەی تەرخانکردووە بۆ کردنەوەی کۆرس و بەرنامەی میدیایی (زانستی، کاتبەسەربردن و ...تاد) و پەروەردەیی و پرۆگرام لە پێناو بەهێزکردنی زمانی فارسی لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران. ئەم پەسەندکراوە بە دێڕێکیش ناوی هیچ یەک لە زمانەکانی دیکەی وەک کوردی و عەرەبی و بەلوچی نەهێناوە(شورای عالی انقلاب فرهنگی، ١٣٧١).

لای بەرپرسانی ئێرانی، کوردبوون و سوننەبوونی زۆرینەی کوردانی ئێران، وایکردووە بەسەرچاوەی هەڕەشە دابنرێن. بۆیە گەر کوردەکان داوای مافی سیاسی و کولتووری خۆیان بکەن، بە سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم دەدرێن. بەمشێوەیە ڕێگەنەدان بە مافی کولتووریی و نەتەوەیی کوردەکانی ئێران، نیگەرانی و بێزاریی نەک لای کوردانی ئێران، بەڵکو لای کوردانی وڵاتانی دیکەش هەستێکی وای بەرهەمهێناوە، کە ئێران دان بە مافە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەتەوەییەکانی کورددا نانێت و ئەمەش لێکەوتەی لە مامەڵەی کورد لە لەگەڵ ئێراندا جێهێشتووە و بووەتە کێشەیەکی هەڵواسراوی دێرینەی ئەو دوو شوناسە.

هەمانشێوەی دەوڵەتی پەهلەوی، کۆماری ئیسلامیی ئێران، ستراتیژ و سیاسەتێکی دیکەی کولتووری پیادە دەکات، ئەویش پەرتکردنی شوناسی کوردی پێکهاتە و زارەکانی نێوکوردە و جیاکردنەوەیانە لە یەکدی وەک جیاناساندنی کورد و لوڕ و لەک و گۆران(هەورامی) وەک چەند ئیتنیکی جیا لە ڕیشە و شوناس و مێژوودا.

لەم دواییانەدا چەندین کتێب لەسەر ئەرکی دەزگاکانی نزیک لە دەوڵەتەوە بەناوی کتێبی مێژووی کوردەوە بڵاوکراونەتەوە(ئەڵبەتە بە هەناسەیەکی مەزهەبییەوە)، تێیدا جیا لەوەی نەتەوەی کورد بەسەر چەند نەتەوەیەکدا دابەش دەکات و بە «قەوم»ناویان دێنێت و دەیانکاتە بەشێکی خزمەتکاری «نەتەوەی ئێران»، لەوەش پتر ناوچەکە بە نشینگەی کورد نیشان نادەن و بە گەلێکی کۆچەری و هاتوو بۆ ئێران لەقەڵەمیان دەدەن، هاوکات گەلانی کۆنی وەک کاشی، لۆلۆیی لەڕیشەی پێکهێنەری کورد دەردەهێنن و کاردۆخیەکانیش بە هندوئەورووپی و ئاریایی دەناسێنن!(بڕوانە: اسدی فر، ١٣٩٥،لل. ٣٥،١٠). لەکاتێکدا پێشتر و لە چەندین دەقی مێژوویی دەیکەدا پێچەوانەی ئەمانە لەسەر دەستی پسپۆڕانی کورد و بیانییەوە سەلمێنراوە و لە لاپەڕەکانی پێشتریشدا بێبنەمایی ئەم ڕایانە ڕوونکرایەوە.

هەروەها لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیشدا، چەندین توێژەری دیکەی نزیک لە گوتاری دەوڵەتی (نەتەوەیی-مەزهەبی) هاندەدرێن و گێڕانەوە و توێژینەوەکانیان برەویان پێدەدرێت، چونکە لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە کولتووریانەدا دەخولێنەوە کە کۆماری ئیسلامیی بەرامبەر شوناسی کوردی دەیانگرێتەبەر، هەنووکەش لە نموونەی ئەم ڕایە پەرەپێدەدەن کە گوایە «ناسیۆنالیزمی کوردی بوونی نییە و بە هاندانی ئینگلیز لە ١٩١٩ لە سلێمانی چەقێنراوە(سجادی، ١٤٠٠)، دیارە ئەم قسەیە ڕیشەکەی کۆنە و کەسانێکی وەک محەمەد عەلی فەروغی ئێرانی (پێشتر باسکرا) و لە ساڵی ١٩٢٣شدا چەپێکی کوردی وەک ئەبولقاسمی لاهوتی خستیە نێو ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆژهەڵاتناسییەکانی ڕووسییەوە(بڕوانە: میکە، ٢٠١٦،ل. ٣٣٥) بەڵام هێشتا برەوی هەیە و بەرامبەر شوناسی کوردی ئەرکی نوێی پێ سپێردراوە.

بەگشتی لەئێراندا، وشەی «نەتەوەی کورد» لە ناوەندە ڕەسمی و ئەکادیمییەکاندا بەکارناهێنرێت، بەڵام لەپەنای ئەوەدا بۆ پەرتکردنی شوناسی کوردی زۆر بەئاسانی لە هەندێ

ڕۆژنامەی نزیک لەدەوڵەتەوە، بۆ گۆران(هەورامی)ەکانی «نەتەوەی گۆران» بەکارهێنراوە و لەوەش پتر ئاماژە بەوە دەکات کە گۆران نەتەوەیە و کورد داگیرکاری خاکەکەیەتی (بڕوانە: سجادی، ١٤٠٠) دیارە ئامانجەکەی هەمان پرۆسەی جیاکردنەوەی هەورامی و گۆرانەکانە لە کورد، وەک چۆن لەپێشتردا لوڕەکانیان جیاکردەوە. پرسیار ئەوەیە لەکاتێکدا بەڕەسمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگەنادات وشەی نەتەوە بۆ کورد و بەلوچ و عەرەب بەکاربهێنرێت بۆچی لە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەتییەوە بە گۆران بووترێت نەتەوە ئاساییە؟

- سێیەم: پرۆگرامە پەروەردەییەکان و سەپاندنی شوناس و چەواشەکاریی لە یادگەدا

پرۆگرامەکانی پەروەردە پانتاییەکی لەبارن بۆ چاندنی گێڕانەوەی ڕەسمی و بەشاندنی ئەو شوناسانەی کە دەیەوێت بیسەپێنێت و لێسەندنەوەی ئەو شوناسانەش کە وەک هەڕەشە لێیان دەڕوانێت، هەربۆیە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە گرنگیەکی تایبەت بە دەزگای پەروەردەیی و پرۆگرامەکان دەدەن، چونکە دەکرێت ئامانجەکانی دەسەڵاتی سیاسیی لە نێو ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنەوە لە ژێر چەمکە کلیلیەکانی کۆویژدانی کۆمەڵگەدا، هۆشیاری نەتەوەیی بە ئاڕاستەی جێگیرکردنی بەرژەوەندیی سیاسی، ئابووریی و کولتوورییەکانیان لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بڵاوبکرێنەوە. بەم شێوەیە جیهانبینیەکی تایبەت لە ڕێی سیستمی پەروەردەوە دەسازێنن(نرسیسیانس، ١٣٩١، ص. ٣٥).

بۆ دەرخستنی کاریگەری گێڕانەوەی ڕەسمیی دەوڵەتی لەسەر پرۆگرامەکان، لێرەدا تەنها پرۆگرامی پارێزگاناسی(استانشناسی) و پارێزگاکانی فارس، ئەسفەهان، سنە، ورمێ، کرماشان، ئیلام، لوڕستان، چهارمحال و بەختیاری) بەندی تایبەتمەندییەکانی (ویژگیهای فرهنگی استانها) بەنموونەی بەراوردکاری وەرگیراوە، کە بە جیا بۆ هەر پارێزگایەک دانراوە و لەپۆلی ١٠دا دەخوێنرێت، چەند تێبینییەک لەم پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەدا لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە، کە لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی سیاسەتی کولتووریدا کە پێشتر باسکران، خراونەتەڕوو:

لە کتێبی پارێزگاناسی (استانشناسی) کە هەر ٣١ پارێزگاکە جیاجیا هەر یەکێکیان لە پارێزگای خۆیدا دەخوێنرێت، لەبابەتی نەتەوەکانی هەر پارێزگایەکدا و لە ناوبردنی نەتەوە غەیرە فارسەکاندا بە قەوم ناویان هاتووە، بەڵام بۆ فارس ئەم پێشگرەی نەخراوەتە سەر و لەناوبردنی زمانەکانی دیکەی غەیرە فارسیشدا تەنها فارسی بە زمان لەقەڵەم دراوە و ئەوانی دیکە بە «گویش محلی» (لەهجە-زاری نێوچەیی) لەقەڵەمدراون.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە کتێبی پارێزگاناسی شارێکی وەک ئەسفەهاندا، وشەی «قوم فارس» یاخود «گویش فارسی» بەکارنەهێنراوە، بەڵکو زمانی فارسی بۆ فارسی زمانەکان بەکارهێنراوە، بەڵام لە هەمان پەرەگرافدا «گویش»ی بەختیاری و لوڕە کوردەکانی هەمان پارێزگا بەکارهێناوە. بڕوانە: استانشناسی اصفهان(١٣٩٩): پایە١٠، ص١١٢و ١١٤. ئەڵبەتە لە کتێبی استانشناسی فارسیشدا هەمانشێوە بەهیچ جۆرێک خۆی لە بەکارهێنانی وشەی قوم و گویش نادات بۆ فارسەکانی پارێزگای فارس، چونکە فارسن و وشەکانی ملت و زمانی ڕەسمی بۆ وەسفی بابەتەکە بەکاردەهێنێت، بەڵام لە باسی لوڕەکانی شاری فارسدا دیسانەوە گویش و قەوم بەکاردەهێنێتەوە. بڕوانە: (استانشناسی فارس(١٣٩٩): پایە١٠، ص٦١،)

- استانشناسی آذربایجان غربی{ورمێ}(١٣٩٩): پایە١٠، ص٥٦و ٦٠ و ٦٣ ، ئەم پارێزگایە گەرچی زۆرینەی کوردە، بەڵام لە سەرجەمی کتێبەکەدا گرنگی زیاتر دراوە بە تورکە ئازەرییەکان بەر لە کورد.

لە کتێبی پارێزگاناسی ئیلامیشدا کە شارێکی کوردییە، لە لاپەڕە ٧٧دا کورد و لوڕ بە جیا لەقەڵەم دەدات و هەردوکیشیان بە «قوم» دەناسێنێت و بۆ هەردوکیشیان دەڵێت ئارییاین. بۆ زمانی ئیلامییەکان دەڵێن کوردی و لوڕی و عەرەبی بەکاردەهێنن. بڕوانە: استانشناسی ایلام(١٣٩٩): پایە١٠، ص٧٧و٧٨.

لە هەردوو کتێبی پارێزگاناسی چهار محال و بختیاری و لوڕستانیشدا، باسی کورد ناکات و تەنها ئاماژە بە قەومی لوڕ دەکات و ئەوەش دەڵیت کە قەومی بەختیارییەکان لە پارسەکانن، وشەی گویش-زار بۆ بەختیارییەکان بەکاردێنێت. بۆ لوڕەکانیش بە تەواوی دابیڕاندوون لە کورد و هیچ پەیوەستییەکیان بەوانەوە باس ناکات بڕوانە: (استانشناسی چهار محال و بختیاری(١٣٩٩): پایە١٠، ص٦٤و٦٥)، (استانشناسی لرستان(١٣٩٩): پایە١٠، ص٥٦)، لەکاتێکدا لە دەقە مێژووییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و کتێبەکانی مێژووی ئیسلامدا بە ڕوونی زۆربەیان لوڕەکان بە کورد لەقەڵەم دەدەن(بڕوانە: الحموی، ١٩٧٧،ل. ١٦ ، مجلد٥).

لە هەردوو کتێبی استانشناسی کردستان (سنندج) و کرماشانیشدا، جەخت لەسەر ئارییبوونی کورد دەکاتەوە و کورد بە کۆنترینی ئێرانییەکان دەناسێنێت و وشەی خەڵکانی کورد و قەومی کوردی لەبری نەتەوەی کورد بەکارهێناوە. بڕوانە: (استانشانسی کردستان(١٣٩٩): پایە١٠، ص٧٣)، (استانشناسی کرمانشاه(١٣٩٩): پایە١٠، ص٥٧)

ئامانج لە گێڕانەوەی ڕەسمیی دەوڵەتی و بە «قەوم» نیشاندانی کورد لە پرۆگرام و کتێبەکانی پرۆگرامی پەروەردەییدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە جێگیری بکات کورد نەتەوە نییە(هەمان دیدگای فروغی کە خرایەڕوو) و گرووپی خێڵەکییە، ئەمە هەمان ئەو «خراپ بەکارهێنانەی گێڕانەوە و یادگە»یە کە ڕیکۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە کە ئاماژەی پێکرا. دوپاتکردنەوەی ئەمە لەلایەک لەنەتەوەخستنی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی غەیرە فارسە و لەلایەکی دیکە تواندنەوە و دروستکردنی هەستی خۆبەبچووکزانینی ئەو «قەوم»انەیە لەئاستی ئێرانییەکی باڵادا. بە جۆرێکی دیکەش گەر لە پێناسەکەی ئەرنست ڕینان-ەوە و بە سوودوەرگرتن لە ڕای ڕیکۆر لە «یاریپێکردن و خراپ بەکارهێنانی یادگە»دا، ئاساییە ئێرانییەکی پەروەردەکراو بە گێڕانەوەی ڕەسمی و پێناسەی بۆ کورد، ئاسان بەرەو ئەو دەرکە چەواشەکارانە دەڕوات کە لەڕێگەی گێڕانەوە و خراپ بەکارهێنانی یادگەوە ، کەواتە ئەوە لەزەینیدا دەچەسپێت کە کوردەکان «یادگە، مێژوو و گێڕانەوەی هاوبەشیان نییە تا ڕۆحێکی هاوبەش و ئیرادەیەکی هاوبەشی هەبێت»(آشوری، ١٣٩٤،ل. ٣٠٨).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دەرەنجام

لە میانەی ئەو ڕەوتە مێژووییەی سیاسەتە کولتوورییەکانی هەردوو دەوڵەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەکەوێت، دەوڵەت لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕەسمی، یارییێکردن و خراپ بەکارهێنانی یادگە و یادەوەرییەکان، پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ڕەسمی لەو گێڕانەوەیەوە، لەڕێگەی نوخبە و ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە، کاری ورد و سیاسەتێکی تایبەتی کولتووری بەرامبەر شوناسی کوردستانی بۆ مەبەستی سیاسی گرتووەتەبەر، نەتەوەسازیی زۆرەکی، بە سەنتەرکردنی فارس و لەشوناسخستنی کورد، بەکارهێناوە. چەندین میکانیزمی جیاوازیشی تاقیکردووەتەوە. بە هەڵێنجان لەو کەتوارە مێژووییە (بە بەستنەوەیان بە دیدگای پۆل ڕیکۆر)، دەکرێت ئەو پرۆسەیەی ئێرانی هاوچەرخ بەرامبەر شوناسی کورد لە سیاسەتی کولتووریدا ئەنجامی داوە، بە هاوپەیمانێتییەکی مەترسیداری نێوان دەسەڵات و نوخبە و مێژوو نووسینەوەی ڕەسمیدا وەسف بکرێت کە تێیدا ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات بەکردەی دوپاتکردنەوەی بەردەوامی «مەعریفەیەکی دروستکراو» لەڕێگەی نوخبەی نزیک لەخۆیەوە، مێژووی ڕەسمی و بەکارهێنانەوەی خراپی یادگە و بە ڕوانینی ئایدۆلۆژیانەی پراگماتیکیانە بۆ یادەوەری، مێژوونووسین و بواری پەروەردە دەکاتە ستراتیژی تواندنەوە و لەیەککاتدا مێژوویەک بۆ شانازییە و بەرگری لەخۆیی و مێژوویەکیش بۆ دەستەمۆکردن و سڕینەوەی ئەوی دی بەرهەمدەهێنێت. کە دەکرێت بە گشتی سیاسەت و ستراتیژەکان لەم چەندخاڵەدا پوخت بکرێنەوە:

١. لە ئێرانی هاوچەرخدا لە هەردوو قۆناغی پەهلەوی یەکەم (گوتاری نەتەوەیی فارسی¬تەوەر) و «شۆڕشی ئیسلامی»ی ئێراندا (مەزهەبی-نەتەوەیی-فارسی¬تەوەر)، سیاسەتی کولتووری ئاڕاستەکراو بووە و لەدەستی دەوڵەتدا قەتیس بووە ئەڵبەت بە سوودوەرگرتن لە هێزە نەرمە کولتوورییەکەی. پێچەوانەی سیاسەتی کولتووریی لیبراڵ و کراوە، چونکە سیاسەتی کولتووری لێرەدا لە بەرهەمهێنانەوە تا بەشاندن و ئاڕاستەکردن و ڕکێفکردنی لەدەستی دەوڵەتدا بووە. ئەو مۆدێلەی دەوڵەتی ئێران لە سیاسەتی کولتووریدا پیادەی کردووە، مۆدێلی گشتگیرانەی دەوڵەتی (شمووڵی) و مۆدێلی هەژموونخوازانەی دەسەڵاتگەرا بووە.

٢. پرۆسەی بەئارییکردن و بە نەژادی هاوبەش ناساندن و ئێرانیکردنی مێژووی دێرین و نوێ و هاوچەرخی کورد لە گێڕانەوە ڕەسمی و بەرهەمی نوخبەی نزیک لەدەوڵەتدا،

مەبەستی سیاسیی و خزمەتکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراوی لەپشت بووە و هەردوو حکومەت بەرامبەر شوناسی کورد بەکاریان هێناوە. لەکاتێکدا، مێژووی چەمکی ئاریایی بارێکی زمانەوانی هەبووە نەک نەژادی و مێژووی بەنەژادکردنی سەرەتا ئیستعمار بەکاری هێناوە و پاشان ئێرانییەکان بەرامبەر کورد بەکاریان هێناوەتەوە. بۆ ئەمەش کاری کردووە لەسەر «لەنەتەوەخستن» و زاڵکردنی گێڕانەوەی ئێرانگەرایی و ئارییکردن (بە تەوەرێتی نەتەوەی فارس)، لەرێگەی گێڕانەوەی ڕەسمی و ناڕەسمی. بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە دەزگا و ئەکادیمیست و نوخبەی پەروەردەکراوی دەوڵەتی و خودی نوخبەی کوردیش وەرگرتووە.

٣. تەریب لەگەڵ ئەم سیاسەتەشدا کار لەسەر پەرەپێدان و ناساندنی فارسی وەک زمانی سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی ئێران و زمانی نەتەوەیی سەرجەم پێکهاتەکان و لەم بوارەشدا دەزگا دەوڵەتی و پرۆگرامی پەروردەیی و نوخبەی دەوڵەتی کاری فراوانیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە.

٤. شێوازێکی دیکەی سیاسەتی کولتووریی ئێران، بریتی بووە لە ئیتنیکی ڕووت و قەوم و عەشایەر نیشاندانی کورد نەک بە نەتەوەناساندنی. لە گوتار و گێڕانەوە ڕەسمییەکاندا بە نەتەوە ناوی نەهێنراوە و لەبوارە ڕەسمییەکانیشدا قەدەغەیە. چونکە بە دەستوور و یاسا و میدیای ڕەسمی و لە دەزگاکانی پەروەردەشدا لە هەردوو سەردەمەکەدا بەو ئاڕاستەیە ڕێکخراوە.

٥. لەسەر ئاستی ناساندنی زمانی کوردی وەک زار (گویش) نەک وەک زمان نیشان بدرێت. بەمەش کورد کە خاوەنی زمانی خۆی نەبوو، بەنەتەوەش نازانرێت. ئەم مافەش هەم لەدەستووردا و هەم لە گێڕانەوە ڕەسمییەکاندا لە زمانی کوردی سەندراوەتەوە.

٦. هەروەها پەرپەرتکردن و جیاکردنەوە و لەکوردخستنی هەندێ ناوچە و زمانی کوردستانی لە کورد بەگشتی یەکێکی دیکەیە لە شێوازەکانی سیاسەتی کولتووریی بەرامبەر کورد، وەک ئەوەی دەیانساڵە کاریان لەسەر جیاکردنەوەی لوڕ کرد و کاریگەریشی جێهێشت، ساڵانێکیشە لەسەر گۆران بەگشتی و هەورامییەکان و لەکەکان کاردەکرێت.

٧. گرووپگەلی ڕۆشنبیریی و ئەکادیمیستی پەروردەکراو بە زیهنی ئێرانیانە، بە خستنەڕووی توێژینەوە و نووسینەکانیان، کاردەکەن بۆ بەگرنگنەگرتن یاخود بە ئێرانیکیردنی خەباتی کورد و شوناسەکەی، بەشێکی ئەمەش لەرێگەی هێزی نەرمی ئەکادیمیستە کوردەکانەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سەرچاوەکان

* تێبینی: لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا گەرچی ڕووماڵی سیاسەتی کولتووریی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە، بەڵام بە ئەنقەست وشەی سیاسەتی کولتووریی ئێران بەکارهاتووە نەک سیاسەتی کولتووری دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران، چونکە چەمکی ئێران بۆ ئەو دەوڵەتە (وەک باسکرا) لە سییەکانەوە وەک چەمکێکی سیاسیی بۆ دەوڵەتیك بەکارهات و پێشتر ناوی دیکەی وەک قاجار، ئەفشار و سەفەوی و...تاد هەبووە. بۆیە خۆبەخۆ وشەی ئێران تەنها بۆ مێژووی هاوچەرخی ئێران زانستییە و لە ناونیشانەکەدا مانای مێژووی هاوچەرخ دەگەیەنێت.

١. اسدی فر، سعید. ١٣٩٥. سرزمین كرمانجها. ١. تهران : انتشارات سفیر اردهال.
٢. اسناد مجلس شورای اسلامی، كتابخانه، موزه و مركز. نهم آبان١٣٠٤.. مشروح مذاكرات مجلس ملی، دوره پنجم، صورت جلسۀ ٢١١، شنبه،. تهران : s.n.، نهم آبان١٣٠٤.
٣. اشتریان، كیومرث. ١٣٩١. مقدمه‌ای بر روش سیاستگذاری فرهنگی. اول. تهران : انتشارات جامعه‌شناسان.
٤. آشوری، داریوش. ١٣٩٤. دانشنامه سیاسی. بیستوچهارم. تهران : انتشارات مروارید.
٥. اصفهانی، رضا مختاری. ١٣٩٢. پهلوی اول از كودتا تا سقوط، ، ، ص ٥٠-٥١. چ١. تهران : نشر كتاب پارسه.
٦. اكبری، محمد علی. ١٣٩٣. تبارشناسی هویت جدید ایرانی عصر قاجار و پهلوی اول. تهران : انتشارات علمی فرهنگی.
٧. آندرا دسیو رپتیوا. ١٣٩١. هویت و روایت. ترجمه: مهدی فیضی. دانشنامه روایت شناسی. چاپ اول. تهران : نشر علم، ١٣٩١،p.ل ٢١٥-٢٢٦.
٨. اوحدی، مسعود. ١٣٩١. روایت شناسی سینما و تلویزیون. چاپ اول. تهران : انتشارات دانشكده صدا و سیما.
٩. بلخن، جنات. ٢٠١٣. السرد التاریخی عند بول ريكور. طبعة الاولى. الجزائر : منشورات الاختلاف.
١٠. بیشلەر، فێردیناند هێنەر. ٢٠١٦. بنەچەی کورد. عطیە کەریم محەمەد. یەکەم. سلێمانی : ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی.
١١. تخشید، محمدرضا. ١٣٧٧. اصلاحات و سیاستهای نوگرایی رضاشاه و تأثیر آن بر قدرت و نفوذ روحانیون در ایران. ٤٠، ١٣٧٧، مجلۀ دانشكدۀ حقوق و علوم سیاسی.
١٢. تیلور، چارلز. ١٣٩٢. چند فرهنگ گرایی. ترجمه طاهر خدیو و سعید رزوندی. تهران : انتشارات رخ داد نو، ١٣٩٢. Vol. ٢ ج.
١٣. جنكینز، ریچارد. ١٣٩١. هویت اجتماعی. ترجمه تورج یاراحمدی. تهران : پردیس دانش، ١٣٩١. Vol. ج١.

١٤. الحموی، شهاب الدین ابی عبدالله یاقوت بن عبدالله. ١٩٧٧. معجم البلدان، المجلد الخامس، بیروت: دار صادر

١٥. رواسانی، شاپور. ١٣٧٨: فرضیه‌های نژادی آریا و سامی نادرست است. ١٤٣-١٤٤، ١٣٧٨، مجله سیاسی-اقتصادی،p.ل ١٥٢-١٦٥.

١٦. ریکور، بول. ٢٠٠٩. الذاکرة، التاریخ، النسیان. ترجمه: جورج زیناتی. الاول. لبنان: دار الکتاب الجدیدة المتحدة.

١٧. زاده، سید حسن تقی. ١٣٨٣. رجال عصر پهلوی به روایت اسناد ساواک. تهران: مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات.

١٨. سجادی، مهدی. ١٤٠٠: فاجعه حلبچه، لکه ننگی بر پیشانی سیاه تاریخ. ٤٤٧، فروردین ٢٢، ١٤٠٠، ڕۆژان.

١٩. شورای عالی انقلاب فرهنگی، جمهوری اسلامی ایران. ١٣٧١. اصول سیاست فرهنگی کشور. مرکز پژوهشهای مجلس شورای اسلامی. [Online] ٥ ٢٠، ١٣٧١. [Cited: ١٢ ٥، ٢٠٢١.] https://rc.majlis.ir/fa/law/show/١٠٠١٧٢.

٢٠. شوق، مصطفی. ٢٠١٥. السیاسات الثقافیة النشأة..التطور.. العقلانیة. قاهرة: موسسة حریة الفکر و التعبیر، ٢٠١٥.

٢١. عبدالله، محمود احمد. ٢٠١٩. السیاسة الثقافیة و الارهاب: تحلیل نقدی و رویة مستقبلیة. آکادیمیا العربیة. [Online] ٢٠١٩. [Cited: ١١ ٢٤، ٢٠٢١.] https://academia-arabia.com/ar/reader/٢/٧٨١١٨.

٢٢. عەزیزی، سەلام. ٢٠٢٠. کوردستان و کۆماری ئیسلامی. چاپی دووەم. هەولێر: ب.د، ٢٠٢٠.

٢٣. غلامرضا وطندوست، سیمین فصیحی، زهرا حامدی. ١٣٨٨. نمودهای ناسیونالیسم در کتابهای درسی تاریخ دوره‌ی پهلوی اول. ٧٦، تهران: بهار ١٣٨٨، فصلنامه علمی پژوهشی علوم انسانی دانشگاه الزهراء، Vol. سال نوزدهم شماره ١.

٢٤. غیاث آبادی، رضا مرادی. ٢٠١٢. نژاد آریایی: بررسی چگونگی پیدایش و گسترش یک نظریه نژادپرستانه. پژوهشهای ایرانی. [Online] سپتامبر ٢٠، ٢٠١٢. [Cited: ١٢ ٤، ٢٠٢٠.] http://ghiasabadi.com/aryans.html.

٢٥. فتحی، ابراهیم خدایار، اعظم. ١٣٨٧، هویت ملی در کتاب های درسی هموزشی و پرورش مورد مطالعه دوره متوسط.. شماره ٣، ١٣٨٧، فصلنامه مطالعات ملی (مرکز مطالعات ملی)، Vol. سال نهم، p.ل ٢٧-٥٢.

٢٦. فروغی، محمدعلی. ١٣٨٩. سیاستنامه ذکاءالملک مقاله‌ها، نامه‌ها و سخنرانیهای سیاسی. به کوشش ایرج افشار، هرمز همایون پور. اول. تهران: انتشارات کتاب روشن.

٢٧. قانون اساسی، جمهوری اسلامی ایران. ١٣٩٥. مجموعه قانون اساسی جمهوری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

اسلامی ایران، جمع آوری: معاونت حقوقی ریاست جمهوری، اداره چاپ و انتشار معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات. تهران .

٢٨. قوشچی، ایراندخت فیاض، فریبا ایمانی. ١٣٨٩، بررسی نمادهای هویت ملی در کتاب های درسی تاریخ و علوم اجتماعی دوره متوسطه رشته‌های علوم انسانی، تجربی و ریاضی فیزیک درسال ٨٩-١٣٨٨. ١٣٨٩، روانشناسی تربیتی،لp. ٢٩-٦٤.

٢٩. کاتوزیان، محمدعلی همایون. ١٣٨٩. هشت مقاله در تاریخ و ادب معاصر. تهران : نشر مرکز.

٣٠. کرونین، استفانی. ١٣٩٠. اصلاحات از بالا مقاومت از پایین، مخالفان نظم نوین در ایران١٩٢٧تا١٩٢٩، ١٣٩٠. گردآوری و تألیف تورج اتابکی. ترجمه آرش عزیزی. دولت و فرودستان فراز و فرود تجدد آمرانه در ترکیه و ایران. تهران : انتشارات ققنوس.

٣١. محمود، احمد محمد نوری. ٢٠١١. . «ازمه الهویه لدی طلبه المرحله الاعدادیه.» .. ١-٢٤، ٢٠١١، مجله البحوث التربویه و النفسیه (جامعه بغداد)، Vol. ٣١.

٣٢. مراد، خلیل علی. ٢٠١١. ، دیروکا ئێرانی یا نوی و هەڤچەرخ. وەرگێڕانی: بهزاد محمد. چ١. دهوک : خانەی سپیریز.

٣٣. مردوخ کردستانی، محمد. ١٣٥١. تاریخ کرد و کردستان یا تاریخ مردوخ. چ دوم. سنندج : غریقی، ١٣٥١.

٣٤. ملایی توانی، علیرضا. ١٣٨٤. مجله آینده و تاریخ نگاری مبتنی بر هویت ملی. ١٤، ١٣٨٤، فصلنامه مطالعات ملّی، Vol. زمستان.

٣٥. میران، ڕەشاد. ٢٠٠٩. ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئیتنیکی کورد. یەکەم. هەولێر : دەزگای ئاراس.

٣٦. میکە، هەردی مەهدی. ٢٠١٦، ئەبولقاسمی لاهوتی، ڕەوتی سیاسی و پەیوەندی ەب جوڵانەوەی سمکۆی شکاکەوە. ٤، ٢٠١٦، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، Vol. ٢،لp. ٣١٨-٣٤٢.

٣٧. میلانیان، هرمز. ١٣٥١. گسترش و تقویت زبان فارسی. چ١. تهران : چاپ کاویان.

٣٨. مینۆرسکی، فلادیمیر. ١٩٨٤. کورد تێبینی و وردبوونەوە.، وەرگێڕانی حەمەسەعید حەمەکەریم. چ یەکەم. هەولێر : چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین.

٣٩. نظری، علی اشرف. ١٣٨٦. ناسیونالیزم و هویت ایرانی. بهار و تابستان، ١٣٨٦، پژوهش حقوق ، سیاست، Vol. ٢٢.

٤٠. نفیسی، سعید. ١٣٩٦. روزی که نام پرشیا و پرسه به ایران تغییر یافت. [Online] ١٣٩٦. [Cited: ١٢ ،٤ ،٢٠٢١.] https://www.isna.ir/news/96100603437/%D8%B1%D9%88%D8%B2%DB%8C-%DA%A9%D9%87-%D9%86%D8%A7%D9%85-%D9%BE%D8%B1%D8%B4%DB%8C%D8%A7-%D9%88-%D9%BE%D8%B1%D8%B3%D9%87-%D8%A8%D9%87-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86- %D8%AA%D8%BA%DB%8C%DB%8C%D8%B1-%DB%8C%D8%A7%D9%81%D8%A.

٤١. هال، استیوئرت. ١٣٩٣. معنا، فرهنگ و زندگی اجتماعی. [trans.] ترجمه احمد گلمحمدی. چاپ دوم. تهران : نشرنی.

٤٢. یاسمی، رشید. ١٣١٣. کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او. تهران : مجمع ناشر کتاب.

43.David، Robertson،. 2002. A Dictionary of ModernJolitics. Third Edition. London : EuropaJublications.

**کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە:**

٤٤. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی اصفهان، پایه١٠.

٤٥. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی فارس، پایه١٠.

٤٦. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی آذربایجان غربی، پایه١٠.

٤٧. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی ایلام، پایه١٠.


٤٨. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی کردستان، پایه١٠.

٤٩. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی کرمانشاه، پایه١٠.

٥٠. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی چهارمحال و بختیاری، پایه١٠.

٥١. وزارت آموزش و پرورش(١٣٩٩): استانشناسی لرستان، پایه١٠.

پاشکۆی ژمارە١، بەڵگەنامەی وەزارەتی کولتوور بۆ نوسینگەی تایبەتی شاهەنشای ئێران، ١٣١٧/١٢/١{١٩٣٩/٢/٢٠}، تاران، ئەرشیفی نیشتمانی ئێران


وزارت فرهنگ

ریاست دفتر مخصوص شاهنشاهی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## فاکتەرە کاریگەرەکانی ناکۆکی نێوان

# ئێران و ئازەربایجان

توێژەر: تەحسین وسو عەبدوڵڵا



**بەرایی**

گرژییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان بە تایبەتی لە دوای ململانێی ناگۆرنۆ و قەرەباخ لە ساڵی ٢٠٢٠ و هێرشی ٢٧ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئازەربایجان لە تاران دۆخەکەی زیاتر پەرەپێدا. سەرۆکی ئازەربایجان، ئیلهام عەلییێف گومانی ئەوەی کرد کە هێرشەکە «کردەوەیەکی تیرۆریستی» بووە و داوای لێکۆڵینەوەی کرد. وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەو تۆمەتەی ئازەربایجانی ڕەتکردەوە، بەڵام «بە توندی ئیدانەی» ڕووداوەکەی کرد و ڕایگەیاند کە بابەتەکە بە ئەولەویەت و هەستیارییەکی بەرزەوە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. بەڵام ئازەربایجان دوای هێرشەکە باڵیۆزخانەی خۆی لە تاران داخست. دوابەدوای هێرش بۆ سەر باڵیۆزخانە، ئێران دەستی بە کۆبوونەوەی سەربازی کرد لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ ئازەربایجان. ئازەربایجان لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ باڵوێزی ئێرانی بانگهێشت کرد و چوار دیپلۆماتکاری ئێرانی ڕەوانە کردەوە. ئەم هەنگاوە دوای ئەوە هات کە باکۆ شەش کەسی دەستگیرکرد، کە گوایە پیلانی کودەتایان لە ئازەربایجان دادەڕێژن و پەیوەندییان بە دیپلۆماتکارە ئێرانییەکانەوە هەبووە. ئەم ڕووداوانە پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان هەردوولا نیشان دەدەن، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ناوچەی قەفقاز و دەرەوەی وڵات هەبێت. باشووری قەفقاز بەهۆی شوێنی جیۆستراتیژی و توانای وزە و بازرگانی و پەیوەندییەکەیەوە گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە. ئەم شیکرنەوەیە بەدواداچوون بۆ بەرزبوونەوەی گرژیی نێوان ئێران و ئازەربایجان دەکات و کاریگەرییەکان شیدەکاتەوە. هەروەها باس لە فاکتەرە کاریگەرەکان لە ململانێی نێوان هەردوو وڵات دەکات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## یەکەم: ڕەهەندەکانی پەرەسەندنی ناکۆکییەکان

پەرەسەندنی قەیرانی نێوان تاران و باکۆ دوای ئەوە دەستی پێکرد کە ئازەربایجان بڕیاریدا باجی گومرگی بەسەر ئەو بارهەڵگرانەی ئێراندا بسەپێنێت کە بە ناوچەی قەرەباخدا بەرەو ئەرمینیا تێدەپەڕن. ئازەربایجان پێیوایە هاتنە ناوەوەی ئەو بارهەڵگرانە نایاساییە، وەک بێڕێزیکردن بە سەروەری وڵاتەکەی دەبینێت، هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە یاسای خەرجکردنی کرێی ڕێگاوبان و ترانزێت هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانە دەگرێتەوە کە لە هەموو وڵاتانی دیکەوە دێن نەک تەنها ئۆتۆمبێل و بارهەڵگری ئێرانی. پێدەچێت ئەوەی زۆرترین ناڕازیبوونی ئازەربایجانی لەم بابەتە وروژاندبێت، هۆشداری زارەکییەکەی بوو بۆ تاران، پاشان ناردنی یاداشتێکی فەرمی بوو کە ئێران وەڵامی نەدایەوە، ئەمە جگە لەوەی کە باکۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەندێک لە شۆفێرانی بارهەڵگر هەوڵیانداوە ناسنامەکانیان بشارنەوە بە بەکارهێنانی تابلۆی ئەرمەنی لەسەری بارهەڵگرەکانیان(١).

دوای قەیرانی بارهەڵگرەکان، ڕێڕەوی هەڵکشانی نێوان ئێران و ئازەربایجان وەرچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، دوای مانۆڕە سەربازییەکان کە تێیدا ئازەربایجان، تورکیا و پاکستان بەشدارییان کرد، ئێرانیش بێزاری خۆی لەم مانۆڕانە دەربڕی(٢).

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، سەعید خەتیبزادە، ئیدیعای کرد کە ڕێککەوتنەکانی نێوان پێنج وڵاتی هاوسنووری دەریای خەزەر، نایاسایی بوونی هەر ئامادەبوونێکی سەربازیی لە کەنارەکانی دەریای خەزەردا دیاری دەکات. تاران ڕاستەوخۆ داوای لە سوپای پاسداران کرد هێزی خۆی لە بەردەم باکۆ پیشان بدات، ئەمەش لە ڕاستیدا ڕوویدا، لە کاتێکدا ئێران پەنای بردە بەر کۆکردنەوەی هێزەکانی و ئەنجامدانی مانۆڕ بە چەکی قورس و هەلیکۆپتەر لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ ئازەربایجان لە ١٩ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١.(٣)

هەرچەند عەلییێف مافی ئەنجامدانی ئەو مانۆڕەی بە ئێران دا، بەڵام پرسیاری لە کاریگەرییەکانی ڕاگرتنی لەم کاتە تایبەتەدا کرد، هەروەها لە هۆکارەکانی ڕانەگرتنی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، کە ناوچە سنوورییەکان لەلایەن ئەرمەنستانەوە داگیرکرابوون؟ کەواتە وەڵامی ئێران بە وتەی سەعید خەتیبزادە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە هات، کە پشتڕاستی کردەوە کە ئەو مانۆڕە سەربازیانەی سوپای پاسداران بەڕێوەی دەبەن بەشێکن لە سەروەری ئێران و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئامانجیان بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیرییە لە هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیە. تاران دووپاتی کردەوە بەرگەی بوونی ڕژێمی زایۆنی لە نزیک سنوورەکانی ناگرێت، هەر ڕێوشوێنێک کە بە پێویستی بزانێت

بۆ ئاسایشی وڵاتەکەی دەگرێتەبەر. لە ماوەی ڕابردوودا بەرپرسانی ئێران ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئامادەبوونێکی ئیسرائیلیان لە نزیک سنوورەکانیان دووپاتکردووەتەوە، ئەمەش وەک ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ پەیوەندییە نزیک و هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان باکۆ و تەلئەبیب. لەم پێوەندییەدا، حوسێن ئەمیر عەبدوڵلاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە چاوپێکەوتنێکدا پشتڕاستی کردەوە کە «تاران بە هەموو شێوەیەک بوونی قەوارەی زایۆنی و جووڵەکانی لە نزیک سنوورەکانی ڕەتدەکاتەوە، هەروەها بەرگەی هیچ ئاڵوگۆڕێکی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و سنوورەکانیش ناگرێت، کە هێڵی سوور بۆ ئێمە پێکدەهێنێت(٤)».

قەیرانی نێوان ئێران و ئازەربایجان لەم خاڵەدا نەوەستا، بەو پێیەی سەرۆک ئیلهام عەلییێڤ گرژیی نێوان هەردوو وڵاتی بەرزکردەوە، دوای ئەوەی هەڕەشەی تێوەگلانی زلهێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی کرد، ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لەو مانۆڕە سەربازییانەی کە لە نزیک سنووری ئازەربایجان ئەنجامی دەدا.

ئەم لێدوانانەی ئەم دواییە بووە هۆی ئەوەی عەلی خامنەیی ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بچێتە ناو هێڵی قەیرانەکانەوە، بە ناردنی پەیامی ناڕاستەوخۆ بۆ ئازەربایجان و وتی: وڵاتانی ناوچەکەی دەوروبەری باکووری ڕۆژئاوای ئێران نابێت ڕێگە بەو سوپا بیانیانە بدەن کە خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان دەکەن، دەستوەردان لە کاروباری خۆیان یان بەشداری لە سوپاکانیان بکەن .

کۆکردنەوەی سەربازیی نێوان هەردوو وڵات لەگەڵ پەرەسەندنی بازنەی سیاسی و میدیایی دژی ئازەربایجان و تورکیا، هاوکات بوو لە سەرهەڵدانی داواکاریی ڕادیکاڵ لەلایەن بەشێک لە پەرلەمانتاران، بۆ داوای دووبارە یەکخستنەوەی کۆماری ئازەربایجان لە خاکەکانی ئێران، هەروەها وەک داواکارییەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە ناویان لێنابوو «نیو-عوسمانیزم»ی تورکیا بە «نیو سەفەوی” لە لایەکی دیکەوە، خۆپیشاندەرانی تووڕە هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی ئێران لە باکۆ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە هەڵکشانی ئێران و ئەو تۆنی سەرپێچی و لووتبەرزییەی کە لە قسەی بەرپرسانی ئێراندا دەرکەوت، کە هەڕەشەی هەڵگرتبوو کە گەیشتە ئاستی داوای لکاندنی زەوییە ئازەربایجانییەکان وەک ئەو زەویانەی ئێران کە بە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم لێی جیاکرابوونەوە، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان نووسینگەی نوێنەری ڕێبەرەکەیان داخست. عەلی خامنەیی و حوسێنیە لە باکۆی پایتەخت. پاشان کاردانەوەکانی ئازەربایجان بەرامبەر بە هەڵکشانی ئێران پەرەی سەند، بە ئەنجامدانی مانۆڕێکی نوێ و بەرفراوان لەگەڵ تورکیا لە ناوچەی سنووری «نەخچیڤان» کە بۆ ماوەی ٤ ڕۆژی خایاند(٥).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دووەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی ناکۆکی نێوان ئێران و ئازەربایجان

١- گۆڕانکاریە جیۆپۆلەتیکییەکان و پرسە ئاسایشییەکان

پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەم قۆناغەی ئێستادا ناتوانرێت لە هەڵکشانی ئێران و ئازەربایجان دابڕدرێن. پێدەچێت دۆخی سیاسی دەوروبەری دوو وڵات پرۆسەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت کە دەرفەت و ئاڵنگاری بنەڕەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستانیش بۆشاییەکی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە سیاسەتەکانی ناوچەکەی پاڵنا بۆ پێشەوە، هەردوو وڵات بەوپەڕی هەستیارییەوە چاوەڕوانی پێگەی نوێ لەناو ڕێکخستنە ناوچەییەکانی داهاتوودا، بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوتەکانیان. لای خۆیەوە ئێران مەیلی بەهێزکردنی ئاراستەکانی بۆ ڕۆژهەڵات و داگیرکردنی پێگەیەکی نوێ لە ڕێکخراوی شەنگەهای و پلاندانان بۆ پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ چین و ڕووسیا هەبوو، هاوکات ئازەربایجان کە هاوپەیمانی ئەمریکایە لە ناوچەکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بەهێزتر کرد، پاکستان بۆ هاوسەنگکردنی هەنگاوەکانی تاران و هەڕەشەکانی ڕووسیا بەهەمان شێوە.

لەم چوارچێوەیەدا مانۆڕەکانی پاکستان-تورک-ئازەربایجان لە دەریای خەزەر بەدیکرا، کە ئێران بە توندی نارەزایی دەربڕی، وەک پێشێلکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان کە هەر جۆرە ئامادەبوونێکی سەربازیی وڵاتێکی بیانی لە ئاوەکانی دەریای خەزەر قەدەغە دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئازەربایجان دەیەوێت خۆی بخاتە ناوەندی هاوسەنگییە ناوچەییەکانی ئێستا، بەمەش بتوانێت دەستکەوتەکانی لە دوای ئازادکردنی ناوچەی قەرەباخ بپارێزێت، لە ڕێگەی هاوپەیمانییە ناوچەییە کاریگەرەکانەوە، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی هەڵوێستی نەخوازراوی ئێران سەبارەت بە گەڕاندنەوەی هەندێک ناوچە و شکستی ئەرمینیا و نزیکبوونەوەی تورکیا لە سنوورەکانی باکووری ئێران و هەبوونی کارتی فشار لە سنوورەکانی باکووری ئێران (٦).

٢- ڕێڕەوی نەخچیڤان و پەرەسەندنی ڕۆڵی تورکیا

پێش ئەم پرسە پەیوەندی مێژوویی گرژی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ ئێران و ئازەربایجان هاتە ئاراوە، بەڵام ناکۆکییەکە جارێکی دیکە گەڕایەوە، دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاگربەست لە قەرەباخ، واژۆکراوی نێوان ڕووسیا و ئازەربایجان و ئەرمینیا بۆ

دامەزراندنی ڕێڕەوێکی نوێ کە ئازەربایجان و نەخیچەڤان (کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی سەر بە ئازەربایجان) بەیەکەوە ببەستێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمە مانای دەرفەت بۆ ئازەربایجان و تورکیا و تەحەددا بۆ ئێرانە. سەبارەت بە ئێران، ئەم ڕێڕەوە کۆتایی بە هەر سنوورێکی ڕاستەوخۆی ئێران لەگەڵ ئەرمینیا دەهێنێت، ئەمەش گۆڕانکاری گرنگ لە ناوچەکانی باکووری ئێرانیشدا دێنێتە ئاراوە، ڕێڕەوەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەستنەوەی تورکیا بە وڵاتانی جیهانی تورکیا (ئاسیای ناوەڕاست) لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە، هەروەها پێدانی فەزای ئابووری هاوتەریبی، لە گۆڕانکارییەکی گەورەی جیۆسیاسی و ئابووری و بازرگانی لە بەرژەوەندی تورکیا، بە تایبەت کە ئەم کۆریدۆرە دەکەوێتە سەر ڕێگای ئاوریشمی مێژوویی، و دەرفەتێک دەدات بە تورکیا لە پرۆژە نێودەوڵەتییە زەبەلاحەکاندا کە کێبڕکێ دەکەن لە ناوچەکەدا(٧).

لێرەدا تێدەگەین کە بۆچی پەرلەمانی ئێران بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕایگەیاندبوو: هەر گۆڕانکارییەک لە سنوورەکانی وڵاتانی دراوسێ لە وڵاتانی ناوچەکەدا بە هێڵی سوور بۆ ئێران دادەنرێت، هەروەها دەرکەوتنی سەرنجڕاکێشی سوپای پاسداران لەسەر سنوورەکان و سەرهەڵدانی گرووپێکی شیعەی ئازەربایجان لە ژێر ناوی «حوسێنییەکان»، دیارە وەک وەڵامێک بۆ هەنگاوەکانی ئازەربایجان. بەو پێیەی تورکیا لە کاتی شەڕی ڕزگارکردنی قەرەباخەوە پاڵ بە هێزە بیانییەکانەوە ناوە لە سوریاوە بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکەدا، ئێران گومانی ئەوەی هەیە کە ئەم هێزانە هێشتا بوونیان هەیە و پشتیوانی وەردەگرن، هەربۆیە ڕەنگە پلانێک هەبێت بۆ بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی شەڕی بە وەکالەت بۆ ئەوەی لە دۆسیە ناوچەییەکانی تردا فشار بخرێتە سەر تاران، وەک دۆسیەی سووریا یان ئەفغانستان(٨).

٣- فاکتەری بازرگانی (بازرگانی ئێران لەگەڵ ئەرمینیا و ئۆراسیا)

لە ئۆراسیادا ئەرمینیا بەرزترین ڕێژەی گەشەی هەناردەکردنی هەیە کە ئێران بەدەستی هێناوە، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ سوودی کێبڕکێ بۆ بەرهەمە ئێرانییەکان بە بەراورد بەو بەرهەمانەی کە لە تورکیاوە دێن، تاران پێش جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئیمتیازاتی نێوان ئێران و یەکێتیی ئۆراسیا زاڵ بوو بەسەر بازاڕی ئەرمەنستاندا. جێگای سەرنجە کە هەناردەی ئێران بۆ ئەرمینیا بە ئاڕاستەیەکی بەردەوام بەرەو بەرزبوونەوە دەڕۆیشت، بەو پێیەی لە ساڵی ٢٠١٦ تا ٢٠١٩ دوو هێندە زیادی کرد و، نزیکبوو بگاتە قەبارەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەناردەکردنی ئێران بۆ ڕووسیا، ئەم ڕێژەیە ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی گرنگی ئەرمینیایە بۆ ئێران، «زۆربەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەکانیش لە میوە، سەوزە، گوێز، چیمەنتۆ، بەرهەمە کانزا ئاسنینییەکان، بەرهەمە نەوتییەکان و گازی سروشتی و گازی شل پێکدێت »، لە کاتێکدا کۆی هاوردەکردنی ئێران لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئۆراسیا نزیکەی نیوەی کەمیکردووە، بەڵام ئەرمینیا لەم بابەتە بەسەقامگیری ماوەتەوە (٩).

هەناردەی وزەی ئێران بۆ ئەرمینیا گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئێران بۆ ئەرمینیا وەک دەوڵەتێکی ستراتیژی بەدیدەکرێت، بە هەمان شێوەی ڕووسیا نوێنەرایەتی گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ئەرمینیا دەکات. لەم چوارچێوەیەشدا دەبینین کە کاڵای ئێرانی لە چوار ساڵی ڕابردوودا لە پلەی چوارەمی هاوردەی ئەرمەنستاندا بووە. حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری پێشووی ئێران تیشکی خستووەتە سەر جەختکردنەوە لەسەر گرنگی پەیوەندی بازرگانی تایبەت، لە دیدارێکی دوو قۆڵی لەگەڵ ئارمەن سەرکیسیان، سەرۆککۆماری پێشووی ئەرمینیا لە لوتکەی یەکێتیی ئابووریی ئۆراسیا لە یەریڤان، کە تیایدا وتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەرمینیا خاوەنی توانایەکی زۆرن لە بوارە جیاجیاکان، وەک وزە، ترانزێت، گەشتیاری و پیشەسازی، بۆ بەکارهێنانی بەپێی بەرژەوەندی دوو لایەنە و هابەش، ئەمەش لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا نیکۆڵ پاشینیان پشتڕاستکرایەوە و وتی: ئێران سەرچاوەیەکی بەردەوامی وزە و گازی سروشتییە بۆ ئەرمینیا، وڵاتەکەی دەیەوێت ڕێککەوتنی گۆڕینەوەی غاز و کارەبا لەگەڵ ئێران تا ساڵی ٢٠٤٠ درێژ بکاتەوە (١٠).

٤- پەیوەندی ئازەربایجان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل

ئێران ترسی ئەوەی هەیە ئازەربایجان بگۆڕێت بۆ هێزێکی ناسەقامگیر بۆ ئێران، لەلایەک ئازەربایجان هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکایە لە ناوچەی قەفقاز، هەروەها داخستنی ڕێگەکان بەڕووی بارهەڵگرەکانی ئێران کە بەرەو ئەرمینیا دەڕۆن، ئەمەش فشارێکی گەورە لەسەر ئێران دروست دەکات لە ژێر ڕۆشنایی سزاکان و هەڕەشەیە بۆ سەر ستراتیژییەکەی کە پشت بە وڵاتانی دراوسێ دەبەستێت، بە مەبەستی دەربازبوون لەو سنووردارکردنانەی کە بەسەر هەناردەکردنیدا سەپێنراوە، ئەمەش بە شێوەیەکی سروشتی لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە، بە تایبەت پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستان لە ڤییەنا سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی.(١١)

هەروەها پەیوەندی نزیکی ئازەربایجان لەگەڵ ئیسرائیل، نیگەرانییەکی ئەمنی بۆ ئێران نیشان دەدات، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییە ئەمنی و سەربازییەکان و بوونی هەواڵگری و سەربازی ئیسرائیل لە دراوسێی باکووری وڵاتەکەیدا، بەتایبەتی دوای زیادبوونی هێرشەکان بۆ سەر ئامانجە ئێرانییەکان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و، بوونی لە هاتنە ناوەوەی بەرفراوانی ئیسرائیل بۆ ناو ئێران، کە بووە هۆی کوژرانی موحسین فەخریزادە زانای ئەتۆمی ئێرانی، هێرشکردنە سەر دامەزراوەی ئەتۆمی نەتەنز و گەیاندنی زیانێکی زۆر پێی، هێرشکردنە سەر بەشێک لە بارەگاکانی سوپای پاسداران و ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکانی دیکە، کە ئێران گومانی هەیە لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ ئەو بریکارانە ئەنجامدرابێت کە لە ڕێگەی سنوورەکانەوە لەگەڵ دراوسێکان دزەیان کردووەتە ناو وڵاتەوە، ترسەکانی ئێران لەبەر ڕۆشنایی هەڕەشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بۆ بەئامانجگرتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و ئەگەری بەکارهێنانی خاکی ئازەربایجان بۆ لێدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی لەلایەن ئیسرائیلەوە زیاتر دەبێت.

لەو چوارچێوەیەدا ئەمیر عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران لە میانەی دیدارێکیدا لەگەڵ باڵوێزی نوێی ئازەربایجان وتی؛ «بەرگەی ئامادەبوون و چالاکی لەدژی بەرژەوەندیی و ئاسایشی نەتەوەیی لە نزیک سنوورەکانی ناگرین و هەر ڕێکار و ڕێوشوێنێک پێویست بێت دەگرینەبەر بۆ دوورخستنەوەی ئەو هەڕەشانە».

ئازەربایجانییەکان هەڵوێستی ئێرانیان لە بەرژەوەندی کۆنترۆڵکردنی ئەرمینیا بەسەر ناوچەی قەرەباخدا لەبیر نەکردووە؛ بەهۆی ترسیان لە خواستە نەتەوەییەکانی کەمینەی ئازەری کە نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس لە کۆی ٨٣ ملیۆن دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن، ئازادکردنی ناوچەی قەرەباخ جارێکی دیکە داواکاری و خواستەکانی کەمینەی ئازەربایجانی دانیشتووی باکووری ئێرانی بەرزکردەوە، ئێران بە هەستیارییەوە سەیری ئەم داواکاریانە دەکات، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتوونەتە کایەوە، کە لە پێشهاتەکانی ئێستای سنوورە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا دەرفەتێک دەبیننەوە بۆ پاڵنانی داواکارییەکانیان بۆ پێشەوە، وەک چۆن داواکاری هاوشێوە لە بەلوچییەکان هەیە لەگەڵ سنوورەکانی پاکستان و ئەفغانستان، و داواکارییەکانی کورد و عەرەب لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا، کە هەموو ئەمانە خاڵی لاوازن کە ڕەنگە ئەم زلهێزە ڕکابەرانە فشاریان لەسەر ئێراندروست بکەن، بۆ ئەوەی لاوازی بکات و شەڕەکەی لەگەڵیدا بگوازێتەوە بۆ ناوەوە(١٢).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سێیەم: کاردانەوەی ناکۆکییەکان لەسەر ئێران

١- گۆشەگیری زیاتر بۆ ئێران:

پەرەسەندنی ناکۆکی ئێران و ئازەربایجان گوشارەکان توندتر دەکات و ئاڵنگارییەکان لەسەر ناوخۆی ئێران کەڵەکە دەکات، لەبەرئەوەی ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی بەدەست گۆشەگیری نێودەوڵەتی و بارودۆخی ئابووری سەختەوە دەناڵێنێت، لە ئەنجامدا نارەزایەتی جەماوەری بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا کە ئاستی داواکارییەکان بە بەراورد لەگەڵ نارەزایەتییەکانی پێشووتر جیاوازتر بوون، ئەمەش لە ئەنجامی تێکچوونی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتی، ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامی تەماحە ئەتۆمییەکانی و سەرگەرمییە دەرەکییەکانی و دەستوەردانی شەڕانگێزانە لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکاندا سەریهەڵداوە. هەموو ئەم پرسانە دەرئەنجام کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر دۆخی دەوڵەتی ئێران لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی و ئاستی گۆشەگیری زیاتر دەبێت و لەگەڵ کاریگەری سزاکان.

٢- وروژاندنی پرسی کەمینەکان

ئەم ململانێ پەرەسەندووەی نێوان ئەو دوو دراوسێیە، مەیلی نەتەوەیی کەمینەی ئازەری لە ئێراندا بەئاگا دەهێنێتەوە، کە پێشتر خۆپیشاندانیان بۆ پشتیوانی لە ئازەربایجان ئەنجامداوە لە ناکۆکییەکەی دژی ئەرمینیا لەسەر ناوچەی قەرەباخ، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ناکۆکی ئیتنیکی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران بە شێوەیەک بگاتە ئاستێکی توند و تێچووی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئازەربایجان و قەبارەی ئاستەنگە ناوخۆییەکان زیاد دەکات.

٤- گەمارۆدان و هەڕەشە لەسەر سنوورەکان

پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان تاران و باکۆ و هێورنەکردنەوەی ناکۆکییەکان بەرەیەکی نوێی ململانێ دەکاتەوە کە بەشدارە لە گەمارۆدانی ئێران لە بازنەی قەیرانەکان و جێهێشتنی ئاڵۆزییە قورسەکان، بەو پێیەی ئێران زیاتر دەورە دەدرێت بە قەیرانەکان لە زۆر لایەنەوە وابەستە دەبێت، بەم شێوەیەش ئێران دەبێتە خاڵی مەرکەزیی لە بازنەی قەیران و ناکۆکییەکان. هەروەها لەسەر سنووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی کە عێراقە بەدەست تەحەدای ئاڵۆزی ئەمنی و ئابووری و سیاسییەوە دەناڵێنێت، لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی

ئەفغانستان وەک گۆڕەپانێکی نوێ بۆ ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە، لەسەر سنووری باکووری، ئازەربایجان وەک پەیوەندییەکی ململانێی نوێ لەگەڵ ئێراندا دێت، کە لەگەڵ ئەوەدایە ئێران لە بازنەی ململانێ و قەیرانەکاندا گەمارۆ بدات.

٤- دەرفەتی زیاتر بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەدرێت بۆ فشارخستنە سەر ئێران

بەرزبوونەوە و فراوانبوونی ململانێی ئێران لەگەڵ ئازەربایجان، بازنە و گۆڕەپانەکانی ململانێ لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کە لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی تورکیا، ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کێبڕکێ لەگەڵ ئێران دەکەن، قووڵتر و فراوانتر دەکات، لە کاتێکدا ئێران ڕووبەڕووی زۆرێک لە هەڕەشەکان دەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی، کە لە هێرشە دووبارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر چڕبوونەوەی میلیشیاکان دەردەکەوێت لە سوریا، عێراق و شوێنەکانی دیکە. لە ئەنجامی ململانێی بەرژەوەندییەکان، هەروەها گۆشەگیری نێودەوڵەتی و فشاری ئەمریکا بۆ باشترکردنی مەرجەکانی دانوستان لە دانوستانەکانی داهاتووی ڤیەننا.

لە حاڵەتی مانەوەی ناکۆکییەکان دەرفەتێکی نوێ بۆ فشارخستنە سەر ئێران و گەمارۆدانی بە قەیرانی زیاتر دەبێتە ئەگەرێکی کراوەتر، بە تایبەت ئیسرائیل و ئەمریکا و دواتریش دەکرێت سوود لەو تەحەدایە وەربگرێت کە ئێران پێیدا تێدەپەڕێت و بیکاتە دەرفەتێک لە بەرژەوەندی زۆرترین مەرجی دانوستانەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران سەبارەت بە دانوستانە هەڵپەسێردراوەکان لە ڤیەننا بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی. لە لایەکی دیکەوە، ئەم مەرجانە دەتوانن قبوڵکردنی ئێران بۆ تاوتوێکردنی پرسە قووڵەکانی نێوان خۆی و شانشینی سعودیە خێراتر بکەن، بە شێوەیەکی ئەرێنی، لە میانەی دانوستانە بەردەوامەکانی لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات کە کاریگەرییان لەسەر پرسە ناوچەییەکان هەیە.

چوارەم: بژاردەکانی بەردەم داهاتووی ناکۆکییەکانی تاران - باکۆ

لە ژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوخۆییەوە کە پەیوەست بە هەردوو وڵاتەوە چەندین بژاردە و گریمانە بەدیدەکرێن سەبارەت بە داهاتووی ناکۆکییەکان لە نێوان تاران و باکۆ، کە گرنگترینیان کێبڕکێی ناوچەیی، داڕشتنەوەی چەمکی ئاسایشی ناوچە، یەکتربڕینی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و هەڕەشەی ئەمنی و دیمۆگرافی، ئاڕاستەکانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پەیوەندی ئێران و ئازەربایجان لە قۆناغی داهاتوودا دیاری دەکرێت، کە ڕەنگە لە نێوان سێ ئاڕاستەی سەرەکیدا بێت، ئەوانیش گریمانەی بەرەو کرداری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، گریمانەی بەردەوامبوونی ناکۆییەکان بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ، یان گریمانەی هێوربوونەوەی ناکۆییەکان و پەرەسەندنی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان.

یەکەم: گریمانەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ

لە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی سەربازییەوە، هەردوولا بەردەوام دەبن لە پرۆسەی بەرزبوونەوەی ئاستی ناکۆکییەکان تا دەگات بە پێکدادانی ڕاستەوخۆیی سەربازیی، بەتایبەتی دوای ئەوەی تورکیا و ئازەربایجان ڕێکخستنی مانۆڕی سەربازیی هاوبەشیان لە کاردانەوە بە هەنگاوەکانی ئێران ڕاگەیاند، کە ڕەنگە ببێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی زیاتری دۆخەکە و تێکچوونی پەیوەندییەکان، بەم شێوەیە چوونە ناو ڕووبەڕووبونەوەیەکی ئاشکرا لەسەر سنوورەکانی هەردوو وڵات، کە ڕەنگە دەستوەردانی زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە لەخۆ بگرێت.

ئەم سیناریۆیە بەهێزتر دەبێت بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کێبڕکێ/ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، کە دەستیکرد بە وەرگرتنی شێوەی هاوپەیمانی بە سروشتی سەربازیی، لە ژێر ڕۆشنایی قۆناغێکی گرنگدا کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، کە تێیدا لایەنەکان هەوڵدەدەن جیۆپۆلەتیکی خۆیان بچەسپێنن و دەستکەوت و زۆرترین بەرژەوەندییە ئەمنی و ئابووریەکانیان دەستەبەر بکەن، جگە لە ئامادەکاری بۆ گۆڕانکاری پرۆسەی جوگرافی و یاسایی جوڵەی سنووری لەسەر بنەمای داتای دیمۆگرافی؛ ئەمە ڕەنگە هەڕەشە لە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی ئێران بکات، وروژاندنی داواکاریی جوداخوازی زیاتر لە نێوان کەمینەکان لە ئێراندا، هەروەها بێبەشکردنی ئێران لە جووڵە لە فەزا ناوچەییە بەردەستەکاندا کە یارمەتی دەدات هاوسەنگی لە گوشارەکانی ڕۆژئاوادا هاوسەنگ بکات.

جگە لەوەش، ئێران و ئازەربایجان ڕەنگە ڕوو لە ڕووبەڕووبونەوە بکەن، لە ئەگەری ئەوەی ئێران بەنیازی بەهێزکردنی ئامادەیی سەربازیی خۆی بێت لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ ئازەربایجان، و کۆکردنەوەی هێزەکانی لە پێشبینیکردنی هەڕەشەکانی ئێستا و ڕەنگە مەیلی بەکارهێنانی یەکێک لە چەکەکانی سەر بە خۆی لەگەڵ سوپای پاسداران بۆ چالاکیی لەسەر سنوورەکانی ئازەربایجان. هەر لەو پێوەندییەدا هەندێ ڕاپۆرت ئاماژە

بە سەرهەڵدانی میلیشیای «حوسێن» ی شیعە دەکەن وەک قۆڵێکی سوپای پاسداران لەم ناوچەیەدا، بەو پێیەی ڕەنگە ئەم میلیشیایە یان یەکە هەواڵگرییەکانی دیکە ئۆپەراسیۆنی تێکدەرانە ئەنجام بدەن. بۆ فشارخستنە سەر ئازەربایجان سەبارەت بە بوونی ئیسرائیل لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ ئێران و ڕەنگە گڵپەی شەڕ لە هەر ساتێکدا ڕووبدات لە ئەنجامی حیسابێکی هەڵە، یان هەوڵی هەریەک لە لایەنەکان و بە تایبەت ئێران بۆ هەناردەکردنی بەشێک لە قەیرانی ناوخۆی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازییەوە کە تێکچوونی شەرعییەتی ڕژێم لە ناوخۆ و بە تایبەت حکومەتی ڕەئیسی ڕادەگرێت، کە ڕووبەڕووی تورەیی جەماوەری و قەیرانە پەرەسەندووە جۆراوجۆرەکان بووەتەوە(١٣).

دووەم: گریمانەی بەردەوامبوونی ناکۆکییەکان بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی

هەریەک لە ئێران و ئازەربایجان کار بۆئەوە دەکەن بگەن بە گەورەترین ئامانجی خۆیان بێ ئەوەی پەنا بۆ سیناریۆی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری ڕاستەوخۆ (جەنگ) ببەن. لەسەر ئاستی سیاسیش پێدەچێت شەڕی قسە و لێدوانی ئیستفزازی لەلایەن سەرکردە و بڕیاردەرانی ئەو دوو وڵاتە بەردەوام بێت و ئازەربایجان هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ تورکیا و پاکستان قووڵتر بکاتەوە، لە بەرامبەردا ئێران پەنا بۆ گەشەکردن و بەهێزبوون ببات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمینیا لەدژی ئازەربایجان، لەوانەیە ئەو دوو وڵاتە یان یەکێکیان پەنا بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەن.

لەسەر ئاستی سەربازیی ئێران ڕەنگە بە چڕییەکی زۆرەوە درێژە بە مانۆڕە سەربازییەکانی لە نزیک سنوورەکانی ئازەربایجان بدات، بە کۆکردنەوەی سەرباز و هێزە شەڕکەرەکان لە نزیک سنوورەکانی ئازەربایجان بە بیانووی مافی خۆی بۆ ئەنجامدانی مانۆڕەکان، هەروەها ڕەنگە ئازەربایجان بەردەوام بێت لە ڕێکخستنی مانۆڕە سەربازییەکان لەگەڵ تورکیا لە کاردانەوە بە بەردەوامی مانۆڕەکانی ئێران، و سوپای پاسداران ڕەنگە پەنا بۆ لێدانی سنووردار ببات بۆ سەر بەشێک لە ئامانجەکانی ئازەربایجان، بە هەمان شێوەی ئێران لە دژی نەیارەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاری دەهێنێت، لە ڕێگەی لێدانی سنووردار بۆ سەر ئامانجە دیاریکراوەکان، بە لێکدانەوەی ستراتیژیستەکان ئۆپەراسیۆنەکانی نێوان شەڕەکان، کە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو توانا و تەحەددیاتانەی کە ئێران لە ناوخۆ و دەرەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕەنگە لایەنی ئێرانی و ئازەربایجان پەنا بۆ ئەم سیناریۆیە ببەن لە ڕوانگەی ئەو تێچووە زۆرەی، ماددی و مرۆیی، کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییەوە ڕووبەڕووی هەردوولا دەبێتەوە، ئێران بە لەبەرچاوگرتنی تەحەددیاتی ناوخۆیی (خراپی ئابووری، ژیان و بارودۆخی تەندروستی بەهۆی سزا ئابووری و ڤایرۆسی کۆرۆنا) و دەرەکی (گۆشەگیری نێودەوڵەتی)، لە ئەنجامی تەماحە ئەتۆمییەکانی، سەرگەرمییە دەرەکییەکان و دەستێوەردانەکانی ناوچەیی)، ترسەکانی لە لەدەستدانی تێچووی دەرفەت، چوونە ناو شەڕ لەگەڵ ئازەربایجان وا دەکات دەستکەوت و قازانجەکانی لە کایەکانی نفووز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەستبدات لە بەرامبەر ئەو نرخە ماددی و مرۆییانەی کە ئێران لە عێراق، سوریا، لوبنان و یەمەن پێشکەشی دەکات بۆ درێژکردنەوەی کایەی نفووزی خۆی. میلیشیاکان و ئێرانییەکان لە سوریا و عێراق دەیان هێرشیان کردۆتەوە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بەبێ ئەوەی ئێران بخاتە ناو شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل.

هەموو ئەم کردەوانە وەک تۆڵەکردنەوە بەدی دەکرێت لەلایەن تارانەوە لەبەرامبەر بە ئامانج گرتنی ئەندازیاری نفووزی ناوچەیی ئێران ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی لە عێراق و بەڵام تۆڵەسەندنەوەی ئێران لە سیناریۆی لێدانی سنووردار تێنەپەڕی، چونکە ئێران درکی بەوە کرد کە بەشداریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرادا کاریگەری دەبێت، مانەوەی خودی ڕژێمی ئێران کە لە پێشینەی کارەکانی ئێرانە، ڕووبەڕووی لەناوچوون دەکاتەوە. ئێران درک بەوە دەکات ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ ئازەربایجان هێزی تری ناوچەیی و نێودەوڵەتی دێنە نێو دۆخەکە، بۆیە نایەوێت بکەوێتە نێو ئەو زۆنگاوەی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە. لەم ڕووانگەیەوە ئیسرائیل ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی ئازەربایجان لە شەڕی لەگەڵ ئەرمینیا و سەرکەوتنی لە شەڕەکەدا، هەروەها ئازەربایجانیش لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بچێتە ناو سیناریۆی شەڕ لەگەڵ ئێران، لە ئەنجامی ئابووریی ماندووبوونی دوای دەرچوونی لە شەڕ لەگەڵ ئەرمینیا کەمتر لە نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر(١٤).

سێیەم: گریمانەی هێوربوونەوەی ناکۆکییەکان و پەرەسەندنی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان

ئەم ئەگەرە بەو مانایە دێت کە ئێران و ئازەربایجان پەنا دەبەنە بەر کەمکردنەوەی

پەرەسەندنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە چ لە ڕووی دوولایەنە بێت، یان لە ڕێگەی نێوەندگیریی زلهێزە ناوچەییەکان یان نێودەوڵەتییەوە بێت، بۆ ئەوەی بگەنە لێکتێگەیشتنێکی بنەڕەتی کە نیگەرانییەکانی ئەو دوو لایەنە کەم بکاتەوە و ڕێگە خۆش بکات بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی هەر لایەنێک گەرەنتی بکات و، ڕێگری بکات لە بەردەوامبوونی پەرەسەندنی ناکۆکییەکان، بەبێ ئەوەی بگاتە خاڵی نەگەڕانەوە.

ئەم ڕەوتە ڕەنگە پاڵپشتی ئەو ڕاستییە بێت کە هەردوولا ئامادە نین تێچووی شەڕەکە لە ئەستۆ بگرن، بەو پێیەی ئازەربایجان لەم دواییانەدا لە شەڕی ڕزگارکردنی ناوچەی قەرەباخ دەرچووە و ئێرانیش بەدەست ئەو شەڕەوە دەناڵێنێت کە ناوی دەبات شەڕێکی ئابووری کە لەلای ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی بەردەوامە، کورتهێنانی بودجەیەکی گەورەی هەیە، بارودۆخی ژیانی کارەساتبار، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکان، هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی لەسەر سنوورەکان لە لایەن هەردوولا گیراوەتەبەر هێشتا لە سنووری کۆنترۆڵدایە، مەترسی لەسەر سەروەری و یەکگرتوویی خاکەکانیان بەتایبەت ڕژێمی ئێران کە دوژمنایەتییەکی گەورەی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا و هەندێک لە زلهێزە ناوچەییەکان، کە ڕەنگە دەرفەتێک بدۆزنەوە بە تایبەت بۆ ئێران، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا و زلهێزەکانی ناوچەکە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، هەروەها هەوڵی ناوچەیی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان پێش ئەوەی بگاتە ئاستی شەڕی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی (١٥).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دەرئەنجام

گرژیی نێوان ئێران و ئازەربایجان کە ماوەیەکە بەردەوامە، بە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئازەربایجان لە تارانی پایتەختی ئێران توندتر بووە.، بە تایبەت دوای سەرکەوتنی ئازەربایجان لە ناگۆرنۆ قەرەباخ لە ساڵی ٢٠٢٠، هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین ئێران هەستی گەمارۆدانی لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز هەیە. چونکە ئەو گوشارەی کە بەهۆی نەگەیشتنی ئەنجام لە دانوستانە ئەتۆمییەکانەوە دروستبوو، گرژیی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپای زیاتر کرد.

لە کاتێکدا سیناریۆی چوونە ناو ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لایەنی ئێرانی و ئازەربایجان ڕەتدەکرێتەوە، بەهۆی ڕەچاوکردنی تێچووی زۆری شەڕەکە، ئابووریی ماندووبوونی هەردوو وڵات، تەحەددای کەڵەکەبووی ناوخۆیی و دەرەکی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، و ترسی هەر وڵاتێک لەبارەی لەدەستدانی بەرژەوەندییەکانی، کە دەتوانرێت بەبێ زیان بپارێزرێت بە دانیشتن لەسەر مێزی دانوستان و ئامرازی ئاشتی و دیالۆگ باشترە لە چوونە ناو شەڕەوە.

دۆخی ناوچەکە دەرخەری ئەوەیە کە گۆڕانکاری گەورە لە گۆڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ڕوودەدات، لە ئامرازەکانی کەمکردنەوەی ڕۆڵ یان کاریگەریی هەندێک لە زلهێزە ناوچەییەکان کە ئاواتەخوازن فراوانتر بن لەسەر حیسابی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتەکان، کە لە بنەڕەتدا لە بەرژەوەندیدا نییە لە ئێران کە مەیلێکی فراوانخوازی شەڕانگێزانەی لەسەر حیسابی دراوسێ عەرەبەکانی هەیە، لەبری ئەوەی فراوانتر بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکانی، تەنانەت ئەگەر گۆڕەپانی کاریگەریشی هەبێت کە تێیدا ڕووبەڕووی چەندین تەحەدا دەبێتەوە، خۆی بینیەوە کە بە بازنەیەک یان ئەڵقەیەک لە قەیران و دوژمن و نەیاران دەورە دراوە، بەهۆی سیاسەت و دەستێوەردانەکانی فراوانخوازانە و ڕێزنەگرتن لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکان. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سیاسەتی نوێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ کەمکردنەوەی نفووزی ئێران و سنووردارکردنی، نەک تەنها بە سەپاندنی گەمارۆکان، کە ئێران ئەزموونێکی بەرفراوانی هەیە بۆ دەربازبوون و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی، بەڵکو بە گەمارۆدانی ئێران بە قەیرانی ئەمنی و ململانێ و دوژمن لە هەموو لایەک بە ئامانجی پاڵنانی ئێران بۆ دەستکاریکردنی ڕەفتاری ڕژێمەکەی، بیکاتە وڵاتێکی ئاسایی.

## پەراوێزەکان


١)  معهد الدولي للدراسات الايرانية، (٢٠٢١). التصعيد الايراني – الاذربيجاني: الدوافع والتداعيات واتجاهات المستقبل. على الرابط: https://rasanah-iiis.org/ (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/٢).

٢)  فطمة الصمادي، (٢٠٢٦). إيران وأذربيجان: التنافس والصراع في جنوب القوقاز. مركز الجزيرة للدراسات، على الرابط: https://studies.aljazeera.net/ar/reports/٢٠١٦/٠٥/١٦٠٥٠٣٠٨٤٧٤٧٢١٨.html (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/٢).

3) Ramin Sadık, (2023). İran-Azerbaycan gerginliği nereye varacak?. Fikir Turu, https://fikirturu.com/category/jeo-politik/ (Erişim Tarihi: 12/9/2023).

4) Biswarup Baidya, (2023). Challenges in Iran-Azerbaijan Relations: Implications for the region. Indian Council World Affaire, https://www.icwa.in/show_content.php?lang=1&level=1&ls_id=9514&lid=6169 (visit date: 10/9/2023).

5) Jozwiak, R., & Tayebi, A. (n.d.). One Person Shot Dead At Azerbaijan›s Embassy In Iran; Baku Evacuates Staff. Radio Free Europe. from https://www.rferl.org/a/one-person-shot-dead-azerbaijanembassy-iran/32241998.html (visit date: 11/9/2023).

6) Agayev, Z. & Motevalli, G. (2023, February 8). Analysis | Azerbaijan, Iran and Rising Tensions in the Caucasus. The Washington Post. from https://www.washingtonpost.com/business/energy/azerbaijan-iran-and-rising-tensions-in-the-caucasus/2023/02/07/f2f65480-a6b0-11ed-b2a3-edb05ee0e313_story.html (visit date: 10/9/2023).

٧)  معهد الدولي للدراسات الايرانية، (٢٠٢١). التصعيد الايراني – الاذربيجاني: الدوافع والتداعيات واتجاهات المستقبل، مصدر السابق.

٨)  المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات،


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(٢٠٢٣). ما تأثير إيران على الصراع بين أذربيجان وأرمينيا؟ على الرابط: https://www.europarabct.com (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/١٥).

٩) انجي مجدي، (٢٠٢٢). انحياز إيران لأرمينيا... المصالح قبل الهوية، Independent العربية. على الرابط: https://www.independentarabia.com/node/٣٧٥١٢٦ (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/١٩).

١٠) شروق صابر، (٢٠٢٣). تراكم الازمات: هل تتصاعد الخلافات بين ايران واذربيجان؟، مركز الاهرام للدراسات السياسية ولاستراتيجية. على الرابط: https://acpss.ahram.org.eg/News/١٧٧٦٣.aspx# (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/١٩).

١١) علي نورالدين، (٢٠٢٣). تأزم العلاقات الإيرانيّة الأذربيجانيّة: العوامل التاريخيّة والجيوسياسية. وقائع الشرق الأوسط وشمال إفريقيا. على الرابط: https://fanack.com/ar/politics/features-insights/iran-azerbaijan-rift-historical-and-geopolitical-factors~٢٥٢٠٨٠/ (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/١٩).

١٢) الشرق، (٢٠٢٢). إيران وأذربيجان.. توتر حدودي وتصعيد يستدعي شبح الحرب، على الرابط: https://asharq.com/politics/٤٢٩٠٨ (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/٢١).

١٣) الخليج الجديد، (٢٠٢٣). جوار ملتهب جدا.. العلاقة بين إيران وأذربيجان أمام خيارين. على الرابط: https://thenewkhalij.news/article/٣٠٣٥٧٢/ (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/٢٥).

١٤) ميدل است نيوز بالعربي، (٢٠٢٣). هل إيران وأذربيجان على شفا الحرب؟ على الرابط: https://mdeast.news/ar/٢٠٢٣/٠٤/١٦/ (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/٢٧).

١٥) سامر الياس، (٢٠٢١). التوتر بين إيران وأذربيجان: أبعد من أزمة مناورات، العربي الجديد. على الرابط: https://www.alaraby.co.uk/politics (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٣/٩/٢٨).



# بونیادی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران

توێژەر: بارام مەجیدخان



## بەرایی

بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، پاشخانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوکارییە ئەتۆمییە مەدەنییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کە هەردووکیان هاوپەیمانی نزیک بوون. ساڵی ١٩٥٧ ڕێککەوتننامەی هاوکاری ئەتۆمی مەدەنی لە نێوان ئەمریکا و ئێران واژۆ کرا و لە ساڵی ١٩٦٧ ڕیاکتۆری توێژینەوەی ٥ مێگاوات لە لایەن کۆمپانیای ئەمریکی AMF تەواو بوو. ئێران یەکێک بوو لە یەکەم وڵاتەکان کە ڕێککەوتننامەی NPTی واژۆ کرد لە ساڵی ١٩٦٨ و لە ساڵی ١٩٧٤ ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێرانی دامەزراند.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئێران دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دەرکردنی ڕەزاشا و جێنشینی لەلایەن محەمەد ڕەزا کوڕەکەیەوە لە ئەمریکا نزیک بووەوە و وەک هاوپەیمانێکی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەرکەوت. ڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئێران، هەلومەرجی نێودەوڵەتی و دەستپێکی شەڕی سارد، پێگەی پاشای ئێرانی بەهێزتر کردووە. دکتۆر محەمەد موسەدیق لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیدا دەسەڵاتی گرتە دەست. پاشان کودەتایەک کە بەریتانیا بەشداری تێدا کرد و توانی دکتۆر موسەدیق لە دەسەڵات دوور بخاتەوە. ئەم دۆخە نوێیە، شای ئێرانی بەهێزتر کرد، توانی ڕۆڵی ئەندامێکی چالاکی پەیمانی سێنتۆ ببینێت.[1] ئەمریکا یەکەمین لایەنگری ئێران بوو بۆ تەکنەلۆژیای ئەتۆمی؛ هەروەها، ئەمریکا بوو بە ترسناکترین دوژمنی ئێران بۆ بە دەستهێنانی وزەی ئەتۆمی. یەکەم هەنگاوی کردەیی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ساڵی ١٩٥٧ بوو، هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتنێک کە لە پێشەکییەک و یازدە مادە پێکهاتبوو. ئەمریکا لە چوارچێوەی سیاسەتی نوێی خۆی «ئەتۆم بەرامبەر بە ئاشتی» پەرەی بە چالاکی ئەتۆمی هەندێک وڵات دا لەوانەش ئێران. ئەمریکا هەستیارییەکی زۆری بۆ ئەو وڵاتانە نیشان نەداوە کە ئەم پرۆژەیە دەیانگرێتەوە. بەتایبەتی مەترسی نەهێشتنی ئەم چالاکییانە بۆ مەبەستی سەربازیی شاراوە.

بە گشتی ئەگەر سەیری چالاکییە ئەتۆمیەکانی ئێران بکەین تا شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، بە سەرەتایەکی بەهێز دەستی پێکرد و دواتر بە ئاشتیانە بەرەوپێشچوو. هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانکاریان بە سەردا هات، کاتێک ململانێی نێوان هیندستان و پاکستان ئاراستەیەکی مەترسیداریان گرتەبەر و هەردوو وڵات پەلە دەکەن بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. ئەو دۆخە نوێیە ئێرانیشی گرتۆتەوە کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خاو بووەتەوە. لە لایەکی دیکەوە بازاڕێکی گەرم بووە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ نۆژەنکردنەوەی ئامێر و تەکنەلۆژیای ئەتۆمی. شای ئێران هەندێک جار بە قووڵی نائومێد بوو لە پشتیوانی جیهانی و خواستی ئێران بۆ جەندرمەکان و هێزە بەهێزەکانی ناوچەکە. دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانیش وەک کارتێک لەلایەن ئەمریکاوە لەدژی کەسوکاری نزیکی پاشای ئێران تەماشا کرا. عەلی ئەکبەر ئیعتماد وەک بەڕێوەبەری دۆسیەی ئەتۆمی ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بینی. ئیعتماد ئەو پرسیارە سەرەکییە دەوروژێنێت کە ئایا ئێران ڕێگەی ڕاستی هەڵبژاردووە بۆ دۆڕان بە ئەتۆم؟ ئایا ئێران پێویستی بە وزەی ئەتۆمی هەبوو؟ بیرکردنەوەی هاوبەش ئەوە بوو کە ئێران خۆی بۆ سەدەی بیست و یەک ئامادە بکات، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە هاوبەشەکانی ئەو ڕۆژە باسیان لە سنووردار بوونی سەرچاوەکانی وزە دەکرد و ئێران دەبێ جێگرەوەیەکی ئەتۆمی بۆ وزە هەبێت.[2]

## محەممەد ڕەزا شا و خەونی بە دەستهێنانی وزەی ئەتۆمی



زۆر گرنگە کە کۆنترۆڵی مێژووی چالاکییە ناوکییەکانی ئێران بکەین بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی وڵاتانی جیهان لە هاندانی پلانی ئەتۆمی ئێران. بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە یەکەم بزوێنەری ئێران بوو لەم ڕووەوە (ئێستا دوژمنێکی بەهێزە). پێگەی نێودەوڵەتی ئێران هەمیشە بۆ وڵاتانی جیهان گرنگ بووە بەهۆی پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئێران و یەدەگی گەورەی نەوت و گاز لەو وڵاتەدا. محەمەد ڕەزا شا لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا شوێنی ڕەزا شای باوکی گرتەوە و دەسەڵاتی پاشایەتی ئێرانی گرتە دەست. لە ماوەی جەنگی سارددا بوو بە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا. کاتێکیش دکتۆر محەمەد موسەدیق لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی دەسەڵاتی گرتە دەست، شای ئێران بە هاوکاری ئەمریکا و بەریتانیا توانی بگەڕێتەوە ئێران و دوبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، ئەم پشتیوانییە بەردەوام بوو تا ڕوخانی سیستەمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩. ئەمریکا جیاواز لە هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ ئێران، ڕۆڵی سەرەکی بینی لە بەرەوپێشخستنی ژێرخانی ئابووری و چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. لە ساڵی ١٩٥٠بە دواوە، حکومەتی ئێران دەیان هەزار خوێندکاری ناردووە بۆ ئەمریکا بە مەبەستی ڕاهێنانیان وەک پسپۆڕی بواری وزە. ئەم خوێندکارانە پاشان بوونە کەرەستەی پەرەپیدانی چالاکییە ئەتۆمیەکانی ئێران. محەمەد ڕەزا شا خەونی دەسەڵاتی باڵای هەرێمی هەبوو. ئەو هەمیشە دەیویست لە ناوچەکەدا هێزی ئێران باڵادەستی خۆی بنووێنێ و بەهێزتر بێت. بەتایبەتی لە ململانێ لەگەڵ عێراق و تورکیا.[٣]

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەڵام ئەم متمانەی ئەمریکا گۆڕدرا بۆ گومان لە چالاکییە ئەتۆمیەکانی ئێران. عەلی ئەکبەری ئیعتماد کە سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئێران بوو. لە بیرەوەرییەکانیدا، بە وردی باسی ئەم بابەتە دەکات. بە تایبەتی، ئەو نایشارێتەوە کە ئەمریکییەکان نیگەرانن لە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران. ئەمریکا لەبەر دوو هۆکار نیگەرانە یەکەمیان ئێران زۆر بە پەلە بوو لە چالاکییەکانی. دووەمیشیان هەڵبژاردنی ئەو جۆرە وێستگە ئەتۆمییانە، کە ئامانجی ئێران لە چالاکییە ناوکییەکان نیشان دەدات کە بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ئاڕاستە دەکران. بەڵام کەس ئاگاداری ئامانجی پاشا نەبوو، نە سەرۆک وەزیران و نە سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئێران. لە گێڕانەوەکەیدا، ئیعتیماد ئاماژە بەوە دەکات کە دەیەوێت مەبەستەکانی پاشا بزانێت. ئەو پێیوابوو کە شای ئێران لە دۆخی ئەو کاتدا بیری لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆم نەکردبووەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا ئاگاداری ئەو ڕایەی شا بوو کە لە هەلومەرجی پێویستدا دەکرێت ئێران بۆ نیشاندانی باڵادەسی خۆی لە ناوچەکە ئەو کارە بە ئەنجام بگەیێنێ.[٤]

**هاوکاری ئەتۆمی لە نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان لە پێناو بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی**

یەکەم هەوڵی ئێران بۆ گەیشتن بە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان. یەکەم وڵات کە داوای لە ئێران کرد تەکنەلۆژیای ناوکی بەدەستبهێنێت، ئەمریکا بوو. یەکەم هەنگاوی گرنگ لە ساڵی ١٩٥٦ ئەنجامدرا. لە ساڵی ١٩٥٧، ڕێککەوتنێک لە نێوان حکومەتی ئەمریکا و حکومەتی ئێران مۆرکرا لەسەر بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی نا سەربازیی. ئەم ڕێککەوتنە پێکدێت لە پێشەکی و ١١ بابەت. پرۆژەی ئەمریکا بۆ بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی لە چوارچێوەی ئەتۆم بەرامبەر ئاشتیدا بوو. سەرەڕای نیگەرانییەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەی کە بەشدارن لەم پلانەدا وە لادانیان لە بەکارهێنانی سەربازی، بەڵام ئەمریکا هەستیارییەکی زۆری بۆ ئێران نیشان نەدا.[٥]

هاوکات لەگەڵ ڕێککەوتنی هاریکاری ناوکی نێوان ئێران و ئەمریکا، پەیمانگای زانستی ناوکی لە ژێر سەرپەرشتی ئاژانسی ناوەندی سێنتۆ لە بەغداوە گواسترایەوە بۆ تاران. زانکۆی تاران ناوەندی تارانی دامەزراند لە ژێر ناوی سەنتەری ئەتۆمی زانکۆی تاران بۆ توێژینەوەی ناوکی. لە ساڵی ١٩٥٨، لەسەر پێشنیاری زانکۆی تاران، ڕیاکتەرێکی ئەتۆمی لەسەر ئەجێندای حکومەت دانرا. ئۆپەراسیۆنی دروستکردنی ڕیاکتەری زانکۆی تاران لە ساڵی ١٩٦٧ ئامادەکرا. توانای ڕیاکتەرەکە ٥ مێگاوات بوو. سەنتەری وزەی ئەتۆمی زانکۆی تاران خاڵێکی گرنگی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران بوو. لە وڵاتێک کە چەندین سەرچاوەی

نەوت و گازی تێدایە. ئێران هەوڵی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و گاز دەدات. ئەم هەڵوێستەی ئێران لە جیهاندا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. هاوکارییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا تا ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو، لە کاتێکدا ئەمریکییەکان گومانیان لە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران هەبوو.

چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران کە بە هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکا لە ئێران دەستی پێکرد. ئێران هاوکات لەگەڵ تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی وڵاتانی جیهان دۆخی نێودەوڵەتی خۆی گۆڕی ئێران. لە سەرەتای چالاکییە ئەتۆمییەکەیەوە پرۆتۆکۆلی NPT ئیمزا کرد. بەڵام ئێران نەیتوانی چالاکییە ئەتۆمییەکان بەو خێراییە ئەنجام بدات کە دەستی پێکرد. ئێران گومانی لە هاوکارییە جدییەکانی ئەمریکا هەبوو. بەرنامەی ئەتۆمی لە سەر ئاستی جیهان، بازاڕێکی باش بوو بۆ وزەی ئەتۆمی هەر بۆیە ئێران چەندین گرێبەستی لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی تر واژۆ کرد. هەموو ئەو بەشدارییە تەکنۆلۆژییانە بۆ ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ڕێکارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمدا بوو.

ئەکبەر ئیعتماد، سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران لە ساڵی ١٩٧٤، لە چاوپێکەوتنێکی درێژدا لەگەڵ بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران وتی. ئەوان دەیانویست فشار بخەنە سەر ئێران و پاشاکەی سەرەڕای ئەوەی متمانەیان بە ئێران هەیە. فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی سیاسی بەشداری خۆیان بۆ ئێران پێشکەش کرد. ئەمریکییەکان فشاریان خستەسەر کەسانی دەوروبەری شا لە ڕێگەی هەماهەنگی ئابووریی هاوبەشیان کە بتوانن ئیمتیازاتی زیاتر لە حکومەتی شا بەدەسبهێنن. ئەکبەری ئیعتماد کە جێگەی متمانەی شا بوو لەگەڵ هەموو فشارەکان توانی دوو کاری مەزن ئەنجام بدات. یەکەم: ئێران پێگەی نێودەوڵەتی خۆی پاراست و توانی لە هەمانکاتدا پەرە بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی بدات. هەروەها توانی هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران کەم بکاتەوە. دووەم: توانی کارەبا بۆ ئێران بەرهەم بهێنێت. هەرچەندە ئێران نەیتوانی بە وزەی ئەتۆمی کارەبا بەرهەم بهێنێت بکاتەوە، بەڵام ئامادەکاریی کرد بۆ دروستکردنی چەندین وێستگەی ئەتۆمی کە پاشان بوونە بنەمای کاری حکومەتەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران. ئێران چەندین گرێبەستی گرنگی لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهانی ئەنجامدا کە جێگەی ئاماژە پێکردنە.٦

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### فەڕەنسا

هاوکاری بەرفراوانی ئێران و فەرەنسا لە بواری تەکنەلۆجیای ئەتۆمی دەگەڕێتەو بۆ ساڵی ١٩٧٤ کە هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران. لە سەردانیکردنی شا و ئیعتماد بۆ فەرەنسا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ژیسکاردیسکن بە سەرۆکی ئەو وڵاتە ئەنجام درا. وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات لە ٢٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤ ڕێککەوتننامەیەکییان ئیمزا کرد کە هاوکاری زانستی، تەکنیکی، پیشەسازی بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمی لە خۆ گرتبوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە بە ڕێککەوتنی دایک دەناسرا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ گرەنتی کرابوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆمپانیا و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و فەرەنسا دەستکراوە بن لە هەماهەنگی و ئیمزاکردنی گرێبەست لە نێوان یەکدیدا. سێ میحوەری گرنگی ئەم ئەم هاوکاریانە بریتی بوون لە:

یەکەم: هاوکاری ئێران و فەرەنسا سەبارەت بە سوتەمەنی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆم.

دووەم: بونیادنان و دروستکردنی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی ئەتۆمی.

سێیەم: دروستکردنی چەندین وێستگە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی ئەتۆمی بە توانای ٥٠٠ میگاوات لە ئێران.

### ئەڵمانیا

ساڵێک دوای ڕێککەوتن لەگەڵ فەرەنسا و لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٧٥ ڕێککەوتننامەی هاوکاری لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی تەکنەلۆجی لە نێوان ئێران و دەوڵەتی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا واژۆ کرا. لەم ڕێککەوتننامەیە هەردوو لا پابەندی خۆیان نیشاندا، کە لە چوارچێوەی ئاشتیخوازانە پەرە بە هاوکاری تەکنیکی و ئەتۆمی بدەن لەو بوارانەی خوارەوە:

- توێژینەوە و پەرەپێدانی زانستی و تەکنەلۆجی
- پێگەیاندنی کارمەندانی زانستی و فەنی
- تەکنەلۆجیای هێزی ئەتۆمی
- سەلامەت و پارێزگاریکردن لە دامەزراوە ئەتۆمییەکان و بەرگریکردن لە بڵاوبوونەوەی تیشکی ئەتۆمی
- سوتەمەنی ئەتۆمی
- بەکارهێنانی وزەی ئەتۆم جیاواز لە بەکارهێنانی وەک بەرهەمهێنانی کارەبا.

### بەریتانیا

هاوکاری ئێران و بەریتانیا زیاتر خۆی لە پرۆسەی بازنەی سوتەمەنی ئەتۆمی دەبینیەوە.

لە سالانی ١٩٧٦ چەند گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانیەکان ئیمزا کرا، سەبارەت بە کڕینی یۆرانیۆم و گۆڕینی یۆرانیۆم بوو. بەڵام بە گشتی فەرەنسا و ئەڵمانیا گەورەترین لایەنەکانی گرێبەست و واژۆکردنی ڕێککەوتننامە بوون لەگەڵ ئێران.٧

ئەمریکا و ئێران جیاواز لەو ڕێککەوتنانەی کە لەگەڵ ئەڵمانیا و فەرەنسا واژۆی کردبوون، هاوکات لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کەوتە گفتوگۆ. ئەمریکا بەڵێنی دروستکردنی چەندین وێستگەی ئەتۆمی بە ئێران دابوو. بەو شێوازەی کە شای ئێران خوازیاری بوو. بەڵام مەرجی ئەمریکا ئەوە بوو کە کۆمسیۆنێکی هاوبەش لە هەردوولا چاودێری پرۆسەکە بکەن. هەروەها ئەمریکا گرفتی لەگەڵ دابینکردنی یۆرانیۆمی پیتێندراو بە وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران. تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی هیندستان لە ساڵی ١٩٧٤ شۆکێکی گەورە بوو هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ زلهێزە گەورەکانی خاوەن بۆمبی ئەتۆم لە جیهاندا. هەر بۆیە ئەمریکا زۆر لەو هەنگاوانەی کە هاویشتبوونی بۆ هەندی وڵات کە ببنە خاوەن وزەی ئەتۆمی بۆ بەکارهێنانی ئاشتیانە لە ناویشیاندا ئێران پەشیمان بووەوە. یاخود باشترە بڵێین پاشگەز بووەوە لە هەندێ لەو هەنگاوانە. بەڵام ئەو توندییەی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران هێواشتر بوو، هەندێک چاوپۆشی تێدا بوو. ساڵی ١٩٧٥ هۆشەنگی ئەنساری وەزیری کاروباری دارایی ئێران لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێککەوتنێکیان بە نرخی ٦،٥ ملیارد دۆلار ئیمزا کرد. کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەمریکا هەشت ڕیاکتۆری ئەتۆمی بە ئێران دەبەخشی. هەروەها کۆمسیۆنی وزەی ئەتۆمی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر ڕیاکتۆرێکی «ئاوی سووک» بە توانای ١٢٠٠ میگاوات لەگەڵ سوتەمەنیەکەی بە ئێران بفرۆشێت. ئەم هەموو گرێبەست و چالاکییانەی ئێران لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات شای ئێرانی گەیاندبووە ئەو ئەنجامەی کە ئێران زۆرتر لەو ماوەیەی کە پلانی بۆ دانراوە دەبێتە خاوەنی وزەی ئەتۆمی.[٨]

## ڕێککەوتنی دروستکردنی وێستگەکانی کارەبا

لە نێوان سالانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٩، ئێران هەشت وێستگەی ئەتۆمی لە نێوان ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و بەڵێندەرانی بیانی واژۆ کرد. وێستگەی وزەی ئەتۆمی بوشەهر (دوو یەکە): دروستکردنی ئەو دوو یەکەیە بە توانای ١٣٠٠ مێگاوات لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی KWU کۆتایی هات. گرێبەستەکە جێبەجێکرا هەتا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٣٥٨ ڕاگیرا، کارەکانی بیناسازی بە ڕێژەی ٨٠٪ و کارە کارەبایی و میکانیکییەکان بە ڕێژەی ٦٠٪.

وێستگەی کارەبای ئەتۆمی کارون (دوو یەکە): گفتوگۆی دروستکردنی هەردوو یەکەکە بە توانای هەریەکەیان ٩٥٠ مێگاوات لەگەڵ کۆمپانیای فەرەنسی (فرانتات) ئەنجام درا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شوێنەکە لە نزیک ئەو شوێنە بوو کە لە لایەن (ن.ک)ەوە بوو، بەڵام ڕووی نەدا.

وێستگەی وزەی ئەتۆمی ئیسفەهان (دوو یەکە): ڕێککەوتنی دروستکردنی ئەو دوو یەکەیە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی KWU واژۆ کرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

وێستگەی وزەی ئەتۆمی ساوە (دوو یەکە): دروستکردنی ئەم دوو یەکەیە وێستگەیەکی کارەبا بوو بە توانای ١٢٩٠ لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی KWU، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[٩]

## چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ بۆ ١٩٧٩

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهانی بە قۆناغی زۆر جیاوازدا گوزەری کردوە. بە تایبەت پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا. بەڵگەکانی پەیوەست بە پەیوەندی ئێران و ئەمریکا لە دووتوێی ئەو پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامانەی کە نێوان ئێران ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەروەها وڵاتانی ئەورووپایی جێگەی سەرنج و تێڕامانە. جیاواز لە بابەتە تەکنیکییەکان، ئامانجی سیاسی و ئابووری لە پشت ڕێککەوتنەکانەوە بەدی دەکرێن. ڕوی سیاسی و تەکنیکی ئەو بابەتە لە بیرەوەریەکانی عەلی ئەکبەی ئیعتماد بە وردی باسی لێوە کراوە، کە زانیاری گرنگ و بەسوودی لە ئامێز گرتووە. ئیعتماد نایشارێتەوە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە تایبەت لە سەردەمی شەڕی سارد لە جیهاندا پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە ژێر گوشاری گەورە بەرپەسانی ئەمریکا، ئاڵۆزییەکی بۆ هەردولا دروست کردبوو. ئاماژە بە ناشارەزایی و خۆێن ساردی ئەمریکاییەکان دەکات لە وتووێژەکانی لەگەڵ ئێران. زۆرجار وەک قەییوم هەڵسوکەوتیان کردووە. هەندێجار ناچار بووە کۆبوونەوەکان جێبهێڵێت تا ئەو کاتەی ئەمریکییەکان دەچەنەوە ماڵەوەو و پاش سەعیکردن بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتووگۆکان. ئەمەش بۆ ئێران کە بە پەلە بوو لە بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی بێزارکەر بوو. هەرچەندە لە کۆتاییەکانی حکومەتی شای ئێران ڕێکەوتنامەی زۆریان واژۆ کرد، بەڵام هەڵەکانی حکومەتی جیمی کارتەر سەبارەت بە ئێران هەموو ئەو هەوڵانەی ئێرانی لە بار برد. فشارە ئابووری و سیاسییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و بۆ کۆنترۆڵکردنی ئێران و بە ئامانجی نزیک نەبوونەوەی لە سۆڤیەت بوو. ئێران هەم لە سەنتەری دیواری دژە سۆڤیەت وەستابوو و هەم دەستوپێی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە بەسترابوو. سیاسەتی وابەستەکردنی ئێران لە ڕێگەی تەکنەلۆجیکی و سوتەمەنی ئەتۆمی وای لە ئێران دەکرد بۆ هەمیشە وابەستەی دەست و پێشکاوی ئەمریکا بێت.

ئەو سیاسەتانە وای لە حکومەتی شا کرد ڕوو لە وڵاتانی ئەورپایی بکات، بە تایبەت ئەڵمانیا و فەرەنسا کە بوونە دوو یاریکەری دیاری بواری ئەتۆمی لە ئێراندا، ئەوەش بە چەند هۆکارێک:

## هۆکاری سیاسی

ئەتۆم لە سەرەتادا بۆ ئامانجی سەربازیی بەکار هات. پاشان بەکارهێنانی بۆ وەبەرهێنان لە بواری پزیشکی و کشتوکاڵ وزەی کارەبا بووە دیاردەیەکی باو لە سەردەمی جەنگی سارددا. ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی بوون ژمارەیان کەم بوو. هەر ئەو وڵاتانەش بوونە خاوەنی مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەمریکا دیاردەی هەناردەکردنی تەکنەلۆجی ئەتۆمی بۆ مەبەستی وزە کردە باوی ئەو سەردەمە. ڕێچکەکەش وەها ڕێکخرابوو کە لە ڕێگەی واژۆکردنی چەندین ڕێککەوتننامە و پابەند بوون بە ڕێکارەکانی ڕێکخراوی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی. بەڵام لە تەنیشت ئەمریکاوە بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنساش بەم ڕێچکەیەدا ڕۆیشتن. ئەم بابەتە وەک لە سەرەتادا بە ئامانجی وابەستەکردنی وڵاتانی وەرگری ئەو تەکنەلۆجیایە بوو، بەڵام پاشان بوو بە بابەتێکی نێودەوڵەتی قوورس. بە تایبەت دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی هیندستان.

ئەمریکییەکان سارد بوون لەو پرۆسانە. بەڵام ئەورووپاییەکان هەر زۆر ئەو ساردییەیان دەقۆستەوە و بە ئەنجامدای گرێبەست و واژۆکردنی چەندین ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئێران بوونە هۆکاری ئەوەی کە بونیادی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بە ناتەوای دابمەزرێنن و، لەو ڕێگەیەوە بتوانن جێ پێی خۆیان لە ناوچەکە قایم بکەن. ئەورووپای سەردەمی جەنگی سارد بە تایبەت ئەورووپای سەر بە بلۆکی ئەمریکا هێشتا وەک هێزی سەرکەوتووی جەنگ تەماشا دەکرا و بەهێز بوو. هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سەربازیی و هەم لە رووی سیاسی. ئەورووپا وەک هێزی باڵای حقوقی و یاساییش ناوەندی بەهێزی جیهان بوو. کە تا ئێستاکەش ئەورووپا کە بەرامبەر بە ناوەندەکانی تری جیهانی بەهێز نییە بەڵام لە روی بەها یاسای و مافی مرۆڤ و یاسا جیهانییەکان تا ئێستا وەک چەقی سیاسەتی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت.[١٠]

سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە بڵاوبوونەی تەکنەلۆجیای ئەتۆمی قوورستر و سەختتر بوون. لە ساڵی ١٩٧٤ هێنری کیسنجەر ئاماژەی بەوە دا کە « هەردوولا لە سەر ئەوە کۆکن کە کۆنترۆڵی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی فراوانتر بە بەر گرتن لە بەدەستهێنای تەکنەلۆجیای ئەتۆمی لە لایەن کەسانی نابەرپرس بگیرێتە بەر. هەردوولا لەسەر ئەوە کۆکن کە پابەند بن بە بنەماکانی پەیماننامەی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا کە هەردولا ئیمزایان کردووە.» لە پاش ئەوە هەرچی گفتگۆ و دانیشتن لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا ئەنجامدرا بێ ئەنجام بوون و هەر لە چوارچێوەی کاغەزەکاندا مانەوە. ئەمە یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی دەست نەگەیشتنی ئێران بوو بە وزە و توانای ئەتۆمی. لە ئەمریکا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

حەساسیەتێک بەرامبەر بە شای ئێران دروست ببوو. لە خواستەکانی شای ئێران وەک دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەڕوانرا. ئەمەش وای لە شای ئێران کرد ڕوو لە سیاسەتەکانی ئەورووپا بکات. لە لایەکی ترەوە کەوتن و ڕوخانی بەشێک لە وڵاتە دیکتاتۆرەکانی جیهان کە سەر بە ئەمریکا بوون لە کۆریای باشوور تا دەگاتە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئەو ترسەی لە دڵی شای ئێراندا چاند کە بەردەوام بوون لە وابەستەیی بە ئەمریکا مەترسیدارە.

فەرەنسییەکان لە ساڵانی ١٩٥٠ بە دواوە لە ژێر سەرکردایەتی ژەنراڵ دۆگل دروشمی سیاسەتی سەربەخۆی نیشتمانیان بەرز کردبووەوە. دۆگل لە ناخەوە کاریگەری بە سەر شای ئێرانەوە بەجێهێشتبوو. ئەمەش لەگەڵ خەونە سیاسی و ئابوورییەکانی شای ئێران یەکی دەگرتەوە. دابەش بوونە جیهانییەکانیش بە شیوازێک بوون کە دەبوو ئەورووپاش لە دۆلارەکانی فرۆشتنی نەوت لە سەر ئاستی جیهان بەشی هەبێت. ئەم هۆکارانە بە گشتی دەرگاکانی فەرەنسای بە سەر ئێراندا ئاوەڵا کردبوو. لە لایەکی ترەوە سیستەمی سیاسی لە فەرەنسا کە سەرۆکایەتی بوو بڕیاردانی بۆ سەرۆک فەراهەم کردبوو. بڕیارەکانی پێویستی بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەندەکانی تری دەسەڵات نەبوو. بە هەمان شێوەش هەمان دەسەڵات بۆ ڕاوێژکاری ئەڵمانیاش هەبوو. لە لایەکی ترەوە سەرۆکی ئاژانسی ئەتۆمی ئێران عەلی ئەکبەی ئیعتماد خۆی لە فەرەنسا دکتۆراکەی لە بواری ئەتۆمیدا بە دەستهێنابوو.

### هۆکاری تەکنەلۆجیکی

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی حیکایەتی باو لە هەموو جیهاندا ئەوەبوو کە جیهانی داهاتوو، جیهانی ئەتۆمە. سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا ڕوو لە کەمی دەکەن. سەرچاوەکانی وزەی سروشتی سنووردارە. هەریەک لە وڵاتانی جیهان بەپێی بارودۆخی تایبەتییان ئەم حیکایەتەیان وەرگرتبوو. زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ناوەندێکی تایبەتییان بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە دامەزراندبوو. لەو سەردەمەدا تەکنەلۆجی ئەتۆمی مۆنۆپۆلی ئەمریکا بوو. شەڕی سارد لە جیهاندا و هەر وڵاتێک لە لای خۆیەوە خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو مۆنۆپۆلە بشکێنن. لە پاش چەند ساڵێک سۆڤیەت توانی چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەمریکا هێشتا باڵادەسی خۆی لە دەست نەدابوو لەو بوارەدا. پاشان فەرەنسا و بەریتانیش و چینیش توانیان ببنە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. بەم شێوەیە ڕوخساری بابەتەکە گۆڕانی بە سەردا هات. وڵاتانی وەک فەرەنسا و کەنەدا و چەندین وڵاتی تری جیهانی لە سەرەتادا وابەستەی ئەمریکا بوون لە تەکنەلۆجیای ئەتۆمی، بەڵام پاشان گواستنەوەی ئەم تەکنەلۆجیایە بۆ بواری بەدەستخستنی توانای بەرهەمهێنانی وزە، سەرەتا لە پیشەسازی ژێردەرياييەکان و پاشان بۆ وەبەرهێنانی

کارەبا زۆرێک لە وڵاتانی گرتەوە. سیاسەتی ئێرانیش لەو سەردەمە بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە بەشوێن ئەم پرۆسیەیەوە بوو.[١١] لە هەمانکاتدا هەڵبژاردنی فۆرمی ئەو تەکنەلۆجییە بە شێوازێک بوو کە دەبێت وڵاتان زۆر بە وردی هەڵیبژێرن، ئەگەرنا پاشان گۆڕینی ئەو فۆرمە بۆ دامەزراوەکان زۆر ئەستەم و پڕ خەرجی دەبوو. ئەم ڕاستییانە بۆ ئێرانیش ڕاست بوو.

## ئەنجام

ئێران لە ساڵی ١٩٥٠ و تورکیا ١٩٥٦ و پاکستان لە ساڵی ١٩٧٢ چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆیان دەستپێکرد، بەڵام هەوڵەکانی پاکستان سەری گرت و لە ساڵی ١٩٨٨ توانی یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی خۆی ئەنجام بدات. بەڵام هەریەک لە ئێران و تورکیا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێکی بەرچاو. ئێران توانی بونیادی دامەزراوەی ئەتۆمی خۆی پەرەپێبدات. پاشان ئەم چالاکییانەی ئێران بۆ بە بنەمایەک بۆ قۆناغی دوای شۆڕش. بەڵام چالاکییە ئەتۆمیەکانی تورکیا لە چوارچێوەی دامەزراوەی لێکۆڵینەوە زیاتر گەشەی نەکرد. تورکیا نە خاوەنی سەرچاوەی نەوت و گازی سروشتیە و پێویستی زۆری بە وزەی جێگرەوە هەبوو بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام وڵاتانی زلهێز بەربەستیان بۆ دروست دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە تورکیا ئەندامی ناتۆ بوو. هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەیشتن بە وزەی ئەتۆمی تا ئێستا بێ ئەنجام ماوەتەوە. ڕەهەندی سیاسی و یاسایی ئەو بابەتە کاریگەری زۆری بە سەر دۆسییەی ئەتۆمی وڵاتانی ناوچەوە هەیە.

سروشتی حوکمڕانی و فاکتەری جیۆپۆلەتیکی وڵاتان لە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی گۆڕانی بنچینەیی ناخولقێنێت. شای ئێران دەستی دایە دۆسییەیەکی قوورس. هەرچەندە تەمەنی دەسەڵاتەکەی دەرفەتی نەدا کە سەرکەوتووبێت، بەڵام لە پاش خۆی هەمان ڕێچکە لە رژێمی سیاسی دوای خۆی بەردەوام بوو. یارییە ئەتۆمی و سیاسییەکانی پەیوەست بەو دۆسییەیە هەمان ئەو یاریانە بوون کە ئێستا لە ئارادایە. ئەگەر لە ڕوانگەی وڵاتانی خاوەن تەکەلۆجیای ئەتۆمیش لە بابەتەک بڕوانیین، ئەوا چوارچێوەی سیستەمەی سیاسی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە چاودێری قورستر لە سەردەمی شەڕی سارد لەو بابەتە دەڕوانن. بابەتی دۆسیەی ئەتۆمی هەر بابەتێکی فەنی و مافی وڵاتان نییە بۆ گەیشتن پێی، بەڵکو ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و یاساییەکانیشی وەک بەربەست دەکرێنە ئامرازی فشار بۆ سەر دەوڵەتان. هەلومەرجی ناجێگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ لە سەردەمی شەڕی سارد و چ لە ئێستادا گونجاو و لەبار نیە بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەراوێزەکان

1 Michele Gaierra- 2015-The trajectory of Iran's nuclear program- Plagrave macmillan- UK

٢ سید حسین موسویان-١٣٩٤- روایت بحران هستەای ایران ناگفتەهای یک دیپلمات- تهران- انتشارات تیسا.

3 Farhad Rezaei- 2017- Iran's nuclear program 1979-2015- Plagrave macmillan- UK

٤ علی اکبر اعتماد- ١٣٩٦- در پرتگاه حادثه زندگی نامه اکبر اعتماد بنیانگذار سازمان انرژی اتمی ایران- تنظیم اثر: محمد حسین یزدانی-تهران-اختران

٥ کاظم غریب ابادی-١٣٨٦- پرونده هستەای ایران به روایت اسناد- تهران- مرکز اسناد و تایخ دیپلماسی ایران.

٦ علی اکبر اعتماد- ١٣٩٦- در پرتگاه حادثه زندگی نامه اکبر اعتماد بنیانگذار سازمان انرژی اتمی ایران- تنظیم اثر: محمد حسین یزدانی-تهران-اختران

٧ محسن نجفی، جعفر مقدم- ١٣٩٤-فعالیتهای هستەای ایران و تعامل ان با کشورهای خارجی (از اغاز تا سال ١٣٦٨)- تاریخچه انرژی هستەای در ایران و جهان- مرکز اداره اسناد و تاریخ دیپلماسی- چاپخانه نشر وزارت امور خارجه-صفحه ٣٧-٣٣

٨ هەمان سەرچاوە.

٩ کاظم غریب ابادی-١٣٧٨- برنامه هستەای ایران واقعیتهای اساسی- تهران-مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه

١٠ عباس هدایتی خمینی- ١٣٩٤-فعالیتهای هستەای ایران و تعامل ان با کشورهای خارجی (از اغاز تا سال ١٣٦٨)- تاریخچه انرژی هستەای در ایران و جهان- مرکز اداره اسناد و تاریخ دیپلماسی- چاپخانه نشر وزارت امور خارجه-صفحه ٩٧-٩٤

١١ هەمان سەرچاوەی پێشو



# ناكۆكییەكانی ئێران و ئیمارات سەبارەت بە سێ دوورگەكە

## ( طنب الكبرى، طنب الصغرى، أبو موسى)

توێژەر: یاسین عزەم




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەرایی

هەوڵ و تەقەلای ئێرانییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو دوورگانە بۆ زیاتر لە دوو سەدە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیمارات دەگەڕێتەوە، لەسەرەتادا بەریتانییەکان ڕێگربوون لە هاتنەدی خەونی ئێرانییەکان، چونکە پاراستنی دوورگەکان و ئەو خێڵە عەرەبیانەی کە نیشتەجێی ناوچەی کەنداو بوون خستە ئەستۆی خۆی. دەسەڵاتی قاجارییەکان چەند جارێك هەوڵیاندا ئەو ناوچانە بخەنە ژێر سنووری فەرمان ڕەوایەتییەن، بەڵام تەواوی هەوڵەکانیان لەلایەن بەریتانییەکانەوە شکستی هێنا. لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەریتانیا نیازی خۆی پیشاندا بە چۆڵکردنی ناوچەی کەنداو، ئەوەش هەلی دایە دەست محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی کە خەونی لە مێژینەی ئێرانییەکان بەدەستگرتن بەسەر ئەو سێ دوورگەیە بهێنێەدی. هەرچەندە دەستبەسەرداگرتنی ئەو دوورگانە دوو ڕۆژ بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیمارات بوو، بەڵام ئەو هەنگاوەی ئێران بووبە مایەی ناڕەزایەتی دەسەڵاتدارانی ئیمارات، هەربۆیە لەو کاتەوە تا ئێستا کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە سەبارەت بە خاوەندارێتی ئەو سێ دوورگەیە درێژەی هەیە، بەجۆرێك هەر وڵاتە و خۆی بەخاوەنی ڕاستەقینەی ئەو دوورگانە دەزانێت. بەهۆکاری دەستبەسەرداگرتنی دوورگەکان لە لایەن هێزی دەریایی ئێرانەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیمارات هەموو هەوڵێکی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو دوورگانە لەژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکان دەربهێنن.

ئەم نووسینەی بەردەست بۆ دەرخستنی لایەنی مێژووی و ئەو ململانێ و ناکۆکییانەیە کە لە نێوان ئێران و ئیمارات، سەبارەت بە خاوەندارێتی سێ دوورگەکە هەیە.

## ڕیشەی مێژوویی کێشەکە

مێژووی سیاسی سێ دوورگەکە تا پێش ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم تاڕادەیەك نادیارە، ناتوانرێت بسەلمێندرێت کە لە لایەن کێوە بەڕێوەبراوە، ئەوەش پەیوەندیدارە بە و بارودۆخەی کە ناوچەی کەنداوی پێدا تێپەڕیوە لەو ماوەیەدا، کە بە دەست شەڕو نائارامییەوە دەیناڵاند. ئەو بارودۆخە ناهەمواره وایکرد ناوچەکە هەر جارەو لە لایەن دەستەو تاقمێکەوە بەڕێوەببرێت. لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٢٨ بەدواوە لە ژێر کۆنترۆڵی هۆزە عەرەبییەکانی ناوچەکەبوو، کە بە هۆزی( القواسم) کە ناوێکی مێژووی بۆ ئەو عەرەبانە بەکار دەهات کە نیشتەجێی (رأس الخيمة، الشارقة) بوون. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٧٣٧ ناوچەی (رأس الخيمة) لە لایەن

قاجارییەکانەوە هێرشی کراوەتەسەر و دەستی بەسەردا گیراوە. ئەوە لەکاتێکدایە بەشێکی دیکە لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە شێخەکانی ناوچەکە بۆ ماوەیەکی کەم لەژێر دەسەڵاتی قاجارییەکاندا ماونەتەو و دواتر ناوچەکەیان خستۆتەوە ژێر دەستی خۆیان.

لە ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان بنەماڵەی قاجارییەکان، عەرەبەکانی (القواسم)، بەشداریان کرد، ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی لەسەرەتادا لە ناوچەکانی خۆیان پێگەی خۆیان بەهێز بکەن و ناوچەی دیکەش بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لەو نێوانەدا شاری (لنجە) کە شارۆچکەیەکی ئێرانی پێشکەوتوو بوو لەڕووی بازرگانییەوە. لەگەڵ ئەوەی لنجە ناوچەیەکی ئێرانی بوو، بەڵام لە لایەن عەرەبەکانی (القواسم) بەڕێوەدەبرا بۆ ماوەکی دوور و درێژ.

دوای ئەوەی لە لایەن قاجارییەکانەوە کۆتایی هێنرا بە دەسەڵاتی شێخەکانی عەرەب لە شارۆچکەی(لنجە) و ئاڵای قاجارییەکانی تێدا بەرزکرایەوە، لە ٢٨ی نیسانی ١٨٨٨ نەسرەدین شا، بەفەرمی داوای لە باڵیۆزی بەریتانیا کرد دان بنێت بە دەسەڵاتی ئێران لەسەر دوورگەی ئەبو موسا، بەڵام لە وەڵامی داواکەی نەسرەدین شا، باڵیۆزی بەریتانیا ڕایگەیاند ناوچەکە بەشێك نییە لە دەسەڵاتی قاجارییەکان [١]. بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە هەر دەستوەردانێکی قاجارییەکان لە ناوچەکەدا، بەریتانیا پەیماننامەیەکی لەگەڵ شێخەکانی ناوچەکە گرێدا، بەپێی پەیماننامەکە، بەریتانا پاراستنی ناوچەکە و تەواوی ماڵ و موڵکی شێخەکانی عەرەبی نیشتەجێی ناوچەکەی لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی گرتە ئەستۆی خۆی.هەڵوێستی بەریتانیا سەبارەت بە سێ دوورگەکە و پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەکی ئێرانییەکان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهات تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەویش کاتێك لە ساڵی ١٩٦٨ بەریتانیا نیازی خۆی پیشاندا بە کشانەوە لە ناوچەی کەندا و تا ساڵی ١٩٧١. بەر لەکشانەوەی تەواوەتی، بەریتانییەکان چەند ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ئەمریکیەکان کردبوو بە پێی ڕێکەوتنەکان وا بڕیاردرابوو کە ئەمریکا بۆشایی سیاسی و سەربازیی بەریتانیا پڕبکاتەوە لەناوچەکەدا.[٢]

لەماوەی نێوان ساڵی ١٨٩٢ کە بەریتانیا پەیماننامەی پاراستنی ناوچەکەی لەگەڵ شێخە عەرەبەکان واژوو کرد تا ساڵی ١٩٧١، کە ئێران دەستی گرت بەسەر هەرسێ دوورگەکەدا، چەندین هەوڵی شکستخواردووی ئێران هەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ساڵی ١٩٠٤ بەرپرسانی گومرگی بەلجیکا کە کاریان بۆ دەسەڵاتی ئێرانییەکان دەکرد، ئاڵای هۆزی ئەلقەواسمیان لەسەر ناوچەکە هێنایەخوارەوە و لە جێی ئەوە ئاڵای ئێرانیان هەڵکرد، ئەو کارە نارەزایەتی بەریتانییەکانی لێکەوتەوە و هەرەشەی بەکارهێنانی هێزیان کرد، ئەوەش ئێرانییەکانی ناچار کرد ئاڵاکەی خۆیان بهێننە خوارەوە و دوورگەکە چۆڵ بکەن.

لە ساڵی ١٩٢٣ و دوای دامەزراندنی رێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئێران ویستی جارێکی دیکە لە رێگەی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە باس لە سەروەری وڵاتەکەی بکات بەسەر هەرسێ دوورگەکە، هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانەوەی کێشەکە پەیوەندی بە بواری ئابووریەوە هەبوو، چونکە لەو ماوەیەدا کۆمپانیایەکی ئێرانی سەرقاڵی بەرهەمهێنان و هەناردەی ئۆکسیدی ئاسنی سوور بوو، کۆمپانیایەکی بەریتانیش هەمان ماددەی بەرهەمدەهێنا لە دوورگەی ئەبوموسا، هەربۆیە کۆمپانیا ئێرانییەکە داوای لە وڵاتەکەی کرد کە لە رێگەی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دەسەڵاتی وڵاتەکەی بسەپێنێت بەسەر ئەو دوورگانەدا، بەڵام هەر زوو لە لایەن بەریتانییەکانەوە ئەو هەوڵەی ئێران شکستی پێهێندرا.

لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٥ گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئێران دروستبوو، کە کۆتایی بەدەسەڵاتی قاجارییەکان هات و رەزاشای پەهلەوی بەناوی بنەماڵەی پەهلەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام کێشەی نێوان ئێران و بەریتانیا سەبارەت بە سێ دوورگەکە جارێکی دیکە سەریهەڵدایەوە. ئەوەش وایکرد هەردوو وڵات بەدوای چارەسەرێکی نوێ بۆ کێشەکە بگەڕێن.

لەساڵی ١٩٣٠ ئێرانییەکان، بیرۆکەیەکی نوێیان پیشکەش بە بەریتانییەکان کرد بۆ چارەسەری کێشەی سێ دوورگەکە. ئێرانییەکان، بە بەریتانیایان راگەیاند کە ئەوان دەستبەرداری دوورگەی ئەبوموسا دەبن و لەبەرامبەریشدا هەردوو دوورگەی تونبی گەورە و تونبی بچوک، بدرێت بە ئێران، بەڵام لە وەڵامدا بەریتانیا رایگەیاند کە ئەوان ناتوانن ناوچەیەك ببەخشن بە ئێران بە بێ ئەوەی موڵکی بەریتانیا بێت. هەرچەندە ئێران داوای کرد کە بە کرێ و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێیان بدرێت، بەڵام دوای ئەوەی بەریتانیا پرسیان بە شێخەکانی ناوچەکە کرد، ئەو بیرۆکەیەش شکستی هێنا.

لە ساڵی ١٩٣٥ چەند لێپرسراوێکی ئێرانی سەردانی دوورگەکانی تونبی گەورە و ئەبوموسایان کرد، ئەوەش بەریتانیای هاندا بۆ ئەوەی لە رێگەی فڕۆکەی چاودێرییەوە بۆ ماوەی زیاتر لە چەند هەفتەیەك ئاسمانی ناوەکە چۆڵ نەکەن، وەك هۆشدارییەك بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەنگاوی لەو شێوەیە نەنێن.

جارێکی دیکە لەساڵی ١٩٦١ فڕۆکەیەکی ئێرانی لە دوورگەی تونبی گەورە نیشتەوە، سەرنشینانی فڕۆکەکە چەند وێنەیەکی ناوچەکە و ئەو کەسانەشیان گرت کە لەناوچەکەدا دەژین، هاوکات پرسیاریان لە دانیشتوانەکەشی کرد کە سەر بە چ وڵاتێکن. ئەو هەڵوێستەی ئێران، باڵیۆزی بەریتانیای لە تاران تووڕە کرد، هەربۆیە یادخەرەوەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نارد و تیایدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەو دوورگەیە سەر بە ئیمارەتی (رأس الخيمة) یە. داوای لە وڵاتەکەشی کرد ئێرانییەکان لە دەستوەردان لە کاروباری ئەو ناوچانە ئاگادار بکاتەوە.[٣]

## دەستبەسەرداگرتنی سێ دوورگەکە لە لایەن ئێرانەوە

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئێران و بەریتانیا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە دانوستاندن سەبارەت بە سێ دوورگەکە بەردەوام بوون، تا لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن بەریتانیا دەستبەرداری ئەو دوورگانە بێت بۆ ئێران. هێزی دەریایی ئێران لەشکرکێشی بۆ سەر سێ دوورگەکە دەستپێکرد، دەستبەسەراگرتنی سێ دوورگەکە لە لایەن هێزی دەریایی ئێرانەوە دوو ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی دروستبوونی دەوڵەتی ئیمارات بوو.

لە ساڵی ١٩٦٨ بەریتانیا، نیازی خۆی پیشاندا بە کشانەوە لە ناوچەی کەنداو، بەڵام بەر لە کشانەوەی چەند دانیشتنێکی نهێنی ئەنجامدا، بۆ ئەوەی جێگەی بەتاڵی هێزە بەریتانییەکان لە ئاوەکانی کەنداو پڕبکرێتەوە.

بەر لەوەی بەریتانیا بەتەواوی لە کەنداو بکشێتەوە، هێزە سەربازییەکانی ئێران لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧١دا، دەستیان گرت بەسەر تونبی گەورە و تونبی بچوك و بەشێك لە دوورگەی ئەبوموسا. ئەو دۆخە تازەیەیە کە هاتە ئاراوە فەرمانڕەوای ئیمارەتی شاریقەی ناچار کرد داوای دانوستاندن بکات لەگەڵ حکومەتی ئێران، چونکە بەریتانیا بە حاکمی شاریقەی ڕاگەیاند بوو کە ئەوان چیدیکە ناتوانن بەر بە هێرشی ئێرانییەکان بۆ سەر ئەو دوورگانە بگرن.

بەشێك لە چاودێران پێیانوابوو ئەو هەنگاوەی محەمەد ڕەزا شا لە دەستگرتنی بەسەر ئەو سێ دوورگەیە بۆ پیشاندانی هێزی سەربازی و دەسەڵات و نفوزی خۆی بووە بە وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکە، جگە لەوەش ئێران بە تەمای ئەوە بوو وڵاتی بەحرەینیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەربۆیە بۆ ئەوەی دەستبەرداری بەحرەین بێت بەریتانیا، ڕێگەیدا ئەو دوورگانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و کۆتایی هێنان بە حوکمی محەمەد ڕەزا شا،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وڵاتانی کەندا و بە ئومێدی ئەوە بوون ئێرانی نوێ دەستبەرداری ئەو ناوچانە بێت کە لە لایەن دەسەڵاتی پەهلەوییەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، بەڵام ئێرانی نوێش لەسەر هەمان سیاسەتی پێشوو بەردەوام بوو، ئامادە نەبوو دەستبەرداری سێ دوورگەکە بێت، ئەوەش بووبە مایەی نارەزایەتی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی کەندا و بەتایبەتی ئیمارات.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە دوورگەی ئەبوموسا، ئێران دەستی کرد دروستکردنی فرۆکەخانە و چەند جێگەیەکی لەنگەرگرتنی کەشتی. کاتێك دەنگۆی هەڵگەڕانەوەی سەربازیی لە ئیمارەتی شاریقە بڵاو بوویەوە، ئێرانییەکان بەرەو باشووری دوورگەی ئەبوموسا کشان و ئاڵای شاریقەیان هێنایە خوارەوە، لەکاتێکدا ئەو ناوچەیە سەر بە دەسەڵاتی شاریقە بوو، بەڵام دوای ئەوەی هەڵگەڕانەوە سەربازییەکە شکستی هێنا، بە خێرایی ئاڵاکەیان لە جێگەی خۆی هەڵکردەوە و گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێی بوون. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، جارێکی دیکە ئێرانییەکان هەستان بە دروستکردنی ناوچەیەکی تایبەت بە نیشتنەوەی فڕۆکە بەجۆرێك فراوان بوو کە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی شاریقە، بووبە بەشێك لەو پرۆژەیەی ئێران.

لە ڕاستیدا گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە دەستوەردانەکانی ئێران نەبنە مایەی چاوتێبڕینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چونکە لەساڵی ١٩٩٠ عێراق هێرشی کردە سەر وڵاتی کوەیت و داگیری کرد، ئیتر ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵ کرد و کێشەی دوورگە داگیرکراوەکەی بیر بردەوە. ئەوەی جارێکی دیکە بابەتەکەی هێنایەوە سەر ساحەی سیاسی پەیوەندی هەبوو بە داوایەکی ئێرانییەکان لەو کەسانەی کە دەیانویست سەردانی دوورگەکان بکەن، بەوەی کە دەبێت داواکاری پێشکەش بە ئێران بکەن. ئەوەش نارەزایەتی ئیماراتی لێکەوتەوە. کاتێك ئیمارات داواکەی ئێرانی ڕەتکردەوە، لەساڵی ١٩٩٢ دەسەڵاتدارانی ئێرانی شارەزا بیانییەکانی لە دوورگەکە وەدەرنا.

جگە لەوەش دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ ڕێگەیان نەدا بە مامۆستاکانی یەکێك لە قوتابخانەکانی ناوچەکە بگەڕێنەوە بۆ وتنەوی وانەکانیان، لەکاتێکدا ئەو مامۆستایانە هەڵگری ڕەگەزنامەی عەرەبی بوون. بەڵام دواتر و بەپێی ڕێکەوتنێك لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵ ڕێگەیدا بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەکانیان بۆ وتنەوەی وانە بە خوێندکارەکان. (٤)

لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٩ بۆ ئەوەی یەکلایی بکاتەوە کە ئەم دوورگانە

بەشێکی دانەبڕاوە لە وڵاتەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەستا بە دروستکردنی فڕۆکەخانەیەك لە دوورگەی ئەبو موسا، هاوکات هێڵێکی فڕۆکەوانیشی کردەوە لەنێوان دوورگەکە و شاری بەندەر عەباسی ئێرانی، هاوکات شارەوانی ئێرانی لە دوورگەکە کردەوە، هەموو ئەو هەنگاوانەی تاران بۆ ئەوە بوو کە بیەوێت بیسەلمێنێت ئەم دوورگانە بەشێکە لە وڵاتەکەی و هاوکات پەیامێکیش بوو بۆ دەوڵەتی ئیمارات، کە تاران ئامادە نییە دەستبەرداری ئەم دوورگانە بێت، جگە لەوەش لە ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن تارانەوە بڕیاردرا بە دانانی دوورگەی ئەبو موسا بە پایتەختی ئەو پارێزگا نوێیەی کە بەناوی دوورگەی فارسەوە بڕیاری لەبارەوە درا. هاوکات چەندین کۆمپانیای گەشتیاری ئێرانی سەفەرەکانی خۆیان بۆ هەرسی دوورگەکە چڕتر کردەوە، ئەوە جگە لەئەنجامدانی چەندین مانۆڕی سەربازی لەلایەن ئێرانەوە لەسەر زەوی دوورگەکان و دەوروبەری. دەسەڵاتدارانی ئیماراتی چەندین جار لەو هەڵوێستانەی ئێران ناڕەزایەتیان دەربڕیوە و پێیان وابووە ئەوە شکاندنی سەروەری ئیماراتە، چونکە ئەم دوورگانەو و دانیشتوانەکەشی بەشێکن لە دەوڵەتی ئیمارات و لای خۆشیانەوە چەندین هەوڵی دیبلۆماسی و سیاسیانداوە بۆ ئەوەی بیگێڕنەوە سەر سنووری وڵاتەکەیان، بەڵام تا ئێستا لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون، بارودۆخ وانیشاندەدات کە ئێران دەسەڵاتی تەواوەتی هەیە لەسەر هەرسێ دوورگەکە، ئەوەش بەیەکێك لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکانی ساردی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات دادەنرێت لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیماراتەوە لەساڵی ١٩٧١.[٥]

فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٩ سەردانی دوورگەی ئەبوموسای کرد، سەردانی لێپرسراوە سەربازییەکەی ئێران بوو بە هۆکاری توڕەبوونی دەوڵەتی ئیمارات و پەرلەمانی عەرەبیش، چونکە لەسەردانەکەیدا، محەمەد عەلی جەعفەری ڕایگەیاند دوورگەی ئەبوموسا لەناو دڵی ئێراندایە و ئێمە بە هەموو توانای خۆمان پارێزگاری لێدەکەین. ئەو هەڵوێستەی جەعفەری مایەی ناڕەزایەتی وڵاتانی عەرەبی بوو، هەربۆیە پەرلەمانی عەرەبی ناڕەزایەتی خۆی لەو لێدوانانە دەربڕی.[٦]

ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئیماراتی بەتەواوی بێهیوا کرد لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان بۆ سێ دوورگەکە، بڕیارێکی عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو، کە ڕایگەیاند بڕیاریانداوە ژیان بگێڕنەوە بۆ ئەو درووگانە، مەبەستی خامنەیی لە بڕیارەکەی نیشتەجێکردنی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی بوو لەو سێ دوورگەیە. ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە ئێرانییەکان چی دی ڕازای نابن دانوستاندن لەسەر خاوەندارێتی ئەو دوورگانە بکەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

عەلی ڕەزا تەنگسیری لە میانی دیدارێکی ڕادیۆییدا ئەوەی دووپات کردەوە کە وڵاتەکەی بەنیازی ئەوەیە ئەو دوورگانە بەتەواوی ئاوەدان بکاتەوە. ئەوەش فەرمانی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییەو دەبێت جێبەجێبکرێت.[٧]

بەشێك لە چاودێرانی ئێرانی فشارەکانی ئیمارات سەبارەت بە خاوەندارێتی سێ دوورگەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ڕەنگە ئەو وڵاتە لە لایەن ئەورووپا و ئەمریکاوە هانبدرێت بۆ ئەوەی کێشە لە ناوچەکە سەرهەڵبدات. تەنانەت هەندێکیان تا ئەو ئاستە تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە ئیمارات لە ڕێگەی پێدانی ڕەشوە بە هەندێك لە وڵاتان دەیەوێت ئەو بابەتە لە سوودی وڵاتەکەی کۆتایی پێبهێنێن. ئەوە لە کاتێکدایە ئێرانییەکان ئامادەی ئەوە نین گفتووگۆ دەربارەی خاوەندارێتی ئەو دوورگانە بکەن.[٨]

کێشەی ئێران و ئیمارات تایبەت بە دەسەڵات و سەروەری هەر یەکێك لەو دوو دەوڵەتە بەسەر سێ دوورگەکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. هیچکام لەو دوو دەوڵەتە ڕازی نابن دەستبەرداری ئەو دوورگانە بن و هەریەکەیان بە کۆمەڵێك بەڵگە، ئەو دوورگانە بە بەشێك لە وڵاتەکەی لەقەڵەم دەدات.

لەم ساڵانەی دواییدا و دوای ئەوەی ئێران بەتەواوی دەستی گرت بەسەر سێ دوورگەکەدا، ڕازی نابێت کێشەکە لە ڕێگەی دانوستاندنەوە چارەسەر بکات و پێیوایە ئەو کێشەیە کۆتایی هاتووە بەوەی کە ئەو دوورگانە موڵکی خۆیانن. دەوڵەتی ئیمارات ناتوانێت بە زەبری هێز ئەو دوورگانە بگێڕێتەوە سەر وڵاتەکەی، هەر بۆیە لە ئێستادا دەیەوێت پەنا بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی ببات، بۆ ئەوەی کێشەکەی لەگەڵ ئێران لەسەر خاوەندارێتی ئەو دوورگانە چارەسەر بکات.

## شوێنی جوگرافی و گرنگی سێ دوورگەکە

- دوورگەی تونبی گەورە: ڕووبەری گشتی دوورگەکە نزیکەی نۆ کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئاوی کەنداو لە نزیك گەروی هورمز، بەدووری ٣٠ کیلۆمەتر لە ئیمارەتی (رأس الخيمة) ی ئیمارات، ئەم دوورگەیە پێشتر سەر بەم ئیمارەتە بووە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیمارات، ئەم دوورگەیە لە ١٩٧١/١١/٣٠ لەلایەن ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا ئەوەش دوای ئەوە هات بەریتانیا لە ناوچەکە کشایەوە، داگیرکردنی دوورگەکە دوو ڕۆژ بەر لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئیمارات بوو، لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتوانی دوورگەکە نزیکەی ٣٠٠ کەسێك دەبوو، کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان سەرقاڵی ڕاوەماسی و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات بوون.

- دوورگەی تونبی بچوك: پێکهاتەی خاکی دوورگەکە بەجۆرێکە کە دانیشتوان ناتوانێت ژیانی لەسەر بکات، چونکە بەزۆری لە خاکی لمی و بەردی پێکهاتووە، بۆیە ناوچەیەکی لەبار بووە بۆ ژیانی پەلەوەری دەریایی، ئەم دوورگەیە هیچ جۆرە ئاوێکی شیرینی لەسەر نییە کە شیاوی خواردنەوە بێت، هەربۆیە لەسەروەختی دەست بەسەرداگرتنی لە لایەن ئێرانەوە تەنها یەك خێزان نیشتەجێی بووە، شوێنی جوگرافی دوورگەکە دەکەوێتە دووری نزیکەی ١٢ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای دوورگەی تونبی گەورە، لەشێوەی سێگۆشەیە و ڕووبەرەکەی نزیکەی دوو کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و کەوتۆتە ناو ئاوی کەنداوەوە.

- دوورگەی ئەبو موسا: لەچاو دوو دوورگەکەی پێشوو گەورەترینیانەو ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بەدووری ٢٠ کیلۆمەتر لە دوورگەی تونبی گەورە، هاوکات دەکەوێتە دووری ٤٣ کیلۆمەتر لە کەناراوەکانی وڵاتی ئیمارات و ٦٧ کیلۆمەتر لە کەناراوەکانی ئێرانەوە دوورە، ئەم دوورگەیە ڕێڕەوی تێپەڕینی گوازەرەوە گەورەکانی نەوتی وڵاتانی کەنداوە بەرەو وڵاتانی دونیا، لەسەرو بەندی دەست بەسەرداگرتنیدا لەلایەن ئێرانەوە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ١٠٠ کەس بوون، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان سەرقاڵی ڕاوە ماسی بوون.(٩)

یەکێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی ئەم دوورگەیە ئەوەیە کە ئاوەکانی دەوروبەری قووڵیان زۆرە، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ لەنگەرگرتنی کەشتییە بازرگانییەکان، ئەوە جگە لە بوونی ماددەی ئۆکسیدی ئاسن بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر دوورگەکە و لە ڕابردوودا کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەناوی فونکهاوس لە ساڵی ١٩٠٦ ئەم ماددەیەی دەردەهێناو ڕەوانەی وڵاتەکەی دەکرد، ئەوەش بووە مایەی نارەزایەتی بەریتانیەکان و پێیانوابوو ئەوە هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەوان بکەوێتە مەترسیەوە بۆیە داوای لە حاکمی شاریقە کرد کە ئەو کارە ڕابگرێت و ئەوە بوو لەساڵی ١٩٠٧ کارکردنی کۆمپانیا ئەڵمانیەکە وەستا.

لەگەڵ ئەوەی ڕووبەری ئەم سێ دوورگەیە بچووکە، بەڵام بەهۆکاری شوێنی جوگرافی دوورگەکان و گرنگیەکەی لە بواری ئابووری و ستراتیجی وایکردووە جێگەی تەماعی ئیمارات و ئێرانیش بێت و ئەم دوو وڵاتە کێبڕکێی یەکتری دەکەن بۆ ئەوەی بیخەنە سەر سنووری وڵاتەکەیان. ئەم دوورگانە دەکەونە نزیك تەنگەبەری هورمز و ڕێگە ئاویە گرنگەکانی کەنداو ئەوە جگە لەوەی کە چەند پێگەیەکی گرنگی پاراستنی کەشتیەوانی لەنزیکیەوە هەیە. (١٠)شایەنی باسە گەرووی هورمز کە بەیەکێك لە گەرووە گرنگەکان لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت و بەنزیکەی ٤٠٪ ی بەرهەمی نەوتی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەوە جگە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەوەی ئەم گەرووە ئاوەکانی کەنداو دەبەستێتەوە بە زەریای هیندی، ئەو وڵاتەی بتوانێت بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر گەرووەکەو ناوچەکانی دەوروبەریدا وەك ئەوە وایە دەستی گرتبێت بەسەر هاتووچۆی کەشتیەوانی لە تەواوی کەنداودا، بۆیە بەلای ئێرانیەکانەوە گرنگ بوو کە ئەم دوورگانە بخەنە سەر سنووری وڵاتەکەیان.

لایەنێکی دیکە گرنگی ئەم دوورگانە بریتیە لە شوێنی جوگرافیان کە بە جۆرێکە بە ئاسانی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ لایەنی سەربازیی، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە بەکاربهێنرێت بۆ چاودێریکردنی ئەو کەشتیانەی کە بە ڕێڕەوە ئاویەکەدا تێدەپەڕن، جگە لەوەش قووڵی دەوروبەری دوورگەکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەئاسانی ژێر دەریاییەکان بتوانن لە کەناراوەکانی لەنگەر بگرن. ئەوە جگە لە بوونی چەندین جۆر کانزای سروشتی و بەرهەمی سروشتی وەك نەوت و ئۆکسیدی ئاسنی سوور، کبریتی ئاسن و کبریتی ئاسایی، ئەو ماددانەش لە ڕووی ئابووخریەوە زۆر گرنگ و بەبایەخن. (١١)

لە ڕووی سەربازییەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێزی دەریایی ئێران، کەشتی فڕۆکە هەڵگری نییە، ئەم سێ دوورگەیە کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لە دابینکردنی ئاسایشی ئەم ناوچەیە وەک کەشتییەکی فڕۆکەهەڵگر. ئەم سێ دوورگەیە بە ناوی «ناوچەی گشتی جێناکۆك» ناونراون و بە هەموو جۆرە چەک و کەرەستەیەکی هێرشبەری و بەرگری تەیارکراون و وەک هێڵی پێشەوەی بەرگری لە لایەن ئێرانییەکانەوە سوودی لێدەبینرێت. (١٢)هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە گرنگی دوورگەکە بۆ هەر یەك لە ئێران و ئیمارات زیاتر دەکات و وادەکات هەر لایەك و بیەوێت بیخاتە سەر سنووری جوگرافی وڵاتەکەی.

## هەڵوێستی دۆستەکانی ئێران سەبارەت بە سێ دوورگەکە (چین و ڕووسیا)

### چین

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتی چین لەسەر سێ دوورگەکە، ڕایگەیاند وڵاتەکەی باڵیۆزی چینی لە ئێران بانگهێشت کردووە، بۆئەوەی ناڕەزایەتی وڵاتەکەی پێبگەیەنێت سەبارەت بە هەڵوێستی چین دەربارەی سێ دوورگەکە. لە میانی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداو لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکە جەخت لەسەر چارەسەری کێشەی سێ دوورگەکە لە نێوان ئێران و ئیمارت کرابوویەوە، ئەوەش مایەی ناڕەزایەتی ئێرانییەکان بوو. جگە لەوەش کێشەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك تێکەڵ بە کێشەی ئێران

و ئیمارات کرابوو لەسەر سێ دوورگەکە، هەر بۆیە بەلای ئێرانییەکانەوە ئەوە مایەی قبووڵ کردن نەبوو.

کەنعانی ئاماژەی بەوەش کرد لە میانی کۆبوونەوەی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ باڵیۆزی چین، بە ڕاشکاوی هەڵوێستی ئێرانی سەبارەت بە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆبوونەوەی چین و وڵاتانی هاریکاری کەنداوی گەیاندە باڵیۆزی چین. هاوکات جەختی لە نارەزایەتی توندی وڵاتەکەی کردەوە سەبارەت بە تێکەڵکردنی گفتۆگۆکانی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و کێشەی سێ دوورگەکە لە نێوان ئێران و ئیمارات.

لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەی نێوان چین و وڵاتانی هاریکاری کەنداو لە بەندی دوازدە ئاماژە بە چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی نێوان ئێران و ئیمارت سەبارەت بە سێ دوورگەکە کرابوو، ئەوە لەکاتێکدایە ئێران ئەو دوورگانە بە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی دەزانێت و چەندین جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە ئەو بابەتە جێگەی نیقاش و گفتووگۆ نییە.

باڵیۆزی چین لە تاران لە بەیاننامەیەکیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە وڵاتەکەی ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی ئێران دەگرێت، سەبارەت بە سەردانی سەرۆکی چین بۆ سعودییە و بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی هاریکای وڵاتانی کەنداو ڕایگەیاند ئەو سەردانە بە ئامانجی یارمەتیدان بوو بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە.[١٣]

هەرچەندە ئێران خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی چین دەزانێت، بەڵام لەم دواییانەدا و بەتایبەتی دوای بەشداریکردنی ئەو وڵاتە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی هاریکاری عەرەبی، پشتگیریان لە داوایەکی ئیمارات کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سێ دوورگەکە، ئەوەش نارەزایەتی ئێرانییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا.[١٤]

فەرماندەی هێزی دەریایی سوپا لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە هەرگیز ڕێگە نادەن هیچ کەسێك دەربارەی خاکی وڵاتەکەمان قسەی نەشیاو بکات. سێ دوورگەکە ئێرانین و بە ئێرانیش دەمێننەوە. سەبارەت بە تۆمەتبار کردنی ئێران بە داگیرکردنی خاکی وڵاتانی دیکە ئەو فەرمانەدەیەی سوپا ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران خاکی هیچ وڵاتێك داگیر ناکات و بەدوای ئەوەوە نین دەستبەسەر خاکی هیچ وڵاتێکدا بگرن، بەڵام لە هەمانکاتدا جەختی لەوە کردەوە کە ڕێگە نادەن هیچ کەسێك دەربارەی خاکی وڵاتەکەمان قسەی بێ مانا بکات. هەڕەشەی لە وڵاتانی عەرەبیش کرد بەوەی کە ئەگەر بگەڕێنینەوە بۆ مێژووی ناوچەکە ئەوا زەرەرمەندی یەکەم وڵاتانی عەرەبی دەبن.[١٥]



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ڕووسیا

کاتێك ڕووسیا پشتگیری لە داوایەکی ئیمارات کرد سەبارەت بە سێ دوورگەکەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندایە، دەسەڵاتدارانی ئێران ڕایانگەیاند کە باڵیۆزی ڕووسیا لە تاران لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە بانگهێشتکراوە سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتەکەی دەربارەی سێ دوورگەکە.ئەوە لە کاتێکدایە ئێران و ڕووسیا پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان پێکەوە هەیە، چونکە هەردوولایان لەژێر سزای ئابووری وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکادان. لە کۆبوونەوەی ڕووسیا لەگەڵ ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، لەکۆتایی کۆبوونەوەکە بە کۆی دەنگ داوا کرا کێشەی سێ دوورگەکە بەشێوازی ئاشتی چارەسەر بکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە بەلای ئێرانییەکانەوە ئەو بابەتە کۆتایی پێهاتووە و ئەو دوورگانە بە خاکی وڵاتەکەیان دەزانن.[١٦]

وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکیدا جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی بانگهێشتی باڵیۆزی ڕووسیای کردووە بۆئەوەی داوای ڕونکردنەوەی لێبکات، هاوکات نارەزایەتی توندی وڵاتەکەشی پێگەیاندووە سەبارەت بەهەڵوێستی نوێی ڕووسیا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وڵاتانی هاریکاری کەنداو. هەرچەندە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی کۆبوونەوەکە جەختی لە چارەسەری کێشەکە کردەوە لەڕێگەی دانوستانی نێوان ئێران و ئیمارات، یاخود لە ڕێگەی دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام ئێرانییەکان بەهیچ شێوەیەك ئامادەی گفتووگۆ نین سەبارەت بەو دوورگانە، چونکە بە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی دەداتە قەڵەم.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ناصر کەنعانی، لە لێدوزانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان جەختی لەوە کردەوە کە ئەو دوورگانە بەشێکە لە خاکی دانەبڕاوی وڵاتەکەی بۆ هەتا هەتایە. سەبارەت بە هەڵوێستی ئیمارات، ڕایگەیان ئەو جۆرە لێدوانەنە زیان بە پەیوەندی ئاسایی نێوان ئێران و وڵاتانی دراوسێی دەگەیەنێت.[١٧]

پەیوەندی ڕووسیا بە وڵاتانی هاریکاری کەنداو هاندەر بوو بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە پشتگیری لە داواکەی ئیمارات بکات، ئەوە لە کاتێکدا بوو پێشتریش چین هەمان هەنگاوی گرتبووە بەر و لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە توندی ڕەتکرابوویەوە. ئێرانییەکان لای خۆیانەوە بابەتی سێ دوورگەکە بە جێگەی نیقاش دانانێن و بە بەشێکی دانەبڕاو لە وڵاتەکەیان لە قەڵەم دەدەن. وەزیری دەرەوەی ئێران سەبارەت بە هەڵوێستی ڕووسیا ئەوەی دووپاتکردەوە کە هاونیشتیمانیانی وڵاتەکەی هەرگیز ڕێگە بەوە نادەن وڵاتەکەیان کەمتەرخەمی بکات لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران. وەزیری دەرەوەی ئێران لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ

هاوتا عومانییەکەی دوای هەڵوێستی ڕووسیا ڕایگەیاند، سەبارەت بە سەربەخۆیی خاکی وڵاتەکەمان سازش بۆ هیچ لایەنێك ناکەین.(١٨)

سەبارەت بە خاوەندارێتی سێ دوورگەکە دەسەڵاتی دادوەری لە ئێران قەواڵەی تایبەت بە خاوەندارێتی سێ دوورگەکەی دەرکرد، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو مشتومڕە بهێنێت سەبارەت بەو دوورگانە، چونکە ئیمارات جارێکی دیکە هەوڵەکانی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو دوورگانە بخاتە سەر سنووری وڵاتەکەی. وتەبێژی هێزی سەربازیی ئێران، عەقید ئەبو فەزڵ شکارچی لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە هەوڵەکانی ئیمارات ڕایگەیاند وڵاتەکەی سازش بە یەك بست لە خاکی خۆی بۆ هیچ وڵاتێك ناکات. سەبارەت بە مانۆڕە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە ئاوی کەنداو ڕایگەیاند ئەوە پەیامێ ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەو لایەنانە و ئەوەشی دووپات کردەوە کە لە ئێستادا پێویست بە بوونی هێزی بیانی نییە لە ناوچەی کەنداو.[١٩]

## دەرئەنجام

ئێرانییەکان بە هیچ جۆرێك ئامادە نین دەستبەرداری ئەو سێ دوورگەیەبن و بە بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی وڵاتەکەیانی دەزانن. بۆ ئەو مەبەستەش ئامادە نین دانوستان لەگەڵ ئیماراتدا بکەن. بەردەوامی هەوڵەکانی ئیمارات بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری وڵاتەکەی بەسەر ئەو دوورگانە جگە لە ئاڵۆزی هیچی دیکەی لێ دەست ناکەوێت، چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوەیان یەکلایی کردۆتەوە کە ئامادە نین دەستبەرداری ئەو سێ دوورگەیەبن.

شوێنی جوگرافی و دەوڵەمەندی ئەو دوورگانە بە کۆمەڵێك کانزای سروشتی هۆکارێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئێرانییەکان دەستبەرداری نەبن، دەستگرتن بەسەر ئەو دوورگانە بەمانای دەستگرتنە بەسەر ڕێڕەوی تەنگەبری هورمز، ئەوەش لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە، هاوکات لەڕووی سەربازییەوە مایەی چاوتێبڕینی ئێرانییەکانە، چونکە شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکە و لەنگەرگرتنی کەشتییە بازرگانی و سەربازییەکانی وڵاتەکەیەتی.

ئیمارات لەڕووی سەربازییەوە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئێرانی نییە، هەربۆیە ناتوانێت هێرشبکاتە سەر ئەو دوورگانەو دەستی بەسەردا بگرێ،ت، ئەوەش وایکردووە پەنا بۆ دانوستان و دروستکردنی هاوپەیمانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ببات بۆ ئەوەی ئێرانییەکان ناچار بکات دەستبەرداری ئەو سێ دوورگەیەبن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پەراوێزەکان

١. گره سیاسی خبر گزاری فارس، آیا در موضوع جزایر سەگانە ایران باز هم پای انگلیس در میان است؟، لەماڵپەڕی https://www.farsnews.ir/news، لەبەرواری ١٤٠٢/٤/٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

٢. مرکز مطالعات خلیج فارس، لە ماڵپەڕی http://www.persiangulfstudies.com/fa، بەرواری سەردان ٢٢شهریور ١٤٠٢.

٣. اسماء العجمى، النزاع الإيراني - الإماراتي حول الجزر، لە ماڵپەڕی http://www.aljuzoralarabiya.com/، لەبەرواری ٢٠١٣/١٠/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

٤. هەمان سەرچاوە

٥. الجزر الإماراتية الثلاث، لەماڵپەڕی https://www.al-jazeera.net/، لەبەرواری ٢٠١٥/٦/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

٦. جزيرة أبو موسى وشقيقاتها والخلاف الإيراني-الإماراتي المستمر، لەماڵپەڕی https://www.bbc.com/arabic، لە بەرواری ١/ فبراير/٢٠١٩، بڵاوکراوەتەوە.

٧. زيتون. يلدا اميرى، راەحل جديد براى اختلاف قديمى چرا خامنەاى مى‌خواهد جزاير سەگانە را مسكونى‌سازى كند؟، لەماڵپەڕی https://www.zeitoons.com/، لەبەرواری ١١ى ارديبهشت/١٣٩٩ بڵاوكراوەتەوە.

٨. چرا جزاير سە گانە براى ايران اهميت دارد؟، لەماڵپەڕی https://eslahatnews.com/، لەبەرواری ٢مرداد ١٤٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

٩. جزيرة أبو موسى وشقيقاتها والخلاف الإيراني-الإماراتي المستمر، لەماڵپەڕی https://www.bbc.com/arabic، لەبەرواری ١/فبراير /٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

١٠. رفيق الجرجاوى، الوضع التاريخي والسياسي للجزر الثلاث قبل قيام الإمارات، لەماڵپەڕی https://www.emaratalyoum.com/، لەبەرواری ١١/ يوليو/٢٠٠٨

بڵاوکراوەتەوە.

١١. الجزر الإماراتية الثلاث، لەماڵپەڕی https://www.alja-zeera.net/، لەبەرواری ٢٠١٥/٦/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

١٢. تجهیز «بوموسی» به دفاع مستقل/ پاسخ قاطع به طمع بیگانگان به جزایر، لەماڵپەڕی https://www.mehrnews.com/، لەبەرواری ١٥ مرداد ١٤٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

١٣. إيران تستدعي سفير الصين: استياء من بنودٍ في بيان القمة الخليجية الصينية، لەماڵپەڕی https://www.almayadeen.net/، لەبەرواری ١٠/کانوونی یەکەمی/٢٠٢٢، بڵاوکراوەتەوە.

١٤. فرزانه احمدی، جزایر سه گانه ایران / ببینید چرا امارات روی این جزایر ادعا دارد؟ / جزایر در تاریخ به کدام کشور تعلق داشته؟، لەماڵپەڕی https://www.asriran.com/fa، لەبەرواری ١٤٠٢/٥/٢ بڵاوکراوەتەوە.

١٥. گره سیاسی خبر گزاری فارس، آیا در موضوع جزایر سەگانه ایران باز هم پای انگلیس در میان است؟، لەماڵپەڕی https://www.farsnews.ir/news، لەبەرواری ١٤٠٢/٤/٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

١٦. إيران تستدعي السفير الروسي بعد دعم بلاده للإمارات في قضية الجزر الثلاث المتنازع عليها، لە ماڵپەڕی https://www.france٢٤.com/ar، لەبەرواری ٢٠٢٣/٧/١٢ بڵأوکراوەتەوە.

١٧. بیانیه مشترک روسیه و اعراب علیه ایران حمایت روسیه از امارات درباره جزایر سه گانه، لەماڵپەڕی https://aftab-news.ir/fa، لەبەرواری ٢٠ تیر ١٤٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

١٨. ارش عزیزی، جزایر سەگانه و جای خالی «پدر مطالعات خلیج فارس»، لەماڵپەڕی https://www.independentpersian.com/، لەبەرواری ٢٧ تیر ١٤٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

١٩. الجيش الإيراني يجدد تأكيد سيادته على الجزر المتنازع عليها مع الإمارات، لەماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/news، لەبەرواری ٢٠٢٣/٨/١٧ بڵاوکراوەتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ئیسلامی سیاسی

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-٢٠٠١ )

## (مەکتەب قورئان و دەعوەت و ئیسڵاح وەك نموونە)

تویژەر: سۆران ئەسعد کەریم





زاراوەی ئیسلامی سیاسی هەموو ئەو ئایدیۆلۆژی و جووڵانەوانە دەگرێتەوە، کە باوەڕیان بە تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت و دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی واتە دەوڵەتی ئیسلامیی هەیە، کە یاسا بنەڕەتییەکانی شەرعی بن و هەڵسوکەوتی خەڵك لە ڕێگەی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئایینی ئیسلامەوە ڕێکبخرێ و ئەمە بزووتنەوەیەکی پەرچەکردارە.[١] سەرهەڵدانی بیری بناژۆخوازیی (ئوسووڵی- فێندەمێنتاڵ) ئیسلامی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، تەقەلایەك بوو دەیویست چ لە ئاستی هزری و چ لە ئاستی کۆمەڵایەتی لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا خۆی پیادە بکات.(٢)

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، دروستبوونی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی مەدەنی، بایەخدان بە ئازادیی ژن و ڕۆیشتن بەرەو خوێندنی ئەکادیمی... هتد، لەو جووڵانە بوون کە ڕەوتی پێشکەوتنخواز، پێشکەشی کۆمەڵگەی میسری کرد. لە بەرامبەردا ترس لە گەشەکردنی بزاڤی نوێگەرا و پێشکەوتنخواز، ڕێبەرانی ئایینیی میسریان هاندا بۆ ئەوەی بکەونە خۆیان و هەوڵی پەکخستنی ئەم ڕەوتە نوێخوازە بدەن. سەرەنجام بەردەوامی هەوڵ و هەڵمەتی پێشکەوتنخوازانە و دەسکەوتە یەك لە دوای یەکەکانیان، ڕێبەرانی ئایینیی میسری گەیاندە ئەوباوەڕەی، کە دەستبدەنە دروستکردنی ڕێکخراوێکی ئیسلامی و بیکەن بە دژە هێزێك بۆ بەگژداچوونەوەی بەرەی پێشکەوتنخواز. بەم شێوەیە حەسەن بەننا و شەش کەس لە هاوبیرەکانی، دوای کۆبوونەوەیەك لە شاری ئیسماعیلییەی میسر، لە (٢٢ی مارسی ١٩٢٨)دا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك، دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیان ڕاگەیاند و ناوی ئیخوان موسلمین (برایانی مسوڵمان)یان لەسەر دانا.[٣] دروستبوونی ئیخوان وایکرد ئەمجارە هەوڵ بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی بکەوێتەگەڕ و بیری بناژۆخوازی چووە قۆناغێکی نوێوە.[٤]

ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا بەرهەمی نزیکەی چوار سەدە هەوڵ و تەقەلای پیاوانی ئایینیی مەزهەبی شیعە بوو. ئیسلامی سیاسی شیعی گوتارێك بوو، دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی فیداییانی ئیسلام بە سەرکردایەتی نەوابی سەفەوی چەکەرەی کرد، هەرچەندە پێشتریش لە ژێر ناوی گرووپی دیکە کەم و زۆر چالاکییان هەبوو. دواتر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە مەیدانی دژایەتیکردنی حکومەتی پەهلەوی پێگەیشت و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی حکومەت لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقیھ خۆی سەپاند. ئەم حکومەتە بە بەرهەمی ئیسلامی سیاسی ئینتەرناشناڵ دەنرێت.[٥]

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەراورد بە ناوچەوکانی دیکەی ئێران جیاوازیی هەیە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو مەزهەبی ئیسلام (سوننە و شیعە) لەو بەشەی کوردستان، کە هەر یەکە و تێڕوانین و بۆچوونی خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی ئیسلامی سیاسی لە ئێران نەبوو. هەرچەندە لە ژێر هەژموونی شیعەگەریدا و بە تایبەت ئەو دۆخە ئازادەی لە کۆتاییەکانی حکومەتی پەهلەوی و بە هۆی بێدەسەڵاتیی حکومەت لە ناوچەکانی کوردستان، کەسایەتییە ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاندران، تاکو بەرەبەرە ئەوانیش جووڵەیەك لە پانتاییی دیاریکراو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و ئیسلامگەرایی و هزری بناژۆخوازیی ئیسلامی بڵاو بکەنەوە، گەر نا بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو نەك هەر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیی ئێرانیان بەسەرەوە نەبوو، بەڵکو لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتیش تا سەردەمی پێش شۆڕشی ١٩٧٩، ئیسلامی سیاسی وەك ڕێکخراو بوونی نەبووە، ئەوەی هەبووە تەنیا ئیسلامی کۆنەپارێز و نەریتی بوو لە هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە لە نێو کورد.(٦)

لە کوتایی دەیەی شەست و سەرەتای دەیەی حەفتادا بناژۆخوازیی ئیسلامی وەکو هزر خۆی خزاندە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرهەمی بڵاوبوونەوەی بیری ئیسلامی لە ناوچەکە بەتایبەت لە باشووری کوردستان و عێراق دابوو. هەروەها بڵاوبوونەوەی چەمکە مۆدێرنەکانی وەك سێکۆلاریزم و ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزم لەم ناوچەیەدا کاریگەریی خۆی هەبوو. ئیسلامی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستاندا هەمیشە لەژێر کاریگەریی تێز و گوتارەکانی ئیسلامی سیاسی عەرەبیی و هەڵکشان و داکشانی ئەو گوتارە سیاسییە ئیسلامییانەدا بووە، کە لەدەرەوە ئاڕاستەکراون. لە قۆناغە هەستیارەکانیشدا ئەو جۆرە گوتارە لەمپەر بووە لەبەرانبەر ناسیۆنالیزمی کوردیی. بۆ خوێندنەوەی ئیسلامی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێت تەواوی ئەو فاکتەر و پاڵنەرانە لەبەرچاو بگیرێن، کە ئیسلامی سیاسی لەگەڵ خۆیدا پەلکێشی کردووە، سەرەتا بە وەرگرتنی بیری ئیخوانیزم و کەوتنە ژێر کاریگەریی گوتاری ئیسلامی لە پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و پاشتریش کاریگەربوون بە گوتاری پێچەوانەی مەزهەبی، واتە پێڕەویکردن لە سوننەگەرایی لە بەرامبەر سەرهەڵدانی مۆرکی شیعەگەری لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.(٧)

ئەگەر پەیوەندییەکیش لە نێوان ئیسلامی سیاسی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی سیاسیی

شیعەدا بوونی هەبێ، لە ڕێگەی ڕەوتە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستانەوە بووە، چونکە وەك باسکرا ئیسلامی سیاسی ڕۆژهەڵات، لەژێر کاریگەریی ڕەوتەکانی باشوور دابوو. ڕەوتەکانی باشووریش بە هۆی ئەوەی خومەینی بۆ ماوەیەکی زۆر لە عێراق بوو، بیروبۆچوونەکانی بڵاو دەکردەوە، هەم لە عێراق و هەم لە ئێران و تاڕادەیەکیش کاریگەر بوو بە بیروبۆچوونەکانی سەید قوتب بە ڕوانینی شیعی، بۆیە پێیانوابوو خومەینی جووڵەیەکی نوێیە و دەسەڵاتی نوێی ئیسلامی دادەمەزرێنێ، کە هەزاران خۆی تێدا دەبیننەوە، بەڵام لە نێو کوردانی شیعە بە هۆی هاومەزهەببوون لەگەڵ ناوەند و پەیڕەویکردن لە مەرجەع لە نێو مەزهەبی شیعە و تاڕادەیەك دووریی و کەمکاری هێزە نەتەوەیی و چەپەکانی کورد لەم ناوچەیە، بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەرییان لەسەر هەستی مەزهەبیی خەڵککە دانابوو، کە ئەویش تەنیا لە چوارچێوەی خۆپیشاندان و هاندانی خەڵك لە ڕێگەی مەزهەبییەوە بوو.(٨)

## مەکتەب قورئان:

مەکتەب قورئان ئەو ڕێکخستنە ئایینییە، کە لەسەر دەستی ئەحمەد موفتی زادە لە ساڵی ١٩٧٧ دامەزرا، وەک سەرجەم ڕێکخستن و ڕێکخراوە مەزهەبییەکانی دیکە بە ڕوانگەی پەروەردەیی دروستبوو، خۆی وەک ڕەوتێکی فکری ناساند. موفتی زادە پاش چەند ساڵ لە گووتنەوەی وانەی ئایینی، لە ژێر کاریگەریی هەندێک ڕۆشنبیری ئایینی لە فارس و عەرەب، چوارچێوەی چالاکیی خۆی گۆڕی بۆ تەشکیلاتێکی ئایینی- سیاسی و لە ساڵی ١٩٧٧ لە شاری مەریوان مەکتەب قورئانی دامەزراند، کە سەرەتا ناوی مەدرەسەی قورئان بوو .(٩)

لەگەڵ ئەوەی موفتی زادە ئاگاداری بۆچوون و کاریگەرییەکانی سەید قوتب بوو، بەڵام ڕەوتەکەی هاوشێوەی ئیخوان نەبوو، بەڵکو تەواو جیاواز بوو. پرسی کوردستان یەکێک لەو بناغانە بوو لە فکرەکەیدا دەبینرا، بەڵام پرسی نەتەوایەتی لەناو ئیسلامی سیاسیدا شاراوەترە.(١٠) موفتی زادە کاتێک ڕێکخستنی مەکتەب قورئانی دادەمەزراند، بە هۆی هەبوونی پارت و ڕێبەرانی سیاسی و ئایینی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بە هێزیان هەبوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی و بەبێ پاڵپشت دەربکەوێت. هەر بۆیە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامیی کرد و لەم ڕێگەیەوە خۆی و مەکتەب قورئانی هێنایە نێو کایەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران. لە لایەکی دیکەشەوە، شۆڕش لەسەرەتادا هەلومەرجێکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەباری بۆ ئەم جۆرە بۆچوونانە ڕەخساند تاکو مەیدان بگرنە دەست و ئەگەرچی تا ئەو سەردەمە لایەنگرێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام توانییان خەڵکانێک لە خۆیان کۆبکەنەوە بە تایبەت کە خومەینی گەڕایەوە ئێران، مەیلێکی کاتی بە لای کەسایەتییە ئایینیەکانی ئێران بە کوردستانیشەوە هەبوو.[١١]

مەکتەب قورئان سەرەتا ئامانجیان پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە بوو، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی بیری نوێخوازیی ئایینی، کە پەیوەندیی سیاسەت و ئایینی بە پێویست دەزانی و هەوڵیاندەدا کە سیاسەت و ئایین وەک دوو باڵی تەواوکەری یەکتر نیشان بدەن و لە ڕێگەی زانستی سەردەمەوە ئایین نوێ بکەنەوە، بەم شێوەیە ڕێکخراوەکەیان کردە ڕێکخراوێکی سیاسی، کە ئامانجیان بە دەستگرتنی دەسەڵات بوو و زیاتر لە چوارچێوەی خودموختاریی ئیسلامی بۆ کوردستان خۆی وەدەرخست.[١٢]

ئەم بۆچوونانەی موفتی زادە لە ژێر کاریگەری چەند لایەنێکدابوو. ئەمە جگە لەوەی باوەڕی تەواوی بە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام و ئیسلامی خەلیفەخوازی دوای پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) هەبوو، کە باس لە وەلی ئەمر و شۆرا دەکات، بۆیە جەختی لە خودموختاری ئیسلامی دەکردەوە. هەروەها لە ژێر کاریگەریی بیرمەندانی وەک ڕەشید ڕەزا دابوو، کە دەیویست دەسەڵاتێکی سەردەمیانەی ئیسلامی دامەزرێنێ، جگە لە پاراستنی بەها دینییەکەی، فۆڕمێکی سیاسی پێ ببەخشێت. لە لایەکی دیکەشەوە، هەرچەند موفتی زادە کەسایەتییەکی خاوەن فکر و بۆچوونی خۆی بووە لەسەر ئیسلامی سیاسی، بەڵام کاریگەری عەلی شەریعەتی شیعەمەزهەبی لەسەر دیارە.[١٣]

لێرەوە دەردەکەوێ کە موفتی زادە لە دەربڕینی بیروبۆچوون لەسەر ئیسلامی سیاسی، هەم دیدی ئیسلامی سیاسی عەرەبی و هەم ئیسلامی سیاسی شیعی ئێرانی پێوە دیار بوو و زیاتر دەیویست ئیسلامی سیاسی لە چوارچێوەی ئیسلامی سۆسیالیستی بناسێنێت. ئەمە تایبەتمەندیی ئیسلامی سیاسی ئێرانییە، چونکە هەموو ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی مەیلەو چەپ لە ئێران، لە ژێر کاریگەریی مارکسیزم دان، کە هەم شەریعەتی و هەم نەهزەتی خوداپەرستانی سۆسیالیست بە موجاهیدینیشەوە دەگرێتەوە، چ لە لێکدانەوەی مەهدی نادیار و چ لە باسی دەسەڵات و چ لە تێڕوانینی ئابووری. بۆیە دەبینین موفتی زادە لە پاش دەرکەوتنی مەکتەب قورئان وەک حیزبێکی ئایینی-سیاسی و داواکاری مافەکان، جگە لە مافی مەزهەبی، باسی مافی نەتەوەیی و ئابووریش دەکات. کەواتە دەتوانین بڵێین بیروبۆچوونەکانی ئەحمەد موفتی زادە، کە لە چوارچێوەی مەکتەب قورئان دا خۆی

دەنوێنێ، تێکەڵاوێکی ئیسلامیزمی فارسی و ئیسلامیزمی سوننەی عەرەبییە، بەڵام لە شێوەی دەسەڵاتداریدا موفتی زادە عەرەبیانە بیر دەکاتەوە و پێیوایە ئەو دەسەڵاتەی هەیە، ئەگەر ئیسلام نەبێ، ئەوە مسوڵمانێک بوونی نییە، واتە لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدایە کە مسوڵمانی ڕاستەقینە بوونی هەیە.(١٤)

هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی مەکتەب قورئان، کە تا ئەو کات ناوی هەر مەدرەسەی قورئان بوو (مکتب قرآن،١٣٩٤هـ.ش)، وایکرد لە قۆناغی شۆڕش ١٩٧٩ هانی گرووپەکانی ئەهلی سوننەت بدەن تاکو پشتیوانیی شۆڕشی گەلانی ئێران بکەن و پاش سەرکەوتنی شۆڕش، موفتی زادە و مەدرەسەی قورئان بە هەموو توانا هاوکاریی خومەینیان دەکرد. دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئایینی و تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت، گوتار و ستراتیژی هاوبەشی کۆماری ئیسلامیی و مەکتەب قورئانی(موفتی زادە) بوو، ئاماژە بەوە دەدەن کە هەموو کارە پەروەردەییەکانیان لەو سەردەمە ڕادەگرن، تاکو هاوکاریی شۆڕش بکەن بۆ سەرکەوتنی.(١٥) موفتی زادە سەبارەت بە حکومەتی تازەی ئێران دەڵێ: «خوێنی ملیۆنان شەهیدی مێژووی ١٤ سەدەی ئیسلام، لە شۆڕشی ئێران بەرهەم هات».(١٦) هەروەها دەڵێ: «سیستەمی کۆماری ئیسلامیی بە خوێندانی دەیان هەزار شەهید بەدەست هاتووە و ئەگەر درێژەی شۆڕشەکە لەبەرچاو بگرین، دەبێ کۆماری ئیسلامیی بە خونچەی ئامانجەکانی سەرجەم شەهیدانی مێژووی ئیسلام بناسین و بە داخەوە هیچ باغ و گوڵزارێک بێ مێش و مێروو و ئافەتی گەورە و بچووک نییە، بۆیە ئەم شۆڕشەش بێ دژبەر نییە».(١٧) لێرەدا مەبەستی لە مێش و مێروو، دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی بە تایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. کۆماری ئیسلامیی و موفتی زادە دەیانویست حکومەتێکی تەواو ئیسلامی پێکبێت، بەڵام ئامانجی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات چ لایەنی نەتەوەیی و چ لایەنی سۆسیالیستی، سیستمێکی کراوەی دیموکراتیک بوو. بەم پێیە، مەکتەب قورئان و کۆماری ئیسلامیی کەوتبوونە یەک بەرە و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوونە بەرەیەکی دیکە و دژی یەک ڕاوەستان. دیارە موفتی زادە بۆ ئەوەی ڕوخساری مەکتەب قورئان ناشیرین نەبێت، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەوڵەتی ئێرانەوە گوشاری دەخستە سەر حیزب و سەرکردە سیاسییەکان.(١٨)

بەر لە شۆڕش و دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش هێزە کوردییەکان، کە هەر یەکە لە کۆمەڵە و (حدکا) بوون، چەند جارێک هەوڵیانداوە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و نووسراوە، چاویان بە خومەینی بکەوێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و نامەکانیشیان بێ وەڵام بوو.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەوان سەرەڕای پشتیوانیکردن لە شۆڕش، بەڵام هەوڵیان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەدا لە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانی دیموکراتیکدا. ئەوەی کە لەو نێوەدا هەڵوێستی جیای هەبوو ئەحمەی موفتی زادە بوو، کە پێچەوانەی لایەنە نەتەوەیی و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان بوو. ئەو پشتیوانی تەواوی بۆ شۆڕش و خودی خومەینی و دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیی دەربڕیبوو و پێداگری لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی حکومەتی ئیسلامیدا دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش دیداری لەگەڵ خومەینی ئەنجامدا.[١٩]

بە گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، ئەحمەد موفتی زادە نامەیەک بۆ خومەینی دەنێرێ و هەندێک داواکاری سەبارەت بە کورد تێدا نووسی، دواتر خومەینیش چەند ڕۆژ پێش سەرکەوتنی شۆڕش، نامەیەکی بۆ موفتی زادە ناردەوە لە( ١٩٧٩/٢/١٩) و نووسی: بۆ زانای گەورە و بوێری ئایینی، «بەڕێز کاک ئەحمەد موفتی زادە، بە خزمەتتانی ڕادەگەیەنم هەوڵ و چالاکیی بەردەوامتان لە ڕێگەی خەباتی ئیسلامیی جێگای ڕێز و پێزانینە، هیوام وایە هەموو کات لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ئایینی و بەرەوپێشبردنی ئامانجی ئیسلامیی سەرکەوتوو و پایەدار بێت. هەر بۆیە جەنابی حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن نووری، کە لە زانایانی حەوزەی زانستیی قومە، ناردومانەتە کوردستان، ئەگەر هەر باس و مەسەلەیەک هەبوو لە ڕێگەی ئەوەوە پێمان ڕابگەیەنن، بە ئومێدی ئەوەی بە هەوڵی بەڕێزتان و هاوڕێکانتان بە زووترین کات حکومەتی کۆماری ئیسلامییی دامەزرێت...».[٢٠]

موفتی زادە هەفتەیەک پاشتر سەردانی تارانی کرد و چاوی بە خومەینی کەوت. موفتی زادە بە پێچەوانەی حیزبەکانی دیکەی کوردستان، لە بارەی کارکردن لەگەڵ ڕژێمی تازە گەشبین بوو. دەیگووت: «ئێستا کاتی شەڕ لەگەڵ ڕژێم نییە، ئەمە ڕژێمێکی خەڵکییە، خۆشەویستە، با یارمەتیان بدەین». ئەم قسانە توڕەیی لایەنە نەتەوەیی و چەپەکانی کوردستانی ئەوەندەی تر بە نیسبەت موفتی زادە وروژاند.(٢١) توڕەیی لایەنە کوردستانییەکان لە هەمبەر مەکتەب قورئان بێهۆکار نەبوو، چونکە موفتی زادە ڕاستەوخۆ پەنجەی لەسەر ئامانجەکانی ئەم لایەنانە دادەنا و بە کردەوە دژە ئیسلامی ناوی دەهێنان، وەک خۆی دەڵێت: «ئەگەر شۆڕشی ئێران بە ئیسلامی بکرێت و جیاوازییەکان لە ناو ببرێت، ئەم ئەگەرە وێرانکەر و ئاژاوە سازکەرەی نەتەوە (گەرایی) لە ئێران و وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە دەکوژێتەوە».[٢٢]

خومەینی ڕۆژی (١٩٧٩/٣/٣٠)ی وەک ڕۆژی ڕیفراندۆم لە ئێران دیاری کرد، کە ئەم

ڕیفراندۆمە تەنیا یەک بژاردەی بۆ خەڵک دیاری کردبوو، ئایا ڕازین بە کۆماری ئیسلامیی یا خود نا؟ هەر زوو لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی بە تایبەت لە کوردستان، کە هەر یەکە لە حدکا و کۆمەڵە و چریک و چەند ڕێکخراوی دیکە و شێخ عیزەدین حوسەینی، ناڕەزایەتی توندیان دەربڕی و داوایان لە خەڵک کرد لەم ڕیفراندۆمە بەشدار نەبن و بایکۆتی ڕیفراندۆمیان کرد (سنجابی، ١٣٦٨هـ.ش،١٨)، بەڵام لایەنگرانی مەکتەب قورئان لە شارەکانی کوردستان بە ڕابەرایەتی ئەحمەد موفتی زادە بەشدارییان لە ڕیفراندۆم کرد و دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی دا.[٢٣]

لێرەوە بە تەواوەتی دوو لایەنی دژ بە یەکتر دروستبوون، لایەک مەکتەبییەکان و هاوبیرانیان بوون و لایەکەی دیکە پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بیروبۆچوونیان دژی حکومەتی ئیسلامی بوو. پاش ڕیفراندۆم ئەمجارە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکان کرا و موفتی زادە کەسانێکی بەربژێر کرد، کە ڕێزیان لە مەکتەب قورئان و پلاتفۆرمی کۆماری ئیسلامیی دەگرت و بە لیستی موفتی زادە ناسران. لە ئەنجام دا ٨ کورسییان بەدەستهێنا. ئەمە بۆ مەکتەب قورئان دەرکەوتنێکی بەرچاوبوو. بە تایبەت کاتێک ڕاگەیاندنەکانی تاران دابەشکاریان لە نێو هەڵبژێردراواندا دەکرد و بە مسوڵمان (مەکتەبیەکان) و نامسوڵمان (کۆمەڵەکان) ناویان دەهێنان، هەرچەند ئەم ئەنجامە تایبەت بوو بە ناوچەی سنە. بەم شێوەیە موفتی زادە ئەوەندە لە حکومەت و دەسەڵاتداران نزیک بوویەوە، کە لای وابوو متمانەیەکی دوو لایەنە لە نێوانیاندا هەیە و تەنانەت لە زۆربەی وتارەکانی خومەینی لە شارەکان، موفتی زادە لە لای ڕادەوەستا.[٢٤]

کێشەی نێوان مەکتەب قورئان و پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بە تایبەت کۆمەڵە، لە پاش ئەو کۆنفرانسەی لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٩، کە بە کۆنفرانسی خودموختاری بۆ کوردستان بە ناوبانگ بوو و لە شاری سنە گیرا، زیاتر تەشەنەی سەند (دلاویز، ١٣٥٨هـ.ش،١١٢). لەسەرەتادا مەکتەب قورئان کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بە تایبەت دکتۆر قاسملوو نەبوو، ڕەنگە گرینگترین خاڵ ئەوە بێت کە موفتی زادە وەک ئەندامێکی پێشووتری حیزبی دیموکرات، ڕێزی زۆری بۆ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ هەبوو، هەروەها ئامانجی حیزبی دیموکرات بریتی بوو لە «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، کە تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەجێندا ناسیۆنالیستیەکانی موفتی زادە، یەکیان دەخوێندەوە،(٢٥) بەڵام دوای ئەوەی لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شاری سنە کێشەکە لە نێوان مەکتەب و حیزبەکانی دیکە قووڵتر بوویەوە بابەتێکی نوێ بە ناوی «پێشمەرگەی مسوڵمان» هاتە ئاراوە، کە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە چەکداریە دەخرێتە پاڵ مەکتەب قورئان و ئەحمەد موفتی زادە. ئەم بۆچوونە ڕای جیاوازی لەسەرە، بە شێوەیەک کە هەندێک لایەن دروستکردنی پێشمەرگەی مسوڵمان لەلایەن موفتی زادە پشت ڕاست دەکەنەوە و هەندێکی دیکەش بە تایبەت مەکتەبییەکان، ڕەتی دەکەنەوە و خۆی لێ دەبوێرن.(٢٦)

ساڵی ١٩٧٨، خومەینی نامەیەکی بۆ خەڵکی کوردستان نووسی و داوای لێکردن لەگەڵ دوای ئەم شۆڕشە بکەون، کە پێیاندەوت «نەهزەتی ئیسلامی». ئەمە لەکاتێک دابوو کە کورد زۆر زیاتر نرخی دابوو لە دژایەتیکردنی حکومەتی پاشایەتی لەچاو سەرانسەری ئێران. هەروەها بە هۆی ئەو ڕوانگەیەی هەیانبوو لەسەر کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی سوننە مەزهەب، کە دەتوانێت مەترسی بێت لەسەر کۆمەڵگەی شیعە مەزهەبی ئێران، لە پاش شۆڕش هەر زوو چەند گرووپی سەربازیی و چەند مەلایەکی شیعە دەنێردرێن بۆ کوردستان، کە ڕۆڵی تێکدەرانەیان هەبوو و نموونەی بەرچاویان دەسماڵ سوورەکان و ئایەتوڵاکان بوو بە تایبەت ئایەتوڵا سەفدەری (١٩٣٩-٢٠١٠) کە دەیانوت دەمانەوێ کوردستان پاکسازی بکەین.(٢٧)

واتای پێشمەرگەی مسوڵمان چەمکێکی ئایدۆلۆژیکە و ئەوانەی لە پشت ئەم بابەتەوە بوون، هەوڵیان ئەوە بوو بەشی سیکۆلاری هێزی چەکداری کورد، واتە پێشمەرگەی پارتەکان و هێزی بەرگری وەک هێزێکی نامسوڵمان و لە بواری ئاینییەوە ناشەرعی پێناسە بکەن. بۆیە دوو بۆچوون هەیە، یەکیان لایەنی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوون، کە دەڵێن پێشمەرگەی مسوڵمان لە ژێر کاریگەری خودی موفتی زادە بووە، بەڵام مەکتەبیەکان و خودی موفتی زادەش ئەوە ڕەت دەکەنەوە و تەنانەت ڕەتی دەکەنەوە، کە لەژێر چەتری ئەم ڕێکخراوە دا بووبن.(٢٨)

خاڵێکی گرینگ ئەوەبوو لایەنە ئیسلامییەکانی دیکە، کە تا پێش شەڕی سێ مانگە لە کوردستان چالاک بوون بە تایبەت ئەوانەی وەک مەکتەب قورئان چالاک بوون، پێیان شەرم نەبوو لەگەڵ پێشمەرگەی مسوڵمان چالاکیان هەبێ و هاوکاری ئەو پاسدارانە بکەن کە دەهاتنە کوردستان. تەنانەت دوای ئەو هەموو کوشتار و هێرشەی کرایە سەر کوردستان بە تایبەت دوای هاتنی حاکمی شەرع بۆ کوردستان، بەڵام بەشێک لە لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بە تایبەت ئەندامانی مەکتەب قورئان لە ڕیزی

ئەم ڕێکخراوە چەکدارییە بوون و دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕیان کردووە. (٢٩) تەنانەت لە شەڕی سێ مانگەی کوردستان دا، ڕۆڵی پێشمەرگەی مسوڵمان، لە داگیرکردنەوەی ئەو شار و ناوچانەی لە ژێر دەستی پێشمەرگە و حیزبەکان دا بوون زۆر زەق و بەرچاوە.[٣٠]

هەر لەو سەر و بەندەدابوو مەکتەب قورئان بەیاننامەیەکی هەشت خاڵی لە ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ١٩٨٠ بڵاو کردەوە، کە ڕوو لە کۆماری ئیسلامیی بوو، بەیاننامەکە زۆر بە ڕوونی داوای کردبوو حکومەت دژی «خۆفرۆشانی کۆمەڵە و دیموکرات و چریکی فیدایي هەڵوێست بگرێ و دەریان بکا و ئەرتەش سنوورەکان بگرێتەوە دەست.هەروەها هانی خەڵک بدەن تاکو پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی مسوڵمان بن (اطلاعیه ٨ ماده ای احمد مفتی زاده).هەر بۆیە ئەم بەڵگانە بۆ چەپەکان و ناسیۆنالیستەکان ئەوەی پشتڕاست دەکردەوە، کە هێزی پێشمەرگەی مسوڵمان لەلایەن موفتی زادە دامەزراوە.[٣١] هەڵبەت بۆچوونێکی دیکە هەیە ڕەتی دەکاتەوە کە ئەم بەیاننامەیە بوونی هەبووبێ و دەڵێن زیاتر بۆ شکاندنی لایەنە ئیسلامییەکان ئەم پڕۆپاگەندایە بڵاوکراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، حەسەن ئەمینی کە جێگری موفتی زادە بوو لە مەکتەب قورئان و ئێستا دوای جیابوونەوەی ناو مەکتەب قورئان، ئەو بەرپرسی لایەنی مەکتەب قورئانی کوردستانە، لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئێمە بەم کارە ڕازی نەبووین، پاش دامەزراندنیشی دژایەتیمان کرد، چونکە باوەڕمان بە خەباتی چەکداری نییە و هەر لەسەرەتاشەوە ئەحمەد موفتی زادە ڕەتی کردۆتەوە. هەرچەندە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کەسانێک لە ئەندامانی ئێمە بۆ هەندێک مەبەست لەو ڕێکخراوەدا بەشداربوون و دوای ئەوەی لەگەڵ ئەوان کەوتن ئێمە لە مەکتەب قورئان دەرمانکردن و دژایەتیمان کردن.(٣٢) لەو سەروبەندەی حکومەتی تاران خەریکی دانانی یاسای بنەڕەتی وڵات بوو، موفتی زادە چەند پێشنیارێکی بۆ دەوڵەت نوسیبوو تاکو لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بگونجێندرێن، تەنانەت موفتی زادە ئەوەندە گەشبین بوو بە لایەنگرەکانی دەکوت خودموختاری (ئەو شێوە خودموختاریەی کە خۆی و مەکتەب قورئان داوایان دەکرد) لە ناو گیرفانمدایە.[٣٣] ئەو کات موفتی زادە و مەکتەب قورئان لە کرماشان بوون، چونکە پاش دەرکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی بە دژی کورد شاری سنە بۆ مەکتەب قورئان جێگای مانەوە نەبوو، بۆیە چوونە کرماشان و هەمەدان.[٣٤]

ئەو هەموو هیوایەی موفتی زادە لەسەر کۆماری ئیسلامیی هەڵیچنیبوو، بۆ پێدانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مافی کوردە سوننەکان، ڕووخا. ئەویش بە زیادکردنی ویلایەتی فەقیهـ لە یاسای بنەڕەتیی وڵات دا و دانانی مەزهەبی شیعە بە مەزهەبی فەرمی وڵات و پەراوێزخستنی کەمایەتییە ئایینی و ئیتنیکیەکان بە شێوەی یاسایی و لە یاسای بنەڕەتی لە ماددەی ١٢ و مادەی ٥٧ چەسپا و لە شیکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی داهاتوو، کە دەسەڵاتی حکومەتی وەردەگرن دەبێ خاوەن ئەو تایبەتمەندییانە بن و سوننە بۆی نییە خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و هەموو پۆستە باڵاکان و بە پارێزگاریشەوە بپاڵێوێت.(٣٥)؛(٣٦) لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت خومەینی دوای کەمتر لە ساڵێک لەسەرکەوتنی شۆڕش، باوەڕێکی ئەوتۆیان بە موفتی زادە و مەکتەب قورئان نەمابوو، تەنانەت موفتی زادە خۆشی دەڵێ: «لەگەڵ ئەوەی هەموو ناوچە و ڕێگە هەستیارەکانمان پاراستبوو، بەڵام فیشەکیان پێ نەداین».(٣٧)

موفتی زادە دوای ئەوەی یاسای بنەڕەتی وڵات پەسەند کرا و هیچ یەک لە داواکارییەکانی ئەوانی تێدا نەگونجا، یەکسەر بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خومەینی بەرەو قوم بەڕێکەوت و ناڕەزایەتیی دەربڕی لەسەر نەبردنەسەری بەڵێنەکانی، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەوتۆی لە خومەینی نەبیست. هەر بۆیە شوێنەکەی بەجێهێشت و دواتر لە حوسەینیەی ئیرشادی تاران وتارێکی توندی بە نیسبەت خومەینی و کۆماری ئیسلامییدا.(٣٨) بەم شێوەیە موفتی زادە تاو کاتی پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتی هاوهەنگاو پارێزەری کۆماری ئیسلامی بوو و هەموو هەوڵیشی بۆ دەدا، بەڵام کە بینیی هیچ لە داواکاریەکانی کە بریتی بوون لە: نەهێشتنی جیاوازی مەزهەبی و جیاوازی نەتەوەیی و جیاوازی چینایەتی لە ئێراندا، گوێی پێ نەدرا، ئیتر لە مەیدانی سیاسی کشایەوە و ڕووی کردە کرماشان تاکوو توشی «شەڕی براکوژی» نەبێ و لەوێ مەکتەب قورئانی وەک ناوەندێکی پەروەردەیی بەڕێوە دەبرد.(٣٩)

هەرچەندە موفتی زادە لە بەیاننامەیەکدا لە ڕێکەوتی ٩ی ئۆکتۆبەری١٩٧٩ ڕایگەیاند چی دیکە کاری سیاسی ناکات و پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی و سەرانی حکومەت ناکات و مەکتەب قورئان وەک ناوەندێکی ئایینی و پەروەردەیی بەڕێوە دەبات و هیچ بۆچوونێکی سیاسی دەرنابڕێ و چاوی بە هیچ کەسێکی سیاسی سەر بە کۆماری ئیسلامی ناکەوێ،(٤٠) بەڵام دوای گۆڕینەوەی چەند نامە و سازدانی چەند دیدار لەگەڵ خومەینی، نەیتوانی لەسەر بڕیارەکەی بەردەوام بێت، بەڵام هیچ دەسکەوتێکی نەبوو. ئەم دۆخە موفتی زادە وەخۆ دێنێتەوە و لە وتارێکدا لە ساڵیادی دامەزراندنی مەکتەب قورئان کە لە ١ی نیسانی

١٩٨٠ پێشکەشی کردبوو بە ڕاشکاوی دەڵێ: «مەکتەب قورئان بۆ دەفعی شەڕ دامەزراوە و بە جۆرێک داوای یەکگرتنی سوننەکانی ئێران دەکات لەگەڵ کوردە سوننەکان بەرانبەر ئەو زوڵمەی شیعەی دوازدە ئیمامی خەریکە لە سوننەکانی دەکات، بەڵام زۆر درەنگ بوو، چونکە کۆماری ئیسلامیی خۆی گرتبوو، ڕکابەرەکانی خۆی لە تاران و بەشێکی زۆر لە ئێران و کوردستانی لەناوبردبوو. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا پەسەندکرابوو. بۆیە موفتی زادە بیری لە کارتێکی فشاری دیکە کردەوە، کە بریتیبوو لە شورای شەمس (شورای مرکزی سنت).[٤١]

لە سەروبەندی نەورۆزی ١٩٨١ موفتی زادە بانگهێشتننامەیەک بۆ سەرجەم زانایانی سوننە مەزهەب و سەرجەم زانایانی ئێرانی ناڕازیی چ سوننە و چ شیعە دەنووسێ و داوایان لێدەکات لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕێگەی شۆڕش.(٤٢) ئەم شورایە ڕاستە کەسانێکی زۆری لە سوننەکانی ئێران تێدابوو بۆ نموونە مەولەوی عەبدولعەزیزی مەلازادە (١٩١٦-١٩٨٧) بە نوێنەرایەتی بەلوچستان، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا کوردستانی گرتەوە و لە ئاستی ئێراندا متمانەیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە مەولەوی عەبدولعەزیز بەو شێوەیەی مەکتەب قورئان ڕێکخراو و ئەندامی نەبوو، تەنیا وەک کەسایەتییەکی مەزهەبی ناسراو بوو.[٤٣]

بەم شێوەیە شورا دامەزرا و بەیاننامەیەکی ١٥ خاڵییان دەرکرد، کە دواتر بوو بە ١٦ خاڵ و کۆمەڵێک ئامانجیان دیاری کردبوو. هەر لە تاران نووسینگەیەکیان کردەوە و دوای سێ ڕۆژ داوایان لە کۆمەڵە کەسایەتییەک کرد کە پەیوەست بن پێیانەوە. دواتر ئەندامانی سەرەکیی شورایان هەڵبژارد و لە ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٨١ یەکەمین کۆنگرەی خۆیان بەست و بەرنامە و پەیڕەوی شورای شەمسیان پەسەندکرد. هەروەها دەستەی بەڕێوەبەری شوراشیان هەڵبژارد.(٤٤) شورا پێش ئەوەی حیزبێکی سیاسی بێت، پلاتفۆڕمێکی مەزهەبی سیاسی بوو. ئەو لە هەموو شوێنێک باسی لە سێ ستەمی مەزهەبیی و نەتەوەیی و ئابووری دەکرد و بۆ هەر یەکیشیان بەدیلی هەبوو، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بە دوای سیستەمێکی ئاوادا دەگەڕێ کە یەکسانیی تێدا حاکم بێت. موفتی زادە زیاتر خوازیاری «وەحدەتی ئیسلامی» و «ئوممەتگەرایی» و هاندانی مەزهەب بوو.[٤٥]

شورای شەمس لە بنەڕەتدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو و تەنانەت ئەو پەیڕەوە ناوخۆییەی بڵاویان کردەوە کاڵی و کرچیی زۆر پێوە دیارە. لە بەندی یەکەمدا هاتووە: خوازیاری دامەزراندنی ئوممەتی واحیدەی ئیسلامین، کە هەمان بابەتی سەرەکی ئیسلامی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سیاسییە. لە بەندی دووەمدا شورا لە هەوڵی پێکهێنانی یەکگرتوویی ئیسلامی دایە لە نێو ئەهلی سوننەتدا. بەندی سێیەم باسی ڕێکخستنی ناوخۆیە. لە بەندی چواردا دەڵێ: «شورا بۆ بەرەنگار بوونەوەی ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئابووری لەسەرتاسەری ئێران درووست بووە». هەر چەندە ئەمانە داواکاریی گرنگن، بەڵام بێ بەرنامەیی شورا دەردەخات، لە لایەک داوای مافی چینایەتی دەکات کە دروشمێکی مارکسیستییە، لە لایەکی دیکە داوای مافی مەزهەبی دەکات. هەروەها خاڵی پێنجەم زیاتر ئەو بێسەروبەرییەی دەردەخست، کە لەسەر ئەو هەموو ئامانجە گرنگەوە لە ناکاو داوای دروستکردنی مزگەوت بۆ سوننە مەزهەبەکان لە تاران دەکات.[٤٦]

دامەزراندنی شورای شەمس هەروا بێ کاردانەوە نەمایەوە. دوای ١٠ ڕۆژ لە دامەزراندنی شورای شەمس، خومەینی لە کاتی وتاردان لە شاری گورگان بێ ئەوەی ناوی موفتی زادە بهێنێ، وتی: «کۆمەڵە کەسانێک لە هەوڵی پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراون و دەیانەوێ برایەتیی سوننە و شیعە تێکبدەن. ئەوانە بە سیاسەتی ئەمریکا و لەلایەن تائیفەوە (سعودیە) هەڵدەسوڕێن. دەیانەوێ بەرهەمی شۆڕش تێکبدەن و بیدەنەوە دەستی ئەمریکا. بۆیە ئاگاداریان دەکەینەوە، کە واز لەم کارانە بهێنن. ئێمە چاکتان دەناسین نامانەوێ بەو جۆرە ڕەفتار بکەین، کە پەشیمان ببنەوە...».[٤٧]

ڕژێمی ئێران لەو ئانوساتەدا تووشی شەڕێکی قورس لەگەڵ عێراق هات، لەسەرەتادا زەبری کاریگەری لێدرا. ئێران بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێکخستنی نێوماڵی خۆی پرسێکی گرنگە.(٤٨) هەر بۆیە بە دوای دەرچوونی بەیاننامە توندەکە، دەست بە ڕەشبگیری ئەندامانی مەکتەب قورئان و شورای شەمس کرا. ڕۆژی ٣٠ی ئابی١٩٨٢ موفتی زادە لە تاران لە ماڵێکدا گیرا. بەم شێوەیە ڕژێم نەک هەر پشتی لە هەموو بەڵێنییەکانی کرد کە بە مەکتەب قورئان و خودی موفتی زادەی دابوو، بەڵکو هەموو مەکتەبیەکانیشی خستە زیندانەوە و بەشێکیان دوای چەند ساڵێک ئازاد کران. چەند کەسێک لە ئەندامانی شورا و مەکتەب لە سێدارە دران و موفتی زادەش سزای پێنج ساڵ زیندانی بە سەردا درا، بەڵام دوای ١٠ ساڵ ئازاد کرا.[٤٩]

پاش گیرانی بەڕێوەبەرانی مەکتەب قورئان، مەکتەب چووە قۆناغی چالاکی نهێنی. موفتی زادە بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنییەتییە لە زیندان تێیدابوو، تا شەش ساڵ و نیو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دەرەوە بۆ نەدەڕەخسا.[٥٠] لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی لە زیندان بوو ئەشکەنجەیەکی زۆر درا و تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لە ژووری تاکەکەسی دابوو.

دواتر لە ژێر فشاری نێودەوڵەتی هێنایانە ژووری گشتی و دواتر لە بەرەبەری نەورۆزی ١٩٩١ لە ماڵێکدا لە ژێر چاودێری توندی ئەمنیەتیدا مایەوە، تاکوو لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٩٢ لە زیندان ئازاد دەبێ بەو مەرجەی نابێ لە تاران بچێتە دەرێ. لە ژێر کاریگەریی ئەو ئەشکەنجانەی لە زیندان درابوو، زۆر نەخۆش بوو. بەم شێوەیە لە ڕێکەوتی ٢/ئەیلولی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد.[٥٠]

دوای مردنی موفتی زادە کێشە کەوتە ناو ڕێکخستنەکانی مەکتەب قورئان و دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ جیابوونەوە کەوتە نێو مەکتەب قورئان و بە سەر دوو لایەندا دابەش بوون. لایەنێک بە ناوی شورای مودیریەتی مەکتەب قورئان و بە سەرۆکایەتی سەعدی قورەیشی چالاکی دەکەن، کە زۆرینەی مەکتەب پێکدەهێنن. ئەوان بۆچوونەکانی موفتی زادە لە هەموو بوارەکان لە بەرنامەی کاریان دایە و لەسەر ڕاسپاردەی موفتی زادە لە سیاسەت دوورن و لە هەمانکاتیشدا بە پەروەردەکردنی تاکەکان لە ڕووی هزرییەوە بەرەو دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی ئامادەیان دەکەن و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەدا چالاکیی بەرچاویان هەیە.[٥١] ئەم لایەنەی مەکتەب قورئان تەواو لە بۆچوونی سەلەفی و عەقڵیەتی سەلەفی دوور کەوتۆتەوە و چالاکییەکانیان زیاتر ڕەهەندی نێوخۆیی و ژێر زەمینییە. ئەمەش بە وتەی موفتی زادەیە، چونکە ئەو پێیوابوو کۆمەڵگە تووشی قەیرانی ڕەوشت و ئایین بووە.[٥٢]

باڵەکەی تری مەکتەب قورئان بە سەرۆکایەتی حەسەن ئەمینییە و بە ناوی مەکتەبی قورئانی کوردستان کار دەکەن. ئەوانیش خۆیان پێ درێژەدەری موفتی زادەیە و بیروبۆچوونەکانی وەک ڕێنیشاندەر دەزانن. شێوەی بەڕێوەبردنی حیزبەکەیان بە شێوەی ئەنجومەنە. هەڵبەت لە بەڕێوەبردن جیاوازیی ئەوتۆیان نییە تەنیا لە فکردا جیاوازن.

### جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ساڵی ١٩٧٩ هەموو ئاکارەکانی کۆماری ئیسلامیی تازە دامەزراوی ئێران بەرەو ئەوە هەنگاوی دەنا، کە نەتەوە و مەزهەبی جیاواز لە نێو ئەو وڵاتە هیچ پێگەیەکیان نابێ و بە پێدانی هەندێک مافی زۆر لاوەکی، ئەویش کومەڵێک تێبینییان لەگەڵ بوو، نەتەوەکان و مەزهەبەکانی دیکە بە تایبەت سوننەیان پەراوێز خست. هەڵبەت لە لایەکی دیکەشەوە، شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ هەموو لایەنە هزری و سیاسییەکان هێنایە ئاراوە تاکو بەشداری کایەی سیاسی بکەن. لەگەڵ بەهێزبوونی شیعەگەری لە ئێران، کەسایەتییە ئایینییەکانی کوردیش، کە تا ئەو کات لە چوارچێوەی ئیسلامی نەریتی و بە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مەبەستی پەروەردەی تاکەکان چالاکییان دەکرد، چوونە چوارچێوەی چالاکیی سیاسی و دامەزراندنی حیزب. جێگەی ئاماژەیە تا ئەو سەردەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ بزووتنەوەیەکی تەواو دینیی ڕادیکاڵ، بوونی نەبوو و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی نەتەوەییدابوو.[٥٤]

یەکێک لەو لایەنانەی کاریگەریی لەسەر ڕەوتە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، ئیخوان بوو، کە لەم تەوەرەدا بە وردی و بە شێوەیەکی تایبەت باس لە دروستبوونی یەکەم ڕێکخستنی سەر بە ئیخوان موسلیمین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکییەکانیان دەکرێت. هاتنە ناوەوەی بیری بونیادگەرایی ئیسلامی لە نێو پەیڕەوانی مەزهەبی سوننە لە ئێران و ڕۆژهەڵات بۆ ساڵانی بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە. لە ماوەی ساڵانی بەر لە شۆڕشدا و بە هۆی بانگەشەی نهێنی لایەنگرانی ڕێبازی ئیخوان، ژمارەیەک خەلکی سوننی لە چوارچێوەی بیری بونیادگەرایی ئیسلامی، بوونە لایەنگر و شوێنکەوتووی بیروباوەڕی ئیخوان.[٥٥] یەکێک لەو کەسانە ناسری سوبحانی بوو. سوبحانی کە بیری ئیسلامی بونیادگەرایی هەبوو، پەیوەندیی بە ئیخوانەوە کردووە و توانیویە ببێتە کەسێکی باوەڕپێکراوی ئیخوانی جیهانی و تا ئاستی سەرکردایەتیی ئیخوان لە ئێران ڕۆیشت. ماوەیەکی کەم دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لەگەڵ هاوبیرەکانی و لایەنگرانی ئیخوانیزم، هەر لە ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵەی دەعوەت و ئیسڵاحیان بە سەرکردایەتیی ناسری سوبحانی دامەزراند. دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە ژێر کاریگەری ڕابوونی ئیسلامی ناوەندەکانی ئەهلی سوننەتدا ئەو فۆڕمەی ئیسلامی سیاسییان لە ڕۆژهەڵات و دواتریش سەرانسەری ناوچە سوننە نشینەکانی ئێران هێنایە ئاراوە.[٥٦]

لە ڕاستیدا بیری ئیخوان لە ساڵی ١٩٧٥ و لە ڕێگای باشووری کوردستانەوە گەیشتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو ڕێکخراوێک کە ئەورۆکە پێی دەگوترێت «جەماعەتی دەعوەت و ئیسڵاح» دەستی بە چالاکی کرد. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ئەحمەدی موفتیزادە هەوڵی ڕاکێشانی لایەنگرانی ئیخوانی بۆ لای خۆی و حیزبی موساواتی ئیسلامی دەدا، بەڵام ئەوان وێڕای هاوکاری، سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و بیری خۆیان پاراست. بەرە بەرە ئیخوان چیتر بڕوای بە حکومەتی ناوەندیی نەما، کە لەو چوارچێوەدا ئامانجەکانیان بەدیبێت. بە شێوەی بەرچاو خاڵی بە یەکترگەیشتنی ئەو دوو بزاڤە سەرتاسەرییەی جیهانی ئیسلام، واتە ئیخوان و جەماعەتی ئیسلامی لە کوردستاندا

لە بیرۆکەی ئەحمەدی موفتیزادە و ناسری سوبحانیدا دەرکەوتن، سەرەڕای ئەوە کە لە مەکتەبدا لایەنی سەربەخۆیی بیروبۆچوون و ڕێکخراوە زیاتر پارێزراو بوو، بەڵام لە جەماعەتدا ڕاشکاوانە دەنگدانەوەیان هەبووە و وەک لقێکی ئیخوان چالاکییان نواندووە. لە بڵاوکراوەکانیاندا گرنگیی تایبەت بە بیر و هزری ڕێبەرانی هەردوو بزاڤی ئیخوان و جەماعەتی ئیسلامی وەک سەید قوتب و ئەبولعەلا مەودوودی دەدا و ڕەنگدانەوەی بەرچاو و زاڵیان لەسەر جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح هەبوو.[٥٧]

ئیخوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی دەعوەت و ئیسلاح (جەماعەت) دا کاریان دەکرد، تا ئەو کاتە خاوەن ڕێکخراوێکی ڕێکوپێک نەبوون، هەر بۆیە لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی لەگەڵ مەکتەب قورئاندا هەیانبوو ڕێککەوتبوون بۆ دابەزاندنی شەریعەتی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[٥٧]

ناسری سوبحانی هەر لەسەرەتای جموجوڵەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهی تێکەڵ بە شۆڕش بوو و لە شارەکانی پاوە، ڕوانسەر، جوانڕۆ، سنە، کرماشان و مەریوان لە چالاکییە جەماوەرییەکاندا گوتاری پێشکەش کردووە. هەروەها لەگەڵ کەسایەتییە ئایینیەکانی سەر بە ڕەوتە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات لە چەندین سەردان بۆ گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشداری کردووە.[٥٨]

دەعوەت و ئیسلاح بە سەرکردایەتیی ناسری سوبحانی، پاش ئەوەی لە بڕیارەکانی حکومەتی تازە دامەزراوی ئیسلامیی ئێران و بەتایبەت چەسپاندنی بابەتی تاک مەزهەبی، واتە مەزهەبی شیعە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا، وێڕای مەکتەب قورئان و باقی لایەنە سوننەکانی ئێران شورای شەمسیان دروستکرد، وەک یەکەم ناوەندی نوێنەرایەتیکردنی دەنگی سوننە لە ئێراندا. سوبحانی لە پێشەنگەکانی ڕابوونی ئیسلامییە، کە بانگەوازی ئیخوان ئەلموسلمینیان لە ئێران بڵاوکردۆتەوە بە هاوکاریی بانگخوازەکانی باشووری کوردستان. هەروەها چەندین جاریش سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردووە هەم بۆ پاکستان لە ١٩٨٣ و هەم بۆ تورکیا بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیخوان و لە تورکیا بەشداریی کۆنگرەی ڕابیتەی ئیسلامی کوردی لە ئەستەمبوڵ کردووە.[٥٩]

دەعوەت و ئیسلاح بە هەموو شێوەیەک خوازیاری دامەزرانی حکومەتی ئیسلامیی لەسەر بنەماکانی ئیسلام بوو و سوبحانی لە دەیان وانە و نووسراو و وتاردا جەختی لەسەر سەرچاوە بنەڕەتییەکانی تەشریع، واتە قورئان و سوننەت و بڕیارەکانی شورای ئوممەت دەکردەوە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی، هەرچەندە لەگەڵ زۆربەی زانایانی پێش

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆی لەسەر ئەم بابەتانە هاودەنگە، بەڵام زۆرجار سەرنجی لەسەر بابەتە شەرعییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە هەبووە.[٦١]

سوبحانی سەبارەت بە ویلایەتەکەی خومەینی دەڵێت: «ئەم پیاوە (مەبەستی خومەینییە) لە ڕوونکردنەوەی پانتایی ویلایەتە ڕەهاکەی خۆیدا چەند نموونەیەک دەهێنێتەوە، کە ئێمەش لە بارەیانەوە هاوڕاین و هەر وادەڵێین، بەڵام قسەی ئێمە لە بنەما و بنەڕەتدا جیاوازە لەوەی ئەو و ئەو قسانەی ئێمە دەیکەین دەچێتە چوارچێوەی تێکڕای یاسا گشتییەکانی شەریعەت، بەڵام ئەو دەیانخاتە چوارچێوەی پێداویستییەکانی ویلایەتە ڕەهاکەی و جیاوازییش لە نێوان ئەو دوو قسەیە وەک جیاوازی نێوان هیدایەتی پەروەردگار و شەریعەتی هەواو و ئارەزوویە و جیاوازی نێوان خاوەنی ئەم دوو قسەیە، وەک جیاوازی نێوان ئەو بانگخوازییەیە بۆ لای پەروەردگار لەگەڵ ئەو کەسەی کە دەڵێت من خودای هەرە بەرزی ئێوە».[٦١]

کۆمەڵەی دەعوەت و ئیسلاح دروشمی، بریتییە لە ئازادی و دادپەروەری و برایەتی، ئامانجەکەشیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا و هێنانەدی ئاسوودەیی و بەختەوەریی تاک و کۆمەڵ، کە لە ژێر تیشکی قورئان و سوننەتدا خۆی دەبینێتەوە.[٦٢] بە سەیرکردنی ئامانجەکانی دەعوەت و ئیسلاح، جیاوازی لە نێوان ئەوان و مەکتەبییەکان بەدی دەکرێ و بەو شێوەی ڕاستەوخۆ کاری سیاسییان لە چوارچێوەی ئامانجەکانی خۆیان دانەناوە، کە زیاتر لەچوارچێوەی پشتیوانی لە ماف و ئازادییە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان و پشتیوانی لە ماف و ئازادییە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدان بۆ گەشەی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و و بنەبڕکردنی هەژاری و بێ دەرەتانی لە کۆمەڵگەدا خۆی دەدیتەوە.[٦٣]

وەک لە ئامانجەکانی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح دیارە، ئەم ڕەوتە لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکان سەرنجی زیاتری هەبووە و هەرچەندە خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو لەو کۆمەڵگەیە داناوە، بەڵام دەعوەت و ئیسڵاحیش بە شێوەیەکی تر کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان جیاکردۆتەوە و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان لەسەر کورد هەبووە. ئەمان بە شێوەیەک لە مەودای نێوان مەکتەب و زانایانی ئایینی نەریتی دان و وێڕای ڕووناکبیریی ئایینی، بە تەواوەتی لە زانا نەریتییەکان دانەبڕاون. زۆربەی چالاکیی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوەیە بریتییە لە بەڕێوەبردنی هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوخۆیی و وتنەوەی وانەکانی ئیخوان و جەماعەت و وەرگێڕانی پەرتووکەکانی ڕێبەرانی

ئەوانە بووە. ئەگەرچی بە ڕاشکاوانە و توند دژایەتیی لایەنە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ناکەن و هەندێ لایەن و کەسایەتیی ناو ئەم ڕێکخراوە بە شێوەی تاکەکەسی گرنگی بە کورد و پرسی کورد و زمان دەدەن، بەڵام بە گشتی ڕێکخراوەکە خۆی وەها نییە و بیرۆکەی ئەمانیش دیسان تاڕادەیەک لە ئاراستەی بیر و کولتوور ئایینی ناکۆک لەگەڵ کولتووری نەتەوەیی بووە و بوارێکی بۆ دوورکەوتنەوە لە دابونەریتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێناوە.(٦٤)

هەڵبەت دەرکەوتن و بە جەماوەریتر بوونی ئیخوانەکان بە گشتی و دەعوەت و ئیسلاح بە تایبەتی، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە مەکتەب قورئان چیتر نەیتوانی نوێنەرایەتیی فێندەمێنتالیزمی سوننە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و ببێتە ڕێکخراوێکی بەهێز و لێهاتووی ئیسلامی، بەتایبەت دوای دروستکردنی شورای شەمس و گیرانی سەرکردە و ئەندامەکانیان لە لایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە، پەیڕەوانی ئیخوان بەرە بەرە لە مەکتەب دوورکەوتنەوە و کەوتنەخۆ بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆیان. ئەم ڕێکخستنەش بوو بە بنەمای ڕەوتێکی پێشکەوتووی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و دەستپێکی جووڵەیەکی نوێی فێندەمێنتالیستی سوننە. لێرەوە ڕێکخستنی دەعوەت و ئیسلاح کە لقی ئیخوانن چالاکییەکانیان کەوتە قاڵبی نهێنی وناسری سوبحانی وەک بەرپرسی یەکەمی ڕێکخستنی ئیخوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەیەکی زۆر بە نهێنی ژیا و شوێن گۆڕکەی دەکرد، ڕێکخستنەکەشی لەوپەڕی شاراوەییدا کاری دەکرد و کۆڕ و کۆبوونەوەی پێکدەهێنا. سەرەڕای ئەم هەموو نهێنی کارییە، دوای ماوەیەکی کورت لە دامەزرانی ڕێکخستنەکانی سەر بە ئیخوان، کەوتنە بەر پەلاماری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی گیران، کە لەسەرووی هەموویانەوە ناسری سوبحانی بوو و دوای ماوەیەک مانەوەی لە بەندیخانە، ساڵی ١٩٨٨ لە سێدارە درا. بەم شێوەیە دەستگیرکردنی ئەندامانی پلەبەرزی ئەم ڕەوتە، بووە هۆی لەبارچوونی شیرازەی ڕێکخستنە نوێیەکەی ئیخوان و ئەمەش وایکرد بۆ ماوەیەک هەڵسووڕان و چالاکییان هەڵپەسارد و تێکۆشانێکی ئەوتۆیان نەما.(٦٥)

لەو سەروبەندەدا بە گشتی بیری بزووتنەوەی بناژۆخوازی خەریک بوو زیاتر گەشە بستێنێ لە ئاستی جیهانیدا و ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمینی جیهانیش وەک لایەنی هەرە بەهێزی ئەم بزووتنەوەیە هەنگاوی بۆ زیندووکردنەوەی لقەکانی هاویشت. هەر بۆیە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پەیڕەوانی ئیخوان لە ڕۆژهەڵات جارێکی تر خۆیان ڕێکخستەوە و لەگەڵ ئەوەیدا، کە بۆچوونی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە پەیڕەوانی مەزهەبی سوننە تارادەیەک نەرمتر ببوو، بە تایبەت لە نیوەی دووەمی دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردوو و بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار لە لایەن بەرەی «چاکسازیخواز»، ئەمانیش دەستیان بە هەڵسووڕان و ڕێکخستن و ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای خۆیان کرد.(٦٦)

دەعوەت و ئیسڵاح کە نوێنگەی ئیخوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ ئیخوانی جیهانی هەیە و بەرنامەکانی خۆی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ڕێکدەخست و شێوازی کارکردنیان هاوشێوەی ئیخوان موسلیمینی میسرە. ئەوان لە هەموو ڕێگەیەک کەڵکیان وەردەگرت بۆ پەرەپێدانی بیر و بۆچوونەکەیان لە ناو کۆمەڵگەدا و پێشکەوتنەکانی دونیای مۆدێرنیان کردۆتە هەوێنی بیروباوەڕیان و ئیسلامیزەیان دەکەن. هەرچەندە تا ئێستا سەبارەت بە زۆر شت هەڵوێستی ڕوونیان وەرنەگرتووە و بە کردەوەش توند و تیژییان نەنواندووە، بەڵام بیروباوەڕێکی تەسک و داخراو بەسەریاندا زاڵە و وەک هەموو پەیڕەوانی دیکەی بونیادگەری ئیسلامی تەنیا بیر و بۆچوونی خۆیان بە ڕاست ودروست دەزانن.(٦٧) کۆمەڵەی دەعوەت و ئیسڵاح ئێستا لە لایەن عەبدولرەحمان پیرانییەوە ڕابەرایەتی دەکرێ. ناوبراو کەسی یەکەمی ئیخوانە لە ئێران و لە چوارچێوەی پرۆژەکانی ئیسلامی سیاسی هەڵدەسووڕێت. کۆمەڵەی دەعوەت و ئیسلاح لە دامەزرانییەوە تا ئێستا سێ کۆنگرەی ئەنجام داوە و بە پێی قۆناغە مێژووییەکان، جموجۆڵی بزاڤگەری دیاریکردووە و شوناسی ئیسلامیی تێکۆشانەکەیان هەر جارە و بە شێوەیەک پێناسە کردووە.(٦٨)

جگە لەوەی کەسانی وک حەسەن بەننا و سەید قوتب نموونەی کەسایەتیی گەورە و زانای ئیسلامین بۆ ئەوان، بەڵام موفتیزادەش جێگەی ڕێزە لەلایان و پێیانوایە ئەو لە زیندووکردنەوە و ناساندنی ئیسلامی ڕاستەقینە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە خۆیان بە لیبراڵ دەزانن، بەڵام ڕێکخستنەکەیان وەک بزووتنەوە ئیسلامییە بونیادگەراکانی دیکە هەوڵی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئیسلام و شەریعەت دەدەن. بە پێچەوانەی مەکتەبییەکان، ئەوان بڕوای تەواویان بە سیاسیبوونی ئیسلام هەیە و دەسەڵاتی ئیسلامیش بە باشترین و دادپەروەرترین دەسەڵات دەزانن و وەک گرووپێکی سیاسی- ئیسلامی هەوڵی زاڵکردنی ئیسلام لە نێو کۆمەڵگە دەدەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ڕێکخستنی سەر بە ئیخوان سەرەڕای ئەوەی کە خۆی بە نەیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێ و لە لایەن ئەو ڕژێمەوە زەبری گەورەی بەرکەوتووە و

سەرکردەکەیانی لە سێدارە داوە، بەڵام بە کردەوە هەوڵی دوژمنایەتیکردنی ئەو ڕژێمە نادات و هەڵوێستێکی دیاریکراوی لە بەرامبەریان نییە.[٦٩]

دیارە دەبێ ئەوەش باس بکەین کە دەعوەت و ئیسلاحیش بە هەمان شێوەی مەکتەب قورئان پاش لە سێدارە دانی ناسر سوبحانی، تووشی لێکترازانێک لە ڕێکخستن و بیروبۆچوونیان بوون، چونکە لە ساڵی ١٩٩٣ بەولاوە بەشێک لە ئەندامانی دەعوەت و ئیسلاح هەر بە هەمان فۆرمی ڕێکخستن و بە پێداگری لەسەر خوێنی ناسری سوبحانی دژی کۆماری ئیسلامیی چالاکی دەکەن. هەڵبەت چالاکییەکانیان زیاتر بە شێوەی نهێنییە و لە شێوەی چالاکیی نهێنی، کۆڕ و کۆبوونەوەی بە کۆمەڵ، ئەندامگرتن و هاندانی خەڵک لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە. لایەنەکەی تریش وەک باسمان کرد بە سەرکردایەتیی ڕەحمانی پیرانی بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٩٣ لە گۆڕەپانی سیاسی دەرکەوتووە و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەیمەنەی کۆماری ئیسلامیی قبووڵ کردووە و لەگەڵ ئەوەی بوونی ئاشکرایان لە نێو ئێران دا هەیە، بەڵام زۆر بناژۆخوازن و هەڵوێستەکانیان بەو شێوەیە نییە کە دژایەتی کردن بێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لە ئێران.[٧٠]

ئەوان سەرەڕای ئەوەی خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی کوردی و هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگەیە دەزانن، بەڵام هەمیشە بەشێوەیەک خۆیان لە خەڵکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا کردۆتەوە، جا چ لە ڕێگەی هەڵسوکەوت بێ، یان لە ڕێگەی جلوبەرگ و ئاخاوتن. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ڕەوتی ئیخوان بە گشتی لەسەردەمی ناسری سوبحانیدا کەم تا زۆر لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام لە پاش ئەو جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح کەمتر خۆیان لە ئەم بابەتە داوە و ئەگەر بابەتێک یان داواکارێکیشیان هەبووبێ، زیاتر بە شێوەی گشتگیر بۆ سوننەکانی سەرانسەری ئێران بووە و ئێستا هاوتەریبی کۆماری ئیسلامیی دەڕۆن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دەرەنجام:

١. ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرهەمی ئیسلامی سیاسی لە ئێران نەبوو. هەرچەندە لە ژێر هەژموونی شیعەگەریدا و بە تایبەت ئەو دۆخە ئازادەی لە کۆتاییەکانی حکومەتی پەهلەوی و بە هۆی بێدەسەڵاتیی حکومەت لە ناوچەکانی کوردستان، کەسایەتییە ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاندران تاکو بەرەبەرە ئەوانیش جووڵەیەک لە پانتایی دیاریکراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و ئیسلامگەرایی و هزری بناژۆخوازیی ئیسلامی بڵاو بکەنەوە، ئەگەر نا بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو نەک هەر کاریگەریی ئیسلامی سیاسی ئێرانیان بەسەرەوە نەبوو، بەڵکو لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتیش تا سەردەمی شۆڕش ئەم هزرە بوونی نەبوو، ئەوەی هەبووە تەنیا ئیسلامی کۆنە پارێز و نەریتی بوو لە هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە لە نێو کورد.

٢. موفتی زادە سەرەڕای ئەوەی بە کەسێکی ڕۆشنبیر دادەنرێت و خاوەن بۆچوونی خۆی بوو، بەڵام کۆمەڵێک نیشانەی ئاڵۆزی و هەڵە لە کارەکانی دەردەکەوێت، کە بە ناوی مەکتەب قورئانەوە دەیکرد و کاریگەری چەند ڕەهەندی وەک سیاسی و کۆمەڵایەتیی، لێ دەکەوتەوە. یەکێک لە هەڵە گەورەکانی پاش نزیک بوونەوە لە خومەینی، پێیوابوو خومەینی ئەو وەک حاکمی شەرعی کوردستان دیاری دەکات. ئەو دەنگی بە حکومەتێکی ئیسلامیی پێناسە نەکراو دا، کە تەنانەت بەشێک لە ئاخوندەکانی شیعەش لێی تێنەدەگەیشتن و ناڕازی بوون بە دانانی ویلایەتی فەقیه. ئەگەرچی بزووتنەوەکەی موفتی زادە ڕەهەندی ناسیۆنالیستی هەبوو، بەڵام لە پلەی دووهەمدابووجگە لەوەش بزووتنەوەکەی لە باری زەمەنییەوە نەگونجاو بوو، چونکە ئیسلام فاکتەری یەکخستن لە شوناسی کوردیدا نەبوو، بەڵام مەکتەب قورئان ئەوکات دەرکی بەوە نەدەکرد، کە خومەینی متمانەی بە کوردێکی سوننە نییە.

٣. سەبارەت بە ئیخوانی ڕۆژهەڵات، دەتوانین بڵێین ئەوان هەرچەندە خاوەن بیروبۆچوون و ڕێکخستنی خۆیان و حیزبی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام سەربەخۆیان نییە و وەک مەکتەب قورئان سەنتەری بڕیار نین. ئیخوانەکان سەر بە ئیخوانی نێودەوڵەتین و لە ڕاستیدا لقێکی ئەوانن و لە ژێر پەیڕەوی ئەواندان و هەموو هەوڵ وتێکۆشانیان بە مەبەستی وەدیهاتنی هەمان ئامانجەکانی ئیخوانی نێودەوڵەتییە. بە هەمان شێوەی ئیخوانی جیهانی بە شێوەیەکی زۆر نهێنی کار دەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە مەرامنامە و بەرنامە و پەیڕەوی خۆیان بە ئاشکرا بڵاو دەکەنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## سەرچاوەکان:

١- جبرون: محمد،(١٣٩٨هـ.ش)، تاريخ انديشـەهای سياسی در اسلام، ت: ياسين عبدی، تهران، بنگاه ترجمه و نشر پارسه،١٠٩.

٢- میسری: فوئاد مەجید، (٢٠١٦)، فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان، هەولێر، دەزگای میدیا چاپخانەی دلێر، ٥.

٣- سینا: عەلی، (٢٠٠٦)، مێژووی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی سوننە لە ئێران، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٨.

٤- سزاری: ژوسلین،( ١٣٩٩هـ.ش)، اسلام سياسی چيست؟،ت: عباس جنگ، تهران، انتشارات رسپينا، ٢٤١.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.

٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئالان زاگرۆس، شارەزای ئیسلامی سیاسی -شیعی و سوننی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٦، لە ڕێگەی واتساپەوە.

٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەماڵ سولەیمانی، شارەزای زانستە سیاسییەکان و ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٤، لە ڕێگەی سکایپەوە.

٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەسەنی واژی،شارەزای ئیسلامی سیاسی و نەریتی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٧، هەولێر.

٩- موکری: ڕزگار، (٢٧١٩ك)، مەکتەبی قورئان بەرانبەر گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخدا، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێمەکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ٥٤، ١٤٣.

١٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.

١١- مەلاتەها: بەرزان، (٢٠١٧)، ڕەوتناسی و پێناسەی مەکتەبی قورئان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سایتی میللەت پرێس، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٨ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H1kr.

١٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەماڵ سولەیمانی، شارەزای زانستە سیاسییەکان و ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٤، لە ڕێگەی سکایپەوە.

١٣- موکری: ڕزگار، (٢٧١٩ك)، مەکتەبی قورئان بەرانبەر گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخدا، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێمەکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ٥٤، ١٤٤.

١٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەماڵ سولەیمانی، شارەزای زانستە سیاسییەکان و ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٤، لە ڕێگەی سکایپەوە.

١٥- مفتی زاده: احمد،( ١٣٥٩هـ.ش)، درباره کردستان، سنندج، نور،٧٩.

١٦- مفتی زاده: احمد،( ١٣٥٩هـ.ش)، درباره کردستان، سنندج، نور،٦٨.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٧- مفتی زاده: احمد،( ١٣٥٩هـ.ش)، درباره کردستان، سنندج، نور،٢٣٩.
١٨- سایتی ڕۆچنە، (١٣٩٣هـ.ش)، خاڵە هاوبەشەکانی مەکتەبی قەرئان و کۆماری ئیسلامی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٢ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H١kR .
١٩- مەحمود: هۆشمەند عەلی، (٢٠١٢)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٧٩-١٩٨٩)، هەولێر، شەهاب، ٦٤.
٢٠- نامه به احمد مفتی زاده و اعزام آقای نووری به کردستان، (١٣٥٧/١١/٣٠هـ.ش)، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٣ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/GsvQ .
٢١- عیزەتیار: عەلی، (٢١٧٩ك)، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و: ڕەزا فتح الله نژاد، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە ولێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ:٥٤، ٣٥٣.
٢٢- مفتی زاده: احمد،( ١٣٥٩هـ.ش)، درباره کردستان، سنندج، نور،٧١.
٢٣- مەحمود: هۆشمەند عەلی، (٢٠١٢)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٧٩-١٩٨٩)، هەولێر، شەهاب، ٧٤.
٢٤- عیزەتیار: عەلی، (٢١٧٩ك)، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و: ڕەزا فتح الله نژاد، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە ولێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ:٥٤، ٣٦٠.
٢٥- عیزەتیار: عەلی، (٢١٧٩ك)، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و: ڕەزا فتح الله نژاد، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە ولێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ:٥٤، ٣٦٣.
٢٦- دلاویز: علی، (١٣٨٥هـ.ش)، احزاب و سازمانهای اسلامی در کردستان ١٩٧٨-٢٠٠٦، مجله زریبار، مریوان، ش ٦١-٦٢، ١٢.
٢٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٢٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەماڵ سولەیمانی، شارەزای زانستە سیاسییەکان و ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٤، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٣٠- خوشحاڵی: بێهزاد، (٢٠١٤)، وردەکارییەکانی شەڕی سێ مانگەی کوردستان، کوردستان میدیا، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٨ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H١k٥ .
٣١- مەلاتەها: بەرزان، (٢٠١٨)، سۆفینیزم وشۆڕش، سلێمانی، بینایی، ٤٨٥.
٣٢- مجلەی چشم انداز ایران، (١٣٨٤هـ.ش)، انتساب پیشمرگان مسلمان به کاك احمد مفتیزاده را تکذیب میکنم، مصاحبه با حسن امینی، ویژنامه کردستان، ش٣٢.
٣٣- عیزەتیار: عەلی، (٢١٧٩ك)، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و: ڕەزا فتح الله نژاد، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە ولێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ:٥٤، ٣٦١.

٣٤- بینندە: مسعود، نادری: هیوا، (١٣٨٥هـ.ش)، خەسار ناسی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە کوردستان. گۆڤاری زرێبار، مریوان، ب.چ، ژ٦١-٦٢، ٢٠٢.
٣٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٣٦- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران همراه با اصالحات، مصوبه (١٣٥٨هـ.ش)، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٩ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/HZgq.
٣٧- مفتی زادە: احمد، (١٣٥٩هـ.ش)، درباره کردستان، سنندج، نور، ٧٩.
٣٨- عیزەتیار: عەلی، (٢١٧٩ك)، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و: ڕەزا فتح الله نژاد، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە ولێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ:٥٤، ٣٦٢.
٣٩- کدیور: محسن، (١٣٩٧هـ.ش)، جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی زاده، مقاله، سایت ڕسمی محسن کدیور، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٤ وەگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H1lJ.
٤٠- هەمان سەرچاوە.
٤١- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٤٢- کدیور: محسن، (١٣٩٧هـ.ش)، جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی زاده، مقاله، سایت ڕسمی محسن کدیور، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٤ وەگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H1lJ.
٤٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٤٤- کدیور: محسن، (١٣٩٧هـ.ش)، جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی زاده، مقاله، سایت ڕسمی محسن کدیور، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٤ وەگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H1lJ.
٤٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەماڵ سولەیمانی، شارەزای زانستە سیاسییەکان و ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٤، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٤٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٤٧- سخنرانی آیت الله خمینی، (١٣٦٠/١/٤)، گرگان، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٦ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H1lA.
٤٨- عیزەتیار: عەلی، (٢١٧٩ك)، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و: ڕەزا فتح الله نژاد، گۆڤاری تیشك، دەزگای پەروەردە ولێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ:٥٤، ٣٧٢.
٤٩- هەمان سەرچاوە، ٣٧٣.
٥٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.
٥١- دلاویز: علی، (١٣٨٥هـ.ش)، احزاب و سازمانهای اسلامی در کردستان ١٩٧٨-٢٠٠٦، مجله زریبار، مریوان، ش ٦١-٦٢، ١١٣.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٥٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، شارەزای ئیسلامی سیاسی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٣، لە ڕێگەی سکایپەوە.

٥٣- دلاویز: علی، (١٣٨٥هـ.ش)، احزاب و سازمانهای اسلامی در کردستان ١٩٧٨-٢٠٠٦، مجله زريبار، مريوان، ش ٦١-٦٢، ١١٤.

54-Ezzatyar: Ali, )2016(, The Lost Mofti Of Iranian Kurdistan: Ethnic and Religious Implications In The Greater Middle East, NewYork, Palgrave Macmillan, (PDF).

٥٥- سینا: عەلی، (٢٠٠٦)، مێژووی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی سوننە لە ئێران، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٤١.

٥٦- مەلاتەها: بەرزان، (٢٠١٨)، سۆفینیزم وشۆڕش، سلێمانی، بینایی، ٢٩٤.

٥٧- موفیدی: سەباح، (٢٠١٧)، ب، کاریگەرییەکانی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٢ وەرگیراوە لەم بەستەر: https://bityl.co/Gjvc .

٥٨- عەبدوڵا: سەرووەت، (٢٠١٤)، کاك ئەحمەدی موفتی زادە دەروازەیەك بۆخەباتێکی نەناسراو، سلێمانی، چاپخانەی سیما، چ ٣، ٤.

٥٩- کۆمەڵێك نووسەر، (٢٠١٥)، سوننەکانی ئێران، و: بەرزانی مەلاتەها، سلێمانی، حەمدی، چ١، ٢١٩.

٦٠- عبدالعزیز: عمر، (٢٠١٧)، پێگەی فەرمووده و حوجەتی سوننەت لای عەلامە ناسری سوبحانی، سلێمانی ناوەندی سارا، ٣٣.

٦١- سوبحانی: ناسر،(٢٠١٧)، ویلایەت و ئیمامەت، و: بشیر عیدالکریم ولی، هەڵەبجە، چاپخانەی هەژار، ٢٢٨.

٦٢- مەرامنامەی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٩ وەرگیراوە لەم بەستەرە: https://bityl.co/H١ko.

٦٣- هەمان سەرچاوە.

٦٤- موفیدی: سەباح، (٢٠١٧)، ب، کاریگەرییەکانی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٢ وەرگیراوە لەم بەستەر: https://bityl.co/Gjvc.

٦٥- سینا: عەلی، (٢٠٠٦)، مێژووی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی سوننە لە ئێران، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٤٢.

٦٦- کەریمی: کاوە، (١٣٨٥هـ.ش)، دەور و مێژووی ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان، گۆڤاری زرێبار، مەریوان، ژ ٦١-٦٢، ٢١٨.

٦٧- سینا: عەلی، (٢٠٠٦)، مێژووی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی سوننە لە ئێران، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٤٥.

٦٨- مەلاتەها: بەرزان، (٢٠١٨)، سۆفینیزم وشۆڕش، سلێمانی، بینایی، ٢٩٦.


٦٩- سینا: عەلی، (٢٠٠٦)، مێژووی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی سوننە لە ئێران، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٤٨.

٧٠- اسماعیل نەژاد،٢٠٢٢.

## چاوپێکەوتن

# ئێرانناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



**چاوپێکەوتن لەگەڵ فەیسەڵ عەلی؛**
**ئابووریناس و سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان**

# بەرزیی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئێران کەلێنی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات

ئێراننامەی: ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز فەیسەڵ عەلی سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستانە؛ ئابووریناس و خاوەنی زیاتر لە بیست کتێب و سەدان وتاری ئابوورییە. تێڕوانینی بەڕێزیان لەسەر ئابووری ئێران و کێشە و گرفتەکانی پەیوەندیی ئێران و عێراق لەم چاوپێکەوتنەدا بخەینە ڕوو.

**یەکەم پرسیارمان بەوە دەستپێدەکەین: بە شێوەیەکی گشتی هەلومەرجی ئابووریی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ و اتە خەسڵەتەکانی ئابووری ئێران لە دیدگای بەڕێزتانەوە چۆنە؟ ئەم دۆخەی کە ئێستا ئێر انی تێدایە چۆنە؟**

فەیسەڵ عەلی: ئێران یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دەکرێت لێرەدا هەندێک لە بنەما ئابوورییەکانی ئێران باس بکەین؛ یەکەمیان، خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری نەوت و گازە، بە تایبەتی ئێران شەشەم گەورە دەوڵەتی بەرهەمهێنی نەوتە لە جیهان و دووەم دەوڵەتی گازی سروشتییە، بەپێی دوایین ئامارەکان، ئێران ساڵانە سەد ملیار مەتر سێجا گاز بەرهەم دەهێنێت چ بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی و چ بۆ هەناردەکردن بێت. ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە. دووەمیان، ئێران خاوەن هێزێکی مرۆیی گەورەیە، هێزێکی کاری کارامە و هەمەجۆری هەیە کە ئێستا دانیشتوانی نزیکەی (٩٠) نەوەد ملیۆن کەسە. سێیەمیان، پێگەیەکی جوگرافی گەورەی لە ناوچەکە هەیە، نزیکەی (٥٤٠٠) پێنج هەزار و چوارسەد کیلۆمەتر سنووری وشکانی هەیە، لەگەڵ هەشت دەوڵەتدا دراوسێیە، بێجگە لە سنووری سەر ئاوی کەنداو، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا هەیە، بەشێک لەو کێشانەی کە ئێستا ئێران هەیەتی بە حوکمی ئەو گەمارۆیەی خۆرئاوا، بە هۆکاری ئەو پەیوەندییە بازرگانییەی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی هەیە (کە زۆربەیان لەڕووی ئابوورییەوە بەراورد بە ئێران دواکەوتوون) توانیویەتی بیانکاتە سەرچاوەیەکی باشی بەدەستهێنانی دراوی گرانبەها و شکاندنی بەشێکی ئەو گەمارۆیەی لەسەریەتی. لەبەرئەوە دەبینین تەرازووی بازرگانیی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی تەرازوویەکە کورتی نەهێناوە، بەڵکو زیادەی هەیە، بەمانایەکی تر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەناردەی لە هاوردەکردنی زیاترە. ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ ئێران چونکە ئەوانیش پێویستیان بە کاڵا و بەرهەمی ئێرانە، بەتایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی هەیە.

ئەمانە بۆخۆی هەنگاوی گەورەن بۆ دەوڵەتێکی وەکو ئێران بە بەراورد بە عێراق و بە دەوڵەتە نەوتییەکانی تر، کە کشتوکاڵ و پیشەسازی پشکی گەورەیان لە ئابوورییاندا نییە، واتە بەشداری گەورەیەیان لە کۆی بەرهەمی ناوخۆی وڵاتەکانیان نییە. لەبەرئەوە بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمە پیشەسازییانەی کە هەیەتی بە هۆی دەوڵەتانی دەورووبەری بووەتە هۆی ئەوەی کە باشتر بەگەڕی بخات و بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی ئەو گەمارۆیەی سەری بشکێنێت. ئێران ئەمانە بنەما بنچینەییەکانی بوون، بۆ نموونە یەدەگی گازی سروشتییەکەی (٣٣) سی و سێ ترلیۆن مەتر سێجایە، کە پێنجەم دەوڵەتە لە ڕووی یەدەگی گازی سروشتییەوە لە سەر ئاستی هەموو جیهان. لە ڕووی نەوتەوە یەدەگەکەی (١٥٤) ملیار بەرمیلە، لە سەدا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نۆی کۆی یەدەگی جیهان پێکدەهێنێت، کە ئەمەش ژمارەیەکی گەورەیە. ڕۆژانە (٣.٤) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد پێش گەمارۆکە، ئێستاش هەرچۆنێک بێت لە ڕێگەی دەوڵەتانی ترەوە بەشێک لەو ڕێژەیە هەر دەنێرێتە دەرەوە. کەرتی بازرگانی بەشداری لە سەدا بیستی کۆی بەرهەمی وڵاتەکە پێکدەهێنێت کە ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە بۆ ئێران بە تایبەتی کە زیادەی هەبێت نەک کورتهێنان. واتە ئەمانە بە گشتی بەشێک بوون لەو هۆکارانەی کە ئابووریی ئێران بەرگەی گرتووە و بەشێکی ئەو گرفتانەی هەیەتی داپۆشێت. خاڵێکی سەرەکی تر کە ڕەنگە جیاوازی بکات لە ئابووری وڵاتانی تری ناوچەکە؛ بوونی سیستەمێکی بانکی زۆر پێشکەوتووە، سەرباری ئەو سیستمەیش هۆشیاری خەڵکی ئێرانیش بە گشتی ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە. لە ئابووریدا دەڵێن بانک شادەماری ئابووری دەوڵەتە. هەر بۆیە ئەمە وایکردووە کە ئابوورییەکەی بجوڵێنێت و ئەو گەمارۆیەی کە لەسەر ئێران هەیە لەڕێی ئەم بانکە و لە ڕێی ئەو مامەڵە بانکییانەوە هەموو خەڵکی ئێرانی بە یەکەوە گرێ داوە، وایکردووە ئێران نەبوونی پارە و کەمی پارە و دابڕینی لە سیستەمی بانکی جیهانی کاریگەریی زۆری گەورەی لە سەر ناوخۆی ئێران نەکات. بەگشتی دەکرێت بڵێین بنەما بنچینەییەکانی ئابووری ئێرانن کە هێزێکی گەورەی هەیە بتوانێت بۆ خۆی بوەستێت. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە ئاڵنگاری گەورەشی نەبێت، یەکێک لەو ئاڵنگارییە گەورانەی ئێران هەیەتی گەمارۆی نێودەوڵەتییە، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئەوەی کە نەتوانرێت سەرمایەگوزاری بیانی بێتە ناو ئێرانەوە، هاتنی سەرمایەگوزاری بیانی واتە هاتنی تەکنەلۆجیای تازە بۆ ناو ئێران. ئێران ڕاستە بە پیشەسازیی خۆی توانیویەتی بە شێکی زۆری پێداویستی خۆی دابین بکات بۆ دەرەوەش بینێرێت، بەڵام ئەگەر تەکنەلۆجیای تازە بێت بێگومان ئەم بەرهەمانە دوو هێندە و سێ هێندە زیاد دەکەن و ئاستی گەشەکردنی ئابووری ئێران زیاتر دەبێ و هەناردەشی زیاتر دەبێت، ئەمە یەکێکە لەو ئاڵنگارییانەی کە گەمارۆی نێودەوڵەتی و بە تایبەتی ئەمریکا لە سەر ئێران وای کردووە کە لە سەرمایەگوزاریی بیانی بێبەش بێت.

**ئێرانناسی: ئەوەی تا ئێستا باست کرد تێڕوانینێکی خۆشبینانە و گەشە بۆ بنچینە ئابوورییەکانی ئێران.**

فەیسەڵ عەلی: بەڵێ ئەگەر باسی ئاڵنگارییەکانیش بکەم.

**ئێرانناسی: گرفتە بنچینەییەکان، دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت؟**

فەیسەڵ عەلی: گەمارۆی ئابووری بۆ ئێران زۆر کوشندەیە، واتە ئەگەر گەمارۆکە نەبووایە دەکرا ئێستا ئەندامی گرووپی بیست بێت. خاڵێکی تری کوشندەی ئێران گەندەڵییە، گەندەڵی

یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی هەر وڵات و هەر ئابوورییەک، بەتایبەتی لە ئێراندا بەشێکی زۆری ئەوەی کە جێی سەرمایەگوزاری بیانی گرتۆتەوە سەرمایەگوزاریی ناوخۆییە، ئەمەش بە دەست کۆمەڵێک گرووپەوەن، نموونەی سوپای پاسداران، کە بەشێکی زۆری پرۆژە سەرمایەگوزارییەکانی ئێران بەدەست ئەوانە، بێگومان توانای ئیداری و ئەوەی پێی دەوترێت عەقڵەییەتی ئابووری ئیدارەدانی ئابووریی ئەو پرۆژانە لە توانای سوپای پاسداران نییە و ناتوانن وەک پێویست بتوانن پەرە بەو پرۆژانە بدەن. بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانە بە حوکمی دەسەڵاتەکەیان وەریان گرتووە، نەک بە حوکمی توانای ئابووری و توانای دارایی و توانای عەقلی سەرمایەگوزارییان، ئەمە گەورەترین بەربەستە لەوەی بتوانرێت ئەم پرۆژانە بەرەوپێش ببرێت و سەرکەوتوو ببن، بگرە ئەو پرۆژانە ڕەنگە بە نیوەناچڵی لە زەمەنێکا هەموویان بکەون لەبەرئەوەی پرۆژەکە لەسەر بنچینەی کەڵکی ئابووری ئەوەی پێی دەوترێت (دراسة الجدوی الاقتصادیة) نەکراوە. بۆیە ئەمانە ناتوانن سەرکەوتووبن. خاڵێکیتر هەڵئاوسانە لە ئێران، ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئێران لە سەدا چلە، ئەمە بارگرانییەکی زۆری بۆ خەڵک دروستکردووە. ئەمە دەبێتە ڕێگر لەوەی تەنانەت ئەگەر ئێستا کرانەوەش ڕووبدات، پێناچێ سەرمایەگوزاریی بیانی ڕوو لە ئێران بکات، چونکە بەرچاوی ڕوون نییە ونازانێ ئاستی ئەم هەڵئاوسانە بەرەو کوێ دەڕوات ؟ زیاد دەکات؟ یان بەرەو کوێی دەبات؟ ئەمە وا دەکات ناجێگیریی نەختینە هەبێت لە ئێران، یانی متمانە نییە بە توانای ماددی ئێران لەوەی بتوانێت هەم پێداویستییەکانی خەڵک هەم پێداویستییەکانی سەرمایەگوزاریی بیانی ئەگەر بیەوێت بێتە ناو ئێرانەوە پڕ بکاتەوە.

کێشەیەکی تری ئێران بێکارییە، وتمان ئێران ژمارەی دانیشتوانەکەی زۆرە و دەستی کاری هەیە، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ڕێژەی بێکاری زۆر لەوە زیاترە کە بە ڕەسمی ڕادەگەیەندرێت، کە لە سەدا دە بێت. بێگومان بێکاری کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. یەکێک لە دیارترین دەرهاویشتەکانی بێکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکانە. سەرچاوەی زیادبوونی هەژارییە ئەمەش لەگەڵ گەندەڵی کیشەکان قوڵتر دەکەنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە دەشێوێنێت، جۆرێک لەوەی پێی دەوترێت ناکۆکی نێوان چینەکان دروست دەکات و ناجێگیریی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە..

**ئێراناسی: مەسەلەی هەڵئاوسانی ئێران کە گرفتێکی گەورەی ڕۆژانەی خەڵکی ئێرانە، بە تایبەتی دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی بەرامبەربە دۆلار. بۆچوونی زۆرهەیە کە دراوی مامەڵەی ئێرانی بە دراوی تر بکرێت جگە لە دۆلار، بەڵام ئەم پێشنیارانە هیچی سەرکەوتوو نەبوو.**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بە شێوەیەکی گشتی ئەم هەڵئاوسانە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەمارۆکانەوە هەیە یان نییە، وڵاتێکی وەکو تورکیا هیچ گەمارۆیەکی ئابووریشی لەسەر نییە، بەڵام ڕێژەی هەڵئاوسانی وڵاتەکە ڕۆژبەڕۆژ دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار، هۆکارەکە دەرەکی و ناوخۆییە یان چییە؟

فەیسەڵ عەلی: سەرچاوەی هەڵئاوسان هەر لە ناوخۆ نییە، بەشێک لەو هەڵئاوسانە پێی دەوترێت هەڵئاوسانی هاوردە، هەڵئاوسانی هاوردە لەگەڵ هاوردەکردن لە دەوڵەتانی تر، بە تایبەتی کە لە وڵاتێک هاوردە دەکەی ئەو وڵاتە خۆی هەڵئاوسانی هەیە، بەشێک لە هەڵئاوسانەکانی دەهێنیت بۆ ناوخۆ. ئێستا بۆ نموونە عێراق ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئێراندا دەکات، بەشێک لەو هەڵئاوسانەی ئێران لە ڕێگەی ئەو کەلوپەلەی بۆ عێراق دێت. ئێرانیش بە هەمان شێوە، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی مامەڵە دەکات، هەڵئاوسان بۆتە دیاردەیەکی جیهانی. ئێستا وای لێهاتووە کە ئەگەر هەڵئاوسان لە وڵاتێکدا هەبێت و یەک ژمارەیی بێت، واتە تا نۆ لە سەدیش بڕوات بە ئاسایی دابنرێت، بەڵام کە گەیشتە دوو ژمارە؛ واتە گەیشتە یانزە و دوانزە واتە بووە دوو ژمارە هەڵئاوسانەکە دەبێتە جێی مەترسی بۆ ئابوورییەکە، واتە متمانەی دەوڵەتانی تر، متمانەی سەرمایەگوزاریی دەوڵەتانی تر بۆ ئەوەی بێن سەرمایەگوزاری بکەن کەم دەکات. چەند ئەم متمانەیە کەم بکات ڕێژەی هەڵئاوسانەکە زیاد دەکات و وا دەکات خەڵکی ناو وڵاتەکە خۆی متمانەی بە دراوی وڵاتەکەی نەمێنێت، پەنا دەبات بۆ دراوێکی تر. نەبوونی متمانە بە دراو گەورەترین گرفتە کە لە ئابووریی لە دەوڵەت دروست دەبێت، هاوڵاتییانت متمانەی بە دراوەکەت نەبێت. هەموو هاوڵاتییەک بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات دراوی وڵاتەکەی خۆی بفرۆشێت و دراوێکی گرانبەها لای خۆی کۆبکاتەوە. ئەمە ڕەنگە لە توانای هیچ وڵاتێکدا نەبێت بڵێت من مامەڵە بە دۆلار یان بە یۆرۆ ناکەم. بۆ نموونە ئێران ئێستا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ چین و ڕوسیادا هەیە، ڕەنگە بەشێک لە ئێرانییەکان بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکانیان بە (ڕۆبڵ) بێت، پێیان وابیت ڕۆبڵ لە تمەنەکەی خۆیان باشترە و جێگیرترە یان دراوی چینییان پێ باشتر بێت لە دراوەکەی خۆیان. واتە هاوڵاتی کە متمانەی بە دراوەکەی خۆی نەما پەنا بۆ دراوی وڵاتێکی تر دەبات، ئەم بێ متمانەییە ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات بە تایبەتی لای کێ؟ لای ئەوانەی کە پێیان دەوترێت بزنس مان، لای ئەوانەی کە پرۆژەیان هەیە، گرفتەکە لای هاوڵاتییەکی ئاسایی نییە گرفتەکە لای ئەوانەیە کە سامانی لە بەردەستە، ئەوەش کە سامانەکەی لە بەردەستە دوو هەوڵ دەدات؛ یەکەم: دراوەکەی بکات بە دراوێکی تری

دەرەوەی وڵاتەکەی. دووەم: بەشێک لەو دراوە گرانبەهایەی هەیەتی یان بیباتە دەرەوە، چەند دراوی گرانبەها بەرەو دەرەوە ببرێت کاریگەریی قورسی لەسەر ناوخۆ دەبێت، جێگیریی دراو و هاوکاتیش ئابووری لەبار دەبات و هەڵئاوسانیش بەرزتر دەکات. وەک دەبینین لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ شت گرانتر دەبێت، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی هەڵئاوسانەکە زیاد دەبێت. ئەگەر ئەمە ببەستینەوە بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە وا دەکات کە بەرەبەرە چینی ناوەڕاستی ناو کۆمەڵگە کە هۆکاری سەقامگیریی کۆمەڵگەیە بەرەبەرە بەرتەسک دەبێتەوە، چینێکی زۆر زۆر دەوڵەمەند و چینێکی زۆر هەژار. ئەو چینە دەوڵەمەندەی دروست دەبن زۆربەی کات بەستراون بە دەسەڵاتەوە، ئەمەش وا دەکات ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر زەق ببێتەوە، بەردەوام لیکترازانێکی قوورس دروست دەبێت، لەبەرئەوەی پێیانوایە کە ئەمانیش بەشێکی دەسەڵاتن و هاوکاتیش بەشێکن لەوەی ئەم ڕەوشەیان خوڵقاندووە و ئەم پارەیە بەهای نەمێنێت و هاوڵاتییەکی ئاسایی کە ئیش دەکات ڕۆژانە نەتوانێت پێداویستی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات، کە ئەمەش ڕەنگە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی دیکەی لێ ببێتەوە، وەک هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزان، یانی خێزانەکان بە ئاراستەیەکی تری بەرێت، بۆچی؟ چونکە ئەوکات گرنگ ئەوەیە ئەندامانی خێزان پارە پەیدا بکات تا ئەو خێزانە پێی بژین، چیتر ئەوە گرنگ نییە چۆنی پەیدا دەکات. واتە هەڵئاوسان ئەم دەرهاویشتانەی لێ دەکەوێتەوە. بە کورتییەکەی هەم دەرەکییە و هەم ناوخۆییشە، واتە بەشێکی گەمارۆکەی خۆرئاوایە لە سەر ئێران، بەشێکیشی ناوخۆییە؛ خراپی سیاسەتی ئیدارەدانی ئابووری ئێرانە کە ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست ئەو ئابوورییە وا ڕێک بخاتەوە کە بتوانێت هەمەڕەنگتری بکات بۆ ئەوەی بەشەکانی تری ئابووری ڕۆڵی کاریگەرتریان لە ناو ئابووریدا هەبێت و بەشداری دیاریان لە پێکهێنانی کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا هەبێت. بەشی شێری ئەو بەشدارییکردنە بۆ کەرتی خزمەتگوزارییە، ئەم کەرتەیش ئەو توانایەی نییە پێداویستیی ئابووری تێربکات. خزمەتگوزاری بۆ نموونە وەک هاتوچۆ بەرهەمێکی وای نییە بتوانێت گیرفانی هاوڵاتییەکانی تر پڕ بکات، ڕاستە بەشێک لە داهاتیان دەداتێ بەڵام ئەو داهاتە پێداویستییەکانی خێزانێک پر ناکاتەوە، واتە ئیش دەکەن لەسەر بازرگانی، بەڵام کشتوکاڵ، پیشەسازی ئەمانە دەتوانن ببنە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر گەورە بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستیی خەڵک پڕ بکاتەوە، واتە داهاتی نوێ بخوڵقێنێت.

**ئێرانناسی: پرسیارێک هەیە زۆرباو نییە لە ئاڕاستەکردنی پرسیاریدا، ئەویش ئەوەیە کە: لە ژێر هەژموونی نیزامێکی دینیدا ئابووری چۆن دەتوانێت نەشونما وگەشە بکات،**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**بۆ نموونە بۆچوونێک لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە خراوەتەڕوو، لە دەزگای ڕۆحانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کرا ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ هەبوونی گەمارۆکان، خستنەڕووی شێوازێک لە ئابوورییە کە بە ناوی ئابووریی مقاوەمەت (ئابووریی خۆڕاگرنە). پێتوایە ئەمە دەتوانێت جوابی گرفت و کێشە ئابوورییەکان بداتەوە و دەرئەنجامی هەبێت؟ یاخود زیاتر هەر بۆچوونێک بۆ بەهێزکردنی بیری ئایدۆلۆجی؟ کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئابووری دەبێت یان نایبێت؟**

فەیسەڵ عەلی: ئابووری خەسڵەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە کە دەڵێین ئابووری سەرمایەداری شکڵەکەی ڕوونە، ئابووریی مقاوەمەت شکڵەکەی ناڕوونە وەک چۆن عەرەبەکان وتەیەکیان هەیە دەڵێن قسەی ناو جەریدەیە و تەنها بۆ جەریدەی دەکەی و وەک بڵێی بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکە. شتێک نییە بە ناوی ئابووریی مقاوەمەت، مقاوەمەت بە چی دەکەی؟ مقاوەمەت لە سەر پێگەی و بنچینەی ئابووری دەکرێت، ئەم ئابوورییەی تۆ ئەگەر مقاوەمەتە خەسڵەتەکانی چین و چی جیاوازە لەو ئابوورییەی بۆ نموونە کە ئێستا لە ئێراندا هەیە، کە ئابوورییەکی سەرمایەداریی دەوڵەتییە، بۆ نموونە بازاڕ مامەڵە بە بەشێکی زۆریی ئابوورییەکەوە دەکات، ڕاستە ئابوورییەکە دەسەڵاتێک هەیە گرتوویەتی، بەڵام لە خوار دەسەڵاتەکەوە ئابوورییەکە بازاڕ مامەڵەی پێدەکات، لە ڕێگەی کۆمپانیا سەرەکییەکانەوە و بەشێکیان وەک وتم لای کەسە نزیکەکانی ناو دەسەڵاتن، واتە ئەمە دەرفەتێکی باشتری پێداون کۆنترۆڵی زیاتری ناو بازاڕ بکەن، دەرفەتێکی باشتری پێداون جومگە بنچینەییەکانی ئابووری بگرنە خۆیان؛ ئەمە ناکاتە ئابووریی مقاوەمەت، ئەمە دەکاتە ئابووریی بازاڕ، ئەو ئابووریی مقاوەمەتە ڕەنگە بڵێم جگە لە زارەوەیەکی دینی و لە ڕاکێشانی سۆزی خەڵک بەوەی ئێمە مقاوەمەتی ئەو گەمارۆییەی لە سەرمانە دەیکەین، مقاوەمەتی ئیستیعمار دەکەین، مقاوەمەتی ئەوەی کە پێی دەوترێت غەرب و شەرق دەکەین. جگە لەوە هیچی تر نییە، بەڵام کە لە واقیعدا دەیبینی شتێک نییە بە ناوی ئابووریی مقاوەمەت بێت، ئابوورییەک بێت کە پێگەیەکی بنچینەیی هەبێت و لەسەری دانرابێت و ڕوویایەکی ڕوونی هەبێت کە لەسەر ئەو بنچینەیە ئیش لەسەر ئەوە کرابێت، بەمە دەتوانم جیاکار بم لەوەی کە پێی دەوترێت ئابووریی سەرمایەداری جیاکار بم لەوەی کە پێی دەوترێت ئابووریی تێکەڵ. وەک ئەوەی ئێستە جۆرێک لە تێکەڵی هەیە لە نێوان ئەوەی کە پێی دەوترێت ئابووری دەوڵەت و لە ئابووریی سەرمایەداری کە پێکەوە ئیش دەکەن وەک ئەوەی ئێستە چین دەیکات سیستەمێکی شموولییە و ئابوورییەکی ئازادیشی هەیە. شتێکمان نییە بە ناوی ئابووریی مقاوەمەت بێت و

بنچینەی هەبێت جگە لەوەی وەرەقەیەکە فرێ دراوە بەڵام بنچینەکەی هیچ بوونێکی نییە.

**ئێر انناسی: بە شێوەیەکی گشتی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆی پرۆسەکە لەسەر ئەو دەبێت. ئەگەر بەراوردێک بکەی لە نێوان ئابووریی وڵاتێکی وەکو ئێران، وەکو تورکیا و وەکو عێراق لەگەڵ ئیمارات، ئاسۆکانی بەردەم ئابووریی ئێران چییە؟ واتە پێگەی ئێران لە ئابووریی ئەم زۆنە؛ لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

فەیسەڵ عەلی: ئابووریی ئێران یەکێکە لە ئابوورییە زۆر گەورەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەشێ لە ڕووی ئیمکانیات و لە ڕووی دانیشتوان و لە ڕووی سامانی سروشتییەوە، کە خاڵێکی بەهێزی هەموو ئابوورییەکە لە دوای تورکیاوە بێت، بەو مەرجەی ئەو سامانە سروشتییەی لە ئێران هەیە بە شێوەیەکی دروست بخرێتە خزمەت هەمەڕەنگکردنی ئابووریی ئێرانەوە بەتایبەتی کە ئێران ڕووبەرێکی فراوانی هەیە کە (١.٦٤٨.٠٠٠) ملیۆنێک و شەشسەد و چلو هەشت کیلۆمەتر دوجایە، ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و هەموو وەرزەکانی تیایە، دەتوانێت سەرچاوەیەکی گەورەی کشتوکاڵ و پیشەسازی بێت، دەتوانێت ئەوەی ئێمە لە ئابوورییدا پێی دەڵێین تەواوکاریی ئابووری؛ ئێران دەتوانێت تەواوکاریی ئابووری خۆی بکات. ئەگەر بە مەرجێک ئەو داهاتە گەورەیەی خۆی بخاتە گەڕ. ئێمە بیرمان نەچێت ئێران بەشێکی زۆری داهاتەکەی خستۆتە خزمەت هێزی سەربازی و بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی. ئەمە وای کردووە کە بەشێکی گەورەی ئەو داهاتەی کە دەبوو لە خزمەتی ئابوورییەکەی و بەهێزکردنی ئابوورییەکەی بەکاری بهێنێت لە خزمەتی ململانێ و چەک بەکاری هێناوە، ئەمە پاشەکشێی بە ئابوورییەکەی کردووە، چونکە چەک خزمەت بە کۆمەڵگە و بە ئابوورییەکە ناکات بەقەدەر ئەوەی بارگرانییە، هەرچەند ئەم قسەیە بۆ ئەو دەوڵەتانە ڕاست نییە، کە بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی سەرچاوەی ڕەخساندنی دەرفەتی کار و دراوە، واتە هەناردەی دەرەوەی دەکەن، واتە دەبێتە بارگرانی بەسەر ئابوورییەکەوە لە بری ئەوەی ببێتە هۆکاری بەرەو پێشبردنی ئابوورییەکەی. بۆ نموونە، ئابووریی ئێران توانای فرۆشتنی چەکی نییە وەک ئەمریکا کە ساڵانە بە دەیان ملیار دۆلار چەک دەفرۆشێت، هەروەها بۆ ڕووسیا هەندێک لە دەوڵەتانی ئەورووپاش ڕاستە، بەڵام ئێران توانای بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنییەکەیشی ئەو پێشکەوتووە نییە کە بتوانێت بیفرۆشێت بە وڵاتانی تر، هەر بەرهەمی دەهێنێت و ئەم بەرهەمە بە زمانی ئابووری بەشداری دیاری لە کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا نییە.

ئێران بە بەراورد بە دەوڵەتانی تری ناوچەکە لە ڕووی تەکنەلۆجیا و بەرهەمهێنانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە پێشکەوتوترە، نموونە بەراورد بە عێراق و سوریا، تا ڕادەیەک لە هەندێک لە دەوڵەتانی کەنداویش پێشکەوتووترە بە حوکمی ئەوەی زەوی و زاری کشتووکاڵییان نییە، ئەم بەرهەمی کشتوکاڵییان پێ دەفرۆشێت، واتە پێشکەوتوترە و توانیویەتی بەشێک لە بازاڕەکانی ئەوانیش ببات. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی بەراوردی بکەی بە ئابووریی تورکیا کە تورکیا توانیویەتی پێگەیەکی گەورە بۆ خۆی دروست بکات، بۆ نموونە ئەندامی گروپی بیستە، بۆ نموونە کۆی بەرهەمی ناوخۆییەکەی ترلیۆنی تێپەڕاندووە، بەڵام ئێران هێشتا زۆر زۆر لە دواوەیە لەو ڕووەوە، چونکە بە تایبەتی لە سەدا هەشتای داهاتی ئێران هی هەناردەی نەوت و گازە، بۆ نموونە هی بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی نییە تا بتوانین بۆ نموونە بڵێین ئێران توانیویەتی لە ڕووی بازرگانییەوە باش بێت. ئەمانە وایکردوە کە ئێران هەژموونە سیاسییەکەی زاڵتر بێت بەسەر ناوچەکەدا تا هەژموونێکی ئابووریی هەبێت. ئەمە خۆی ئیشکالە گەورەکەیەتی. ئەگەر بمانەوێت بڵێین ئێران هێزێکی گەورەیە دەبوو هەژموونە ئابوورییەکەی بەسەر ئەم ناوچەیەدا زیاتر بوایە وەک لە هەژموونە سیاسییەکەی، واتە ئەمە گرفتە سەرەکییەکەی ئێرانە لە ناوچەکە.

**ئێرانناسی: دەرفەتێکی باشە تا ئەو پرسیارە بکەین؛ ئەویش پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئێران و عێراقە، وەکو هەموولایەک دەزانن ئەمساڵ ٢٠٢٣ عێراق بودجەی گشتیی لە ئەنجومەنی نوێنەران تێپەڕاند، لە ژێر سەقفی ئەم پرۆژە یاسایەی لە پەرلەمانی عێراق تێپەری، جەنابت پەیوەندی ئابووریی ئێران و عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ بە شێوەیەکی گشتی هەندێک لە پسپۆرەکان پێیان و ایە ئێران کاریگەری بە سەر پرۆژە یاساکەوە هەبووە یاخود بەشێک لە داهاتی عێراق بە شێوازی نا شەرعی؛ دراوەکان کێشەیەکی بۆ مەسەلەی نرخی دۆلار لە بازاڕەکانی عێراق کە بە ناجێگیریی ماوەتەوە دروستکردووە، ئایا کاریگەریی ناڕاستەوخۆی ئێرانی بە سەرەوەیە؟**

فەیسەڵ عەلی: سەرەتا دەبێت لە پەیوەندیی بازرگانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەوە دەست پێبکەین، قەبارەی بازرگانیی نێوان ئێران و عێراق بۆ ٢٠٢٢ نزیکی دوازدە ملیار دۆلار بووە، لە ڕووی بازرگانییەوە. ئەم دوازدە ملیار دۆلارە کە حسابی بۆ دەکەین لە بەرژەوەندیی ئابووریی ئێرانە. چونکە عێراق هاوردەی زیاترە، عێراق کەمتر بەرهەم و کاڵاکانمان هەناردەی ئێران دەکەین، ئەمە وای کردووە تەرازووی بازرگانی لە بەرژەوەندی ئێران بێت و بەشێکی زۆری سامان لە عێراقەوە بچێتە ئێران، واتە بەشێک لە داهاتی بودجەیەی لە عێراقدا هەیە بەرەو ئێران دەڕوات. بەتایبەتی ئێمە لە ئابووریدا زاراوەیەکمان هەیە پێی دەوترێت

سووڕی داهات؛ سووڕی داهات بۆ دەوڵەت و ئابووریی دروست ئەوەیە، بەشی هەرەزۆری داهات لەناو ئابوورییدا دەستاودەست بکات و بڕێکی ئیجگار کەمی بچێتە دەرەوە، بۆ عێراق پێچەوانەکەی ڕاستە، بەشی زۆری داهاتی عێراق چ بە حەقیقی بۆ هاوردەکردنی کاڵا و پێداویستیی ئابووری دەچێتە دەرەوە، بەشێکیشی وەک سپیکردنەوەی پارە بە ناوی بازرگانی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، واتە ئابووریی حێراق ئابوورییەکە پشت بە دەوڵەتانی تر دەبەستێت. واتە ئەمە بۆ خۆی گرفتێکی گەورەی ئابووریی عێراقە، وای کردوە بەشێکی داهاتی عێراق بە هۆکاری لاسەنگیی تەرازووی بازرگانی لە بەرژەوەندیی ئێران دەشکێتەوە. ئەمە دیوێکی، دیوێکی تری ئێران لە ڕووی پرۆژەی وەبەرهێنانەوە لە عێراقدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستکردنی کارگە و ڕێگەوبان و پرد. ئەمانەی ئێران لە ناو عێراقدایە و ئەمانە وایان کردووە بەشێک لەم سەرمایەگوزارییەی ئێران دەیکات بۆ ئەوەیە جارێکیتر و بە شێوازێکیتر قازانج بگەڕێتەوە بۆ ئێران جگە لە بازرگانییەکە لە ڕووی وەبەرهێنانیشەوە قازانجی بۆ دەچێت، ئینجا ئێستا وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق دروست دەکات. بۆ نموونە ئێستا بۆرییەکی گازی سروشتی لە ئێرانەوە بۆ عێراق دێت ئێرانییەکان خۆیان دروستی دەکەن. ئەمە بۆ خۆی ڕۆشتنی بەشێکی بودجەی عێراقە بۆ ئێران.

ئەمە کەناڵە ئاساییەکان و کەناڵە ڕەسمییەکان بوون کە پارە لێیەوە لە عێراقەوە بۆ ئێران دەڕوات، جگە لەوەش بەشێکی زۆری دەستی کاری ئێرانی لەبەرئەوەی ڕەوشی ئابوورییەکەیان بەو شێوەیە کە ئاماژەمان پێکرد، هاتوون لێرە کار دەکەن، ئەمەش بە جۆرێکیتر و جارێکیتر دەبێتە یەکێکی تری لەو کەناڵانەی پارە لە عێراقەوە بچێتەوە ئێران. هەموو ئەم پارانە ڕەنگە بەشی زۆری بە دۆلار بڕواتەوە ناو ئێران، ئەمە بۆ خۆی بۆ ئێران قازانجێکی گەورەیە و بەشێکی داهاتەکەی ئێرەش دەبات. ئەمە بەدەر لەوەی بێینە ناو ئەوەی کە بڵێین گوشاری ئێرانی لەسەر سیاسییەکانی عێراق هەیە لەوەی بودجە بە ئاڕاستەیەک دابڕێژن، دەکرێت بڵێین دەبوو عێراق خۆی لە جیاتی لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێت بۆری گاز بۆ عێراق ڕابکێشی و ئێران گاز بنێرێت بۆ عێراق؛ ئەو پارەیەی کە لە بودجەی عێراق بۆ ئەوە تەرخان دەکرێت دەبوو تەرخان بکرێت بۆ پەرەپێدانی کێڵگە گازییەکانی عێراق خۆی و گاز بەرهەم بێنین لە جیاتی بسوتێنرێت بە بەلاش عێراق پرۆژەی وەبەرهێنانی خۆی هەبێت، عێراق دەیتوانی وەبەرهێنانی بیانی بێنێتە ناو عێراقەوە و دەیان کۆمپانیای جیهانی هەن کە ئێستا لە بواری نەوت لە عێراقدا ئیش دەکەن بێن بەرهەمهێنانی گاز بۆ عێراق بکەن لە جیاتی ئەوەی ئێمە بێین بۆری گاز لە ئێرانەوە ڕابکێشین، کە ئێران

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆی جێبەجێی بکات و خۆشی قازانج بکات، عێراق بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئێران و هەرکات لەبەر هەر هەڵوێستێکی سیاسی گوشار بخاتە سەر عێراق و گازەکەی لێ بگرێتەوە. وەک ئەوەی لەم ماوەی ڕابردوودا کە کارەباکەی لە باشووری عێراق بڕی. ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی کە ناڕاستەوخۆ ئێران گوشار لەسەر بودجەی عێراق دەکات، توانیویەتی ڕێگە لەو پرۆژانە بگرێت، ئەگەر نا دەیان کۆمپانیای جیهانی هەن کە دەتوانن باشترین پرۆژەی ڕێگاو بان و پیشەسازی و کشتوکاڵی بە ستانداردی جیهانی بۆ دروستکردن، لەبەرئەوەی تەکنەلۆجیای ئێرانی بە بەراورد بە تەکنەلۆجیای بیانی تەنانەت بە بەراورد بە تورکیا دواکەوتووە. دیارە ئێمە بەشێکی زۆری بەوان سپاردووە کە ئەوان بیکەن. یان بۆ نموونە هاوردەکردنی سەیارەی ئێرانی بۆ عێراق ئەویش بە هەمان شێوە بە بەراورد بە سەیارەی هەر وڵاتێکی تر سەیارەکەیان لە ئێران پێشکەوتووترە. ئەمەش دەچێتە ناو بازرگانییەکەوە کە لە ڕێوە ئێران بەشیکی داهاتی عێراق دەبات بۆ خۆی.

ئەمانە هەن بەڵام ناکرێت بڵێین هەموو بودجە لە سەر بنەمای ئەوە دانراوە، بەڵام زۆر جار ئەمە بەشیکی نادیارە و دەستە نادیارەکە ئەمەیە، چۆن؟ ئێران لە ڕووی سیاسییەوە دەتوانێت کاریگەریی لە سەر ڕەوشە ئابوورییەکەی عێراق هەبێت و وا بکات عێراق نەتوانێت کۆمەڵیک پرۆژەی گەورەی هەبێت بۆ نموونە عێراق دەتوانیت کارگەی بەرهەمهێنانی پەینی کیمیایی هەبێت یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە ڕەنگە عێراق لەبەر خاتری ئێران نەیکات، چونکە ئێران یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان لە بەرهەمهێنانی پەیینی کیمیایی و هەناردەی زۆربەی زۆری دەوڵەتانی دەکات کە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی بازاڕێکی باشی ساغکردنەوەی پەینی کیمیایی ئێرانی بێت لە کاتێکدا عێراق خۆی ئەو کارگانەی هەبووە پێشتر، ئێستا هەمووی داخراون و ئیش ناکەن. ئەمانە هەمووی دەکرێت ناو بنێین هەژموونی ئێران لە سەر ئابووریی عێراق، کە بودجەکە داڕێژەری سیاسەتی ئابووری عێراقە بۆ سێ ساڵ، واتە دەشی ئەو هەژموونەی لە سەر ئابووری عێراق بێگومان ناڕاستەوخۆ بێت، هەژموونێک لە سەر سیاسەتی ئابوری عێراقی کە لە بودجەکەدا ڕەنگ دەداتەوە. بودجەی گشتی ئاوێنەی ئابووری هەموو وڵاتێکە کە لە بودجەکە دەڕوانیت بۆت دەردەکەوێت، ئابوورییەکە چۆن ئیش دەکات و ئابووری ئەم وڵاتە بە چی ئاڕاستەیەکە و پەیوەندییەکانی چۆنە و لە ڕووی پیشەسازییەوە دەیەوێت بەرەو کوێ بڕوات، ئایا گەشە بە پیشەسازی دەدات یان پشت بە هاوردە دەبەستێت. یان کەرتی کشتوکاڵ بەرەو کوێ دەبات؟ لەبەرئەوە دەبینی ئەگەر لە گەشەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و تەنانەت لە ڕووی

بازرگانیشەوە لە ئابووریی عێراق بڕوانیت، پارسەنگەکە لە بەرژەوەندیی ئێرانە. لەمەوە بۆت دەردەکەوێت ئەم بودجەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکرێت بڵێی دەستە نادیارەکەی سیاسەتی پێوە دیارە.

**ئێرانناسی: پرسیارێک هەیە زۆر جار ئەم پرسیارە کراوە و پرسیارێکی باوە، بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەو پرسیارە دروستە کە باس لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێت، یاخود هەمووی دەبێت لە چوارچێوەی ئابووری عێراقدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت؟**

فەیسەڵ عەلی: ئێران زۆر باش یاری دەکات، بۆ مامەڵەکردن فۆرمێکی تایبەتی بە هەرێمی کوردستان داوە. پێشتر بەشێکی زۆری هەناردەکانی ئێران بۆ عێراق لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بووە، واتە ئەمە سەرچاوەیەکی داهاتی باش بووە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی هەلومەرجەکە گۆڕاوە و دەروازەی زۆری لەگەڵ عێراق خۆیا کردۆتەوە، ئێستا پێویستی بە هەرێمی کوردستان نەبێت. بەڵام کوردستان خۆی بازرگانییەکەی لەگەڵ ئێراندا بە گشتی لە نێوان پێنج ملیار بۆ شەش ملیار دۆلار هەبوو، بەڵام ساڵ بە ساڵ ئەمە کەمتر دەکات. وەک ئاماژەمان پێکرد، ئەو بازرگانییەی کە هەبوو بەشێکی بەرەو عێراق دەڕۆشت، ئێستا ئەوە نەماوە و بەردەوام کەم دەکات و ڕوونیش نییە، ئێستا بە ڕوونی لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەک نییە ئاماژە بە قەبارەی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بکات چەندە. خۆی بەشێکی زۆری ئەوەی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەکرد نەوتی خاو بوو لە ڕێی تەنکەرەوە، لەگەڵ هەندێک لەو ئاسن و ئەو پێداویستییانەی لە هەرێم ناتوانرێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بەگەڕبخرێنەوە هەناردە دەکران و لە ئێران دووبارە بە گەڕ دەخرایەوە و وەک کاڵا بۆیان دەناردینەوە. ئەمەش بێگومان قازانجی بۆ ئێران هەبوو لەبەرئەوەی بە هەرزان لێمانی دەکڕی و بە گران پێی دەفرۆشتینەوە. واتە لە بەرژەوەندیی ئێران بوو. خاڵێک کە هەم بۆ عێراق و هەم بۆ کوردستانیش ڕاستە، ئەو کاڵایەی کە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و بۆ هەموو دەوڵەتانی دراوسێی خۆی دەنێرێت کواڵیتییەکەی زۆر نزمن بە بەراورد بەوەی بۆ نموونە بۆ تورکیای دەنێرێت، یان بە بەراورد بەوەی بۆ ڕووسیا و بۆ چینی دەنێرێت. کواڵیتی ئەوەی بۆ ئەم ناوچانەی دەنێریت نزمە.

**ئێرانناسی: هۆکارەکەی چییە؟**

فەیسەڵ عەلی: ڕاستی هۆکارەکەی لاوازی حکومەتە، لاوازی سیستەمی گومرگی ئێمەیە. خاڵێکی سەرەکی هەیە کە وایکردووە ئەو لاسەنگییە هەبێت. سیاسەتی بازرگانییە؛ عێراق

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


بە هەرێمی کوردستانەوە سیاسەتێکە لە خزمەت دەوڵەتانیتردایە، لە جیاتی ئەوەی لە خزمەت ئابووری خۆیدا بێت. واتە بۆ نموونە کۆمەڵێک بەرهەم هەیە عێراق بەرهەمی دەهێنێت، لە جیاتی ساڵ بە ساڵ گەشەی پێ بدەین تا پشت بە دەوڵەتێکی تر نەبەستین. کەچی ڕەسمی گومرگی ئەوەندە نزمە وایکردوە ئەو بەرهەمەی لە ئێرانەوە دێتە ناو عێراقەوە بەرهەمی ناوخۆیی بکوژێت. ئێران پشتیوانی هەموو ئەو بەرهەمهێنەرانەی خۆی دەکات کە بەرهەمەکانیان ڕەوانەی دەرەوە دەکات، بەوەی ڕەسمی گومرگی کەمتر و پشتیوانی بانکی دەکات تا بتوانن دراوی بیانی بهێنیتە ناو ئابووریی ئێرانەوە، هاوکاتیش سیاسەتی بازرگانیی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەبری ئەوەی هاندەری بەرهەمی ناوخۆیی بێت، دەبێتە هاوکاری بەرهەمی بیانی و شکست بە بەرهەمهێنی ناوخۆیی دەهێنێت و ناتوانێت لەناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکات.

**ئێرانناسی: ئاماژەت بە دەستەواژەی ناڕوونی دا لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران. ئەم ناڕوونییە جۆرێکە لە گەندەڵی کە بووەتە کێشەیەکی سیاسیش لە نێوان پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداد. ئەو درزەی کە کەوتۆتە نێوان پەیوەندی ئابووری هەرێمی کوردستان و ئێرانەوە، ئەوەی پێیدەوترێت ئابووری قاچاخ. لە کۆتاییدا ئەمانە دەبن بە ژمارە بە سەرئابووری وڵات خۆی یان هەربەشێکە لەو کۆڕاپشنە کە ئەمێنێتەوە؟**

فەیسەڵ عەلی: بە گشتی زۆربەی زۆری دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، ئابووریی ناڕەسمی یان ئەوەی پێیدەگوترێ ئابووریی شاراوە بەشێکی گەورەی ئابوورییان پێکدەهێنێت. بەشێکی زۆری ئابووریی دەوڵەتانی گەشەندە (دول النامية) هەموویان ئەو ئابوورییەیان هەیە. ئەم بەشە ناچێتە ناو سیستەمەوە، ناچێتە ناو ژمارەوە لەبەرئەوە زۆرجار هەرێم ناتوانێت کۆنترۆڵی سنوورەکانی بکات بەوەی کە قەبارەی بازرگانییەکەی لەگەڵ ئێران چەندە. ئەمەش وایکردووە عێراق ئەو شتانەی گومانی لەسەر شێواز و سیستەمی گومرگی و پسوڵە گومرگییەکان لا دروست بووبێت. واتە ئەو قەبارە بازرگانییەی لە نێوان هەرێم و ئێراندا هەیە جێ گومانی عێراق بێت.

**ئێرانناسی: زۆر سوپاس بۆ بەڕێز فەیسەڵ عەلی سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان.**

**فەیسەڵ عەلی: سوپاس بۆ ئێوە.**



توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئێرانناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ڕۆژهەڵاتناسی فارسی:
# ئایدیۆلۆجیا ڕەچەڵەك ـ زمانییەکان و دروستکراوەی «ئێرانییەت»[1]

ئەحمەد محەمەدپوور

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی

ناونیشانی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی

Persian orientalism: Raciolinguistic ideologies and the construction of 'Iranianness'

https://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/nana.12990

## پوختە

ئەم نووسینە شەن وکەوی ڕەگ و ڕیشەی یورۆسەنتریکی ئێرانی دەکات، کە لە ڕێڕەوی سیاسی و فیکریی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵدا. لەسەر بنەمای ئیمتیازاتی مەعریفی زمانی فارسی، یادکردنەوەیەکی هەڵبژێردراوی ڕابردوو، ساختەکردنی ئەوی دیکەی ناوخۆیی، کە ئەم ئایدۆلۆژیای ڕەگەزی زمانەوانییە فارسیبوونی یەکسان کردووە بە ئێرانیی بوون و بە سروشتیکردنی زمانی فارسی هەم بە ناونیشانی زمان و هەم وەک نەژاد. بە شوێنپێ هەڵگرتنی سەرچاوەی ئێرانی و ئێرانییەت دەستپێدەکەم: چکە لەلایەن میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە و میرزا ئاقاخان کرمانی دارێژراوە، دوو کەسایەتی کاریگەر لە ئێرانی کۆتایی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا، کە لە نووسینەکانیاندا ڕوانگەی ئەوی تری غەیرە فارسی ڕۆژهەڵاتناسیی و یورۆسەنتریکییان ناساند و بڵاویان کردەوە. لە بەشی دووەمدا، لێکۆڵینەوە لەوە دەکەم کە چۆن بازنەی بەرلین، کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی ئێرانی بوون لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم بیرۆکانەیان وردتر کردۆتەوە بۆ ئایدۆلۆژیایەکی نەژادی و سیاسی یەکگرتوو کە دواتر لە ساڵی ١٩٢٥دا پرۆژەی دەوڵەتسازیی پەهلەوی ڕاگەیاند. دوابەشی نووسینەکە پەیوەندی بە نیۆلۆژیزمی ئەم دواییە سەبارەت بە ‹جیهانی فارسی› هەیە، پرۆژەیەکی فیکریی کە پڕ بوو لە مەیلی ڕۆژهەڵاتناسی کە ئامانجیەتی کواڵیتیی فرەکولتووریی و ئەودیو سنوور بۆ کولتووری فارسی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێستای، کە ئۆراسیا و ... ئاسیای ناوەڕاستە دووربخاتەوە.

## زاراوە سەرەکییەکان

ئێران، ئیسلام، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فرەنەتەوەیی، نەتەوەبوون/شوناسی نەتەوەیی، نەژاد... و نەتەوەکەی

عەرەبە سەرەتایی و نەزانەکان، کە گەورەترین و ئازیزترین سەرمایەی ژیانیان و جیهانەکەیان حوشترە، [نەتەوەیەک] کە تەماحەکەی لە ملی حوشترەکەیان بەرزتر نابێتەوە (Ali Shariati, Recognazing Iranian identity,Vol. 27).

تەنها شتێک کە بەرگریم لێکردووەو ئاواتم بۆ خواستووە، نەهێشتنی ئەو زمانانەیە کە لە ئێراندا قسەیان پێدەکرێت: تورکی، عەرەبی، ئەرمەنی و ئاشووری و نیمچە زمانەکان [واتە کوردی و شوشتاری...]، بۆ ئەوەی هەموو ئێرانییەکان تەنیا بە یەک زمان قسە بکەن، کە فارسییە. ئەمە ئیرادەی من بووە، بۆ ئەوەش هەوڵمداوە (Ahmad Kasravi, ١٩٤٤).

عەرەبەکان پێویستە لە بیریان بێت کە لە وڵاتی ئێراندا میوانن (Naseh Nateq, quot-ed from Rasmus Christian Elling, Minorities in Iran, 2013, p. 129).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ١| پێشەکی

لە ١٩ی ئایاری ٢٠١٩دا، ڕەزوان حەکیمی، جێگری وەزیری پەروەردە بۆ خوێندنی سەرەتایی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران (لەمەودوا، IRI) ڕایگەیاند کە «دوابەدوای ئامۆژگارییەکانی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی و جەختکردنەوە لەسەر فێربوونی زمانی فارسی» وەزارەتەکەی بڕیاریداوە «تاقیکردنەوەی توانستی زمانی فارسی» ئەنجامبدات. ئاماژەی بەوەشکردووە، ئامانجی ئەم تاقیکردنەوەیە، بەرەوپێشبردنی دادپەروەری پەروەردەیی بووە لەسەرانسەری وڵاتدا، ئەو خوێندکارانەی کە لە تاقیکردنەوەکە شکستدەهێنن، خزمەتگوزاری تایبەت وەردەگرن بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی قسەکەری شارەزای فارسی.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ساڵی ٢٠٢١دا، محەمەد مەهدی ئیسماعیلی، وەزیری ئیرشادی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند، ئەگەر ئەو سیاسەتە کولتوورییانەی کە بۆ پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی دارێژراون، شکست بهێنن لەوەی ئەرکەکەیان بە شێوەیەکی کاریگەر بەئەنجام بگەیەنن، ئەوا ئەم وەزارەتە پەنا دەباتە بەر هێزی پۆلیس بۆ بەرگریکردن لە زمانی ‹نەتەوە›. وتەکەی ئیسماعیلی لەکاتی ناونان بوو لە هەندێک شوێن و کۆگا بە زمانە غەیرە فارسییەکان لە تاران. ١


زنجیرەی سێیەم هەڵمەتی هاشتاگی ManoFarsi# بە واتای ‹من و فارسی» بوو لە تویتەر. ئەم هەڵمەتە لە مانگی شوباتی ٢٠٢٢، لەلایەن گەلانی کەمینەی ئێرانەوە، ڕۆژێک پێش ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخرابوو. ٢ لەو ڕۆژەدا نزیکەی هەزار کەسی غەیرە فارس کە بە زمانی کەمینە گەورە بوون، بە هاشتاگی ManoFarsi (من و فارسی) کەوتنە تویتەر بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان لە پەراوێزخستنی زمانی دایکیان. ئەم هاشتاگە دووچاری وەڵامی توند بوویەوە لەلایەن ئیتنۆ-نەتەوەی باڵادەستەوە. بۆ نموونە، ئیسماعیل ئازەر، مامۆستای زمانی فارسی، لە نووسینێکدا بە ناوی ‹یاخیبوون دژی زمانی فارسی›٣، ئەم هاشتاگەی بۆ دەستی دوژمنە بیانییەکان گەڕاندۆتەوە کە پیلان بۆ هاندانی زمانە لۆکاڵییەکان دژی زمانی نەتەوە دادەنێن. ئەو نووسیویەتی « پێویستە ئێمە بە توونده دژی هەموو ئەو شتانە بووەستینەوە کە زمانی فارسی سووک و زەلیل دەکەن». بەکارهێنەرانی فارسی، زمانی فارسییان بە گرنگترین میراتی فەرهەنگی و شارستانی ئێران ناوبرد، کە ‹ناوەندێکی نەتەوەیی› و ‹زمانێکی نێوەندگیر»»ە، دەبێت بەردەوام وەک زمانی فەرمی ئێران ڕێزی لێبگیرێت.

زنجیرەی چوارەم (بڕوانە وێنەی ١) نامەیەکی نهێنی وەزارەتی جەنگی ڕەزا شایە لە ساڵی ١٩٣٤ دەربارەی سڕینەوەی زمانەکانی کوردی و تورکی، کە باشترین نموونەی سیاسەتی دەوڵەت

نیشاندەدات بۆ «لەناوبردنی جیاوازی» بە بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەلیکساندەر هینتۆن.

پێویستە ئەوە ڕوون بێت کە مامۆستایانی تورک و کورد زمان نابێت لە قوتابخانەکانی ئەو ولایەت و پارێزگایانەدا وانە بڵێنەوە کە دانیشتوانەکەی تورک یان کوردن، لە بنەڕەتدا، دەبێت زمانی تورکی و کوردی لە ئێران بە زووترین کات وازیان لێبهێنرێت. جگە لەوەش، ئەگەر بیرێکی جددی نەکرێتەوە بۆ لەناوبردنی بیروباوەڕە جیاوازەکانیان و شێوازی پەروەردەی منداڵەکانیان لە سیستەمەکەدا [نەتەوەکەمان]، ڕەنگە ڕۆژێک بێت ببنە سەرچاوەیەکی گرنگی پشتگیری بۆ قەوارە بیانییەکان چونکە، تا ئێستا، نەبینراوە پیکهاتەکانی تورک و کورد و ئاشووری کە لە ئێران دەژین خزمەتی زێدی خۆیان بە شەرەف و کەرامەتەوە بکەن، سەرەڕای لە ئامێزگرتنی میللەت بۆیان.

ئەم نووسینە ڕەگ و ڕیشەی فیکریی بیرۆکەی ناسنامەی ئێرانی یان ئێرانیبوون (ئێرانییەت) دەردەخات، کە وەک ئایدۆلۆژیایەکی جیهانی و چونیەک لەسەر بنەمای ئیمتیاز و دەزگای مێژوویی زمان و کولتووری فارسی دامەزراوە (بڕوانە ;Asari,2012, 2017, 2019 .(Dabashi, 2007, 2016; Marashi, 2008; Morady, 2020; Sharifi, 2013


وزارت جنگ
ارکان حرب کل قشون
در جواب مراسله حروف واعداد
نمره که متمم نمره است
یادآوری ذکر شود

**وێنەی ١**

نامەی حکومەتەکەی ڕەزاشا پەهلەویە سەبارەت بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی و تورکی (١٩٣٤).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەم کارە هەوڵدەدەم ئەو دیدگا یورۆسەنتریکە سەبارەت بە مێژوو و کولتوور کە ئەم ڕژێمە دەوڵەتگەرا ڕاستیە ئاڕاستە دەکات، لەیەکتر جیابکەمەوە. سەرەتا بە لێکۆڵینەوە لە نووسینەکانی میرزا ئاقاخان کرمانی (١٨٥٣-١٨٩٦) و میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە (١٨١٢-١٨٧٨) دەستپێدەکەم، کە دوو بیرمەندی پێشەنگی سەردەمی کۆتایی شانشینی قاجار بوون و یەکەمین بەردی بناغەی گوتاری ناسیۆنالیستی ئێرانیان بنیاتنا. بەشی دووەمی نوسینەکە باس لە پەرەسەندنی چەمکی ‹شوناسی ئێرانی› دەکات لەلایەن نەوەی دووەمی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانی ناسراو بە بازنەی بەرلین لە ساڵانی ١٩٢٠دا، کە ئەم چەمکەیان لە گوتارێکی سیاسی یەکگرتوودا خستەڕوو. لە کۆتاییدا، نووسینەکە باس لە جیهانی فارسییەت دەکات، کە وشەیەکی نوێیە توێژەرانی ئێران بەکاریدەهێنن بۆ بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی فارس-سەنتەری لە کولتوور و مێژوو و یادەوەرییە جۆراوجۆرەکان لە ناو ئێران و شارستانییەتی گەورەی ئیسلامیدا.

## ٢| تێبینییەک سەبارەت بە تیۆری نەژادی ئاریایی

ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئێرانیان دەکۆڵییەوە، دەورێکی بنەڕەتییان هەبوو لەدروستکردنی وێنەیەکی سادە و ساکارانەی مێژووی ئێران بە کێشانی وێنەیەکی نەسەبی لە نێوان زمانی فارسی و ئەفسانەی نەژاد و خوێنی ئارییاییەکان( Vaziri, ١٩٩٣, p. ١١١). بنچینەی ئەفسانەی ئاریایی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە سێر ولیام جۆنز(١٧٨٦) کە پێیوابوو ئەو ڕەگ و ڕیشە هاوبەشەی کە یۆنانی و لاتینی و سانسکریت و فارسی لێوەی سەرچاوەی گرتووە، دۆزیویەتەوە. خودی زاراوەی ‹ئاریایی› لەلایەن ئەبراهام -هایەسنس ئۆنکتیل-دوپەرۆن (١٧٣١-١٨٠٦)ەوە داڕێژراوە، کە بیرۆکەی باڵادەستی سروشتی نەژادی ئاری بەسەر ئەوانی ‹دیکەی› نزمتردا بەرەوپێش بردووە (بڕوانە Zia-Ebrahimi,٢٠١١). ڕۆژهەڵاتناسان و زمانەوانان ڕۆڵێکی دیاریکراویان لە داڕشتنی چەمکی ‹نەتەوەی ئێران› وەک ‹بنەمایەکی ڕۆحی› گێڕا، بیرۆکەیەک کە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە گوتاری زمانەوانیدا پەرەیان پێدابوو سەبارەت بە بوونی درەختی بنەماڵەی هیندۆ-ئەورووپی کە . . . زمانی فارسی وەک لقێکی لە قەڵەمدەدرێت. ئەم وێنە زمانەوانییە فارسەکانی (کە یەکسان کراون بە ئێرانییەکان) بە ئەورووپییەکانەوە گرێدا بە دروستکردنی پاساوێکی نەژادی کە زمان و نەژاد و مێژوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. تیۆری ڕەگەزی ئاریایی، نەتەوەی ئێرانی وەک قەوارەیەکی سەرەتایی یان ‹ڕۆحێک› دەبینێت کە ڕابردوویەکی بەرچاوی مێژوویی و پێش ئیسلامی هەر

لە دێر زەمانەوە هەبووە. ئەم تێڕوانینە ڕۆمانتیکییە نامێژووییە بۆ ئێرانی کۆن، بوو بە سەرچاوەی ئیلهام و لاساییکردنەوە بۆ بیرمەندانی ناسیۆنالیستی ئێرانی تا فەتحی سەدەی حەوتەمی مسوڵمانە عەرەبەکان بۆ سەر ئێران (لە ئەنجامدا، عەرەبی مسوڵمان)وەک کارەساتێک بۆ سەر ڕابردووی شکۆمەندی ئێران و لە ڕووی مێژوویشەوە بەرپرسیار لە شکستی ئێستا چاولێبکەن. ئەم هزرە سەبارەت بە ئەفسانەی ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشی هیندۆ-ئەورووپی تەنانەت لە وەشانی مۆدێرنی ناسیۆنالیزمی ئێرانیشدا بە درێژایی سەدەی بیستەم تا ئێستا وەک بابەتێکی سەرەکی ماوەتەوە (بڕوانە، Marashi, 2008; Tavako-li-Targhi, 2011; Ansari, 2012; Amanat, 2017). بانگەشەی زیندووکردنەوەی ‹ڕۆحی سەرەتایی› یان ‹بنەمای ڕۆحی› ئێران بۆ زاڵبوون بەسەر لاوازییەکانی ئێستادا دەکرا.

جۆزێف ئارسەر دو گۆبینۆ (١٨٥٥) لە وتارەکەیدا دەربارەی نایەکسانی نەژادی مرۆڤ، زیاتر ئایدۆلۆژیای باڵادەستی ئاریایی پەرەپێدا تا پێشنیاری هاوتابوونی ‹ئاریایی› لەگەڵ ڕەچەڵەک/کولتووری بانگەشە بۆکراوی پێش مێژووی هیندۆ-ئەورووپی نیشان بدات. ئەو بە پێشکەشکردنی پۆلێنکردنێکی نەژادی دەستیپێکرد کە سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت، سپی و زەرد و ڕەش، بەو پێیەی هەموو شتێک بەهۆی تێکەڵکردنی نەژادەوە یان ئاژاوەوە بووە (see,Nale ٢٠١٤). گۆبینۆ زاراوەی ؛ئاریایی› بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە ‹ڕەگەزێکی سەرەتایی› کە بە بڕوای ئەو، ‹نوخبەی هندستانی کۆن و دەوڵەتی فارس و هەروەها فەرەنسای هاوچەرخی سەدەی نۆزدەهەم› بوو (Motadel,٢٠١٤,p. ١٢٣). ڕۆژهەڵاتناسانی دیکەی وەک فریدریک ماکس مۆلەر(١٨٦١)، پەیوەندییەکی تری ڕاستەوخۆی لەنێوان وشەی «ئاریایی» و «ئێران» دروستکرد و «ئێران»یان وەک «خاکی ئارییاییەکان» وەرگێڕا. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، زاراوەی ‹ئاریایی› لە کایەی فیکری و سیاسیدا بوو پەرەی گرت و زۆری نەخایاند بوو بە هاوواتای «نەژادی سەرەکی› یان «نەژادی بڵند»(MOTADEL, 2014, P. 124).

تێگەیشتنی ناسیۆنالیستە یەکەمەکانی ئێران بۆ ناسنامەی ئێرانی و ڕق لێبوونەوەیان لە ئیسلام زیاتر قەرزاری نووسینە دژە سامیەکانی ئێرنیست ڕێنانە(Alinejad ,٢٠٢٢; Keddie ,١٩٦٢). ڕێنان بە بەستنەوەی نەژاد بە ئایین، ئیسلامی وەک دەربڕینی بەردەوامی ئاییندارییەکی تەسک کە ڕێگری لە پێشکەوتن و مۆدێرنیتە دەکات، نیشاندا. بەپێچەوانەی دو گۆبینۆ کە شیعەگەرایی وەک وەڵامێکی فارسی بۆ لەشکرکێشی عەرەبە مسوڵمانەکان و تێگەیشتن لەناو خۆیدا و فۆرمەکانی سۆفیگەری ئێرانی وەسفکرد، ڕێنان ئیسلامی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەتەواوی وەک دروستکراوێکی سامی ڕەتکردەوە Nash, 2014, p. 34 ))، وەک بنچینەی «هزری سامی»و لەبەرئەوە نەیتوانی لە بیرۆکە ئاڵۆزەکان بەبەراورد بەهزری بەتوانای ئاریایی تێبگات (Anzali, 2021, p. 13) ڕێنان دەنووسێت ‹ئیسلام هەزار میل لە هەر شتێکەوە دوورە کە مرۆڤ پێی بڵێت عەقڵگەرایی یان زانست. ئەو سوارچاکە عەرەبانەی کە وەک بیانوویەک بۆ فەتحکردن و تالانکردن پەیوەستبوون پێیەوە، لەسەردەمی خۆیاندا، جەنگاوەری پێشەنگی جیهان بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەمترینیان ئەهلی فەلسەفە بوون(Renan, ١٨٨٢/٢٠١٨, p. ٢٦٦). بیرۆکەکانی ڕێنان بوونە بنەما لە بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە بەرامبەر عەرەب و پێناسەکردنی ئاریایی بوون وەک پێچەوانەی عەرەب بوون. تایپۆلۆژیای ڕێنان سەبارەت بە ‹سامی› و ‹ئاریایی› کە لەگەڵ چەمکە بایۆلۆژییەکانی ڕەگەزدا تێکەڵیکردبوو، بناغەی چەمکەکانی ‹سامیزم› و ‹دژە سامیزم›ی پێکهێنا (see, Motadel, ٢٠١٤, p. ١٢٣) و ئایینی بە ڕەگەزەوە دەبەستەوە. خودی ئاخوندزادە هەرگیز ئاماژەی بە هیچ بیرمەندێکی دیاریکراوی ڕۆژئاوایی نەکردووە، بەڵام بەشێوەی کۆمەڵ وەک زانای ڕۆژئاوایی ئاماژەی پێکردوون. شایانی باسە کە بە پێی هەژمارەکانی ڕێنان و گۆبینۆ، ئێرانییەکان وەک دووبارەبوونەوەیەکی خراپ و نزمی ئارییە ڕەسەنەکان وێنا دەکران. ئەم تێڕوانینە ڕۆژهەڵاتناسی و ڕەگەزپەرستییە پێیوابوو کە تێکەڵبوونی نەژادی لەگەڵ عەرەبەکاندا پاکژی هێڵی ئاریایی پیس کردووە. ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆتر بۆ ڕێنان و دو گۆبینۆ و ڕۆژهەڵاتناسەکانی دیکە لەلایەن کرمانی و ئەندامانی بازنەی بەرلین لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کراوە. بۆ نموونە، بۆ سەلماندنی پەیوەندی نەژادی ئێرانییەکان بە ئەورووپییەکانەوە پەنا دەباتە بەر فەنتازیا و وەهم و لەوێدا چیرۆکێکی دروستکراوی خۆی دەخاتەڕوو.

دوو برا هەبوون، یەکێکیان کۆچی کرد بۆ ڕۆژئاوا بۆ فەرەنسا، گەیشتە لوتکەی پێشکەوتن و شارستانییەت و سامان و شکۆمەندی و مرۆڤایەتی. دووەمیان کە فارس [فارس/بە واتای ئێرانی] بوو، چووە ڕۆژهەڵات و لەوێ بووە دیلێکی پیری دزە خوێنمژەکان و شوانی حوشترە پیسەکان و گەمژە مارمێلکە خۆرەکان و عەرەبە شەیتانپەرست و عەرەبە خراپەکارەکان (404) .-Kermani, Seh Maktoub, pp. 403

ئاخوندزادە و کرمانی قاڵبە نەژادییە ڕۆژئاواییەکانی ئەوانی دیکەیان وەرگرت و بۆ بنیاتنانی ‹ئەویتری عەرەبی› دووبارەیان کردەوە (بڕوانە Labib, ٢٠٠٧)، بە شەیتانیکردنیان وەک تاوانبارێکی مێژوویی بەرپرسیار لە شکستی ئێران بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

بەدرێژایی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، نوێنەرایەتی ‹ئەویتری عەرەب› چەواشەکرا بۆ ئەوەی تیشک بخاتەسەر جیاوازی ڕەگەزی نەتەوەی ئێران و بانگەشەی یەکسانی لەگەڵ ئەورووپا (بڕوانە، AdibMoghddam, 2006).

**٣|میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە: لەدایکبوونی ‹ئەویتری عەرەبی›**

هزری ناسیۆنالیستی ئاخوندزادە لە دوو کتێبدا دەرکەوتووە: کتێبی یەکەم مکتوبات کمال الدوله (١٨٦٥)(نامەکانی کەمال الدوله بۆ جەلال الدوله) کە خودی ئاخوندزادە نووسیویەتی و دووەمیان هزرەکانی میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە کە لەلایەن فەرەیدون ئادەمیات (١٩٧٩) کۆکراوەتەوە، کە تێیدا ئادەمیات وێڕای پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتی هەڵبژێردراو لە ژیان و نووسینەکانی ئاخوندزادە، سەرسامە بە بەشداریکردنی لە بەئاگاهاتنەوەی مێژوویی ئێرانییەکان و هەروەها هەستی (دژە عەرەبی). مەکتوبات، لە نووسینی ئاخوندزادە، ئاڵوگۆڕی وتوێژێکی خەیاڵییە لە نێوان کەمال، هیندییەک کە نوێنەرایەتی ئاخوندزادە و جەلال، ئێرانییەک کە لە بری بینەرانی ئاخوندزادە قسە دەکات. شێواز و زمانی مەکتوبات زۆر جێگەی مشتومڕ و نۆستالژییە، پڕە لە ئارەزووی ئاگرین بۆ ئێرانێکی دێرین کە سەردەمانێک شکۆمەندبوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابڕانی تەواو لە ئایین و گەڕانەوە بۆ ‹خودی ئێرانی›. یەکەم مەکتوبی خۆی (P. 21 .1865) بە لاواندنەوە دەستپێدەکات:

ئەی ئێران! کوا ئەو مەزنی و خۆشبەختییەی کە سەردەمی کیومەرس و جەمشید و گشتاسب و نەوشیروان و خەسرەو و پەرویز [پاشاکانی ئێرانی کۆن] هەتبوو؟! هەرچەندە مەزنی و خۆشبەختی تۆ بەبەراورد بە گەلانی فەرەنگستان [ئەورووپی] و جیهان وەک خۆرێک بوو لەبەرامبەر مۆمێکدا.

ڕێکخراوترین و پوختەترین کاری زانستی سەبارەت بەم دوو بیرمەندە لەلایەن ڕەزا زیا ئیبراهیمی (٢٠١٦) بەرهەمهێنراوە، کە تیایدا ئاخوندزادە و کرمانی وەک باوکی دامەزرێنەری گوتاری ناسیۆنالیستی ئێرانی دەزانێت کە ئیلهامبەخش بووە بۆ نەوەی داهاتووی مێژوونووسان و زانایان و دەوڵەتمەدارانی ئێرانی لە ماوەی سەردەمی پەهلەویدا. ئەو ئاماژە بە مارکەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی ئاخوندزادە و کرمانی بە «لادراو» دەکات کە بۆ یەکەم جار لە زانستنامەکانیاندا لە ساڵی ١٨٦٠ تا ١٩٠٠ دەرکەوت. نووسینەکانی ئاخوندزادەو کرمانی نموونەی جۆری ئایدیالی ناسیۆنالیستی فارسین، وەک لیستێک خزمەت دەکەن بۆ ڕاگرتنی توخمە ئایدۆلۆژی و ڕەگەزپەرستییەکانی ئەوەی کە دوای دوو دەیەی دواتر

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوانامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بوو بە سەرچاوەی ئیلهامبەخشین بۆ نەوەی سەرەتایی ناسیۆنالیستەکانی پەهلەوی، هەروەها دەوڵەتمەدارەکانی کە چالاکانە بەشدارییان کرد لە دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران. هاوبەشییە فیکرییەکانی نێوان ئەم دوو بیرمەندە وادەکات کە بە نزیکەیی هیچکامیان نەتوانن بەبێ ئەوی دیکە گفتوگۆ لەسەر یەکتر بکەن. هەردووکیان گوتاری ڕەگەزپەرستانە و دژە سامییان سازکرد و پێشخست، کە وەبەرهێنانیان لە بە ڕۆمانتیک کردنی ئێرانی پێش ئیسلام وەک سەردەمێکی زێڕین کرد، کە تەنها لە لایەن عەرەبەکانەوە شێوێنرا. دووبارەترین پێکهاتەی نووسینەکانی ئاخوندزادە وێناکردنی ئەفسانەیی ئێرانی پێش ئیسلامە کە لە بەهەشتێک دەچێت کە ئێرانییەکان لە ژێر دەستەڵاتی پاشا خێرخواز و بێ هەڵەو دادپەروەرەکاندا دەژین. ئاخوندزادە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە مەزنی ئێرانی پێش ئیسلام بە دەستی ‹عەرەبە برسی و ڕووت و دڕندەکان› کاڵ بووەتەوە. کەموکووڕییەکانی ئێران بەردەوام دەخرێنە ئەستۆی عەرەبەکان، کە لە گوتاری ئاخوندزادەدا ‹ئەویتری› یەک برگە و بێگانەیە. وەک بەشێک لە چارەسەر بۆ گەڕاندنەوەی ئەم مەزنایەتییە، ئاخوندزادە ئیلهامی لە تەنزیماتی عوسمانی (١٨٣٩-١٨٧٦) وەرگرت، پرۆژەی چاکسازی لە ئەلفوبێی فارسی لە ساڵی ١٨٥٧ پێشکەشکرد، ، کە گۆڕانکاری لە سینتاکس و ڕێنووسی فارسی و سیستەمێکی پەروەردەیی کاریگەر بۆ ‹پەروەردەکردنی نەتەوە› لە خۆ دەگرت. بۆ ئەم مەبەستە، لە ساڵی ١٨٥٧ ڕیسالەیەکی بەناوی ئەلفوبێی نوێ کە تێیدا پرۆژەی ئەلفوبێی نوێی خۆی بەم شێوەیە باسدەکات:

مەبەستم لە گۆڕینی ڕێنووسی ئیسلامی ئەوە بوو کە ئاسانکاری بکەم بۆ ئامرازەکانی فێربوونی زانست و پیشەسازی، بۆ ئەوەی هەموو میللەتە ئیسلامییەکان، لە شار و لادێکانەوە، ژن و پیاو پێکەوە بەهەمان شێوە، پەروەردە بکرێن و فێری زانست و پیشەسازی بن وەک نەتەوەی پروس، پێشکەوتن بەدەستبهێنن و بەشێوەیەکی بەردەوام بگەنە ئاستی گەلانی ئەورووپی لە ڕووی شارستانییەتەوە (qouted in Adamiyat, 1970, p. 76). بیرۆکەی گۆڕینی ئەلفوبێ، هەروەها پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژیشی هەبوو لەو پەیوەندییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئاخوندزادە لە نێوان زمان و ‹نەژاد›دا دروستی کردبوو، وەک ئەو (1865, p. 177) دەڵێت:

یەکێک لە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی زاڵبوونی تازی دڕندە بەسەر ئێراندا ئەوەیە کە ئەلفوبێیەکیان بە ملی ئێمەوە بەستووە، کە بە هۆیەوە خوێندەواری گشتی بووەتە قورسترین ئەرک بۆمان. ئێستا، تاکە ئامانج و هەوڵی نووسەر-کەمال ئۆد-دەولە- ئەوەیە

کە میللەتەکەی لە دەستی ئەم ئەلفوبێ ڕەتکراو و گڵاوە ڕزگار بکات، کە ئەم قەومی (قەومی عەرەب)ە بۆی بەجێهێشتوون تا میللەتەکەی لە تاریکی و جەهلەوە بۆ ڕووناکی زانین بهێنێتەوە.

کاتێک پێشنیارەکەی بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ ڕەتکرایەوە، ئەو لە نامەیەکدا بۆ مستەشاروالدەولە، نووسی: ‹پێشنیاری ئەلفوبێی نوێم تەنانەت دەیتوانی سەرنجی دڕندەکانی ئەفریقا و ئەمەریکاش ڕابکێشێت، بەڵام کاریگەری لەسەر دەسەڵاتدارانی تاران نەبوو› (quoted in Adamiyat, 1970, p. 84).

پێناسەی ئاخوندزادە بۆ نەتەوە لە بنەڕەتدا سەرەتاییە، شوناسێکی نەژادی تاکەکەسی ترانزمێژووییە کە هەزاران ساڵە ماوەتەوە. لە دۆخی ئێراندا، ئەو نەتەوەیە، لە شێوەی قەوارەیەکی ئیمپراتۆریدا کۆکرابووەوە کە بڕیاربوو لە لایەن عەرەبەکانەوە هەڵبووەشێنرێتەوە. بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئاخوندزادە ئاماژە بەچی دەکات کە دەڵێ وەک نەتەوەیەک، زۆر گرنگە بزانین پێکهاتە خوازراوەکەی نەتەوەی ئێرانی لەچی پێکدێت. ئەو نەتەوەیەی ئاخوندزادە خەیاڵی دەکرد، مەبەستی ئەوەبوو نەخشەی مۆدێلی ئەورووپی بۆ حوکمڕانی و سەروەری بگونجێنێت. ئەم جۆرە مۆدێلە لە ئێراندا مەحاڵ بوو لەگەڵ بوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی لامەرکەزی لە حکومەتی قاجاردا کە تێیدا هەر ولایەتێک (پارێزگا) ڕێژەیەکی دیاریکراوی سەربەخۆیی فیدراڵی هەبوو. ئاخوندزادە لامەرکەزییەتی نەک وەک دەرفەتێک لەبەرژەوەندی دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراسی و لیبراڵ نەدەبینی، بەڵکو وەک هەڕەشەیەک بۆسەر پلاتفۆرمی سیاسی خەیاڵی خۆی دەبینی. پەنابردن بۆ گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی ئێرانی دێرین، ئەوە بوو زەمینەسازی بکات بۆ بیرۆکەی ئێرانی پێش ئیسلام وەک کیانێکی تاک و یەکگرتوو و بەردەوام کە نەتەوە و کولتوورە جۆراوجۆرەکانی (پاشای پاشاکان)ی لە خۆگرتبوو. زیا ئیبراهیمی (٢٠١٦, p. ١٠٠) فۆرمولەکانی ئاخوندزادە بۆ ناسیۆنالیزم وەک ئۆنتۆلۆژیکی «لادراو» تایبەتمەند دەکات:

. . . ئۆپەراسیۆنێک کە لە جیهانی خەیاڵدا ڕوودەدات، ئۆپەراسیۆنێک کە بەهۆیەوە نەتەوەی ئێران لە واقیعە ئەزموونییەکەی خۆی دوور دەخرێتەوە، وەک کۆمەڵگەیەکی زۆرینە مسوڵمان کە-بەشێوەیەکی بەرفراوان- لە «ڕۆژهەڵات»دا هەڵکەوتووە. ئێران وەک نەتەوەیەکی ئاریایی سەرگەردان نیشاندەدات، وەک بڵێی، پاشماوەی هاو ئارياييەكان بوون [بخوێنەوە: ئەورووپییەکان].

ئاخوندزادە ڕەتیدەکاتەوە دوازدە سەدەی شارستانییەت و نەریتی ئیسلامی لە ئێراندا لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گێڕانەوە مێژووییە خوازراوەکەیدا باسبکات، چونکە ناگونجێت لەگەڵ وێناکردنەکەی بۆ بەردەوامی ‹ڕۆح›ی ئێرانی بەبەکارهێنانی وتەکانی ڕێنان. بەدەر لە نۆستالژیا خەیاڵییەکەی بۆ ڕابردوو، بنیاتنانی شوناسی ئێرانی ئاخوندزادە، پشت بە پاکژی ڕەگەزی ئارییایە ئەفسانەییەکان دەبەستێت، کە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان ئێرانییەکان و عەرەبەکاندا دروستدەکات. ئەم وەشانە نامێژووییەی ناسیۆنالیزم ڕابردووی پێش ئیسلامی وەک شوێنێکی جەوهەری ئێرانی نەمر خستووەتە ڕوو، سەردەمی ئیسلامی بە سەردەمی پوکانەوە و هەموو شکستەکانی ئێرانی لە سەدەی نۆزدەهەم و دواتر سەدەی بیستەمدا گەڕاندەوە بۆ عەرەب و لە ئامێزگرتنی ئیسلام، بەبێ هیچ ناوهێنانێکی ئینگلیز و ڕووس کە لە ڕووی سیاسی و خاکەوە دەستوەردانیان لە ئێراندا کردبوو (Zia-Ebrahimi, 2016, p. 131). بەم شێوەیە هاتنی ئیسلام وەک «داگیرکاری عەرەبی» بوو، کە وەک حاڵەتێکی پیسبوون یان تێکەڵبوونی نەژادی دەبینرا.

جگە لە ڕەتکردنەوەی چەندین سەدەی ئێرانی ئیسلامی، گوتاری ئاخوندزادە تێگەیشتنێکی نەژادی سەبارەت بە مێژووی ئێران بەرەوپێش هێنا و بەپشت بەستن بەو گریمانە ڕۆژهەڵاتییەی کە ئێرانییەکان لە ڕووی نەژادییەوە ئارییایین، هەربۆیەش خاوەن ئیمتیاز و باڵاترن بەسەر عەرەبەکاندا. تێگەیشتن لەوەی کە ئاخوندزادە بە ‹ئێرانی› ناوی دەبات، زەحمەت نییە. ئێرانی هاوتا کراوە و بەستراوەتەوە بە ‹فارسی›. ئەمەش بە بەڵگەی ئاماژە زۆرەکانی بۆ پاشا کۆنەکانی ئێران وەک سوڵتانی ‹فۆرۆس› یان سوڵتانی فارسی. وێنەی ‹ئەویتری عەرەبی› بەردەوام ‹شێوێنراوە› لە هەوڵی تیشک خستنەسەر جیاوازی ئێران و نزیکخستنەوەی ‹سرووشتی› وڵاتەکە لەگەڵ ‹ڕۆژئاوا› (بڕوانە Adib-Moghaddam, 2006). جگە لە عەرەب، ئاخوندزادە بەشێوەیەکی ڕەگەزپەرەستانە وەسفی تورک و مەغۆلیش دەکات. ئەو خاکەی ئاخوندزادە بە ئێران وەسفی دەکات و دەوترێت ئێرانییەکان تێیدا نیشتەجێن، بەلام هیچ ئاماژەیەک بە کورد و لوڕ و بەلوچ نەکراوە کە لەهەمان خاکدا ژیاون و دەژین. تێکەڵکردنی ئێرانیبوون یان ئێرانییەت لەگەڵ فارسیبوون، بڕبڕەی پشتی بیری ناسیۆنالیستی نەژادی ئاخوندزادە پێکدەهێنێت. جیاوازی زمان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نەتەوە و سازانی هزری گریمانەی ئاخوندزادە سەبارەت بە ئێرانییبوون نییە وەک خۆی دەڵێت: ‹هەرچەندە بە ڕواڵەت تورکم، بەڵام لە نەژادی فارسم. ئێران نیشتمانمانە، زمانەکەشمان شیرین ترین زمانی جیهانە›. لەم لێدوانە دژبەیەکەدا فارسی نەک تەنیا زمان نییە بەڵکو نەژادیشە؛ ئەو ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە چۆن فارس و تورک دەتوانن یەکسان

بن یان چۆن لە یەک ڕەچەڵی نەژادییەوە هاتبن. لە لێدوانێکی دیکەدا زیاتر دەڕوات و ڕاڤەی زەردەشتییەکان وادەکات کە لە ڕووی نەژادییەوە فارسن. ‹زەردەشتییەکان برای ئێمەن، هاونیشتمانی و میهرەبان و هاوزمانمانن. . . واتە ئەرکی ئێمەیە کە پەرۆشی فارسیمان هەبێت نەک پەرۆشی ئایینی، وەک ئەوەی فەرانگیس (ڕۆژئاواییەکان) کردوویانە› (quoted in Adamiyat, 1970, p. 118).

لە ستایشکردنی پەرۆشی ناسیۆنالیستی ئاخوندزادە، ئادەمیات چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە کاتێک جەلالەدین میرزا داوای لە ئاخوندزادە کرد لە کتێبخانەکانی قەوقازدا بەدوای وێنەی پاشاکانی تورک و تاتاردا بگەڕێت کە تا سەردەمی شانشینی سەفەوی حوکمی ئێرانیان کردبوو، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: ‹بە بۆچوونی من، ئەم پاشایانە تەنانەت شایەنی ئەوە نین کە وێنەکانیان لە نووسینەکانتدا هەبێت، جونکە هەموویان دیکتاتۆر و تالانچی (حرامی ب آشیان) بوون›. شانشینی سەلجوقی و غەزنەوی کە لە ڕووی نەژادییەوە تورک بوون، و بەم پێیەش لە نەزانی و پەرۆشی ئایینی تێر بوون›، بە گرنگترین هۆکارەکانی بنەمای تێکچوونی فیکری ئێران دادەنران. بە هاوسۆزی لەگەڵ ئاخوندزادە، ئادەمیات تورکەکان بە مرۆڤی نەزان و خوێنڕێژ وەسف دەکات کە هەژموونیان بەسەر ئەنادۆڵدا کارەساتێکی مێژوویی گەورەبوو کە ڕێگری دەکرد لەوەی ئێرانییەکان و گەلانی ڕۆژهەڵات ئاگاداری زانست و شارستانییەتی نوێ بن. بەڵام ئەوە هێشتا ‹تازییەکان›ن زۆربەی کات بێڕێزیان پێدەکرێت و بە دڕندەیی و بەربەرییەت تۆمەتبار دەکرێن: ‹ئەوەندە دڕندە و بە دزێوی لەدایکبوون کە شوێنپێی پاشا شکۆمەندەکانی فارسییان لەسەر ڕووی زەوی و بەتەواوی یاسا دادپەروەرانەکانیان سڕییەوە›. عەرەبەکان یاسا و ئایینی سەپێنەری خۆیان لە ئێراندا سەپاند، ئایینێک کە تاڕادەیەک لەسەر بنەمای هاوشێوەی ئایینی جوولەکە دامەزرا بوو (Adamiyat, 1970, p. 128). ئاخوندزادە بەبەرزکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتی فارسی پێش ئیسلام، بە لاواندنەوەوە دەڵێت: ئێرانی ئیسلامی هەرگیز ئەو یەککگرتوویی و هێزەی بەدەست نەهێناوەتەوە کەلەسەردەمی کۆندا هەیبوو. بوونی شانشینی کاتی و کورتخایەن لەسەردەمی ئیسلامیدا تەنیا تایبەتمەندییەکی سەردەمی ئیسلامییە. ئەو دەستخۆشی لە بەشداری جلال الدین میرزا کرد لە بە ناسیۆنالیستی کردنی بیرۆکەی ئێران لە مێژوونووسیدا و بەکارهێنانی زمانی فاسی لە بەرهەمێکی مێژوویی ئەفسانەییدا بە ناوی نامە خسروان (کتێبی سەرووەرەکان). ئەو ئەنووسێت:

بڵاوکراوەکەت شیاوی ستایشە، بەتایبەت لەبەرئەوەی وشە عەرەبیەکانت بەتەواوی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەناو زمانی فارسی لابردووە. خۆزگە کەسانی تریش شوێنت دەکەوتن و زمانەکەمان کە شیرین ترینی زمانەکانی جیهانە، لە تێکەڵبوون لەگەڵ زمانی عەرەبی زبر و درشت ئازاد بکردایە... منیش هەوڵدەدەم میللەتەکەمان لە ڕێنووسی عەرەبی ڕزگار بکەم.

ئاخوندزادە براندێکی لە وێژەی فارسی و مێژوونووسی و گوتاری سیاسی و نەریتی فیکری دارشت کە جەختی دەخستە سەر سەپاندنی گێڕانەوەی نەژادیی مێژوو و کولتووری ئێران. زاراوەی مێژوو لە نووسینەکانیدا نامێژوویی و لادراو و خەیاڵییە و لەهەندێک حاڵەتدا تەنانەت بوونیشی نەبووە. ئاریایگەرایی و فارسیگەرایی وەک نەژاد و زمان و وەک شوناس بەشێوەی ئاڵوگۆڕ بەکارهێنراون. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی ئێرانی قاجار ڕووبەڕووی دەستێوەردانی سەربازیی و سیاسی ڕووسیا و بەریتانیا ببوویەوە، بەڵام لە نووسینەکەی ئاخوندزادەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ڕەخنەگرتن لەو دەسیترێژییە دەرەکییانە نییە. لەبری ئەوە، ئەورووپییەکان وەک مۆدێلێک یان نموونەیەک ئاماژەیان پێدەکرێت کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئێرانێکی مۆدێرن دروستبکرێت. مۆدێلی مۆدێرنیتەی سپی ئەورووپی زیاتر لە نووسینەکانی کرمانی پەرەپێدراوە؛ دەتوانین نووسینەکانی ئاخوندزادە بە دوو تەوەری پێکەوەگرێدراو کورت بکەینەوە: یەکەم، سوکایەتیکردنێکی توند بە عەرەب و گەلی سامی و دووەم، شکۆمەندییەکی بێ ڕەخنە و تەواو لە ئەورووپییەکان، بەبێ باسکردنی تێوەگلانی کۆڵۆنیالیزمیان لەئێراندا. ئەوەی جێگای سەرنجە، دەستێوەردانی ئەورووپا لە کاروباری ناوخۆی ئێران تەنیا وەک دەستدرێژییەکی سیاسی و کۆڵۆنیالیزمی تەماشا نەدەکرا، بەڵکو وەک تۆڵەکردنەوەیەک یان وەبیرهێنانەوەیەکی بە ئازار بۆ ئێرانییەکان سەیردەکرا کە گوایە خۆیان داوەتە دەست «کولتووری دواکەوتووی» عەرەبەکان و وازیان لە ڕۆحی فارسی هێناوە کە ڕۆژگارێک بوو سەردەمی زێڕینی ئێرانی دەبزواند.

### ٤|میرزا ئاقاخان کرمانی: بیرۆکەی نەتەوەیەکی ‹ئاریایی›

ئاخوندزادە ژیانی فیکری خۆی بە پلەی یەکەم بۆ بەستنەوەی زمان و پێشکەوتن و نەژاد تەرخان کردبوو (وەک ئەوەی لە هەڵمەتەکەیدا دژی زمانی عەرەبی دەرکەوت)؛ کرمانی، لەبنەمادا، سەرقاڵی بووژندنەوەی ‹نەتەوەی ئاریایی› بوو (بڕوانە Ansari, 2019). گرنگترین نووسینەکانی کرمانی، لەنێویاندا پێکدێن لە سە مکتوب (٢٠٠٠) یان سێ نامە، سەد ختابە (٢٠٠٦ ئەلف) (سەد وتار، هێشتا ٤٢ وتاریان) و هشت بهشت (٢٠٠٦ ب) یان هەشت بەهەشت (لەبنەڕەتدا لە ساڵی ١٨٩٢ نووسراوە)، کتێبێک لەگەڵ شێخ ئەحمەد ڕۆحی هاوڕێی نووسیویەتی سەبارەت بە پێشکەشکردنی ڕاپرسییەک لە بیری بابی. هەروەک

پێشتر ئاماژەی پێکراوە، سێ مکتوب درێژەپێدەری مەکتوباتی ئاخوندزادەیە، بە ئاوازێکی ناسیۆنالیستی توندەوە، ڕابردووی شکۆداری ئێرانییەکان کە لەلایەن عەرەبەکانەوە وێرانکراوە، بیردەخاتەوە. هەروەک زیا ئیبراهیمی) (p. ,٢٠١٦ ١٧٤ بەشێوەیەکی قایلکەر جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەو ئارگیومێنتە سەرەکییەی کە بنەمای سێ مکتوب و سەد ختابەیە، دەتوانرێت بە یەک وشە کورت بکرێتەوە، «عەرەب»، کە پێدەچێت تاکە تاوانباری نەهامەتی و دواکەوتوویی ئێران بن.

کرمانی بەمەبەست پەیڕەویی لە شێوازی نووسینی ئاخوندزادە دەکرد و لەهەندێک حاڵەتدا، تەنانەت کارەکانیشی دووبارە دەکردەوە. بۆ نموونە، لەیەکەم خەتابە (وتار)دا کە ئاراستەی جەلال الدولە، نەیاری خەیاڵی، کراوە، کرمانی بە لاواندنەوەوە دەڵێت: ‹ئەی ئێران، مێژووی مەزنی و پایەبەرزی و شکۆداری و سەربەرزیت لە دەستی تازیاندا وێران بوو و لەژێر زوڵمی ئەو بەربەریانەدا پێشێل کرا بە ئەندازەیەک کە یەک لاپەڕەش نییە لە مێژووی ڕەسەنی ئێران لە دوو هەزار ساڵی ڕابردوودا (ل ١). بەهەمان شێوە کرمانی وێنەیەکی ئایدیالی و ڕۆمانتیکی ئێرانی پێش ئیسلامی دەکێشێت و ستایشی دەکات بۆ فراوانی جوگرافیا و دادپەروەری بێهاوتا و سیستەمی سیاسی و سەربازیی بەهێز و ڕاوێژکاری زیرەکی دادگاو پاشای بە فەزیلەت. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات، ‹کشانی وڵاتەکە بەجۆرێک بووە کە خۆر نەیتوانیوە لە یەک ڕۆژدا لە کەناراوێکەوە بۆ کەنارێکی تری تێپەڕێت› دواتر درێژە بە قسەکانی دەدات کە وڵاتەکە خاکەکانی لە وڵاتی پشت دوو ڕووبارەوە تا ئەنادۆڵ، تا نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەگەڵ میسر و هیندستان و یۆنانی لەخۆگرتووە و لەژێر فەرمانرەوایی ئەودا بوو. ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «پایتەختی ئەم شانشینە، فارس، ناوی گۆڕا بە بە استخر فارس (استخر بە واتای حەوز یان دەریاچە دێت) چونکە «پاشاکان وەک چۆن ڕووبارەکان دەڕژێن، سەردانی ناوەندی سوڵتانییەتی ئێرانیان دەکرد بۆئەوەی وەک پاشای وڵاتەکانیان دەستنیشان بکرێن» (ل ٤-٥).

لەم جۆرە لێدوانە زیادەڕەوانە لە نووسینەکانی کرمانیدا تارادەیەک زۆرن، کەسێک کە گوایە داکۆکیکاری زانستی مۆدێرن بووە. ئەم نموونەیەی خوارەوە لە مێژووسازی ئەو بۆ ڕابردووی ئێران وەربگرە، کە هیچ پێوەرێکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی توندی تێدا نییە:

جیاوازییەکی گەورە هەبوو لە نێوان شێوازەکانی حوکمڕانی لە ئێران لەسەردەمی پێش ئیسلام و ئیسلامدا. یاساکانی حوکمڕانی لەنێو پاشاکانی ئێراندا گشتگیر تر بوون، بۆ هەر کاروبارێک یاسایەکی دیاریکراو هەبوو؛ ئەگەر پەلەمانیان نەبوو، لەبری ئەوە سیستەمێکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕاوێژکاری بەهێزیان هەبوو. بۆ هەر بابەتێکی گرنگی حکومەت، سێ کۆمەڵەیان لە کەسانی لێهاتوو و دانایان پێکهێنابوو (سه مکتوب).

کرمانی وێنای ئێرانێکی پێش ئیسلامی لەلایەن ئاخوندزادەوە وەک جۆرێک لە ‹جنة عدن› دەخوێنێتەوە کە تەنیا بەهۆی لەشکرکێشی عەرەبەکان و هەژموونی ئیسلامەوە تووشی لەناوچوون بووبوو. ڕەخنەکانی ئەو لە ئیسلام هێندەی ئاخوندزادە لە تێگەیشتنیەوە نین، وەک خۆی دەڵێت بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای ڕق و کینە بەرامبەر بە عەرەب وەستاوە وەک خۆی دەڵێت:

هیچ لایەنێکی ڕەوشت و ئەخلاقیی مەدەنی ئێرانی بێ هێرش نەماوەتەوە بەهۆی ڕێورەسمی تازییەکانەوە، شێوازی نانخوادنیان کە وەک ئاژەڵ سەری بۆ دادەنەوێنن، پێچەوانەی ڕێکخستنی سرووشتە. ئێرانییەکان چیتر ئەو جل و بەرگە جوان و تەسکانە لەبەرناکەن کە لە نووسینە هەڵکۆڵراوەکانی تەختی جەمشیددا نیشاندراون. لەبری ئەوە، ئەوان عەبای پان و پۆڕ هەڵدەبژێرن، کە لە فەرش دەچێت لە دوو لاوە کونی تیابێت، و دەستبەندێک لە دەست دەکەن کە شل و شۆڕە و هەڵواسراوە وەک جانتایەکی ڕەق. پێڵاوەکانیان زەردەو لە توێکڵی کاڵەک دەچێت؛ ئەگەر تازییەکان ئەو جۆرە جل و بەرگەیان لەبەردەکرد، ئەوە بەهۆی شارەزا نەبوونیان بوو لە خەیاتی و پێڵاوسازیدا و ئەمەش پەیوەندی بە کەش و هەوای ئێرانەوە نییە (Seh Maktoub, p. 239).

کرمانی لە وەسفە خەیاڵییەکەیدا بۆ ڕابردووی ئێران، جوگرافیا بە پاکژی نەژادەوە دەبەستێتەوەو کەش و هەوای ئێران شکۆدار دەکات کە نەتەوەیەکی پایەبەرزی پەروەردە کردبوو:

کەش و هەوای مامناوەندی ئێران، جۆرەها ڕووەک و گوڵ و میوەی پەروەردە کردووە و لە هەمانکاتدا بە درێژایی مێژوو تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی گەلی ئێرانی دروستکردووە. میزاجی مامناوەند و جەستەی تەندروست و عەقڵی تیژ و ئاوات و ئارەزووی بڵند و سرووشتی سوارچاکیی ئێرانییەکان بەڵگەی کاریگەری ئەرێنی کەش و هەواکەیەتی. بەپێچەوانەوە شێوازی ژیانی بەدەوی و خێڵەکی کاریگەری جیاوازی لەسەر خەڵکی تازی هەبووە (quoted from Roshan-Zamir, 2014, p. 10).

کرمانی قەشمەری بە زمانی عەرەبی دەکات- ئەو زمانە باڵادەستەی کە ئێرانییەکان چ بۆ مەبەستی زانستی و چ بۆ مەبەستی ئیداری بۆ چەندین سەدە بەکاریانهێناوە- لە بنەڕەتدا توانای چاندنی پێشکەوتنی نییە و ڕەنگدانەوەی کولتووری دواکەوتووی عەرەبییە:

ئاستی شارستانییەتی تازیی لەسەردەمی جاهیلیە (سەردەمی نەفامی) لە نەبوونی وشەو وشەسازییان بۆ زانست و تەکنەلۆژیا دەردەکەوێ؛ زمانەکەیان خاڵییە لە وشەی سیاسی و یاسا مەدەنییەکان، بەڵام بۆ ئۆرگانێکی وەک ئەندامی نێرینە، خاوەنی هەزاران ناو و نازناو و سیفەتن و تەنانەت شتێکی بەنرخی وەک ڕۆحی مرۆڤیش یەکێکە لە ناوەکانی. ئەمەش نزمی ئەخلاقی عەرەب و حەسرەتیان بۆ لەشفرۆشی نیشاندەدات (هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٠).

هەرچەندە نووسینەکانی کرمانی بەشێوەیەکی سەرەکی پڕن لە نازناوی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و تۆمەتی مێژوویی بێ بنەما بەرامبەر بە عەرەبەکان، بەڵام مەغۆل و تورکەکانیش لە هێرشە ڕەگەزپەرستییەکانی ڕزگاریان نابێت. بۆ ئەم مەبەستە، ئەو ئاماژە بە هەندێک وشەی تورکی و مەغۆلی دەکات کە مانای حەرفییان نزیکە لە وشەی فارسی شکنجە (ئەشکەنجە):

بەهەمان شێوە، مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێژەی شارستانییەت و یاسادانان لە نێوان تورکەکان و مەغۆلەکان تێبگات لە وشەکانی وەک ئەشکلیک، توماق، گۆرمە، دۆستاغ و غولەگ کە لەسەردەمی جەنگیزخانەوە تێکەڵ بە فارسی بوون، کە ئێستا بوونەتە هاو واتای شێوە جیاوازەکانی ئەشکەنجە لە ئێراندا (هەمان سەرچاوە، ل ١١).

کرمانی لە درێژەدا هێرش دەکاتە سەر جولەکە و ئایینەکەیان بە بەسەرچوو و دژەمۆدێرن سەرزەنشت دەکات و چونکە پێویستی بە چاکسازییەکی ئایینی هەیە هاوشێوەی ئەوەی مەسیحیەت لە ڕێگەی پرۆتستانیزمەوە ئەنجامیدا:

ئەگەر ئەم گەلە جوولەکەیە ئەم تەوراتە خۆشەویست و ساختەو کۆن و ڕزیوەی بە دوو بەرگەکەیەوە فڕێدابووایە کە تەنانەت پەیوەندییان بەیەکەوە نییە و شارستانی ببوونایە، ئەوا بە داوی ئەم میحنەتەوە نەدەبوون (هەمان سەرچاوە، ل ١٤).

لە هەوڵی ناوزڕاندنی عەرەبەکاندا، کرمانی ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان و ئەمریکییە ڕەسەنەکان لە ڕەوانبێژی بە شەیتانی کردندا، بە بەکارهێنانی وشەی بازاڕیی و ڕەگەزپەرستانەی سەرنجڕاکێش دەهێنێتە ناو :»ئەگەر زانایانی ئێران هەمو ئەو هەوڵانەیان بۆ بە شارستانیکردنی عەرەب یان ڕەشپێستە ئەفریقی و ئەمریکییە ڕەسەنەکان بدایە، ئەوا لە بە شارستانیکردنی ئەوەی دووەمدا سەرکەوتوو دەبوون».

ئەم خەیاڵە ڕەگەزپەرستانەیە بۆ شوناسی نەتەوەیی ئێرانیش لە زەلیلی و ملکەچی بۆ دەستێوەردانی دەرەکی (وەک زلهێزەکانی عوسمانی و ڕووسیا و ئەورووپی) دروستبووە. زیا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئیبراهیمی (٢٠١٦) بە دروستی هێما بۆ ئەوە دەکات کە عەرەبەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر ئێران دروست نەکردبوو کاتێک ئەم نووسینە ڕەگەزپەرستیانە سەریانهەڵدا. لەسەردەمی ئیسلامیدا، خانەدانەکانی ئێران شەرعییەتی خۆیان لە خەلافەتی ئومەوی و عەباسی وەردەگرت و دڵسۆز بوون بۆ خەلافەت بە دانانی دراو بە ناوی خۆیانەوە و بە وتنی ناوی خۆیان لە نوێژی هەینی و دانی باج. هەتا شانشینی سەفەوی، جگە لە فەرمانرەوایی زیاریان و دەلیمێت، هەموو فەرمانڕەواکانی ئێران سوننە بوون و پابەندی خەلافەت بوون (Vaziri, 1993). ئاشکرایە کە زمانی عەرەبی زمانی زانست و ئایین و فەلسەفە بووە. تەنانەت لە سەدەی نۆزدەدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەرگیز گرنگی بە ئێرانییەکان نەدەدا، بەڵکو لەسەرەتادا بە عوسماییەکان و دواتریش دەستێوەردانەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژئاوایی دا. لەماوەی کۆتایی فەرمانڕەوایی قاجاردا، دوژمنایەتی عەرەب تەنیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تراومای دواکەوتوویی داهێنرا. ئێران پێشتر لە چەندین شکستی شەرمەزارکەردا زەوییەکانی لە دەستدابوو بۆ ڕووسیا، وەک پەیماننامەکانی گوڵستان (١٨١٣) و تورکمانچای (١٨٢٨) و دەستێوەردانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لە ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو، وەک زیا ئیبراهیمی (٢٠١٤, p. ١٠٥٩) دەڵێت: ‹فیگەری عەرەب لە نووسینی ناسیۆنالیستیدا ئەزموونی نییە، بەڵکو تەنیا ئامرازێکە: عەرەب لاڵە›.

کرمانی چارەسەری قاجاری لاوازی نەک لە بنیاتنانی حکومەتێکی بەهێزدا بەڵکو لە داهێنانی ڕابردوویەکی بە پیتی ئەفسانەییدا دەبینییەوە بۆ بونیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی خوازراو کە پشت بە داهێنانی ئەوی تری عەرەبی ببەستێت. کرمانی هیواخوازبوو کە فارسی مۆدێرن بگەڕێنێتەوە بۆ «شکۆمەندی ونبووی باوباپیرانیان». بە پاڵنانی جیاوازی نێوان ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی بۆ دوورترین سنووری (نەژادی)، کرمانی ڕایدەگەیەنێت:

زمان نوێنەرایەتی ڕۆحی نەتەوە دەکات؛ هەروەک چۆن قورئانی محەمەد نوێنەرایەتی هزری [عەرەبی] ئەو دەکات، شانامەش دەربڕی ڕۆحی ئێرانییە، . . . خوای گەورە ڕۆحی فیرەدوسی شاد بکات . . . ئەگەر ئێرانییەکان بزانن هەژموونی زمانی عەرەبی چ زیانێکی بە ئێران گەیاندووە، ئەوا هەرگیز یەک وشەی عەرەبییان نەدەگوت (quoted from Ros-han-Zmiri, 2014, p. 27).

ڕەوانبێژی ڕەگەزپەرستی بەردەوامی کرمانی لە سە مکتوب و سەد ختابەدا، ئاماژەیە بە بوونی چەندین دژایەتی و زیادەڕەوی لە ژیانی فیکری و بنیاتنانەوەی مێژوویی لە ئێراندا.

سەرنج بدە لەم نووسینەنەی کرمانی کە لەلایەن زانایانی ئێرانی فەرزین وەحدەت (٢٠٠٢) و حەمید دەباشی (٢٠١٥) ستایش دەکرێت وەک یەکەم ئێرانی کە زەمینەسازی لە بیری ئێرانی بنەما فەلسەفییە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوادا کردووە و یەکێکە لە سێ شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵەکانی سەردەمی خۆی:

‹عەرەبی] ڕووت و قوت، دڕندە، برسی، دەربەدەر› و بەردەوام دەبێت: ‹تفیان لێدەکەم . . . جەردە ڕووتەکان، مارمێلکەخۆرە بێ ماڵ و حاڵەکان . . . ناشیرینترین مرۆڤەکان، بەدترین دڕندە، دزەکانی سواری حوشتر، ڕوو ڕەش و خراپترینی شێوە ئاژەڵی لە ئاژەڵ خراپتر، بێ شەرم و بێ ئەدەب› (Seh Maktoub, pp. 128 and 139).

### ٥|بازنەی بەرلین: سیمبوڵی فارسیگەرایی و شیعەگەرایی

نووسینەکانی کرمانی و ئاخوندزادە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا زەخیرەیەکی زانستییان بۆ نەوەی یەکەمی نوخبە ناسیۆنالیستەکانی ئێران دابینکرد کە ئەرکی دارشتنی شوناسێکی یەکگرتوو، بەردەوام و تاکی ئێرانییان لەسەر بنەمای پێوەرەکانی زمانی فارسی، میراتگەرایی و دێرینی بوو (بڕوانە، Boroujerdi, 1998).

لە ساڵی ١٩١٦ لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، حکومەتی ئەڵمانیا کە لەلایەن پارتی دیموکراتەوە بەڕێوە دەبرا، بانگهێشتی حەسەن تەقی زادەی کرد بۆ بەرلین بۆ ئەوەی بەشداری لە بەناو هەڵمەتی ئەڵمانیا دژی ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ- ڕووسیا بکات. دەستێوەردانە درێژخایەنەکانی بەریتانیا و ڕووسیا لە ئێران شان بە شانی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا سەبارەت بە «یەکێتی ئیسلام» لە دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا، تەقی زادەیان قایل کرد کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەڵمانیادا بکات (Matin-Asgari, ٢٠١٤, p. ٥٣). بە بودجەی تەواو کە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە دابینکرابوو، تەقی زادە لەگەڵ گرووپی نوخبەکانی (کە بە بازنەی بەرلین ناسراون) گۆڤارێکی وەرزییان بە ناوی کاوە لە ساڵانی ١٩١٦-١٩٢٢ بڵاوکردەوە. کاوە لە دوو زنجیرەدا بڵاوکرایەوە. زنجیرەی یەکەم (١٩١٦-١٩١٨) بەشێوەیەکی سەرەکی جەختی دەکردە سەر بەرگریکردن لە ئەڵمانیا و پڕوپاگەندە دژی ڕۆڵی بەریتانیا و ڕووسیا وەک دوژمنی ئێران لەگەڵ هەندێک هەڵمەت سەبارەت بە هەستی ناسیۆنالیستی ئێران. لە پاش شەڕ، لەگەڵ شکستی ئەڵمانیا و چۆڵکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و ڕووسیاوە، کاوە زنجیرەی دووەمی خۆی (١٩١٩-١٩٢٢) دەستپێکرد کە تایبەت بوو بە دارشتن و پێشخستنی گوتاری ناسیۆنالیستی ئێران. زمانی فارسی سیمای دیاریکەری مەفهومی کاوە بۆ نەتەوەی ئێران پێکدەهێنێت کە لە ژمارەی یەکەمی زنجیرەی دووەمدا لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٢٢ی بانەمەڕی ١٩٢٠دا ڕاگەیەنراوە:

ڕۆژنامەی کاوە لە جەنگەوە[جەنگی جیهانی یەکەم] لەدایکبوو، ئێستا جەنگەکە تەواو بووە، کاوەش دەزانێت جەنگەکەی کۆتاییهاتووە. وەک ڕۆژنامەیەکی نوێ بڵاودەکرێتەوە کە ناوەڕۆکەکەی زیاتر بابەتی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی دەبێت و پیشە و مەبەستی زیاتر لە هەموو شتێک برەودانە بە شارستانییەتی ئەورووپی لە ئێران، جیهاد دژی دەمارگیری، خزمەت بە پاراستنی نەتەوەیی ئێران و یەکێتی نەتەوەیی دەکات، خەبات دەکات بۆ پاراستن و بە پاکی هێشتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە نەخۆشی و مەترسییەکانی دەوروبەری (Kava, no. 36, pp. 279-280).

تاریفی تەقیزادە بۆ ڕابردووی دێرینی ئێران بەشێوەیەکی یەکجار زۆر دەچێتەوە سەر ئاخوندزادە. لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا، بیرۆکەی نەژادی ئاریایی و برایەتی ئێرانی-ئەڵمانی لە کایەی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێراندا دەستی بە دەرکەوتن کرد. هەر هەڵبژاردنی ناوی ‹کاوە› پاڵەوانی ئەفسانەیی فردەوسی شا بۆ بڵاوکراوەکە، بەپێی پێویست دەڵێت، کە لەلایەن کوردناسێکی ئەڵمانی ؛ئۆسکار مان› پێشنیارکرا (Matin-Asgari, ٢٠١٨, p. ٥٢). ‹کاوە و ئاڵاکەی› بوونە هێمای بڵاوکراوەی کاوە. یەکەم ژمارەی کاوە بە شیعرێکی فردەوسی دەستپێکرد ‹ئەگەر بیەوێت بگاتەوە بە فەرەیدوون، دەبێت لە زوحاک جیا بێتەوە›. لە هەمان ژمارەدا، وێڕای ئاماژەدان بە شیعرەکانی فردەوسی، تەقی زادە شەڕی ئێران لەگەڵ ڕووسیا و بەریتانیا بە کاوە بەرامبەر زوحاک دەشوبهێنێت و هانی ئێرانییەکان دەدات بۆ ‹جیهادی نیشتمانی› دژی ئەم ‹شەیتانانە› و دەڵێت: ‹پێویستە ئێران ئەوە بسەلمێنێت کە ڕۆحی نەتەوەیی زیندووە و ئاڵاکەی کاوە جارێکی دیکە بە پەرۆشی و بوێرییەوە ڕادەپەڕێت، ڕووسە شەیتانەکان دەبەزێنێت›.

هەرجەندە زنجیرەی یەکەم زیاتر ڕووی لە بەرگریکردن بوو لە ئەڵمانیا، بەڵام ئاماژەکانی بۆ نەتەوەی ئێران و نەژادی ئێرانی (نژاد) و پاشا و ئایکۆنە کۆنەکانی ئێران لە هەموو ژمارەیەکی بڵاوکراوەکەدا بوونی هەبوو. ئاشکرایە زمانی کاوە لە نووسینەکانی ئاخوندزادە و کرمانی جیاوازە لەوەی کە زیاتر مێژوویی و سیاسییە نەک مشتومڕئامێز، بەڵام هێشتا لە دەوری هەمان گێڕانەوەی ئەفسانەییدا دەسووڕێتەوە. بۆ نموونە ژمارە ٥ و ٦ بە بابەتێك بە ناوی ‹جەمشیدی نەورۆز› دەستپێدەکات:

بەڵێ، ، ئەم بەهار پەرستییە یەکێکە لە مەزنترین تایبەتمەندییەکانی نەژادی نەتەوەیی ئێران کە بە درێژایی چەندین سەدە لە دروستکردن و جەوهەری ئەم نەتەوەیەدا

لەدایکبـووە. . . . نـەورۆزی سـاڵی ١٢٨٥ی یەزدگـەردی زۆر بـە سـەختی بەسـەر ئێرانشـاری دێرین و وڵاتی زەردەشتیدا دەگوزەرێ، لەکاتێکدا سـوپای ئەهریمەن و شـەیتان چادرەکەی لەسـەر دڵی ئـەم خاکـە ئیلاهییـە (یەزدانییـە) دانـاوە.

ئەرکی کاوە بە گەڕاندنەوەی سەردەمی زێڕین و وەهمیی ئێران بۆ ڕابردووی پێش ئیسلام، و ڕەتکردنـەوەی سـەرلەبەری شارسـتانییەتی ئیسـلامی دیاریکرا بـوو. هەروەهـا پێشـنیاری تەسلیمبوونی ڕەهای بە ڕۆژئاوا دەکرد. باشترین شێوەی وەسفیش بۆ ئەمە قسەکانی تەقی زادەیە کە دەڵێت: «پێویسـتە ئێران لـە دەرەوە و نـاوەوە، لـە ڕووی فیزیکی و ڕۆحییـەوە ببێتـە ڕۆژئاوایی، و تـەواو». نووسـەرانی کاوە لـە چیرۆکـە ئەفسـانەییەکانی شـانامەی فردەوسـیدا «کولتـووری ئێران»یـان وەک قەوارەیەکی هەمیشـەیی و بەردەوام و پێشـکەوتوو ناسـاند کـە لە چەندین سـەدە لە داگیرکاری ڕزگاری بـووە. لەکاتێکدا خۆی بە دووردەگرت لە گوتارەکانی ئاخونـدزادە و کرمانی، کاوە بەشـێوەیەکی سـەرەکی جەختی لـە چەمکی»تاکە شـوناسی نەتەوەیی ئێران» دەکـردەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا شـکۆی ئاخونـدزادە و کرمانی سـەبارەت بـە ڕابردووی ئەفسـانەیی ئێران و خسـتنەڕووی ‹فەرهەنگی ئێرانی›ی پاراسـت. فەزایەکی بەرچاو لـە هـەر ژمارەیەکی کاوە بۆ ناسـاندنی خوێنـەری فارسی، بەتایبەتی بـە شـانامەی فردەوسی، خوێندنـەوەی ‹چیرۆکی نەتەوەیی› (بڕوانـە، ژمارە ١٠) و شـیعر بـۆ هاندانی نەتەوایەتی و ‹یەکگرتوویی› و ئێران تەرخانکرابـوو. چیرۆک سـەبارەت بـە پاشـاکانی هەخامەنشـینی و ئەشـکانی و سـاسـانی بەدرێژایی زنجیرەی دووەمی کاوە زۆرن.

کاوە لـە سـاڵی ١٩٢٢دا واز لەچاپکرنی هێنرا و ئێرانشـار-دووەم بڵاوکـراوە کـە لـە بەرلین چاپدەکـرا، لەدایکبـوو- کـە نـەک هـەر گوتـاری کاوەی بـۆ دروسـتکردنی شـوناسی ئێرانی فراوانتر کرد بەڵکو گۆڕی بۆ پۆلێنێکی نـەژادی. کاوە کاریگـەری بەردەوامی خـۆی لەسـەر بیری ناسیۆنالیستی ئێران هەڵکەند. وەک جەمشـید بهنام دەڵێت، ‹کاتێک دەوڵەتی ڕەزا شا دەستی بە کارکردن کرد، بەنزیکەیی ئەوەی کە تەقیزادە و بازنەکەی لە ڕاگەیاندراوەکەیاندا دەربـارەی «کۆمەڵـەی لاوانی ئێران» باسـیان کردبـوو، جێبەجێ کـرد.

ئێرانشـار تەحدای گوتاری کاوەی کرد کە لە ئامێزگرتنی ڕۆژئاوا بوو وەک تاکە چارەسـەر بـۆ گەڕاندنـەوەی ‹نـەژادی ئێران› بـەرەو ڕێگای پێشـکەوتن. لەبـری ئـەوە ڕووی لـە ڕۆژهـەڵات کـرد و خـۆی بـە دابـڕان لـە مۆدێلی بیرکردنـەوەی ڕۆژئاوایی نیشـانە کـرد و بـەرەو تـەوەرەی ئیزۆتریکی گواسـتییەوە. سـەرەکیترین پێکهاتـەی گێڕانەوەی ئێرانشـار سـەبارەت بە ناسـنامەی ئێرانی، ئـەو پەیوەندییـە بـوو کـە لـە نێـوان ئاریانیزم و ئایینـدا لـە ڕێی جەختکردنـەوە لەسـەر

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شیعەگەرایی دروستیکردبوو، کە تێکەڵ بوو بەخوێندنەوەیەکی تایبەتی سۆفیگەری لە شێوەی ڕۆحانییەتدا (Anzali, ٢٠٢١,p. ٤١). لەکاتێکدا کرمانی ئیسلامی وەک ئایینێکی نامۆ کەلەلایەن ‹مشتێک عەرەبی پێ پەتی مارمێلکە خۆر و کۆچەری بیابانشین و درندە›وە بەزۆر بەسەر ‹نەتەوەی ئاریایی بڵند›دا سەپێنرا، ڕەتکردەوە، ئێرانشار ئیسلامی لە شێوەی شیعەگەریدا هێنایەوە ناوەوە، بەبانگەشەی ئەوەی کە شیعییەت لە ڕووی مێژووییەوە لەگەڵ ڕۆحی نەتەوایەتی ئێراندا گونجاوە، بە پلەی یەکەم بەهۆی لێکچوونە بەرچاوەکەی لەگەڵ زەردەشتگەرایی کە ئایینێکی دێرینی ‹ئێرانی›یە. پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت کە پێش ئێرانشار، ئەحمەد ئاقائۆغلۆ، ڕۆشنبیری قەوقازی ئازەری، بیرۆکەی هاوشێوەی پێشنیار کردبوو، هەوڵی دابوو شیعەگەرایی بخاتە ناو ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە (بڕوانە Matin-Asgari, ٢٠١٨). ئاقائۆغلۆ لە وتارەکەیدا بەناوی ‹باوەڕی مەزدییەکان بە شیعەگەرایی› هەوڵیدا بەردەوامبوونی ئێرانیەت لەشێوەی شیعەگەریدا نیشان بدات. ئێرانشار ئەم ئەرکەی فراوانتر کرد بە بەستنەوەی ئارياییگەرایی و ناسیۆنالیزم و شیعەگەرایی بەشێوەیەکی دەستکرد. ئێرانشار بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم گونجاندنە ڕۆحییە لە ڕێگەی هاوسەرگیری ئیمام حوسێن لەگەڵ کچی یەزدەگێردی سێیەم (دوایین پاشای ئێران) بەدیهاتووە. بەگوێرەی ئێرانشار، ئەمە نیشانی دەدا کە «ڕۆحی ئێرانی» و «ڕۆحی ئاریایی» یەکن و تەواوکەری یەکترن. ئێرانشار بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم سازگارییە بەهۆی ‹سوودەکانی ڕەگەزی هیندۆ-ئەورووپی› بووەتە شتێکی مومکین، جۆرێتییەک کە نەژادی ئێرانی تەیارکردووە بە توانایەکی سرووشتی بە «ڕامکردنی» ئەو گەل و کولتوورانەی کە بەرکەوتنیان لەگەڵی هەبووە.

سەرەڕای ڕەخنەی لە ‹خۆگونجاندنی گشتی جیهانبینی ڕۆژئاوا› (Matin-Asgari, 2014, p. 58)، گوتاری ئایدۆلۆژی ئێرانشار هێشتا لەژێر کاریگەری باڵادەستی کولتووری ئەڵمانییەوە بوو، هەربۆیەش بەردەوام بوو لە دانان بە کولتووری ئەڵمانی وەک چارەسەرێک بۆ ئەو لاوازییەی ڕۆژئاوا. شوێنەوارە فیکرییەکانی نوسینی ڕۆژهەڵاتناسان دەتوانرێت لەلاپەرەکانی ئێرانشاردا بەشێوەیەکی بەرفراوان بدۆزرێتەوە. جۆزێف مارکوارت (١٩٢٢) ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە وتارێکدا بە ناوی ‹ئێرانشار›، باسی ئێرانشار دەکات و سنووره جیۆ-کولتوورییەکانی بەم شێوەیە دیاری دەکات:

١) ئەو ناوچانەی کە بە فارسی قسەدەکەن لە ئێران ٢) ئەو ناوچانەی کە «یەکێک لە دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران» قسەی پێدەکرێت، وەک پامیر و پاکستان٣) ئەو ناوچانەی

کە بە زاراوەی زمانی فارسی تێیدا قسەدەکرێت بەڵام زمانەکەیان لەژێر کاریگەری زمانە تورکییەکان بووە. وەک تالش و باکۆ ٤) هۆزەکانی ناسراو بە زازا لە دیاربەکر و هۆزەکانی دەرسیم، ٥) ئەو ناوچانەی کە ئێستا سەربەخۆن، بەڵام بە یەکێک لە زمانە فارسییەکان یان شارستانییەتەکەیان لەسەر بنەمای شارستانییەتی ئێرانی وەک بەلوجستان و ئەفغانستان دامەزراوە (ل ٧١-٧٤).

سنوورە جیۆ-فەرهەنگییەکانی ئیمپراتۆرییەتی ئێرانشار کە لەلایەن مارکواتەوە نەخشەی دانراوە، لەگەڵ وەسفی ئەفسانەیی ئاخوندزادە و کرمانی بۆ شانشینی دێرینی ئێران دەگونجێت. ئەم سنوورانە لەگەڵ تێگەیشتنی هاوچەرخی جیهانی فارسیش هاوتەریبن، چەمکێک کە ئەو بوارە کولتووری و جوگرافییە دەگرێتەوە کە زانایانی ئێرانی وەک عەباس ئەمانات (٢٠٢١) و جەباری (٢٠٢١) لە ئامێزیان گرتووە. لە نووسینەکانی ئێرانشار و کازمزادەدا گۆڕانێکی ڕیشەیی دەبینین لە شکۆمەندراگرتنی ڕابردووی دێرینی ئێرانەوە بۆ ڕەگەزپەرستیکردنی جیاوازی ڕۆحی ئێرانی. ئێرانشار بەئاگادار بوون لەئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسی و بەتایبەتی ڕەگەزی پۆلێنناسی دو گۆبینۆ، پۆلێنبەندییەکی ڕەگەزی پێشنیارکرد کە ئارایییەکان و گەلانی سامی و مەغۆلەکان لەخۆدەگرێت، کەهەریەکەیان تایبەتمەندییەکی ڕەگەزی جیاوازیان هەیە. ئەم وەرگێڕانەی خوارەوە لە کتێبی تەجالیاتی کازم زادە بە ڕوونی باس لەوەدەکات کە مەبەستی لە ڕەگەزی ئارایی چییە:

ڕۆحی ئێران، ڕێک وەک ئاوێنەیەکی بێ نەنگی، هەموو تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێش و فەزیلەتە ناوازەکانی تایبەت بە نەژادی سەربەرزی ئارایی لەهەموو قۆناغە مێژووییەکانیدا دەرخستووە. ڕۆحی ئێرانی هەمیشە پێشانگای دەرخستەکانی ڕۆحی ئارایی بووە، لەنێوان سەدەکانی فەتحکردن و ژێردەستەیی و لەناوبردن، سودەکانی نەژادی هندۆ-ئەورووپی خۆی نمایشکردووە و پاراستووە، وەک زیرەکی لە ڕادەبەدەر و بیرکردنەوەی خێرا و شکۆدار، بیری کراوە، خەیاڵی ئاڵۆز، زۆری بەرهەمە فیکرییەکان و هێزی شیکردنەوە و پەروەردەکردنی گرووپە ئیتنییەکانی دیکە(Kazemzadeh, 1924a,) p. 12.

وەک لەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ئێرانشار تەنانەت بە هێنانە ناوەوەی چەمکی (ڕۆح) یان (soul) بۆ تایبەتمەندکردنی ڕۆحی ئێرانی، پۆلێنبەندییەکی نەژادی لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشاندەدات. ئێرانیبوون وەک (کواڵیتییەکی هزری) یان (جەوهەرێکی ڕۆحی) وێنادەکرێت کە لەڕێی نەوە و سەدەکانەوە بۆ ئەمڕۆ گوازراوەتەوە. هاوشێوەی کاوە و ئاخوندزادە و کرمانی، پێناسەی ئێرانشار بۆ «ئێرانیبوون» یان نەژادی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئێرانی بە ناڕوونی ماوەتەوە و بەشێوەیەکی گشتگیر هەر تاک و کولتوورێک دەگرێتەوە بەبێ گوێدانە زمان و شوناسیان، کە گوایە لەسەر خاکی ئێران نیشتەجێن وەک خۆی دەڵێت: ‹هەرکەسێک کە خوێنی ئاریایی لە جەستەیدا هەبێت و خاکی ئێران بە زێدی خۆی بزانێت، کورد، بەلوچ، زەردەشتی یان ئەرمەنی بێت، پێویستە بە «ئێرانی» هەژماربکرێت.

ئێرانشار نەک تەنها بانگەشەی دووبارە و بەردەوامی نەژادیی دەکات، بەڵکو بانگەشە بۆ پاکتاوی نەژادی و نەتەوەیی دەکات وەک پێشمەرجێکی پێویست بۆ بنیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی. کازمزادە (p ,١٩٢٤b .٣٣) لەنووسینێکدا بەناونیشانی معارف عثمانی (پەروەردە بە عوسمانی)، بە ئاشکرا سیاسەتەکانی کۆتایی عوسمانییەکان، بەتایبەتی کۆمیتەی پێشکەوتن و یەکێتی (CPU) لە ساڵی ١٨٨٩دا بەرزدەنرخێنێت، کە بووە هۆی پاکتاوی ئیتنیکی کەمینە غەیرە تورکەکانی وەک ئەرمەنی، کورد و یۆنانییەکان لەنێو ئەوانی تردا، لە ساڵی ١٩١٧. کازمزادە بە ستایشکردنی لاوانی تورک و هەوڵە ناسیۆنالیستییە دوژمنکارانەکانیان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی «هێزە بیانییەکان› و ‹قەومییەتەکان»، ئەم کۆمەڵکوژییە دڕندانەیە بە حەتمی و پێویست بۆ ڕزگارکردنی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی نەتەوە دەزانی:

ئەگەر کاری پاکتاوی ئیتنیکی بەم خێراییەی ئێستای بەرەوپێش بچێت، ئەوا هیچ نەتەوەیەک بوونی نابێت لە خاکی عوسمانیدا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی عوسمانی جگە لە تورکەکان، لە خەبات و ئۆپەراسیۆنە شاراوەکان و نیازی پێکهاتە جوداخوازەکانی وەک ئەرمەن و یۆنانی و عەرەبەکان و ئەوانی تر ڕزگاریان دەبێت. ئەم پاکتاوکردنە پێش مەرجێکی سەرەکییە بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی [سەربەخۆ] عوسمانی. هەر حکومەتێکی تر ئەگەر لە دۆخێکی لەوشێوەیەدا بوایە، بە تەواوی بەهەمانشێوە مامەڵەی دەکرد؛ عوسمانییەکان ئێستا ئەوە بەکاردەهێنن کە لە ئەورووپییەکانەوە فێربوون (Kazemzadeh, 1924a, pp. 132-133).

ئێرانشار جەختی دەکردەوە لەسەر دوو پێکهاتەی بنچینەیی بۆ دروستکردنی نەتەوەی ئێرانی خواستراو: خاک (ئێرانشار) و پاککردنەوەی خوێنی ئێران یان نەژاد. ئێرانشار پێشنیاری کرد کە پاککردنەوەی ڕەگەزی ئێرانی دەتوانرێت ‹یان بە ڕشتنی خوێنی پیس، هاوسەرگیری لەگەڵ پێکهاتە بەهێزەکان (ئیتنیک) یان گواستنەوەی زۆرەملێی پێکهاتەکان (ئیتنیک) ی نەتەوەیەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر› بەدەستبهێنرێت. کازمزادە خوێن لەگەڵ ڕۆح و ڕۆح لەگەڵ نەتەوە یەکسان دەکات. ئەو نەتەوە بە ‹ڕۆحی ڕۆحەکان› پێناسە

دەکات، کە کۆی هەموو بەهرە و فەزیلەت و ئەخلاقێکە کە خۆی لە ‹ڕۆحی نەتەوەیی›دا نیشان دەدات. ئەو دووپاتی دەکاتەوە:

ئەوە بەهۆی نیعمەتی ئەو ڕۆحەوەیە کە نەتەوەی ئێران دوای ئەوەی [بەزۆر] ئیسلام قبووڵدەکات و بەرگەی چەند سەدەیەک لە دیلێتی مەعنەوی گرتووە، ئەم ئایینەی فراوانتر کردووە و لەگەڵ ئەخلاق و ڕۆح و ڕێورەسمەکانی خۆیدا گونجاندوویەتی بۆ دروستکردنی ئیسلامێکی پێشکەوتوو و بەرزی ئێرانی[شیعەگەرایی] (Kazemzadeh, 1924b, p. 9).

کازمزادە ڕۆحی ئێرانی بە ‹باڵاخواز› و ‹ئارەزووخواز› وەسفدەکات. بۆ بە ئاگاهێنانەوەی هەستی نەتەوەیی لای ئێرانییەکان، پێشنیاری بەکارهێنانی›هەر ئامرازێکی شیاو›، بەتایبەتی ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردنی شارستانیەتی کۆنی ئێران بە منداڵانی ئێرانی نەژاد دەکات. ئەم ئەرکە دەتوانرێت تەنیا بە بەکارهێنانی زمانی فارسی بێتە دی، کە وەک زمانی نەژادی ئاریایی بیری لێدەکرایەوە، کە بنەڕەتیترین پایەی شوناسی ئێرانییە کە ئێرانی پێش ئیسلامی بە سەردەمی نوێیەوە گرێداوە و ڕۆحی نەتەوەی لە ئاژاوە و شکاندن ڕزگارکردووە. ئێرانشار نەخشەیەکی درێژخایەنی لەسەر وەشانی ڕەسەنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەجێهێشت، ڕێبازێک کە پشتی بە دووپاتکردنەوەی میراتی فارسی-شیعی ئێران وەک بناغەیەک بۆ شوناسی ئێرانی و ئایندەی ئێران بەستبوو.

دەرکەوتنی ڕەزاشا سەرهەڵدانی شوناسی نەتەوەیی فەرمی وەک بەردی بناغەی پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەت نیشاندا، کە زۆر سوودی لە بیرۆکەی نوخبەی ناسیۆنالیستە ئەڵمانییەکان وەرگرت. هەروەها ئەم قۆناغە شاهیدی بووژانەوەی ڕێبازی تەقیزادە بۆ بە ڕۆژئاواکردنی ئێران بوو، وەک نموونەی نامە فرنگستان، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بوو لەبەرلین لەنێوان ساڵانی ١٩٢٤ بۆ ١٩٢٥ بڵاودەکرایەوە. بڵاوکراوەکە هاواری بۆ تجدد امیرانە (مۆدێرنیزاسیۆنی دەسەڵاتخوازانە) لە ئێراندا دەکرد لە ڕێی سەرکردەیەکی بەهێزەوە.

موشفەق کازمی، سەرنووسەر، داوای ‹دیکتاتۆرێکی ڕاستەقینە›ی وەک ‹مۆسۆلۆنی› دەکرد کە هەم ‹توند› و هەم ‹زانیاری سەرکردایەتی›ی هەبێت. نامە فرنگستان تەمەنی کورت بوو، بەهۆی ئەوەی کە ئەندامەکانی هەر زوو ڕۆڵی گرنگی سیاسی و ئیدارییان لە ئێران وەرگرت لەژێر دەسەڵاتی گەشەسەندووی ڕەزاشادا.

گوتاری ناسیۆنالیستی ئێران لە ساڵی ١٩٢٤ بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئایندە هەنگاوێکی دیکەی بڕی، کە چوارەم بڵاوکراوە بوو کە مەحمود ئەفشار یەزدیی سەرنووسەری بوو،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی جیاواز و دەوڵەتگەرایانەی بەرزەوە داڕێژرابوو. ئاینندە وەک دەستنووسێک بۆ پرۆژەی پەهلەوی بنیاتنانی دەوڵەت لەسەرەوە بۆ خوارەوە کاریدەکرد. ئەفشار بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئێران پێش لەشکرکێشییەکانی عەرەب و مەغۆڵەکان نەژادی ئێرانی تێیدا نیشتەجێ بووە و ئەم هۆزە کۆچبەرانە تەنیا دواتر تێکەڵ بە نەتەوەی ڕەسەنی ئاریایی بوون. ئەفشار زمانی فارسی وەک پایەی حاشاهەڵنەگری نەتەوەیی و یەککگرتوویی نەتەوەی ئێرانییەکان ناساند. لەسەروتارێکیدا لەژێر ناوی ‹نموونەی بەرزمان: یەکێتی نەتەوەیی ئێران›، وردتر باسی لەوەکرد کە مەبەستی لە یەکێتی نەتەوەیی و زمانەوانی چییە:

مەبەستمان لە یەککگرتوویی نەتەوەیی ئێران، یەککگرتوویی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئەو گەلانەیە کە لەژێر سایەی ڕژێمی سیاسی ئێرانی ئەمڕۆدا دەژین. ئەم لێدوانە دوو چەمکی دیکە لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا، بەکامڵکردنی یەکپارچەیی نەتەوەیی، مەبەستمان لە بەربڵاوی زمانی فارسییە لەتەواوی سیاسەتی [مەملەکەت]دا، ڕیشەکێشکردنی جیاوازییە ناوخۆییەکان لە ڕووی جل و بەرگ و مۆراڵ و . . . هتد و لەناوبردنی ملوک التوایفیە (فیوداڵی). کورد، لوڕ، قەشقایی، عەرەب، تورک، تورکمان دەبێ وەک یەکبن؛ کە هیچ کامیان نابێت جل و بەرگێکی جیاواز لەبەربکەن و بەزمانی جیاواز بدوێن . . . لە ڕوانگەی ئێمەوە، تا نەتوانین هەموو ناوچە و زمان و مۆراڵ و جل و بەرگ و ئیتنیکە جیاوازەکانی ئێران یەکپۆش بکەین، سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی نەتەوەییمان هەمیشە لە مەترسیدا دەبێت (1924a, p. 5).

ئەفشار فرەچەشنی زمانی وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی دەبینی و نووسیویەتی: هەرچەندە ڕەگەزنامەی ئێران بە مێژووی پڕ شانازی چەند هەزار ساڵەی و نەژادی ئاریایی بەرزی بە دراوسێ تورانیە پێست زەردەکانی و عەرەبە سامییەکان دەناسرێتەوە، بەڵام یەکێتی نەتەوەییمان ناتەواوە بەهۆی جیاوازی بنچینەیی لەنێوان تورک زمانەکانی ئازەربایجان و عەرەب زمانەکانی خوزستان و فارس زمانەکانی پارێزگاکانی تر (Afshar, 1925b, p. 561).

ئەم پارچە نووسینە نەک تەنیا شایەتی ئەو ڕەگەزپەرستییە ڕاشکاوانەیەیە کە ئاینندە بانگەشەی بۆ دەکات بەڵکو پێگەی کۆڵۆنیالیزمی لای ئەفشار سەبارەت بە نەتەوە ڕەسەنەکانی ئێرانیش دەسەلمێنێت (بڕوانە وێنەی ٢).

### ٦|جیهانی فارسی و تۆپخانەی زمان


هزری ناسیۆنالیستی ئێرانی، لەبنەڕەتدا لەدوای بازنەی بەرلین وەک خۆی ماوەتەوە، بەتایبەت لە ڕووی جەختکردنەوەکەی لەسەر یەکسانی و بەردەوامی تاکگەرایی نەتەوەی ئێران. لە ساڵانی ١٩٣٠دا، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا ‹نەیتیڤیزم› یان گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤدا ڕوویدا، کە یەکەمجار چەمکی غەربزادگی یان وێستۆکسیکەیشن لەلایەن جەلال ئەلئەحمەدەوە داڕێژرا (بڕوانەBoroujerdi, ١٩٩٦, ). ئەم چەمکە تەحەددای هەژموونی کولتووری ڕۆژئاوای کرد و بانگەشەی بۆ زیندووکردنەوەی شوناس و بەها ڕەسەنەکانی ئێران دەکرد. ئەم ڕێبازە وەرگیراو پەرەی پێدرا لەلایەن تەیاری فیکری جۆراوجۆرەوە، لە چەپگەراییەوە، وەک وەشانی تەقی ئارانی لە ئێرانی جیهانی (بڕوانە Mirsepassi, ٢٠٢١, p. ٥)، بۆ ئەو وەشانە ئایینییەی کە ناسیۆنالیستە ئایینییەکانی وەک عەلی شەریعەتی نموونەیانن. دەتوانین گواستنەوەی فیکری ئەم چەمکە بۆ ئێرانی دوای ساڵی ١٩٧٩ لە بەرهەمی چەندین کەسایەتیدا دیاری بکەین، کە سەرەکیترینیان سادق هیدایەت، عەبدلحەسەن زەرین کوب، شجاع الدین شەفا و بەتایبەتی تر عەلی شەریعەتی و داریوش شایگان.

عەلی شەریعەتی و داریوش شایگان دەتوانرێ وەک پەیوەندی فیکری بۆ بەستنەوەی بیری ڕۆشنبیری ئێران لەسەردەمی پەهلەوی بە قۆناغی دوای ١٩٧٩ تەماشا بکرێن. عەلی شەریعەتی بە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی مارکسیزم و ئیسلام و ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا ناسراوە، تێڕوانینی نەژادیی لای شەریعەتی لە هەمبەر عەرەبەکان لەلایەن توێژەرانی ئێرانییەوە ڕەتکراوەتەوە (بڕوانەMirsepassi, ٢٠١١, ). بۆ نموونە، پەرتووکی بازشناسی هویات ایرانی/داننان بە شوناسی ئێرانی (٢٠١٥)ی شەریعەتی، دەنگدانەوەی نووسینە ڕەگەزپەرستییەکانی ئاخوندزادە و کرمانییە، کە عەرەبەکان وەک دواکەوتوو، نەزان و کۆنەپەرست نیشاندەدات و لەهەمان کاتدا شارستانییەتی ئێرانی پێش ئیسلامی وەک باڵادەست و ڕۆشنگەر و پێشکەوتنخواز شکۆمەند دەکات. هەروەها تێڕوانینی شەریعەتی بەرامبەر عەرەب، هەڵوێستی دوفاقی ئەو بەرامبەر ئیسلام و دەستبەسەردا گرتنی مێژووی ئێران ئاشکرا دەکات. تێزی شەریعەتی سەبارەت بە ‹گەڕانەوە بۆ خود» یان ئێرانیبوون لە دوو پێکهاتەی جەوهەری پێکدێت: شیعەگەرایی و فارسیگەرایی، بەبانگەشەی ئەوەی کە ڕۆحی ئێرانی لەماوەی ٣٠٠٠ ساڵی ڕابردوودا بەرگەی چەندین پچڕانی گرتووەو ماوەتەوە. بەتێڕوانینی شەریعەتی، ڕۆحی ئێران کەتایبەتمەندی و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەهرەی ئاریایی پێدراوە، توانیویەتی خۆی لەڕووی ڕۆحی و کولتوورییەوە لەگەڵ شیعەدا هاوتەریب بکات. ئەو دوو شەپۆلی لەشکرکێشی کولتووری دەستنیشان دەکات کە شوناسی ئێرانی خستووەتە مەترسییەوە. شەپۆلی یەکەم بریتی بوو لە Hélène-struck-ness (یۆنانی-زادگی) کە شەریعەتی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای گرتووەتەوە بەڵام لەبەرامبەر کولتووری بەهێزی ئێراندا زۆر خۆی نەگرت (Shariati, ١٣٩٨/٢٠١٥, p. ٢٢٠). دووەمیان Arab-struck-ness (عەرەبزادگی) (هەمان سەرچاوە، ل٢٢٥) کە لە داگیرکاری عەرەبی بۆسەر ئێران دەستی پێکردووە (Shariati, ١٣٩٨/٢٠١٥, p. ٢٢٥). شەریعەتی ئیسلام لە عەرەبییەت جیادەکاتەوە و دەڵێت کە ئیسلام لەماوەیەکی کەمدا تێکەڵ و زاڵبووە بەسەر ڕۆحی ئێرانیدا، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی شیعەگەرایی. هەربۆیە جوڵانەوەی شیعەکانی ئێران بزووتنەوەی گەڕانەوە بوو بۆ خود، کە ئامانجیان گەڕاندنەوەی شوناس و شکۆی لەدەستچووی ئێرانییەکان بوو هاوکات لەئامێزگرتنی شیعەگەری ڕەسەن. شیعەگەرایی شەریعەتی جەخت لەسەر زمانی فارسی دەکاتەوە وەک هەڵگری ئێرانیبوون، کە پێی وایە زمان و کولتووری عەرەبی بۆ چەندین سەدە دەستی بەسەردا گرتووە. ئەم وتانەی خوارەوەی شەریعەتی یەکێکە لەو چەندین وتانەی کە وێناکردنی بۆ عەرەب دەخاتە ڕوو، و دەقەکانی ئاخوندزادە و کرمانی دەهێنێتەوە یاد:

لە عەرەبستان وشەی نەفەر (وشەیەک دەتوانێت بە واتای ‹کەس› بێت و بۆ ژماردنی مرۆڤیش بەکاربهێنرێت) تەنها بۆ ژماردنی مرۆڤ و حوشتر بەکاردێت: سێ نەفەر حوشتر، یەک نەفەر مرۆڤ. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لەنێو هەموو ئاژەڵەکاندا تەنیا حوشترەکان بەهەمان ناو/تەرازووی مرۆڤ دەژمێردرێن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ [عەرەبەکان] چەندە لە کەسایەتی حوشترەکەی دەچێت لەو ژینگەیەدا، تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێک جار خۆی وەک حوشترەکەی یان هەست بە وشترەکەی دەکات وەک خۆی (Shariati, ١٣٩٨/٢٠١٥: ٧)... و نەتەوەی، عەرەبە سەرەتایی و نەزانەکان، کە گەورەترین و ئازیزترین سەرمایەی ژیان و جیهانەکەیان حوشترە، [نەتەوەیەک] کە تەماحەکەی لە ملی حوشترەکانیان بەرزتر نابێتەوە، دەستکەوتەکەیان ناتوانێت لە کۆڵی حوشترەکەیان بەرزتر بێت وەک ئەوەی خۆیان و حوشترەکانیان لە یەک خزم و یەک جۆرن، بۆیە پێیان دەڵێن نەفەر یان مرۆڤ هەروەک چۆن بەخۆیان وا دەڵێن؛ لەچاوی عەرەبدا، حوشتر عەرەبە (هەمان سەرچاوە، ل٣٩٢).




**وینە ٢**

**پێکهاتەی ئیتنۆزمانەوانی ئێران.**

داریوش شایگان لێکدانەوەیەکی عیرفانی بۆ ئێرانیبوون و بەناو گەشەسەندنی ڕۆحی پێشکەشدەکات. چوارچێوەی فیکری شایگان لەسەر بوژانەوەی شوناسی نەریتی و حیکمەتی ئەشراقی دامەزراوە کە لەلایەن هەردوو پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بۆ پێناسەکردنی سیاسەتی شوناسی خۆیان وپاساودانی گوتاری فارسییان و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان وەرگیراون و بەکارهێنراون. ڕوانگەی جەوهەرگەرایی و سەرەتایی شایگان بۆ ‹مێژوو و کولتوور› لە چەمکەکانیدا ‹ڕۆحی ئێرانی› و ‹ئێرانیبوون› (ایرانی بودن)دا دەردەکەوێت. شایگان بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم ‹ڕۆحە ئێرانییە ناوازەیە› لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت، لە تەلارسازی خانووەکانی یەزدەوە تا شیعر و ئەدەبیاتی ئێران/فارسی. شایگان لە کتێبی ئاسیا بەرانبەر ڕۆژئاوا (١٩٧٧)دا، ئێران وەکو خاکێک دێتەبەرچاو



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەڵام چارەنووسساز و پیرۆز لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا سەریهەڵداوە و ئەگەری ئامادەیی کولتووری و مەعنەوی ناوازەی لە دووڕیانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا هەیە. کتێبەکەی دیکەی بەناوی پێنج ناوچەی ئامادەبوو: گفتوگۆیەک لەسەر سرووشتی شیعری ئێرانییەکان (Shaygan, ١٣٩٣/٢٠١٤)، هەولێکی بێوچان دەدات بۆ ڕۆمانتیزەکردنی ‹جیاوازی›ی کولتووری ئێرانی بەبانگەوازکردن بۆ شیعری پێنج شاعیر: حافز، سەعدی، فردەوسی، مەولانای ڕومی و خەیام. شایگان پێی وایە کە هەریەک لەو شاعیرانە نوێنەرایەتی کوالیتیەکی ناوازەی کولتووری و کارەکتەری ئێرانی دەکات. شایگان هاوشێوەی ئەوانەی پێش خۆی، مەیلی ئەوەی هەیە کە فەرهەنگ و نەتەوەی یەککگرتووی ئێرانی وەک کیانێکی ئەبەدی کە پێش سەردەمی مۆدێرن بوونی هەبووە، سەیر بکات.

توێژینەوەی ناسیۆنالیستی سەبارەت بە مێژوو و کولتووری ئێران، بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو، تیگەیشتنێکی نەژادی زمانەوانی لە کولتوور بەرهەمهێناوە، و بڵاوکردووتەوە و ئاساییکردووەتەوە، کە ئیمتیازی داوە بە زمانی فارسی وەک تاکە بریکاری ئەو مێژووە نەتەوەییەی کە دەوترێت نەگۆرە و تێیدا کولتووره نافارسەکان لە قەوارەیەکی ‹ناوخۆیی› و ‹خێڵەکی› زیاترنین (بڕوانە Ahmadi, ٢٠٢٣). ئەمەش لەم دواییانەدا خۆی تێکەڵ بە چەمکی ‹جیهانی فارسی› کردووە، کە زاراوەیەکی نوێیە لە بنەڕەتدا لەلایەن مارشاڵ هۆجسۆن (١٩٧٤) لە کتێبەکەیدا بەناوی Venture of Islam داڕێژراوە. مەبەستی سەرەکی هۆجسۆن ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە ڕۆژهەڵاتناسییە باوە بوو کە بەزۆری مێژووی ئیسلامی وەک تەنیا مێژووی عەرەبی نیشاندەدا، بە فەرامۆشکردنی بەشدارییە بەرچاوەکانی کولتوورەکانی دیکەی وەک تورک، فارس و ئەوانی تر لە بە ئیسلامیکردنی شارستانییەتدا. لە وەڵامی ئەم پشتگوێخستنەدا، هۆجسۆن دەستەواژەی ‹بەئیسلامیکردن›ی ناساند (کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ‹بەفارسیکردن› هەیە) بۆ جیاکردنەوەی خودی ئایینی ئیسلام (ئیسلامی) و ئەو شارستانیەتە فراوانەی کە ئەوی گرتبووەوە (بە ئیسلامیکردن)، کە ڕێگە بە گرتنەخۆی نامسوڵمانەکان دەدات لە کایە کولتووریەکەیدا. مەوداو سنووری جیهانی فارسی بە بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەش «لینگوا فرانکا» دیاریکراوە، بەزۆری لە فۆرمی نووسیندا، کە گوایە دوای فەتحی ئیسلامی سەریهەڵداوە و بۆ ماوەی ١٤ سەدە بەردەوام بووە. ئەم چەمکە لەلایەن سەعید ئەمیر ئەرجومەندەوە بوژێنرایەوە کاتێک کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە فارسیەکانی (ASPS) لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراند. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، زاراوەی جیهانی فارسی لەڕێگەی جەختکردنەو لەسەر

زمانی فارسی، بایەخێکی بەرچاوی لەنێو زانایانی ئێراندا بەدەستهێناوەو تا ڕاددەیەک بووەتە هاوتەریبێک بۆ توێژینەوەکانی ئێران.

پاش هۆجسۆ، مێژوونووسانی ئێرانی ئاماژە بە جیهانی فارسی دەکەن وەک ‹جیۆ-کولتووری›یەکی فراوان (Kia, ٢٠١٤) کە خەڵکەکەی فارسن یان بە ئاخێوەری زمانی فارسی دادەنرێن بەهۆی بەکارهێنانی زمانی فارسییەوە. چەقی بیرۆکەی جیهانی فارسی یان ‹کۆمەڵگەکان› زمان و ئەدەبیاتی فارسییە کەوا گریمانە دەکرێت سنوورە کولتووری و سیاسییەکانی جیهانی فارسی لەماوەی زنجیرە سەرەکییەکانی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا دیاری کردبێت (بڕوانە Arjomand, ٢٠٠٩). حەمید بۆرجیان (٢٠٠٩, P. ٢٤) بانگەشەی ئەوە دەکات، فراوانبوونی ئەم زمانە ‹لەلایەن خودی پەرسفۆنەکانەوە نەگوازراوەتەوە بۆ ئەنادۆڵ و هندستان بەڵکو لەلایەن خێڵە تورکە بڵاوبووەکانەوە کە لەناوخۆی ئاسیاوە هاتبوون. لەم دواییانەدا، لایەنگرانی لێکۆلینەوە فارسییەکان، چەندین پۆلێنی ناڕوون و پرکێشەیان بەکارهێناوە وەک ‹کۆمەڵگەی فارسییەت›، ‹زەوی فارسی› ، ‹شارستانیەتی فارسییەت› (Borjian, ٢٠٠٩, p. ٢٣)، خودی فارسییەت ( Kia ،٢٠٢٠) و ‹مۆدیرنیتەی فارسییەت›یان بەکارهێناوە (جەباری، ٢٠٢٣). ئامانجی ئەم چەمکانە وەسفکردنی کۆمەڵێک کولتووری بەرفراوانە کە لە ئۆراسیا تا ئاسیای ناوەڕاست درێژدەبێتەوە، بەشێوەیەکی کاریگەر جیهانی فارسی لەگەڵ نزیکەی تەواوی شارستانییەتی ئیسلامی یەکسان دەکەن. مانا کیا (٢٠٢٠) لەدرێژەی قسەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە تەنانەت لەسەردەمی پێش مۆدێرنیشدا، زمانی فارسی توانیویەتی وا لەخەڵکی ‹جیهانی فارسی› بکات هەست بە ‹خود› بکەن و کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی دروستبکەن.

لەم بوارەدا سکۆڵەرشیپ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سنوورە جیۆ-کولتوورییەکانی «جیهانی فارسی»ی فراوانتر کردووە. نایل گرین (٢٠١٩) سنوورەکانی ئەم بنیاتە خەیاڵییە بەرەوپێش دەبات بۆ ئەوەی بەرفراوانی مەزنی ئۆراسیا بگرێتەوە، ئەو پێشنیارە ڕەسەنانە تێپەڕێنێت کە خودی مارشاڵ هۆجسۆن خستویەتیەڕوو. دەیڤد مۆرگان (٢٠١٢, p. ١٦٨) پێیوایە کە ‹بەڵام یەک نەگۆڕ هەیە کە ڕەنگە بەس بێت بۆ بەستنەوەی زەردەشت و خومەینی: زمانی فارسی›. عەباس ئەمانات، کەسایەتییەکی دیار لەنێو توێژینەوە فارسی ئامێزەکاندا ، دان بەوەدا دەنێت کە هەموو کۆمەڵگە فارسییەکان بە زمانی فارسی قسە ناکەن، بەڵام بەهۆی بەرکەوتن یان بەکارهێنانی زمانی فارسی، دەتوانرێت بەبەشێک لە ‹فەزای فارسی ئامێز› هەژماربکرێن (Amanat, ٢٠٢١, p. ٢٠). ئەمانات دان بەوەدا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەنێت کە ‹هەموو کۆمەڵگە فارسی ئامێزەکان بە فارسی قسە ناکەن›، بەڵام بەو پێیەی ئەم کۆمەڵگەیانە زمانی فارسییان بەکارهێناوە یان بەرکەوتنیان لەگەڵی هەبووە، هێشتا دەتوانرێت بە ئەندامی ‹فەزای فارسی ئامێز› بێنەژماردن ( Amanat, ٢٠٢١, p. ٢٠). ئەمانات دەڵێت زمانی فارسی بەهۆی ڕۆڵی وەک زمانی دادگا و ئیدارە لە نێو ئەم ‹زمانە ڕەسەنە هەریمایەتیانەدا› ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێناوە (هەمان سەرچاوە، ل٥٨). بۆرجیان (٢٠٠٩، ل٢٣) جیاوازی لەنێوان جیهانی ئێرانی/فارسی و جیهانی فارسییەت دەکات و جەخت لەوەدەکاتەوە کە یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ئەو کایە جوگرافییەی کە ئاخێوەرانی زمانە ئێرانییەکان تێیدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا دووەمیان پەیوەندی بە کایەی زمانی فارسییەوە هەیە وەک زمانی هاوبەش. بەبڕوای بۆرجیان، جیهانی فارسی لە دەرەوەی سنوورە تەقلیدیەکانی ئێرانەوە درێژدەبێتەوە و هەڵگری چەمکێکی شارستانییە نەک تەنیا ئیتنۆلۆجی بێت. وەسفەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە زمانەوانییە خەیاڵییە دەنگدانەوەی نۆستالژیای سەرەتایی ڕۆشنبیرانی کۆنی ناسیۆنالیستی وەک ئاخوندزادە و کرمانییە کە شوناسی ئێرانیان لەناو زمانی فارسی و لێکدانەوەیەکی خوازراو بۆ مێژووی ئێران جێگیرکرد.

توێژەرانی جیهانی فارسی دەیانەوێت چاوپۆشی لەو سنوورە سرووشتیانە بکەن لە سەپاندنی مێتاگێڕانەوەیەکی فراوان بەسەر ناوچەیەکدا کە بە فرە کولتووری و زمانەوانی بەناوبانگە و زۆرجار پێی دەوترێت لانکەی شارستانییەتەکان. ڕێبازێکی لەم جۆرە بەهای شیکاری و ڕوونکردەوەی نابێت، چونکە میراتی دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی پشتگوێ دەخات و لە بری ئەوە بەردەوام دەبێت لە بێدەنگ کردنی یادەوەری و مێژوو کەلە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە ئەفسانەییەوەن، وە ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت (Mohammadpour & Soleimani, ٢٠٢٢). ئەم ناونانەی جیهانێکی زمانەوانی خەیاڵی، وەک مهرزاد بروجێردی (١٩٩٨, p. ٤٣) دەڵێت: چەمکی شوناسی ئێرانی ‹لەسەر ماتریسەکەنی زمان و مێژوونووسی هەڵبژێردراو و ناسیۆنالیزمی فارسی-سەنتەری› چەسپاوە. بەهەمان شێوە، شەهاب ئەحمەد، کە مێژوونووسێکی ئیسلامییە، هۆشداریدا لەوەی کە زاراوەی ‹فارسی› وەک نیشاندەرێکی سەرەتایی یان تایبەتمەندی بەکارهێنانی قۆناغی یەکەم بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە ‹فارسییەکان› (Ahmed, ٢٠١٥, p. ٨٤). دەتوانرێت بوترێت کە ئەحمەد تەحەددای ئەو چەمکە دەکات بەو پاساوەی کە ‹بەشێوەیەکی گریمانەیی ئیمتیاز بە پێکهاتە زمانەوانی و «ئیتنیک»ییەکان دەدات› و بەم پێیەش مەترسی ئەوەی هەیە ‹بکەوێتە خزمەتی ئەو بانگەشە هەمیشەییەی

کە لە چەمکسازی مێژووی ئیسلامیدا لەڕووی خوێندنەوەی ناسیۆنالیستی «فارسی» و «عەرەبی»ە. ئەمە خاڵێکی بەرچاوە چونکە فرەزمانی لە ڕاستیدا تایبەتمەندییەکی پێناسەکراوی خوێندنەوەی هۆجسۆن بوو لە جیهانی ئیسلامیدا. جگە لەوەش کەمال سولەیمانی و ئەحمەد محەمەدپوور (٢٠١٩) دەڵێن نوخبە فارسییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستەواژەی ‹فەرهەنگی ئێرانی› لە شێوە موفرەدەکەیدا قۆستووەتەوە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ‹فەرهەنگی فارسی› وەک ‹فەرهەنگی هاوبەش›ی ئێران و دەڵێن:

ئەو ناوچانەی کە ڕۆشنبیرانی فارسی بە ‹فارسییەت› خەیاڵی دەکەن، دەتوانرێت بە ئاسانی ناویان لێبنرێت ‹عەرەبی› یان ‹عوسمانی› چونکە ئەم زمانانە هاوشێوەی زمانی فارسی باوبوون. ئینجا بۆچی ئەو جۆرە ناوچە فرەزمان و فرەنەتەوانە لەدوای مردنیان ناویان لێنراوە فارسی؟ (هەمان سەرچاوە، ل٧).

## ٧| تێبینی کۆتایی

ئەم نووسینە هەوڵیداوە لێکۆڵینەوە لە ساتەوەختە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیستی ئێرانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بکات بە توێژینەوە لە نووسینە ڕەگەزپەرستییەکانی ئاخوندزادە و کرمانی و چۆنیەتی ڕێنماییکردنی نەوەیەکی ناسیۆنالیستی ئێرانی وەک ڕاگەیەنراوەکەی نەوەی پەهلەوی (بڕوانە، Boroujerdi، ٢٠٢٠) بەشداریکردووە لە دەوڵەتسازی کۆلۆنیالیزمی کە لەسەر بنەمای کولتوورێکی نەتەوەیی یەکسان بوو (Cronin، ٢٠٠٣; Matin-Asgari، ٢٠٢٠). لە ساڵانی ١٩٢٠کاندا، ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی یورۆسەنتەری ئاخوندزادە و کرمانی لەلایەن بازنەی بەرلین پەرەی پێدراو بوو بە فۆرمولەیەکی فیکری و سیستماتیکتر کە ناسینەوەی ئێران لەگەڵ ڕەچەڵەکی بەناو نەژادی ئاریایی فارسەکان بوو بە کرێگرتەی گوتاری ناسیۆنالیستی ئێرانی لەسەردەمی پەهلەویدا. ئەمەش بە باشترین شێوە لەو وتارەدا دەبینرێت کە فەروغی سەرۆک وەزیران لەکاتی لەسەرنانی تاجی پاشایەتی پێشکەشی کرد، کەتێیدا ڕایگەیاند: ‹نەتەوەی ئێران ئەمڕۆ دەزانێت کە پاشایەکی هەیە کە نەژادێکی ڕەسەن (پاکزاد) و لەنەژادی ئێرانی (ایران نژاد) (quoted from in Matin-Asgari، ٢٠٢١، p. ٢٠٠). ئەم گوتارە ڕەگەزپەرستانەیە لە کایەی ڕۆشنبیری و سیاسی تا پاش ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو لە ڕێگەی نووسینەکانی ڕۆشنبیران لە نێویاندا، شایگان. خاڵی سەرەکی مشتومڕەکەی من ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەلایەن ڕۆشنبیران و نوخبەی فارسی و فارسییەکانەوە لە قاڵب دراوە کە لە ڕێگەی بنیاتنانی ‹ئەویتری ڕۆژهەڵاتی ناوخۆیی›،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەک هەر ئاسانکاریيان بۆ سیاسەتی دەوڵەتی ‹لەناوبردنی جیاوازی› کردووە (بڕوانە Hinton, ٢٠٠٢) بەڵکو هەروەها بەشدارییان کردووە لە ئاساییکرنەوەی پلە بەندییە ئیتنۆ زمانەوانی و کولتووریەکانی ئێستا (Mohammadpour & Soleimani, ٢٠٢٢). لەم چوارچێوەیەدا، مێژوونووسی بەشێوەیەکی هەڵاوێردوو خزمەتێکی زۆری بە کارنامەی دەوڵەت کردووە کە بریتیە لە سەپاندنی یەکێتی پلەبەندی نائیرادی و شەرعیەتدان بە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی. بە وەبیرهێنانەوەی شێوازی کۆلۆنیالیزم و پرۆسەنتریکی نووسینی مێژوو (بڕوانەMohammadpur & Soleimani, ٢٠١٩)، مێژوونووسی سەرەکی ئێران بە ئەرکی سەرکوتکردنی ‹ڕابردوو و ئێستا›یەکی نەخوازراوەوە بەڕێوە براوە.

دەستەواژە گشتگیرەکانی وەک کولتووری ئێران، کولتووری مەزنی ئێران یان جیهانی فارسی کە زۆرجار مێژوونووسانی ناسیۆنالیستی ئێران بەکاریان دەهێنن، بارگاوین بە کاریگەرییە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیستەکانی باڵادەستی و هەژموونی نەژادی کە ڕەنگدانەوەی پرۆسەی کولتووری و سیاسی سڕینەوە و ئینکاریکردنی ئەوانی تری نەخوازراو. سەید جەواد تەباتەبایی، ناسیۆنالیستی ئێرانی ئازەری-تورک، نموونەی ڕاستەقینەی ئەم ڕژێمە فارس-سەنتەرییەیە. تەباتەبایی٥(٢٠١٦) لە وتارەکەیدا بەناونیشانی زمانی نەتەوەیی و بەرنامەی فێرکردنی زمانە خۆجێییەکان نیگەرانییەکی گەورە لە ئەگەری فێرکردنی زمانە غەیرە فارسییەکان لە ئێران و ئەوەی کە دەوترێت زمانە خۆجێیەکان توانای بەرهەمهێنانی زانیاریان نییە:

زمانی فارسی هەمیشە زمانی «نەتەوەیی» ئێرانییەکان بووە، بەڵام ئەم زمانە هەرگیز نەبووەتە زمانی نەتەوەیی لەسەر حسابی زمانە خۆجێییەکانی دیکە ...لە ئێراندا، لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا، تەنیا یەک زمان توانیویەتی ببێتە زمانی زانستی ستاندارد و زمانی کولتووری [کە فارسییە]؛ هەموو زمانەکان بە پێی توانای خۆیان پەرەیان بە خوێندەواری داوە. هەموو ئەم زمانە [خۆجێییانە] و خوێندەوارەکانیان فۆرمی زمان و فەرهەنگی ئێرانی مەزنن و پێویستە هەوڵی پاراستنیان بدەیت، بەڵام نابێت خەیاڵیان لەسەر بونیات بنێیت، دەبێ زمانی نەتەوەیی [فارسی] وەک زمانی زانین و کولتووری ئەم وڵاتە بمێنێتەوە. ناتوانرێ لە زمانە خۆجێیەکانی ترو خوێندەوارەکانیان تێبگەیت جگە لەناو خودی زمانی نەتەوەییدا نەبێت، مرۆڤ نابێت مێژوو بنەچەیان بۆ هەڵبەستێت. پێنج ساڵ لەمەوبەر گوتم کە پێویستە ئەدەبیاتی تورکی ئازەری بخوێنرێت، بەڵام بەرنامەیەکی لەوشێوەیە ناتوانێت لە دوو کرێدیتی [کۆرس] زیاتربێت لە ساڵێکدا.

لە کۆتاییدا، مێتاگێڕانەوەی ئێرانیبوون وەک مەکینەی فیکری کاردەکات کە لەلایەن هەردوو نوخبە و دەوڵەتەوە دارێژراوە بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی خەیاڵی کە ئێران وەک نەتەوەیەکی تاک زمان و تاک کولتووری پیشاندەدات کە شانازی بە مێژوویەکی بەردەوام و بەناوبانگەوە دەکات کە سێ هەزار ساڵە هەیە (بڕوانە Amanat, ٢٠١٧, p. ٣٤). ئەم گوتارە ڕۆژهەڵاتگەرا ناوخۆییە وەک ‹تەکنەلۆژیایەکی بەهێزی لەبیرکردن› بەکاردێت (بڕوانە Smith, ٢٠٢٢, p. ٥٦١) بۆ سڕینەوەی مێژوو و یادەوەرییە نافارسییەکان لە فەرهەنگی زانستی ئێرانی بەناو کۆسمۆپۆلیتی جێگیرکراوە.

## REFERENCES


REFERENCES

Adamiyat, F. (1970). Mirza Fath›Ali Akhundzadeh thoughts. Kharazmi Press.

Adamiyat, F. (1979). The thoughts of Mirza Aqa Khan Kermani. Payam.

Adib-Moghaddam, A. (2006). "Reflections on Arab and Iranian Ultra-Nationalism", MRonline. https://mronline.org/2006/
11/20/reflections-on-arab-and-iranian-ultra-nationalism/

Afshar, M. (1925a). Our ideal: Iran›s national unity. Ayandeh: First Year, Tehran.

Afshar, M. (1925b). The issue of nationalist and national unity in Iran. Ayandeh, Tehran.

Ahmadi, H. (2023). "The instrumental dimensions of ethnic politics in Iran", in Muslim World. https://doi.org/10.1111/
muwo.12466

Ahmed, S. (2015). What is Islam? Princeton University Press.

Akhundzadeh, F.›A. (1865). Maktoubat-e Kamal al-Dowla. Edited by Ali Asgar Haghdar (Ed.), (First ed., 2016). Adabiat.

Alinejad, M. (2022). The rivalry between secular and religious nationalisms: On the split in Iranian national identity. In I.
Ahmad & J. Kang (Eds.), The nation form in the global age. Palgrave Macmillan. https://doi.org/10.1007/978-3-030-
85580-2_11

Amanat, A. (2017). Iran: A modern history. Yale University Press. https://doi.org/10.2307/j.ctv19prrqm


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

Amanat, A. (2021). Remembering the persianate. In A. Amanat & A. Ashraf (Eds.), The Persianate world: Rethinking a shared
sphere. Brill.
Ansari, A. (2012). The politics of nationalism in modern Iran. Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/
CBO9781139020978
Ansari, A. (2017). Iran›s constitutional revolution of 1906 and narratives of the enlightenment. Gingko Library.
Ansari, A. (2019). Modern Iran since 1797: Reform and revolution. Routledge. https://doi.org/10.4324/9780429399879
Anzali, A. (2021). From ethnic nationalism to cosmopolitan mysticism: The life and works of Hossein Kazemzadeh Iranshahr
(1884–1962). Iranian Studies, 55, 61–112. https://doi.org/10.1080/00210862.2020.1869533
Arjomand, S. A. (2009). Evolution of the Persianate polity and its transmission to India. Journal of Persianate Studies, 2(2),
115–141. https://doi.org/10.1163/187470909X12535030823571
Borjian, M. H. (2009). Welcoming address. In Persianate societies and the subcontinents. ASPS Fourth Biennial Convention.
26 February - 2 March 2009.
Boroujerdi, M. (1996). Iranian intellectuals and the west: The tormented triumph of nativism. Syracuse University Press.
Boroujerdi, M. (1998). Contesting nationalist constructions of Iranian identity. Critique: Critical Middle Eastern Studies, 7(12),
43–55.
Boroujerdi, M. (2020). Rethinking the legacy of intellectual-statesment in Iran. In R. Jahanbegloo (Ed.), Mapping the role of
intellectuals in Iranian modern and contemporary history (pp. 111–127). Lexington Books.
Cronin, S. (2003). The making of modern Iran state and society under Riza Shah, 1921–1941. Routledge. https://doi.org/10.
4324/9780203423141
Dabashi, H. (2007). Iran: A people interrupted. The New Press.
Dabashi, H. (2016). Iran without borders: Towards a critique of the postcolonial nation. Verso.
de Gobineau, J. A. (1855). The inequality of human races, translated by Adrian Collins (1967). H. Fertig Press.
Green, N. (2019). The Persianate world: The frontiers of a Eurasian lingua Franca. The University of California Press. https://
doi.org/10.1515/9780520972100
Hinton, A. L. (2002). Annihilating differ-

ence: The anthropology of genocide. Berkeley & Los Angeles, CA: University of
California Press.
Hodgson, M. (1974). The venture of Islam: Conscience and history in a world civilization. University of Chicago Press. https://
doi.org/10.7208/chicago/9780226346861.001.0001
Jabbari, A. (2023). The making of Persianate modernity: Language and literary history between Iran and India. Cambridge
University Press. https://doi.org/10.1017/9781009320825
Jones, W. (1786). Third Anniversary Discourse to the Asiatic Society.
Kazemzadeh, H. (1924a). Maʿaref dar Osmani. Iranshahr.
Kazemzadeh, H. (1924b). Tajalliyat-e ruh-e Irani.
Keddie, N. (1962). Religion and irreligion in early Iranian nationalism. Comparative Studies in Society and History, 4(3), 265–
295. Cambridge University
Press. http://www.jstor.org/stable/177523, https://doi.org/10.1017/S0010417500012330
Kermani, M. A. K. (2000). In B. Chubineh (Ed.), Seh Maktoub (three letters). Nima Verlag.
Kermani, M. A. K. (2006a). Sad Khatabeh (one hundred lectures), Edited, Mohammad Jaafar Mahjoub, Sherkat-e Ketab.
Kermani, M. A. K. (2006b). Hasht Bihisht (eight heavens). Bayani Digital Publications.
Kia, M. (2014). Imagining Iran before nationalism: Geocultural meanings of land in Azar›s Atashkadeh. In K. S.-A. Kamran &
A. Marashi (Eds.), Rethinking Iranian nationalism and modernity (pp. 89–113). The University of Texas Press. https://doi.
org/10.7560/757493-006
Kia, M. (2020). Persianate selves: Memories of place and origin before nationalism. Stanford University Press. https://doi.org/
10.1515/9781503611962
Labib, T. (2007). Imagining the Arab other: How Arabs and non-Arabs view each other. I.B.Tauris. https://doi.org/10.5040/
9780755609901
Marashi, A. (2008). Nationalizing Iran: Culture, power and the state. The University of Washington Press.
Markwart, J. (1922). Iranshahr. Iran, 1(4), 71–77.
Matin-Asgari, A. (2018). Both eastern and Western: An intellectual history of Iranian modernity. Cambridge: Cambridge University
Press. https://doi.org/10.1017/9781108552844

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

Matin-Asgari, A. (2021). The making of Iran›s illiberal nation-state (1921–1926). In R. Jahanbegloo (Ed.), Mapping the role of
intellectuals in Iranian modern and contemporary history (pp. 191–216). Rowman and Littlefield.

Matin-Asgari, A. (2014). The Berlin Circle: Iranian nationalism meets German countermodernity. In K. Scot-Aghaei & A.
Marashi (Eds.), Rethinking Iranian nationalism and modernity (pp. 49–67). The University of Texas Press. https://doi.org/
10.7560/757493-004

Max Müller, F. (1861). Lectures on the science of language: Delivered at the royal institution of Great Britain in April, May and
June 1861 (5th rev. ed.). London: Longmans Green, 1866.

Mirsepassi, A. (2011). Political Islam, Iran and the enlightenment: Philosophies of hope and despair. Cambridge University Press.

Mirsepassi, A. (2021). The discovery of Iran: Taghi Arani, a radical cosmopolitan. Stanford University Press.

Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2019). Interrogating the tribal: The aporia of 'tribalism' in the sociological study of the
Middle East. British Journal of Sociology, 70(5), 1799–1824. https://doi.org/10.1111/1468-4446.12656

Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2022). Silencing the past: Persian archaeology, race, ethnicity and language. Current
Anthropology, 63(2), 185–210. https://doi.org/10.1086/719886

Morady, F. (2020). Contemporary Iran: Politics, economy, religion. Bristol University Press.

Morgan, D. (2012). Persian as a Lingua Franca in the Mongol Empire. In B. Spooner & W.L. Hanaway (Eds.), Literacy in the
Persianate world. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

Motadel, D. (2014). Iran and the Aryan myth. In A. M. Ansari (Ed.), Perceptions of Iran: History, myths and nationalism from
medieval Persia to the Islamic Republic. International library of Iranian studies (37) (pp. 119–145). I.B. Tauris. https://doi.
org/10.5040/9780755611621.ch-008

Nale, J. (2014). Arthur de Gobineau on blood and race. Critical Philosophy of Race, 2(1), 106–124. https://doi.org/10.5325/
critphilrace.2.1.0106

Nash, G. (2014). Aryan and Semite in Ernest Renan and Matthew Arnold›s quest for the religion of modernity. Religion &
Literature, 46(1), 25–50. http://www.

jstor.org/stable/24752987
Renan, E. (2018/1882). What is a nation? And other political writings. Columbia University Press. https://doi.org/10.7312/
rena17430
Roshan-Zamir, Bahram (2014), Mirza Aqa Khan Kermani: The Father of Iran›s Philosophy of History, online. https://
mypersianbooks.files.wordpress.com/2014/12/mirzaaghakhankermani.pdf
Shariati, A. (1398/2015). BazShenasi Hoviate Irani/recognizing Iranian identity. Sepideh Bavaran Press.
Sharifi, M. (2013). Imagining Iran: The tragedy of subaltern nationalism. Lexington Books.
Shaygan, D. (2014/1393). Panj eghlim-e Hozor/five regions of presence: A discussion on poetic nature of Iranians,
Frahang-e Moaser, Tehran.
Smith, A. T. (2022). Unseeing the past archaeology and the legacy of the Armenian genocide. Current Anthropology, 63, 525.
Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2019). Can non-Persians speak? The sovereign›s narration of 'Iranian identity'.
Ethnicities, 19(5), 925–947. https://doi.org/10.1177/1468796819853059
Tavakoli-Targhi, M. (2011). Refashioning Iran orientalism, Occidentalism and historiography. Palgrave Macmillan.
Vahdat, F. (2002). God and Juggernaut: Iran›s intellectual encounter with modernity. Syracuse University Press.
Vaziri, M. (1993). Iran as imagined nation: The construction of national identity. Paragon House.
Zia-Ebrahimi, R. (2011). Self-orientalization and dislocation: The uses and abuses of the "Aryan" discourse in Iran. Iranian
Studies, 44(4), 445–472. https://doi.org/10.1080/00210862.2011.569326
Zia-Ebrahimi, R. (2014). 'Arab invasion' and decline, or the import of European racial thought by Iranian nationalists. Ethnic
and Racial Studies, 37(6), 1043–1061. https://doi.org/10.1080/01419870.2012.734389
Zia-Ebrahimi, R. (2016). The emergence of Iranian nationalism: Race and the politics of dislocation. Columbia University Press.
https://doi.org/10.7312/ziae17576

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئایین و بزووتنەوە
# خوێندکارییەکانی ئێران

ڕێحانەی غوڵامی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەبدوڵا ڕەسولی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پوختە

ئەم وتارە[1] لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، باسی بەستێنی مێژوویی پەیوەندی ئایین و بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران پێش لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یم کردووە. لەم بەشەدا، سەرنجم داوەتە ئەم بابەتە کە چلۆن پێش لە شۆڕشی ٧٩ ئایین کاریگەریی لەسەر سیاسی بوونی بەشێك لە خوێندکاران دانا. دواتر ئەم پرسەم ڕوون کردۆتەوە کە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکان کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ سیاسی کردنی خوێندکاران لە ڕێگەی ئایین و وانە ئایینییەکانەوە درا، نارەزایەتی و بزووتنەوە خوێندکارییەکان بە پشت گوێ خستنی وانە ئایینییەکان پێشکەوتن. لە بەشی دووەمی ئەم وتارە، هەوڵم داوە باسێکی ڕوون لە بارەی ئەم بابەتە پێشکەش بکەم کە بۆچی خواستی نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی «ژن، ژیان، ئازادی”(١٤٠١) ناوەڕۆکێکی نائایینی هەیە. هەڵبەتە لە باسکردنی ئەم کاریگەرییە لە ڕێکخستنی سیاسی خوێندکاران هەتا بێکاریگەربوونی ئەو لە چالاککردن و بیچم پێدان بە نارەزایەتی و بزووتنەوە خوێندکارییەکان ئاگاداری هێدی بوون و قۆناغ بە قۆناغی ئەم ڕەوتە بووم. لەمڕووەوە سەرنجیشم داوەتە قۆناغی تێپەڕ و مامناوەندی ئەم ڕەوتە. لەم یادداشتەدا، بزووتنەوەی خوێندکاریی سەردەمی چاکسازیی (ساڵەکانی نەوەدی زایینی) وەك قۆناغی پەڕینەوە لە کاریگەریی سیاسی ئایین و بێ کاریگەربوونی ئەو لە بیچم پێدان بە بزووتنەوەی خوێندکاری سەیر کردووە. لە کۆتاییدا باسی ئەم بابەتەم کردووە کە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ”ژن، ژیان، ئازادی“بە بۆنەی چڕبوونەوە لەسەر پرسی ئازادی ژن و چارەسەرکردنی هەڵاواردن و نایەکسانییە جێندەرییەکان ناوەڕۆکێکی نائایینی هەیە. هەروەها دەقی دروشمەکانیش ناوەڕۆکی نائایینی ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە پێشان دەدات.

## ۱.بەرایی

تا ڕادەیەك دەستپێکردنی نارەزایەتییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای کوشتنی حکومەتی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە ئەیلولی ۲۰۲۲ هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ۲۰۲۲-۲۰۲۳. ئەم بەریەککەوتنی زەمەنییەوە بووە هۆی ئەوەی زانکۆکان زووتر بچنە ڕیزی ئەم نارەزایەتیانەوە و پانتایی ئەو بەرفراوان بکەن. لە هەمان بەروارەوە، دەقی جۆراوجۆر لەبارەی نارەزایەتییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"و پرسەکانی پەیوەندیدار بەو نووسرا. بەڵام بە سەرنجدان بە ڕۆڵی زانکۆکان لە زیندوو ڕاگرتن و بەردەوامی نارەزایەتییەکان، قەبارەیەکی کەم لەم دەقانە تایبەت بە تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەندیدار بە زانکۆکان تەرخان کراوە. لەبەرئەوەی دەتوانین زانکۆ وەك کۆمەڵگەیەکی ئاماری گرنگ لەبەرچاو بگرین کە خواستە گشتییەکان لەودا ڕەنگ دەداتەوە۲ تاوتوێکردنی نارەزایەتییەکان و بزووتنەوە خوێندکارییەکان زانیارییەکی زۆر لەبارەی واقعیەتە کۆمەڵایەتییەکان بە ئێمە دەدات. تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەندیدار بە زانکۆ و خوێندکاران بە تایبەت لەو کاتانەی کە جیاکردنەوەی نێوان سنووری زانکۆ و ژینگەی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی زانکۆ کاڵتر دەبێتەوە، وەکو کاتێك کە نارەزایەتییە خوێندکارییەکان و نارەزایەتییەکانی شەقام بە یەکتر بەستراونەتەوە، دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات بۆ ئەوەی وێنەیەکی وردترمان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. بە گشتی، بە سەرنجدان بە گرنگی زانکۆ وەك یەکێك لە گرنگترین دامەزراوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان و بە شێوەی تایبەت گرنگی بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە مێژووی ئێران، باسکردنی پرسە جۆراوجۆرەکان و گۆشە نیگای جیاوازی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئێران زۆر گرنگە. لەمڕووەوە، گرنگە لەبارەی زانکۆ و پرسە جۆراوجۆرەکانی کە دوای ڕۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"هاتۆتە ئاراوە توێژینەوەی سەربەخۆ ئەنجام بدرێت. لەم گۆشە نیگایەوە، تاوتوێکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری "ژن، ژیان، ئازادی"(۲۰۲۲) وەك یەکێک لە خاڵەکانی وەرچەرخانی مێژووی نارەزایەتییەکان و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئێران زانیاریی بایەخدار لەبارەی کۆمەڵگەی ئێران بە ئێمە دەدات.

لەم وتارەدا باسی جیاوازییە بنەماییەکانی نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ۲۰۲۲ بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوە خوێندکارییەکانی پێشوو دەکرێت. تەنانەت سیماگەلێکی سیاسی ناسراو لە ناوخۆی پێکهاتەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیی ئاماژەیان بە جیاوازبوونی

ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ لە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوە خوێندکارییەکانی پێشوو داوە. غوڵام ڕەزا زەریفیان و سادق زیبا کەلام دوو کەس لە سیما ناسراوەکانی ڕیفۆرمیستن کە هەر دوویان لە چاوپێکەوتنیك کە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئێعتماد هەیانبووە دانیان بە لایەنی جیاوازی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ لە بەراورد لەگەڵ ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی پێشوو ناوە٣. بەڵام ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئەم دواییانە بە وردی چ جیاوازییەکی لەگەڵ ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی پێشوو هەیە؟٤ ئایا دەتوانین بوونێکی جیاوازیی بنەمایی بۆ ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"لە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوە خوێندکارییەکانی پێشوو لە بەرچاو بگرین؟ لەم وتارەدا، باسی ئەم بابەتە دەکرێت کە بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی"(٢٠٢٢) لە بواری کارلێکەوە لەگەڵ ئایین خەسڵەتێکی جیاوازیی لە بەراورد لەگەڵ سەرتاسەری مێژوویی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئێران لە خۆی پێشان داوە. ڕێژەی جیاوازیی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"لەگەڵ ئایین بووەتە هۆی ئەوەی ئەم قۆناغە لە مێژوویی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئێران جیاوازیی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی لە بەراورد لەگەڵ پێشینەی بزووتنەوە خوێندکاریی لە ئێراندا هەبێت. لەم وتارەدا، دوای پێشکەشکردنی مێژوویەکی کورت لە پەیوەندیی بزووتنەوە خوێندکارییە گرنکەکانی ئێران لەگەڵ ئایین باسی ئەم پرسە دەکرێت کە ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ بە سەرنج دان بە خواستی ئەو و دەقی دروشمەکانی و جیاوازبوونی ئەو لەگەڵ ئایین و وانە ئایینەکان هاتۆتە ئاراوە.

لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە، تاوتوێکردنی ئەم بابەتە بە سەرنجدان بەوەی کە یەکێك لە گرنگترین باسەکانی پەیوەندیدار بە پرسی کۆمەڵگەی ئێران لە ساڵانی دوایی لە دەوری پرسی ئایین و سێکۆلاریزم بیچمی گرتووە و بە بۆنەی ئەوەی کە باسکردنی ئەم بابەتە دەتوانێت گۆشەیەك لەم پرسە ڕوون بکاتەوە، گرنگە. تاوتوێکردنی پرس و کێشەکانی زانکۆ لە ژێر ناویی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە پێشوازی لە نوێنەرانی گەنجی جیاواز لە ئاستی کۆمەڵگە دەکات، دەتوانێت تێگەیشتنی ئێمە لە ئاست کۆمەڵگەی گەنجی ئەمڕۆ لەگەڵ ئایین وردتر بکاتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت بە تاوتوێکردنی بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی"لەگەڵ ئایین بەشێك لە پرسی پەیوەندی کۆمەڵگەی گەنجی ئێران لەگەڵ ئایین ڕوون بکرێتەوە. لە تاوتوێکردنی ئەم بابەتە، سەرەتا باسی بەستێنی مێژوویی ئەم باسە لە زەمەنی پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩ و دوای ئەوم کردووە. بەشی بەستێنی مێژوویی باسەکە زۆرتر بە بۆنەی ڕەچاوکردنی یەکبوونی بابەتی ئەم وتارە هێنراوە و ئامانجێکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دیکە لەو ئەمە بووە کە پێشان بدرێت پێشوازیی زانکۆکان لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"بەپێچەوانەی گشتگیر بوونی بابەتی ئەم بزووتنەوە و گرنگی و سەرنجڕاکێش بوونی ئەو بۆ خوێندکاران لە بەردەوامی لەگەڵ مێژووی گۆڕانکاریی زانکۆ لە ئێرانە. دەتوانین ئەم بەشە لەژێر ناوی کورتەیەك لە ڕەوتناسی لە پەیوەندی زانکۆ و ئایین لە ئێران لەبەرچاو بگرین کە توانایی تاوتوێکردنی وردتری دەوێت. دوای پێشکەشکردنی بەشی یەکەم، بە پشت بەستن بە ڕووداوەکانی دوایی لە زانکۆکان، خواستەکانی ئەم ناڕەزایەتییانە، دەقی دروشمەکان و سروودگەلێك کە لەم ماوە لە زانکۆکان دەگووترانەوە و دەقی شیکارییەك کە لەم ماوەدا لەبارەی ئەم بابەتە نووسراوە، پێشانم داوە کە بزووتنەوەی خوێندکاریی «ژن، ژیان، ئازادی"نەك تەنها ناوەڕۆك و گرنگییەکی ئایینی نییە، بەڵکو دژیەکی لەگەڵ ئایین و وانەکانی ئەو پەیدا کردووە. دژایەتی کردنی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"لەگەڵ ئایین و لەگەڵ چڕبوونەوەی خواستەکان و دروشمەکانی ئەوان لەمەڕ ئازادی ژن و یەکسانیی جێندەریەتی ڕوون دەبێتەوە. دروشمی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"و خواستەکانی ئەو لە ئاڕاستەی ئازادی ژن و چارەسەرکردنی هەڵاواردنەکان و نایەکسانییە جێندەرییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم ناڕەزایەتییانە لەگەڵ وانە ئیسلامییەکاندا نەگونجێت.

## پێشینەی لێکۆڵینەوە

هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەبارەی پەیوەندی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی"لەگەڵ ئایین و بە تایبەت لەبارەی پەیوەندی بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی"لەگەڵ ئایین ئەنجام نەدراوە. هەڵبەتە نەبوونی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند لەبارەی ئەم بابەتە بە سەرنجدان بە نوێ بوونی ئەم بزووتنەوە شیاوی پەسەند کردنە. بەڵام بە سەرنجدان بە گرنگی ئەم بابەتە، لە زۆربەی نووسراوگەلێك کە لەم ماوەدا بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بە پەیوەندی جیاوازیی ئەم بزووتنەوە لەگەڵ ئایین و ناوەڕۆکی نائایینی ئەو دراوە. لەم بوارەوە، لەم بابەتەدا ئاماژە بەوە دراوە کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دژی کولتووری پیاوسالار و دژەژنی ئایینییە (Dabiri, ٢٠٢٣: ٣). لایەنی دژەئایینی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"لە دژیەکی لەگەڵ خواستەکانی ئەو لەگەڵ حەدیس و گێڕانەوەگەلێك کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ واجب زانینی حیجاب دەهێنرێتەوە، ڕوون دەبێتەوە (Mehrabi, ٢٠٢٣:٥ ). نەوەیەك کە بەشدارییان لە ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢دا کرد مەودایەکی زۆریان لەگەڵ ئایدیالە ئیسلامییەکاندا هەیە (Torbati, 2023: 4). لە ناڕەزایەتییەکانی "ژن،

ژیان، ئازادی»، ویژمانی ئایینی بوونی نییە و تەنانەت لەودا بێزاربوون لە ئاست ئایینی حکومەتیش دەبینرێت (بیات، ١٤٠١). بۆیە بە بۆنەی پەیوەندییەکی تایبەت و جیاواز کە نارەزایەتییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"لەگەڵ ئایین هەیبووە لە زۆربەی دەقگەلێك کە لە مەڕ ئەو نووسراون ئاماژەیان بەم ڕێژە لە جیاوازیش داوە. هەڵبەتە ئەم ئاماژانە زۆر کورتن و زانیاریی قەناعەت پێهێنەر لەبارەی ئەمە کە نارەزایەتی "ژن، ژیان، ئازادی"بە پێی چ هۆکارگەلێك پەیوەندی جیاوازیی و دژیەکییان لەگەڵ ئایین هەیە، تەسلیمی خوێنەری ناکەن. لێرەدا هەتا ئێستا هیچ بابەتێکی سەربەخۆ لەبارەی پەیوەندی نارەزایەتی "ژن، ژیان، ئازادی"و نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئەو لەگەڵ ئایین نەنووسراوە. بەم بۆنەوە، هەرچەندە ڕۆشتنە ئەم بوارەوە کارێکی قورسە، بەڵام بە سەرنجدان بە گرنگی فرەلایەنەی ئەو پێویستە.

### ٢.بەستێنی مێژوویی باسەکە

ئایین و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩

بەشێوەیەکی گشتی، پێش شۆڕشی ١٩٧٩، لە نێو زانکۆ خوێندکارە ئایینییەکان بە ڕادەی خوێندکارە چەپەکان چالاکییان نەبوو، زۆربەی کات ژینگەی سیاسی زانکۆ بە دەستی چەپەکانەوە بووە٥. ئەوان زۆربەی کات نوێنەرایەتی حیزبە سیاسییەکانیان لە نێو زانکۆ دەکرد و چالاکی سیاسی ڕێکوپێکتر و ڕێکخراوتریان هەبوو. هەندێ کات ئایینییەکان، بە تایبەت لە کاتی نزیك بوونەوەی وادەی شۆڕشی ١٩٧٩، توانییان هێزەکانی خۆیان لە نێو زانکۆکان ڕێك بخەن و لە ڕێگەی زانکۆکانیشەوە بڕۆنە نێو ڕەوتی شۆڕشەوە. خودی ئایینییەکانیش دانیان بەم پرسەدا دەنا، کە خوێندکارە چەپەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەوان لە نێو زانکۆ چالاکترن. چالاکێکی خوێندکاریی ئایینی پێشوو لە زانکۆی تەبریز بە ناوی ئەحمەدی خورەم، کە دوای شۆڕش ئەندامی کۆمیتەی ئیسلامی، سوپای پاسداران و بنکەی شۆڕشی کولتووری بوو و لە سەردەمی چاکسازیی بووە وەزیری ڕێگەوبان و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت، ئەزموونی خۆی لە ئامادەبوونی چالاکانەی چەپ لە گۆڕەپانی سیاسی زانکۆی تەبریز بەمشێوە دەگێڕێتەوە:

لە هەمان ساڵی ٧٠ی زایینی هەستێك کە لەلای هەموو گەنجە مسوڵمانەکان دروستبوو ئەمە بوو، کە زۆر جیدی بێنە نێو گۆڕەپانەوە و دەبێت ئەوەندە ئازایانە بەشداریی لە مانگرتنەکان بکەین کە ئەگەر کەسێك چەپ بگرن، کەسێکی ئایینیش دەستگیر بکەن و گەیشتبووینە ئەو ئەنجامە کە ئەگەر دەستگیر نەکرێن، دۆڕاوین. واتە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە زەینی تاکەکان، دەستگیربوون و بێبەش بوون و دەرکردن بەهایەکی ڕاستەقینە بوو، بەهایەکی خەبات بوو. ئێمە گەیشتبووینە ئەو ئەنجامە بۆ ئەوەی کە تاکە مسوڵمانەکانی زانکۆ وره وەربگرن دەبێت چوار دانە لەوان دەستگیر بکەن و دەبێت هەوڵ بدەین لە لوتکەی کەسانێکدا بین کە ئامادەن و دەستگیر دەکرێن. کاتێك کە یەکێك لە تاکە ئایینییەکان دەستگیر دەکرا، بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەبێت نارەحەت ببین، هەموان خۆشحاڵ دەبووین و کەیفمان ساز دەبوو و دەمانگووت و بە چاو چەپەکاندا دەدایەوە کە ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە، خەباتکارن؟ ئەندامەکانی ئێمە خەباتکارتر لە ئێوەن و بە خۆشییەوە منداڵەکانی ئێمە لە لێپرسینەوە و ئەشکەنجە لە ئاست چەپەکان تاقەت و تەحەمولیان زۆرە، ئەمە ڕەنگدانەوەی لە زانکۆ هەبوو ئاڵای ئەندامانی ئێمە سەرتر بوو (باقی، جنبش دانشجویی ایران لە اغاز تا انقلاب اسلامی، ١٣٧٨: ١٢٩.١٣٠).

لەلایەکی دیکەوە، گێڕانەوەی ئەسەد سەیف کە پێش شۆڕش لە ژێر ناوی خوێندکاریی چەپ لە زانکۆ چالاکی سیاسی هەبووە ئامادەبوونی کەمتری خوێندکارە ئایینییەکان لە ئاست خوێندکارانی چەپ لە کاتی دەربڕینی پەیوەندی ناخۆش و پڕ ناکۆکی نێوان ئەوان لە یەکتر پێشان دەدات:

پەیوەندی ئێمە لەگەڵ کەسانی ئایینی لە بزووتنەوەی خوێندکاریی زۆر ڕەسمی و دوژمنکارانە بوو، هەڵبەتە بەدەر لە هەندێ لە لایەنگرانی موجاهیدین و یان شەریعەتی، بەڵام هەموو هەوڵەکان لەلایەن دوو لایەنەوە دەدرا بۆ ئەوەی ئەم پرسانە ئاشکرا نەبێت و یان دەرگیری ڕوو نەدات. بەپێچەوانەی کەشی دەرەوەی وڵات، هەمیشە هەوڵ دەدرا لەبەرامبەر حکومەت، هیچ جۆرە دوژمنایەتییەك لە نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکومەت نەبێتە هۆی ئەوەی حکومەت و ساواك سوودی لێ وەربگرن. تا ڕادەیەك پەیوەندی ڕاستەوخۆ بوونی نەبوو و پرسی هاوبەشی پێشەیی لە ڕێگەی نوێنەرانی دوو لایەنەوە چارەسەر دەکرا. ڕقهەڵگرتنی ئایینییەکان بە تایبەت لەگەڵ ئەو چەپانە زۆر توند بوو، کە پێشتر لە چالاکانی ئاستی باڵای ئایینییەکان بوون، بەڵام لە دەوروبەری ٧٥ هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ئایدیۆلۆژیای ڕێکخراویی موجاهیدین، ئینتیمای بۆ مارکسیزم پەیدا کردبوو و هەنووکە لە چالاکانی خاوەن چۆنایەتی چەپ بوون. ئێمە لەو کاتەدا زۆربەی کات لە نێوان خۆمان بۆ ناوهێنانی ئایینییەکان کەڵکمان لە وشەی "فاڵانژ" وەردەگرت کە ئاماژەیە بە فاشیستەکان و فاڵانژیستە ئیسپانی و لوبنانییەکان کە لەو سەردەمەدا لە ئێسپانیا دوای شەڕی ناوخۆیی گەیشتبوونە دەسەڵات و یان لە لوبنان لە سەردەمی

شەڕی ناوخۆیی ڕۆڵی گەورەیان لە خەبات لەدژی فەلەستینییەکان و هێزەکانی چەپەکان هەبوو (سیف، مجلەی ارش، ١٣٨٨: ١٤٦).

توراب حەق شناسیش کە لە سەردەمی خوێندکاریی ئەندامی ئەنجوومەنی ئیسلامیی بوو، دەگێڕێتەوە کە ئەنجوومەنی ئیسلامیی پێش شۆڕش گرنگترین ئامانجی خۆی خەبات لەدژی مارکسیزم، کۆمۆنیزم و ماتریالیزمی مێژوویی پێناسە کردبوو.٦ خاڵێکی گرنگ کە لەم گێڕانەوانە دەستەبەر دەبێت ئەمەیە کە پێش شۆڕشی ٧٩ خوێندکارە چەپەکان لە نێو زانکۆ دەسەڵاتێکی سیاسی زیاتریان لە هێزە ئایینی و ئیسلامگەراکان هەبوو، هەرچەندە ئایینییەکانیش پانتایی سیاسییان لە نێو زانکۆکان بەتەواوی بەتاڵ نەکردبوو و هەوڵیان دەدا لە ئاڕاستەی ئامانجەکانی خۆیان چالاك بن و خەباتی سیاسی بکەن. مێژووی بنیاتنانی ئەنجوومەنی ئیسلامی زانکۆکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤١ و ئەم مێژووە پێشاندەری ئەوەیە کە خوێندکارانی ئایینی تەنانەت لە یەکەمین ساڵەکانی بنیاتنانی زانکۆ لە ئێران بە دووی دروستکردنی ڕێکخراوی شیاو و گونجاو لەگەڵ ئامانج و ئایدیالەکانی خۆیان لە نێو زانکۆکان بوون. هەڵبەتە بەپێی گێڕانەوەگەلێك کە لە ئەندامانی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی پێش شۆڕش لەبەردەستدایە، ئەوە دەستەبەر دەبێت کە ئامانجی سەرەکی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەك لە ئیسلام بووە، کە ئەو یەکسان لەگەڵ زانستی نوێ پێشان بدات. لە ئەنجامدا، ئامانجی ئەندامانی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان بەتەواوی سیاسی نەبوو و ئەوان زیاتر پاڵنەری ئایینی و کولتوورییان هەبوو.٧

لە ساڵەکانی شەستی زایینی، خوێندکارانی ئایینی لە زانکۆکانی تەبریز ئەنجوومەنی زانستی.ئایینیان پێکهێنابوو، هەوڵیان دەدا بۆ وانە ئایینییەکان بنەمایەکی زانستی بیننەوە، هەڵبەتە ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنەش وەکو ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان ئەوەندە لە بواری سیاسییەوە چالاك نەبوون و زۆرتر هۆگریان بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کولتوورییەکان هەبوو.٨ خوێندکارانی ئایینی جیا لە چالاکییە کولتوورییەکان لە نێو زانکۆکان دەرگیری هەواڵی ژینگەی بڵاوکردنەوەش بوون. مەهدی بازرگان لە ساڵەکانی ١٩٦١ کتێبی پاکییەکانی ئیسلامی نووسی کە ئەم کتێبە لەلایەن خوێندکارانی ئایینییەوە پێشوازی لێکرا. یان دەتوانین ئاماژە بە سەرنجڕاکێشبوونی نووسراوەکانی یەدوڵڵا سەحابی لەبارەی قورئان و گەشەکردن بۆ ئەو گرووپە خوێندکارانەی کە پەروەردەی ئایینیان هەبوو و بە هاتنە نێو زانکۆ و ئاشنابوون بە تیۆرییە زانستییەکان تووشی قەیرانی ئایینی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ببوون. سەرنجڕاکێشبوونی ئەم بابەتانە بە تایبەت بە بۆنەی خوێندەواری باڵای یەدوڵڵا سەحابی لە بواری زەویناسی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە دڵەڕاوکێی زانستی و ئایینیان هەبوو، دوو بەرامبەر ببوو. بەگشتی، پێش شۆڕشی ٧٩ و بە تایبەت پێش لە ساڵەکانی شەست و هەفتا، خوێندکارانی ئایینی بە بەراورد لەگەڵ خوێندکارە چەپەکان زیاتر لە بواری کولتوورییەوە چالاکبوون، نەك لە بواری سیاسییەوە.

مەهدی فەتاپوور، چالاکی خوێندکاریی پێش شۆڕش کە بەڕێوەبردنی نووسینگەی ناوەندی ڕێکخراویی خوێندکاریی پێشڕەوی لە ئەستۆ بوو، دەڵێت لە ساڵی ١٩٧٠ خوێندکارانی ئایینی ڕایانگەیاند کە ئیدی دەیانەوێت بە شێوەی سەربەخۆ لە زانکۆکان چالاکییان هەبێت نەك لە ژێر ناویی هێزی پلە دووەم و بە پشتیوانی چەپەکان.٩ حاڵەتی دیکە کە زەرورەتی چالاکی و خەباتی سیاسی لە دیدی خوێندکارانی ئایینییەوە پێشان دەدات ئەندامبوونی ئەوان لە ڕێکخراویی موجاهیدینی خەڵق لە ساڵەکانی حەفتایە. بەشێك لە خوێندکارە ئایینییەکان وەکو ئەو دەستە لە خوێندکارانی چەپ کە بەسترابوونەوە بە ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵقەوە و بۆ خەبات لەگەڵ دیکتاتۆری پاشا و شکاندنی کەشی سەرکوت ئۆپراسیۆنی گەریلاییان بە پێویستی دەزانی چوونە ڕیزی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقەوە. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق توانیبوو، بە تایبەت لە ساڵەکانی پێش لە شۆڕش، لە نێو خوێندکارە ئایینییەکان ئەندام وەربگرێت.١٠

گرووپێکی دیکە لە خوێندکارانی ئایینی لە ڕێگەی وتارەکانی عەلی شەریعەتییەوە لە حوسێنیەی ئێرشاد چالاکبوون. ڕاڤەیەکی مۆدێرن کە عەلی شەریعەتی لە مەڕ ئیسلام و مسوڵمانان لە چوارچێوەی ئیسلامی شۆڕشگێڕی و مسوڵمانانی خەباتکار پێشکەشی کرد بۆ خوێندکارانی ئایینی سەرنجڕاکێش بوو و خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بوو کە ئەوان لە بواری سیاسییەوە چالاك بکات و بێنێتە نێو ڕیزی خەباتەوە. لەڕاستیدا، گێڕانەوە ڕزگاریخوازییەکان لەمەڕ ئیسلام کاریگەریی لەسەر سیاسی بوونی بەشێکی بەرفراوان لە خوێندکارانی ئایینی دانا.١١ بەشێوەی گشتی، خوێندکارانی ئایینی لە زانکۆکان بە بەراورد لەگەڵ چەپ و لیبراڵەکان بە شێوەی ڕێکوپێك و چڕ چالاکی سیاسییان نەبوو، کاتێك کە ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئەوان لە ڕۆڵی ڕێبەر بەدەرکەوت، متمانەی زۆرتریان بە چالاکی سیاسی پەیدا کرد.

چاوخشاندنێك بە مێژووی زانکۆی پێش لە شۆڕشی ٧٩ پێشان دەدات هەرچەندە هێزە ئایینییەکان لە زانکۆکان، بە تایبەت لە ساڵەکانی یەکەمی بیچمگرتنی بزووتنەوەی

خوێندکارانی ئێران، ڕێك نەخرابوون و کەمتر چالاکی سیاسی ڕاستەوخۆیان هەبوو، بەڵام لەوێدا ئامادە و چاودێر بوون و پێویستی خۆیان هەبوو و خواستەکانیان پێش دەخست. بە یارمەتی ڕەوتی ڕۆشنبیری ئایینی و سەرباشقەگەلێك کە ڕۆشنبیرانی ئایینی لە ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ڕزگاریبەخش پێشکەشیان کرد، بەشێك لە خوێندکارانی ئایینی چالاکبوون و لە ڕەوتی شۆڕشی ٧٩ بەشداریی سیاسییان کرد. بەشێك لەوان پێشتر لە ساڵەکانی پەنجا لە ڕێگەی چالاکی ڕێکخراوەییەوە بوونە ئەندامی ڕەوتی خەبات و شۆڕش و لە پاڵ گرووپە خوێندکارییەکانی دیکە توانییان بزووتنەوەی خوێندکاریی ببەستنەوە بە ڕەوتی شۆڕشەوە و بە تایبەت تێچوونی سەرکوتکردن بۆ هێزە سەرکوتکەرەکان بەرز بکەنەوە. لە دواییدا دەتوانین بڵێین کە باری سەرەکی بزووتنەوەی خوێندکاریی پێش شۆڕشی ٧٩ لەسەر شانی خوێندکارانی ئایینی نەبوو، بەڵام چەندە بە بەرواری شۆڕشی ٧٩ و سیاسیتر بوونی کۆمەڵگە نزیك دەبینەوە ئەوان زیاتر دەرگیری چالاکییە سیاسییەکان بوون هەتا ئەوەی کە لەگەڵ شۆڕشی ٧٩ و بە دەسەڵات گەیشتنی باڵی ئایینی هێزە ئایینییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەسەر زانکۆکاندا زاڵ بوون.

هەرچەندە دەسەڵات و توانایی سیاسی خوێندکارە ئایینییەکان لە زانکۆکان بە بەراورد لەگەڵ توانایی و کاریگەریی خوێندکارە چەپ و لیبراڵەکان کەمتر بوو، تازە دوای شۆڕشی ٧٩ بوو کە ئەوان زۆرتر لە ماوەی ڕەوتێکی سەرکوتگەرانە و بە لۆژیکی لادان و دوورخستنەوە بەسەر زانکۆکاندا زاڵ بوون، پێش شۆڕش ئایین توانی بەشێك لە خوێندکاران لە بواری سیاسییەوە چالاك بکات. لە بەشی دوایی باسی ئەم پرسە دەکەین کە بە بوونی ئەوەی کە هێزە ئایینییەکانی دوای شۆڕشی ٧٩ لە ڕەوتی شەپۆلە جیاوازەکانی شۆڕشی کولتووری هەموو توانایی خۆیان بۆ لادانی هێزە جیابیرەکانی نێو زانکۆ بەکارهێنا و هەوڵیاندا بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسیەکانیان ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی لە نێو زانکۆ بڵاوبکەنەوە، بەڵام بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە قۆناغی جیاواز لەگەڵ ئامێری سەرکوتکردنی حکومەتی لە نێو زانکۆکان دەرگیربوون و لە بەرامبەر ئەو خۆڕاگریان کرد. لەم بەشەدا پێشان دەدەم کە چلۆن بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە هەر جارێك خۆڕاگری لە بەرامبەر هێزە سەرکوتکەرە حکومییەکان لە نێو زانکۆ، کە زۆرتر لەو خوێندکارانە پێکهاتبوو کە ئەندامی ڕێکخراوە ئایینەکانی نێو زانکۆ بوون، لە ئایین و ئایینزای نەریتی دووریان گرت و هێدی هێدی ناوەڕۆکی نائایینیان پەیدا کرد.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ئایین و بزووتنەوە خوێندکارییەکان دوای شۆڕشی ١٩٧٩:

شۆڕشی ٧٩ بە یارمەتی خوێندکاران گەیشتە بەرهەم. یارمەتی تایبەتی ئەوان بۆ ئەم شۆڕشە کەم کردنەوەی توندوتیژی بە هۆی ئامادەبوونیان لە ڕەوتی شۆڕش بوو، لەبەرئەوەی تێچوونی سەرکوتکردنی خوێندکاران بۆ حکومەتی پاشایەتی زۆر بوو بە هۆی ئەنجامە پڕ مەترسییەکانی ئەو هێزە حکومەتییەکان ئەوەندەی دەلوا لە نێو زانکۆکان دووریان لە ڕەفتاری توندوتیژ دەگرت. پێش شۆڕشی ٧٩، سێ ڕەوتی خوێندکاریی چەپ، نەتەوەیی و ئایینی لە زانکۆکاندا چالاکییان دەکرد، هەرچەندە کە پێشتر گوترا ڕەوتی چەپ ئامادەبوونێکی بەرفراوانتر و ڕێکخراوتری لە نێو زانکۆکان هەبوو، بەڵام چەندە بە بەرواری شۆڕشی ٧٩ نزیك دەبینەوە، ئەم سێ ڕەوتە خوێندکارییە جیاوازی و سنووری سیاسییان لە یەکتر جیا دەکردەوە. بە ڕوودانی شۆڕشی ٧٩ و بە دەسەڵات گەیشتنی باڵی ئایینی، ئیدی زانکۆکان شوێنێك بۆ چالاکی سیاسی خوێندکارانی چەپ و لیبراڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی باڵی ئایینی کە ئێستا ببووە خاوەنی دەسەڵات تەنها پشتیوانی لە نوێنەرانی سیاسی خۆی لە زانکۆکان دەکرد. هەڵبەتە ئەم پشتیوانییە دوو لایەنە بوو، لەلایەکەوە ئایینییەکان کە لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوون پشتیوانییان لە خوێندکارانی ئایینی لە زانکۆکان دەکرد و لەلایەکی دیکەوە خوێندکارانی ئایینی پشتیوان و هاوپەیمانی ئایەتوڵلا خومەینی و هاوگرووپی ئەو بوون. داگیری کردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن خوێندکارانی ناسراو بە پەیڕەوی ئیمام لە ساڵی ١٩٨٠ نموونەیەکی زۆرباشە لە هاوتەریببوونی بەشێك لە باڵی ئایینی خوێندکاران لەگەڵ بناژۆخوازانی ئیسلامیی کە ئێستا بوونە خاوەنی دەسەڵات. پشتیوانی بناژۆخوازانی ئێسلامیی لەم خوێندکارانە هاوڕێ بوو لەگەڵ سەرکوتکردنی توند و بێبەزەییانەی خوێندکارانی چەپ و لیبراڵ لە نێو زانکۆکان. دوای ئەوەی ئەوان دەسەڵاتی خۆیان جێگیر کرد، دەستیان دایە پاکتاوکردنی کۆمەڵگە و زانکۆ لە دوو باڵی سیاسی دیکەی واتە لیبراڵ و چەپەکان. ئەوان پاکتاوی زانکۆکانیان لە ڕێگەی نوێنەرانی سیاسییان لە زانکۆکان واتە خوێندکارانی ئیسلامگەرای لایەنگریان پێشخست. خوێندکارانی ئایینی لایەنگری ئیمام و شۆڕش کە ئێستا هاوپەیمانی ڕەسمی بناژۆخوازانی ئیسلامیی لە نێو زانکۆکان بوون یارمەتی سەرکوتکردن و لادانی بەرفراوانی خوێندکارانی چەپ و لیبراڵیان دا. ناسین و دەستگیرکردنی زۆربەی خوێندکارانی نا ئایینی بە دەستی خوێندکارانی ئایینی و حیزبوڵلاهی١٢ زانکۆ جێبەجێ دەکرا. ناهید نوسرەت، چالاکی خوێندکاریی زانکۆی پۆلی

تەکنیك (ئەمیر کەبیر) لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٤ هەتا ١٩٨٢ کە لە نزیکەوە بینەری شەپۆلی یەکەمی شۆڕشی کولتووری و پاکتاوکردنی زانکۆکان بووە، دەنووسێت:

بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوێکی پێشەیی خوێندکاریی یەکپارچە بوو کە لە هێرشی "شۆڕشی بە ناو کولتووری"حکومەتی ئیسلامی بۆ سەر زانکۆ لە ساڵی ١٩٨٠ خوێندکارانی پارچە پارچە بوو بەسەر حیزبە سیاسییە ئایینیەکان و چەپ نەیانتوانی خۆڕاگرییەکی یەکپارچە لەبەرامبەر حکومەت ڕێك بخەن. بەشێك لە خوێندکارانی ئایینی کە دواتر بە خوێندکارانی "پەیڕەوی ئیمام"ناوبانگیان دەرکرد، لە بەرامبەر خوێندکارانی دیکە بەرگرییان لە سیاسەتی خومەینی کرد و بەشێك لە خوێندکارانی چەپ بە پەیڕەوی لە سیاسەتی حیزبی تودەی ئێران لە بەرامبەر ئەم هێرشەدا خۆڕاگرییان نەکرد و زانکۆ لەلایەن "حیزبوڵڵا»وە داگیر کرا و ساڵەکانی خەباتی کولتووری و زانستی پێشێل کران. دوای ئەم هێرشە، زۆربەی نزیك بە هەموو خوێندکارانی چالاکی سیاسی جیا لە خوێندکارانی مسوڵمانی لایەنگری خومەینی لە درێژەپێدان بە خوێندن بێبەش کران (مجلەی ارش، ١٣٨٨: ١٥٨،١٥٧).

پاکتاوکردنی زانکۆکان لە شەپۆلی یەکەمی شۆڕشی کولتووری لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ هەتا ١٩٨٣ تەنها قەدەغەکردنی خوێندن و دەرکردنی خوێندکارانی جیابیر لە زانکۆی لێنەکەوتەوە، بەڵکو ئیعدام و بریندار بوون و بەندکردنی سەدان خوێندکاری لێکەوتەوە. عەلی ئەکبەر مەهدی دەڵێت بەدرێژایی مێژوویی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئێران ئەمە یەکەمین جار بوو، کە گرووپێك لە خوێندکارانی سیاسی لە دژی گرووپێکی دیکە لە خوێندکاران کە هەڵویستێکی فیکری و سیاسی جیاوازیان لەگەڵیان هەبوو، بە لۆژیکی سەرکوتکردن و لادان دەستبەکاربوون.١٣ هەتا پێش شۆڕشی ٧٩، هەموو ئەو خوێندکارانەی کە لە بواری سیاسییەوە چالاکبوون نەك لەدژی یەکتر بەڵکو لەدژی حکومەتی پاشایەتی چالاکییان دەکرد، بەڵام حکومەتی ئایەتوڵڵا خومەینی توانی بەشێك لە خوێندکاران لەدژی خوێندکارانی دیکە هان بدات. خوێندکارانێك کە هێرشیان کردە سەر زانکۆ و لە ناسین و دەستگیرکردنی خوێندکارانی نا ئایینی و جیابیردا بەشداربوون، هەموویان لەژێر کاریگەری وتاری ئایەتوڵڵا خومەینی لەبارەی پێویستی پاکتاوکردنی زانکۆکان لە توخمە بیانییەکان و پێویستی بە ئیسلامی کردنی زانکۆکاندا بوون.١٤ ئایەتوڵڵا خومەینی و هاوبیران و هاوڕەوتەکانی توانییان لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای ئایینییەوە بەشێك لە خوێندکاران لە ئاڕاستەی بەرژەوەندی سیاسی خۆیان و بەهێزکردنی ئیسلامگەرایی لەدژی خوێندکارانی جیابیر و نائایینی ناهاوتەریب بوروژێنێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەبەرئەمەیە کە هەم ئایەتوڵڵا خومەینی و هەمیش ئایەتوڵڵا خامنەیی جەختیان لەسەر گرنگی چالاکی سیاسی لە زانکۆ کردۆتەوە،١٥ لەبەرئەوەی ئەوان بە یارمەتی خوێندکاران گەیشتنە دەسەڵات و لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕێککاریی سیاسی شیاویان لە زانکۆکان جێگیر کرد. حکومەتی ئیسلامی بە پێچەوانەی حکومەتی پالەویی کە جەختی لەسەر ناسیاسی بوونی زانکۆ و جیابەجێکردنی چالاکییە پەروەردەییەکان دەکردەوە، لایەنگری لە سیاسی بوونی زانکۆ و بە سیاسی بوونی خوێندکاران دەکرد. هەڵبەتە ڕوون و ئاشکرایە کە سیاسی بوون لە ڕوانگەی ڕێبەرانی حکومەتی ئیسلامییەوە تەنها بە مانای چالاکییە سیاسییەکان بە شێوازێکە پەسەندی ئەوان بێت. حکومەتی ئیسلامی تەنها خوێندکاران و مامۆستایانی جیابیری لە زانکۆ دەرنەکرد، بەڵکو لە هەمان سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ هەوڵی داوە وەرگیراوانی زانکۆ لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیدا بێت. دوای کرانەوەی زانکۆکان لە ساڵی ١٩٨٢، مەرجی وەرگیران لە زانکۆ بۆ خوێندکاران بوونی ڕاسپاردەیەك لە مزگەوتی گەڕەك و بۆ مامۆستایان پەڕینەوەی سەرکەوتووانە لە تاقیکردنەوەی(هەڵبژاردنی) عەقیدەتی. سیاسی بوو.١٦ ئەمڕۆش کۆنترۆڵکردنی وەرگیران لە زانکۆکان و تەڵبژێرکردنی خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر بنەمای جۆرێك بیروباوەڕی ئایینی و ئایینزاییان ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢، لەو کەسانەی ناویان بۆ تاقیکردنەوەی سەرتاسەری کۆنکور تۆمار کردبوو ٥٢ کەسیان بەهایی بوون کە لە مافی خوێندن و وەرگیران لە زانکۆ بێبەش کران. ١٧ بناژۆخوازانی ئیسلامی لە هەمان ئەو ڕۆژەوە کە گەیشتنە دەسەڵات هەتا ئەمڕۆ هەوڵیانداوە کەسانی جیابیر لە زانکۆکان لابدەن. ئەوان پرۆژەی یەکپارچەکردنی زانکۆ بە یارمەتی ئایدیۆلۆژیای شیعە و جێگیرکردنی ڕێکخراوەکان و نووسینگەکان و بنکە ئایدیۆلۆژیکە ئایینی و سیاسییەکان وەکو بنکەی بەسیجی خوێندکاریی، ڕێکخراویی جیهادی ئەکادیمی، بنکەی خۆڕاگری ئیسلامیی، نووسینگەی بەهێزکردنی یەکگرتوویی (یەکێتیی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان) لە زانکۆکان پێشخست١٨.

بەڵام پرۆژەی یەکپارچەکردنی ئایینی و سیاسی زانکۆکان بە بوونی وزە و تێچوونێکی زۆر کە بۆ ئەو تەرخان کرا، سەرکەوتوو نەبوو. لە ساڵێك کە بناژۆخوازانی ئیسلامی لە پانتایی سیاسەت گەیشتنە دەسەڵات هەتا ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی بەردەوام زانکۆکانی ئێران بینەری ئامادەبوونی حۆڕاگریگەلێکی خوێندکاری بوون. خوێندکاران لە شێوازیی جۆراوجۆری خۆڕاگری بریتی لە چالاکییە پێشەییەکان، نارەزایەتی و بزووتنەوە خوێندکارییەکان و خۆپێشاندان و مانگرتنی خوێندکاری هەوڵیان داوە لە بەرامبەر هەژموونی ئایینی و پرۆژەی

یەکپارچەکردنی ئایینی و سیاسی زانکۆ ڕاوەستنەوە.

دەتوانین مێژووی زانکۆ لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی و بە تایبەت دوای شەڕی هەشت ساڵە چاودێریکردنی خەبات و خۆڕاگرییە خوێندکارییەکان لە بەرامبەر هەژموونی سیاسی و ئایینی بزانین. بنیاتنانی ڕێکخراوی بەسیجی خوێندکاری لە ساڵی ١٩٨٨ بە ئامانجی پشتیوانی لە ئیسلام و بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامیی لە زانکۆکان، پێشاندەری ئەوەیە کە هێشتا شۆڕشی کولتووری کۆتایی نەهاتووە.١٩ سێبەری هەژموونی سیاسی و ئایینی لە ساڵەکانی هەشتا و سەرەتای ساڵەکانی نەوەد لەسەر کەشی زانکۆکانی ئێران زیاتر لە هەر قۆناغێکی دیکە قورسایی دەکرد و لەم قۆناغەدا خۆڕاگری و نارەزایەتییە خوێندکارییەکان بەرفراوان و بەرچاو لە ئاراستەی شکاندنی ئەو کەشە سەرکوتکارە دروست نەبوو.

لەنیوەی دووەی ساڵەکانی نەوەد، دوای نزیکەی دوو دەیە کەشی داخراوی سیاسی دوای شۆڕشی کولتووری و مانۆڕی سیاسی ئۆتۆریتەگەرایانەی ئیسلامگەراکان لە نێو زانکۆکان، بە دەستپێکردنی سەرکۆماری محەمەد خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو ژینگە بۆ چالاکییە خوێندکارییەکان کراوەتر بوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٢ و ١٩٩٦ چالاکیی سیاسی خوێندکاریی سنووردار بە ڕێکخراو و ئۆرگانە حکومییەکانی ناوخۆی زانکۆکان بوو. لە ئەنجامدا زۆربەی خوێندکاران پێیان باش بوو چالاکی سیاسییان نەبێت. کاتێك کە خاتەمی بووە کاندیداتۆری هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بەشێکی زۆر لە خوێندکاران لە بواری سیاسییەوە چالاکبوون. خاتەمی توانی لە ساڵی ١٩٩٧ بە نزیکەی لە سەدا ٧٠ی دەنگەکان لە هەڵبژاردن سەرکەوتوو بێت. خوێندکاران پشتیوانەی سەرکەوتنی ئەو لە هەڵبژاردن بوون.٢٠. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٧ هەتا ٢٠٠٠ ڕێفۆرمیستەکان و خوێندکارەکان ئامانجی سیاسی هاوبەشیان لەبارەی گرنگی دیموکراسی و یاسا پێکەوە هەبوو.٢١ تایبەتمەندی تێڕوانینی لیبراڵی وەکو جەختکردنەوە لەسەر ئازادی، دیموکراسی، یاسا، لێبوردویی و مافی مرۆڤ لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵەکانی نەوەددا دەبیندرێت.٢٢ دەتوانین بڵێین لە سەردەمی چاکسازییدا ئەم خواستانە بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵەکانی حەفتای خستە سەر ڕێڕەوی سیکۆلاریزمەوە، سیکۆلاریزم و لیبراڵ دیموکراسی لە نێوان خوێندکارگەلێك کە ڕەخنەگرتنی باڵی موحافیزەکاری حکومەت بوون، خۆشەویست بوون.٢٣ بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵەکانی نەوەد کەشێکی دیموکراتیکتر، سێکۆلارتر و ئازادخوازانەتری بە بەراورد لەگەڵ ژینگەی خوێندکاریی ساڵەکانی هەشتا هەبوو.٢٤ شکستی چاوەڕواننەکراو لە شەڕ، لەسەر کار لادانی ئایەتوڵڵا مونتەزری لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پۆستی جێگرەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی، پەیوەندی نهێنی ژمارەیەك لە بەرپرسانی كۆماری ئیسلامیی لەگەڵ حكومەتی ڕیگەن لە ماوەی شەڕ، بەتایبەتی كردنەكانی سەردەمی ڕەفسەنجانی، ئاڵوگۆڕی دارایی سەرسووڕهێنەر، بەڕێوەبردنی هەڵە و گەندەڵی بەرفراوان لە پێکهاتەی دەسەڵات بووە هۆی دەستپێکردنی گۆڕانی ئاڕاستەی خوێندكاران لەمەڕ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و ئۆتۆپیای كۆماری ئیسلامیی و ئایدیالە شۆڕشگێڕییەكان.٢٥ كۆی ئەم ڕووداوانە بووە هۆی ئەوەی خوێندكارانی ساڵەكانی نەوەد لە ئامادەبوونیان لە زانكۆ ئەزموونێكی سیكۆلارتریان لە ئاست خوێندكارانی ساڵەكانی هەشتا هەبێت. پەیوەندی خواستی سیاسی چاكسازیخوازان و خوێندكارانی بزووتنەوەی خوێندكاریی ساڵەكانی نەوەد، بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونێك كە زانكۆ لە ساڵەكانی هەشتا لە ئامادەبوونی سیاسی خوێندكاران هەیبوو، تا ڕادەیەك بووە بزووتنەوەیەكی سیكۆلارتر.

جیا لە كاریگەریی ڕەفتاری لیبراڵی چاكسازیخوازیی لەسەر سیكۆلاربوونی ئینتیمای سیاسی خوێندكاران، گێڕانەوەی جیاواز لە ئایین لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئایینی وەكو عەبدولكەریم سروش، مستەفا مەلكیان، محەمەد موجتەهید شەبستەری و هتد، لە ساڵەكانی نەوەد و لە دژیەكی لەگەڵ گێڕانەوەی ڕەسمی و لە بارەی هۆگری حكومەت لە ئایین پێشكەش كران. ئەم ڕاڤە نوێیانە كە زۆربەی كات بەستراببوون بە باسی سیكۆلاریزمەوە لەلایەن خوێندكارانی ساڵەكانی نەوەد پێشوازییان لێكرا. پێشوازیی خوێندكارانی ساڵەكانی نەوەد لە باسەكانی پەیوەندیدار بە سیكۆلاریزمی ئایینی و ئەزموونی سیكۆلارتر كە لە نارەزایەتییە خوێندكارییەكان هەیانبوو، كۆتایی بە یەك دەنگی سیاسی و ئایینی حكومەت لە زانكۆكان هێنا. لە پێش نارەزایەتییەكانی تەموزی ١٩٩٩، بەسیجی خوێندكاریی هێزی ڕەسمی حكومەت لە زانكۆكان بوون، حكومەت پشتیوانی سیاسی خوێندكارانی بەسیجی و تێگەیشتنی ئایینی ئەوان بوو. بەڵام دوای ئەمەش مێژووی پاوانكاریی ڕاڤەی ئایینی و سیاسی لە دەستی خوێندكارانی بەسیجی دەرچوو و خوێندكارانی دیكە بە ڕاڤەگەلێك كە زۆربەیان نۆرمشكێن و داهێنەرانە بوون هاتنە نێو گۆڕەپانەوە. لەمە بەدواوە، دوو گرووپی خوێندكارانی هاوڕا و بەرهەڵستكاری گێڕانەوەی حكومەتی لە ئایین لە زانكۆكان بوونیان هەبوو. بەڵام بە بوونی ئەزموونی سێكۆلاری خوێندكاران لە ساڵەكانی نەوەد و هاتنە ئارای هەندێ چەمك و وشەی دەستەبەر بوو لە باسەكانی پەیوەندیدار بە سیكۆلاریزم و هاتنی بۆ نێو ئەدەبیاتی سیاسی ئەوان، لەم دەیەدا ڕێكخراو و هێزە حكومییەكانیش وەكو پێشوو لە زانكۆكان ئامادەییان هەبوو و مافی هیچ جۆرە ڕێكخستن و كاریی ڕێكخراوەیی بە جیابیران

نەدەدرا. بەتێپەڕبوونی کات، ڕەش بینی خوێندکاران لە ئاست نوێنەرانی حکومەتی تەنانەت لە ئاست نووسینگەی تەحکیم وەحدەت لە زانکۆکان زیاتر دەبوو.٢٦

لە ساڵی ١٩٩٩ەوە بزووتنەوەی خوێندکاریی ڕادیکاڵتر بوو و ئەم ڕادیکالیزمە لە چالاکییەکان و بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵەکانی دوو هەزار بەرفراوان بوو. لە ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٨ی تەممووزی ١٩٩٩ خوێندکاران خوازیاری پشتیوانی خاتەمی بوون و لە ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٣ ئەوان خوازیاری دەست لەکار کێشانەوەی خاتەمی بوون و گومانیان لەسەر ڕەوتی چاکسازیی دروستکرد.٢٧ ساڵەکانی دووهەزار دەیەیەك بوو کە لەودا دوای دوو دەیە سەرکوتکردنی خوێندکارانی جیابیر دیسان خوێندکارانی چەپ دەرفەتیان بۆ ڕێکخستنی هێزەکانیان لە زانکۆ بۆ ڕەخسا. لە ساڵەکانی دوو هەزار، خوێندکارانی چەپ لە ژێر ناوی دوو ڕەوتی خوێندکاریی "خوێندکارانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز"( داب) و "خوێندکارانی چەپی کرێکاریی"چالاکییان دەکرد. ئەوان توانییان بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکار، ڕۆژی کرێکار و ڕۆژی جیهانی ژن ( هەشتی مارس) لە نێو زانکۆکان ناڕەزایەتی دەرببڕن. ئەم ناڕەزایەتیانە سیمایەکی دیکە لە چالاکییە خوێندکارییەکانی پێشان دا، کە بە هیچ شێوەیەك لای حکومەت شیاو نەبوو. دڵەڕاوکێی خوێندکارانی چالاکی چەپی ساڵەکانی دوو هەزار هیچ پەیوەندی لەگەڵ دڵەڕاوکێی خوێندکارانی پشتیوانی حکومەتەوە نەبوو. خوێندکارانی چەپ بەدواداچوونیان بۆ مافی کرێکاران، ئازادی ژنان و سەربەخۆیی زانکۆ دەکرد. بەشێك لەو دەقانەی کە لە ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ لە سەر لافیتە خوێندکارییەکان نووسرابوو بەمشێوە بوو: "بزووتنەوەی خوێندکاری پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاریی دەکات»، "بزووتنەوەی خوێندکاریی هاوپەیمانی بزووتنەوەی کرێکاریی و ژنان»، "هەڵاواردنی جێندەریی سووکایەتییە بە خوێندکاران»، "ئازادی، یەکسانی"و "ئازادی، یەکسانی، بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن"یەکێك لە دروشمە سەرەکییەکانیان بوو.٢٨ ئەم خواستانە دژیەکی ئاشکرای لەگەڵ خواستی حکومەت لە خوێندکاران هەبوو. خواستی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی ساڵەکانی دوو هەزار بە بۆنەی ناوەڕۆکی سیکۆلاربوونیان دژیەکی لەگەڵ خواستی دژەسێکۆلاری حکومەتی ئیسلامی لە خوێندکاران هەبوو. هەر ئەم پرسە بووە هۆی ئەوەی کە لە دواییدا زەنگی مەترسی خواستە سیکۆلارەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵەکانی دووهەزار بگاتە گوێی حکومەت و بەم بۆنەوە حکومەت بڕیاری دا بە جیدی ڕووبەڕووی بزووتنەوەی چەپی خوێندکاریی ڕێکخراوی ساڵەکانی دوو هەزار بێتەوە. دەستگیرکردنی بەرفراوانی ساڵی ٢٠٠٧

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زەربەیەکی بنەمایی لە بزووتنەوەی چەپی خوێندکاری دا و لەم ڕێگایەوە حکومەت توانی خواستی سەربەخۆیخوازانە و ئازادیخوازانەی زانکۆ بۆ ماوەی دەیەیەك پەراوێز بخات.٢٩

لە ساڵەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەك، ژمارەیەك لە خوێندکارانی چاکسازیخواز هەوڵگەلێکیان بۆ دیسان دەست پێکردنەوەی دامەزراوە خوێندکارییەکان وەکو ئەنجوومەنی هەماهەنگی خوێندکارانی چاکسازیخواز و ئەنجوومەنی زیندووکردنەوەی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان ڕێکخست، بەڵام جوولە ڕێفۆرمیستییەکانی سەردەمی ڕۆحانی لە ئاست بزووتنەوەی خوێندکاریی چاکسازیخوازانەی سەردەمی خاتەمی ڕێکخستن و کاریگەریی زۆر کەمتری هەبوو. چالاکییە خوێندکارییەکان کە لە سەردەمی ڕۆحانی بە هەڵویستی ڕێفۆرمخوازانە ئەنجام دران لە ئاست ڕابردوو زۆرتر کولتووری و کەمتر سیاسی بوون. نارەزایەتییەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ و تشرینی دووەمی ٢٠١٩ لە پراکتیکیدا کۆتایی بزووتنەوەی خوێندکاریی چاکسازیخوازانە لە زانکۆ بوو. بزووتنەوەی خوێندکاریی ناسیاسی و پاسیڤی چاکسازیخوازی ساڵەکانی بیست زۆر دەوامی نەهێنا و بە یەکگرتنی نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ساڵی ٢٠١٨ و تشرینی دووەمی ٢٠١٩ لەگەڵ نارەزایەتییە جەماوەرییەکان زیاتر لە پێشوو کەمبایەخ بوو.٣٠ نارەزایەتییەکانی ساڵەکانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ توانی بریسکەکانی نارەزایەتی خوێندکاریی دوای نزیکەی دەیەیەك لە بێدەنگی زانکۆکان دیسان پێ بکاتەوە. یەکگرتنی زانکۆکان لەگەڵ نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ بووە هۆی ئەوەی ڕێگا بۆ سیاسی بوونی زانکۆکان لە ساڵی ٢٠٢٢ هەموار ببێت و ئەم یەکگرتنە بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە زانکۆکان نەك تەنها شوێنی ئامادەبوونی هێزە حکومییەکان بێت، بەڵکوو شوێنی ئامادەبوونی هێزە جەماوەرییەکانیش بێت.

### ٣.ئایین و بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی"(٢٠٢٢)

لەم ساڵانەی دوایی، سەرنجدان بە ئایین و وانەکانی لە نێو گەنجان زۆر ئاستی دابەزیوە. کەمتەرخەمی ئەوان لە ئاست ئایین و بڕیارە ئایینیەکان یارمەتی پێشڕەوی خێراتری سیکۆلاریزمی داوە.٣١ ئینتیمای گەنجان بۆ سیکۆلاریزم لەم گۆشە نیگایەوە گرنگە کە دەبێتە هۆی دەروونی بوونی سیکۆلاریزم. دەروونی بوونی سیکۆلاریزم بە پەنابردن و پێشوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەو ئەنجام دەدرێت، نەك لەلایەن حکومەت و لە ڕێگەی یاسا و بڕیارییەکانەوە. لە ئێران ڕێژەیەکی بەرچاو لە گەنجان لە زانکۆ وەردەگیرێن.٣٢ لە ئەنجامدا، تاوتوێکردنی ئینتیمای ئایینی خوێندکاران و ئاڕاستەیان بۆ ئایین دەتوانێت بەشێك لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە سکیۆلاریزم ڕوون بکاتەوە. لەم

ساڵانەی دوایی، بینەری گۆڕانکاریی قوڵ و بە پەلە لە شێوازیی ژیانی خوێندکاری بووین. ئەم گۆڕانکاریانە بوونەتە هۆی گۆڕانکاریی لە خواستی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوان.٣٣ بزووتنەوەی خویندکاریی «ژن، ژیان، ئازادی"پێشاندەری دروستبوونی گۆرانکاری بنەمایی لە شێوازی ژیانی خوێندکاران، خواستی سیاسی و کۆمەڵایەتییان و ئاڕاستەیان لە ئاست ئایینە. گۆڕانکاریی بنەمایی لە ئاڕاستەی خوێندکاران لە ئاست ئایین لە ساتێکدا ڕووی نەداوە. بەهەمان شێوە کە پێشتر باسکرا، بزووتنەوەی خوێندکاریی سیکۆلاری ٢٠٢٢ لە ڕێڕەوی بزووتنەوە خوێندکارییە ئایینییەکانی پێش شۆڕش و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی نیوە ئایینی دوای شۆڕش تێپەڕ بووە.

لە توێژینەوەیەك کە لەبارەی ئاستی ئاییننداری خوێندکارانی زانکۆی شەهید مەدەنی ئەنجام دراوە ئەم ئەنجامە دەستەبەر بووە کە خوێندکارانی ئەم زانکۆیە زۆرتر لە بواری زانیاریی ئایینی لە دۆخێکی باش دان، بەڵام لە بواری پراکتیکەوە کەمتر پابەندی بڕیارە ئایینییەکانن.٣٤ بیندراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پێشانی دەدەن کە لە بارودۆخی بیروباوەڕی نەوەی گەنج و بە تایبەت خوێندکاران گۆڕانێکی بنەمایی دروست بووە، بە شێوەیەکی گرنگتر پێشانی دەدەن کە لە نێوان زانیاریی لە بارەی ئایین و جێبەجێ کردنی کەلێنێکی قوڵ بوونی هەیە. بە واتایەکی دیکە، خوێندکاران بە شێوەی گشتی زانیاریی تەواویان لە بارەی ئایین و وانە ئایینییەکانیان هەیە، بەڵام لە ئاستی پراکتیك پابەندی نین. ئەم کەلێنە ئەم خاڵەمان بە زەیندا دێنێت کە خوێندکاران لە باردۆخێك دان کە زانیاریی ئایینی لە ڕێگای جوراوجۆرەوە بۆ ئەو دەگواسرێتەوە، بەڵام ئەوان لە ئاستی ویستی کەسی ئینتیمایەکیان بۆ بەکارهێنانی ئەم زانیارییە لە ژیانیان نییە. ئەم کەلێنە بەرئەنجامی بارودۆخی پەروەردەیی ئێرانە کە لەودا خوێندکاران هەم پێش لە وەرگیران لە زانکۆ و هەم دوای وەرگیران لەو ناچارن کتێبگەلێك لە پەروەردەی ئایینی و ئایینزاییان هەبێت. هۆکاری زانیاریی ئایینی خوێندکاران ئەمەیە کە ئەوان بە بۆنەی سیستەمی پەروەردەیی ئێران ناچار بە فێربوونی ئەم زانیارییە بوون و هەندێ کات تەنانەت لە ڕێگەی خێزانەوە زانیاریی ئایینییان بەدەست هێناوە. بەڵام لە ئاستی پراکتیك خوێندکاران ئینتیمایەکی وەهایان بۆ جێبەجێ کردنی پەروەردەی ئایینییەك نییە کە زۆربەی کات بە ناچاری فێری بوون. سەرچاوەیەك کە خوێندکاران لە بواری ئایینیەوە بە ناچاری پەروەردە کردوون و وانەی ئایینی پێگووتوون داوا لەوان دەکات بە پراکتیك پابەندی ئەم وانە ئاینیانە بن و ئەگەر خوێندکاران بە پراکتیك دووری لە جێبەجێ کردنی ئەم وانانە بگرن، خۆیان بە بەرپرس دەزانن کە ئەوان سزا بدەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ناڕەزایەتی خوێندکاریی «ژن، ژیان، ئازادی"خۆڕاگری خوێندکاران لە بەرامبەر دەسەڵاتێك کە ویستویەتی لە زانکۆکان بە ناچاری ئەوان بخاتە چوارچێوەیەکی پراکتیکی وانە ئایینەکانەوە، پێشان دا. ناچار کردنی کچان بە ڕەچاوکردنی حیجابی ئێجباری و جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە هۆڵەکانی نان خواردنی زانکۆکان دوو بابەتن کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی ئەوانەوە هەوڵی دەدا پابەندبوونی پراکتیکی خوێندکاران بە وانە ئایینییەکان کۆنترۆڵ بکات. بەڵام بە وردی هەر ئەم دوو بابەتە ناڕەزایەتی خوێندکاران لە بەکارهێنانی ناچاری بڕیارە ئایینییەکان لە زانکۆی وروژاند. هەوڵی خوێندکاران بۆ شکاندن و پێشێل کردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هۆڵەکانی نانخواردن لە پاڵ ڕەچاونەکردنی حیجابی ئێجباری بووە لیدی هەواڵی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢. بە درێژایی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"خوێندکارانی کچ لە بەرامبەر ڕەچاوکردنی حیجابی ئیسلامی لە زانکۆکان خۆڕاگرییان کرد و خۆڕاگرییان لە شێوازیی ڕادیکاڵتر وەکو سووتاندنی مەقنەعە، وەك هیمای حیجابی ئێجباری لە زانکۆکان، پێشان دا و تەنانەت ژمارەیەك لەخوێندکارانی کوڕ بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە ناچاری بوونی حیجابی ئیسلامی بۆ کچان بە مەقنەعەوە بۆ زانکۆ ڕۆشتن. دەتوانین ناڕەزایەتی لە بەرامبەر حیجابی ئێجباری خوێندکارانی کچ و ناڕەزایەتی لەبەرامبەر هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هۆڵەکانی نانخواردنی زانکۆکان وەك دوو ستوونی سەرەکی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"(٢٠٢٢) لەبەرچاو بگرین کە هەر دوویان لە خۆڕاگری لەدژی ناچاری لە پابەندبوون بە وانە پراکتیکییە ئایینیەکان لە زانکۆکان بیچمیان گرت. لە ئەنجامدا، هەر دوویان شێوازێکی باوی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ بە جێبەجێکردنی ناچاری وانەی ئایینی حیجاب و پاراستنی مەودایەکی شەرعی لە ڕەگەزی بەرامبەر لە زانکۆکان لەبەرئەوەی کە پابەندبوون بە وانە ئایینییەکان لە ئاستی پراکتیکی پرسیاری لەسەر دروست بووە، خەسڵەتێکی نائایینیان هەیە. بۆیە ناوەڕۆکی دوو خواستی سەرەکی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ واتە خواستی خوێندکارگەلێك کە لە ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" بەشدارییان هەبوو بۆ لادانی حیجابی ناچاری و هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زانکۆکان لەو هۆکارانەیە، کە بووەتە هۆی ئەوەی ناوەڕۆکی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" نائایینی بێت.

هەڵبەتە سەرنجدان بەم خاڵە کە لە پێش دەستپێکردنی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئەم دواییە، ناڕەزایەتی لەدژی دەستێوەردانی حەراسەت لە جلوبەرگی خوێندکارانی کچ لە بەهاری ٢٠٢٢ بیچمی گرتبوو٣٥ گرنگە، لەبەرئەوەی پێشان دەدات کە ناوەڕۆکی

نائایینی بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕیشەی لە نارەزایەتییەکانی پێشوو دایە. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لەبارەی پەیوەندی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی زانکۆی ڕازی کرماشان لەگەڵ ئایین ئەنجامدراوە ئەم ئەنجامانە دەستەبەر بووە، کە تاکە مسوڵمانەکان کەمتر لە کەسانی نامسوڵمان و کەسانی ئایینی کەمتر لە کەسانی نائایینی بەشدارییان لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی زانکۆی ڕازی هەبووە.٣٦ ئەم خاڵە پێشان دەدات کە ڕووبەڕووبونەوەی نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئەم دواییە لەگەڵ ئایین ڕیشەی لە بزووتنەوە و نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی پێشوو دایە و ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازی ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە لەگەڵ ئایین بە شەوێك ڕووی نەداوە، بەڵکو چەندین ساڵە پەیوەندییەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئایین هاتۆتە ئاراوە.

دەتوانین پەیوەندی پڕ لە کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئایین لە گۆشە نیگای جیاوازەوە شی بکەینەوە، بەڵام پێوەرێکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی سێکۆلاربوون یان سێکۆلار نەبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ئەو بزووتنەوە لەگەڵ پرسی ژنانە. ئازادی ژن و یەکسانییە جێندەرییەکان گرنگترین پێوەری هەڵسەنگاندنی سێکۆلاربوون یان سێکۆلار نەبوونی کۆمەڵگەیەك٣٧ و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن. لەم گۆشە نیگایەوە، بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی" بە چڕبوونەوە لەسەر پرسی بنەمای ئازادی ژنان و چارەسەرکردنی هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان یەکەمین بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئێران بوو، کە بانگەشەکارێکی نەترسی سیکۆلاریزم بوو. بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی"بە نارەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر یاسا نایەکسانیخوازانە و هەڵاواردنی جێندەری ئایینی لە ڕێڕەوی سیکۆلاریزمدا هەنگاوی نا. بێگومان ئەم هەنگاوە پشتی بە سەرنج پێدانی ئەم بزووتنەوە بە پرسی ژن و ئازادی ژن بەستبوو. دروشمی سەرەکی ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە وەکو دروشمی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە نێو ئەودا بینیەوە "ژن، ژیان، ئازادی»یە. بەڵام خوێندکاران تەنها دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی»یان نەدا، بەڵکو بە کرداری سیاسییان ئەم دروشمەیان قووڵ کردەوە. لایەنی پراکتیکی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە زانکۆکان لە نارەزایەتی خوێندکاران لە ئاست جیاکردنەوەی ڕەگەزی هۆڵەکانی نان خواردنی زانکۆ، دەرگای ڕۆشتنە ناوەوە و هاتنە دەرەوەی جیاواز لە زانکۆکان و لابردنی مەقنەعە دەبیندرێت. خوێندکاران بە پێشێلکردنی یاسا ئیسلامییەکانی زانکۆکان واتە یاساکانی پەیوەندیدار بە حیجابی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئیسلامی و هەڵاواردنی جێندەری کەمتەرخەمییان لە ئاست بڕیارە ئایینیەکان نواند. بۆیە ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە لە ئاستی پراکتیکیش لە ڕێگەی دوو کرداری نارەزایەتییەوە ڕێگەیان لە ڕەچاوکردنی حیجابی ئیجباری و ڕێگە گرتن لە ڕەچاوکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە هەڵاواردنی جێندەری هەنگاوێکی پراکتیکی جیدییان بەرەو سیکۆلاریزم نا. ئەم دوو دەربڕینە پراکتیکێکی بەرجەستەی نارەزایەتی بزووتنەوەی خوێندکاریی ٢٠٢٢ لە ئاراستەی پرسی ئازادی ژن و چارەسەرکردنی هەڵاواردنە جێندەرییەکانی ڕێکخراون و بەم بۆنەوەیە کە ئەم بزووتنەوە توانی دەستی بە دەربڕینی سیکۆلار و نائایینی ڕابگات.

لە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئەم دواییە، خوێندکارانی کچ ئامادەی سیاسی چالاکانەتریان لە ئاست ڕابردوو و لە ئاست خوێندکارانی کوڕ هەبوو، لە کاتێکدا کە لە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی پێشوو و بە تایبەت لە سەردەمی پێش شۆڕش خوێندکارانی کوڕ لە ئاست خوێندکارانی کچ ئامادەبوونێکی چالاکتریان هەبوو. چالاکێکی خوێندکاری، کە پێش شۆڕش لە زانکۆی پۆلی تەکنیك خوێندوویەتی، دەگێڕێتەوە کە پێش شۆڕش ئەو چالاکییە سیاسییانەی کە دەبێت بە نهێنی جێبەجێ بکرایە زۆربەی کات دەخرایە ئەستۆی کچان، لەبەرئەوەی بە بۆنەی چالاکتربوونی کوڕان هێزەکانی گاردی پاشایەتی کەمتر گومانیان لە خوێندکارانی کچ دەبوو.٣٨ دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بە بەراورد لەگەڵ زمانی پێش شۆڕش کچگەلێکی زۆرتر لە زانکۆکان وەرگیران. لە ساڵی ١٩٩١.١٩٩٢ ڕێژەی تۆمارکردنی ناوی خوێندکارانی کچی ئێرانی لە زانکۆ حکومییەکان لە سەدا ٢٨ بوو، لە کاتێکدا کە ڕێژەی ناو تۆمارکردنی ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٦.٢٠٠٧ لە سەدا ٥٨ بوو. هەروەها، ئاستی خوێندەواری خوێندن و نووسینەوەی ژنانی ئێران لە سەدا ٤٦ لە ساڵی ١٩٧٦ و لە سەدا ٩٩ لە ساڵی ٢٠٢١ بوو.٣٩ زۆربوونی ژمارەی خوێندکارانی کچ لە زانکۆکان بووە هۆی زۆربوونی بەشداریی سیاسی ئەوان لە زانکۆکانیش. دوای شۆڕش، خوێندکارانی کچ بە شێوەیەکی جیدی پەنایان بردە بەر چالاکییە سیاسییەکانیان و بە شێوەیەکی بەرفراوانیش ڕووبەڕووی ئەنجامی کرداری سیاسییان بوونەوە. دوای نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ئەم دواییە، ژمارەیەك لە کچانی خوێندکار لە خوێندن هەڵپسێدران و تەنانەت ژمارەیەکیان لە زانکۆ دەرکران. ژمارەیەك لە خوێندکارە کچەکان بەند کران و ئەشکەنجە دران و ژمارەیەکیشان لە شەقامەکان بریندار و کوژران.

لە پاڵ دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی" کە دروشمی سەرەکی نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ بوو دروشمی دیکەش گوترانەوە کە ئەوانیش دەربڕی ناوەڕۆکی نائایینی ئەم

نارەزایەتییە خوێندکارییەن. خوێندکاران لە پاڵ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"بە گوتنی دروشمەکانی "حیز تۆیی، هەرزە تۆی، من ژنی ئازادم»، "دەستدرێژی لە زیندان، ئەمەش هەبوو لە نێو قورئان؟»، "هەتا ئاخوند کەفەن نەکرێت، ئەم نیشتمانە نابێتە وڵات»، "چ بە حیجاب چ بێ حیجاب بەرەو شۆڕش»، "گیاکەڵە تۆی، منم ژنی ئازاد»، لایەنی نائایینی ئەم بزووتنەوەیان ئاشکراتر کرد. هیچ یەك لەم دروشمانە سەرچاوەی ئایینیان نییە.٤٠ بەپێچەوانەی بزووتنەوەی خوێندکاری دوایی کە پرسی سەرەکی ئەو ئازادی ژن و چارەسەرکردنی نایەکسانییەکان و هەڵاواردنە جێندەرییەکان لە زانکۆکانە، لە نارەزایەتی و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی پێشوو هیچ کاتێك جەخت کردنەوەی سەرەکی دروشمەکان لەسەر ئازادی ژنان و چارەسەرکردنی نایەکسانییەکان و هەڵاواردنە جێندەرییەکان نەبوو.٤١ ئەم پرسە بە تایبەت لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی پێش شۆڕش گرنگی نەبوو. هەندێ کات دروشمەکانی پەیوەندیدار بە سەردەمی شۆڕش ١٩٧٩ تەنانەت ناوەڕۆکی پیاوسالارانە و جێندەری لێدراویان هەبوو وەکو دروشمی "ژنان هاتنە ڕیزی ئێمەوە، تەوەزلەکان دانیشتن"و یان دروشمی "ئێمە ناڕازیین، شوومان دەوێت». بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری دوای بە مێحوەرکردنی بابەتی نایەکسانییە جێندەرییەکان و ئازادی ژن لە نێو دەقی دروشمەکانیان کولتووری پیاوسالارانە و هەڵاواردنی جێندەری تووشی قەیران کرد. تووشی قەیران کردنی کولتووری پیاوسالارانەی هەڵاواردن و وانە ئایینییەکان کە ناوەڕۆکێکی پیاوسالارانە و دژە ژنیان هەیە، پیشان دەدات.٤٢ بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری ٢٠٢٢ بە جەختکردنەوەی پراکتیکی لەسەر ئازادی ژن و یەکسانی جێندەریەتی جیا لە بەهێزکردنی لایەنە دیموکراتیکەکانی بزووتنەوەی زانکۆ لە ڕێڕەوی ڕاستەوخۆ و شەفاف لە ئەزموونی سیکۆلاریزم دانا. بارودۆخی یاسایی و کۆمەڵایەتی نایەکسانی ژنان لە ئاست پیاوان کە فیقهی و یاسای ئیسلامیی لایەنگری بووە لە نارەزایەتییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" بەشێوەی جیدی لەلایەن خوێندکارانەوە تووشی قەیران کرا. نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی بە بەدواداچوونی خواستە پراکتیکە جیدییەکان بۆ بەدیهێنانی ئازادی ژن و یەکسانی جێندەری لە زانکۆکان کە هەنگاوی ئاشکرا بەرەو سیکۆلاریزم بنێت. شەفافبوونی خواستە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ بۆ بەدیهێنانی سیکۆلاریزم بەو مانایەیە کە بزووتنەوەیەك کە ئەم نارەزایەتییانە خۆی لە نێو ئەودا بینییەوە، ناوەڕۆکی سیکۆلار و نائایینی هەیە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ٤. دەرەنجام

چاوخشاندنێك بەسەر مێژووی نارەزایەتییەکان و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ ڕەوتی سیکۆلاربوونی خواستە خوێندکارییەکان و دووریگرتنی خوێندکاران لە ئایین، لانیکەم لە گێڕانەوە باوە ئایینییەکان، کە لەلایەن حکومەتەوە بە پاڵنەری تەواوی سیاسی پێشکەش کراوە، پیشان دەدات. دژیەکییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی چاکسازیخوازی ساڵەکانی نەوەد و بزووتنەوەی خوێندکاری چەپی ساڵەکانی دوو هەزار لەگەڵ حکومەت و هێزە دەستنیشانکراوەکانی ئەو لە زانکۆکان باشترین گێڕەوەی ئینتیمای زانکۆ و خوێندکارانی دوای شۆڕش بەرەو لای سیکۆلاریزمن. لەلایەکی دیکەوە، جەخت کردنەوەی خوێندکارانی چالاکی ساڵەکانی نەوەد لەسەر گرنگی یاسا، دیموکراسی و لیبرالیزم، لەلایەکی دیکەوە، سەرنجی خوێندکارانی چەپی ساڵەکانی دوو هەزار لەسەر پرسەکانی کرێکاران، ژنان، یەکسانی، و ئازادی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کەمتەرخەمانە لە ئاست ئایین و بە تایبەت پشتکردن لە کارکردی سیاسی ئایین پیشان دەدات. دوای شۆڕش، سیما ئایینیەکان وەکو سەردەمی پێش شۆڕش بۆ خوێندکاران، بە تایبەت پێشڕەوانی بزووتنەوەی خوێندکاریی، سەرنجڕاکێش و گرنگ نەبوون. پێش شۆڕش سیماگەلێکی گرنگ وەکو شەریعەتی بۆ خوێندکاران کە پێکەوە دڵەڕاوکێی سیاسی و ئایینیان هەبوو، گرنگ و کاریگەر بوون. بەڵام دوای شۆڕش و دوای شکستهێنانی پرۆژەی چاکسازیی پرۆژەی ڕۆشنبیری ئایینیش بەتایبەت لەلای پێشڕەوانی بزووتنەوە خوێندکارییە شکستخواردووەکان دەهاتە ئەژمار. سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاریی چەپی ساڵەکانی دوو هەزار کەمتەرخەمی زۆربووی خوێندکاران لە ئاست پرسە ئایینییەکان پیشان دەدات.

دوای نزیکەی دەیەیەك دابڕانی نارەزایەتییە بەرفراوانەکانی خوێندکاران لە ساڵەکانی دەیەی سەدەی بیست، بیچمگرتنی بزووتنەوەی خوێندکاریی «ژن، ژیان، ئازادی"(٢٠٢٢) بەهێزترین ڕەنگدانەوەی ئینتیمای زانکۆ و خوێندکاران بۆ سیکۆلاریزم و کەمتەرخەمی لە ئاست ئایین و وانەکانی ئەو لە مێژوو نارەزایەتی و بزووتنەوە خوێندکارەکانی ئێران پیشان دا. لە پێش شۆڕشی ١٩٧٩، ئایین لە چالاککردنی بەشێك لە خوێندکاران لەدژی حکومەتی شا کاریگەریی دانا، بەڵام دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بە بەهێز بوونی باڵی ئایینی، چالاکی سیاسی خوێندکاران لەدژی حکومەتی ئیسلامی بە جۆرێك بە مانای دەرکەوتن لەگەڵ لانیکەمی

گێڕانەوەی حکومەتی لە ئایینی بوو. پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیرانی ئایینی پێش شۆڕش لە سیاسی کردنی ئاییندا کاریگەربوون و ڕۆشنبیرانی ئایینی دوای شۆڕش بە ڕەخنەگرتن لە ئیسلامیی سیاسی یارمەتی پێشکەوتنی پرۆسەی سیکۆلاریزاسیۆنی لە ئێرانیان دا.٤٣

مێژووی زانکۆ لە ئێران بە سێ قۆناغ هەوراز و نشێوی ئایین شی دەکاتەوە. قۆناغی یەکەم پەیوەندی بە سیاسی بوونی ئایین لە زانکۆکان لە لایەن خوێندکارانی ئایینی پێش لە شۆڕشە. قۆناغی دووەم پەیوەندی بە ئینتیمای خوێندکاران بۆ ناسیاسی بوونی ئایینی لە سەردەمی چاکسازییە. قۆناغی سێیەم پەیوەندی بە کەمتەرخەمی خوێندکاران لە ئاست وانە و بڕیارە ئایینیەکان و بەرهەڵستکاری کردنی ئەو لە سەردەمی نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"(٢٠٢٢) یە. بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی"بە بۆنەی ناوەڕۆکی سیکۆلار و تەنانەت دژە ئایینی ئەو، دابڕانێکی ڕادیکاڵ لە هەموو بزووتنەوە خوێندکارییەکانی دەیەکانی پێشوو بوو. بەڵام دەبێت ئەم خاڵەمان لەبەرچاوبێت کە ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە ڕادیکاڵە لە گۆشەنیگای بەردەوامی نا بزووتنەوەیی بوو، کە لە ساڵەکانی دواتر لە شۆڕشی ١٩٧٩ لە ڕێگەی کۆمەڵە ڕەفتاری تاکەکەسی پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی حکومەتی ئێران لەلایەن خوێندکارانی کچ و کوڕ باس دەکرد. لە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢، کەمتەرخەمی لە ئاست ئایین و وانەکانی ئەو لە ڕێگەی سەرنج پێدان بە پرسی ئازادی ژن و هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان ڕوون بووەوە. نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ٢٠٢٢ کە لە ئاراستەی بەدیهێنانی ئازادی ژنان و چارەسەرکردنی جیاکردنەوە و هەڵاواردنی جێندەری لە زانکۆکان بیچمی گرت نارەزایەتی پراکتیکی بۆ بەکارهێنانی پراکتیکی یاسا ئایینیەکان لە زانکۆکان بوو. بابەتەکانی ئەم نارەزایەتیانە کە بە لاوەنانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و بە تایبەت هەڵاواردنی لەدژی ژنان لە زانکۆکان بوو لە دژیەکی قووڵ لەگەڵ خواستە ئایینیەکاندا بوو. لە پاڵ شێوازیی نائایینی کرداری نارەزایەتی نارەزایەتییە خوێندکارییەکان ٢٠٢٢، دەقی دروشمگەلێك کە لەم نارەزایەتییە خوێندکارانە گوترابوو ناوەڕۆکی نائایینی و تەنانەت دژە ئایینی لە خۆی پیشان دا. کاتێك کە خوێندکارانی زانکۆی هونەر پێکەوە دەیانخوێند" تێپەڕ بە هەموو ڕۆژەکانی غەرقی خەو/ تێپەڕ بە لە هەموو ساتەکانی نیگەرانی/ لە کۆتی بەندایەتی/ بەرەو شەوقی ژیان/ دەرچوو لە جیهانی تاڵ و ساردی کۆیلایەتی»٤٤ بزووتنەوەی خوێندکاریی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەوەندە پوختە ببوو کە بۆ بەدیهێنانی ئازادی تێپەڕبوون لە کۆتوبەندی ئایینی پێویستە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سەرچاوەکان

اسدیان، سیروس، و نیر حیدری کلچه. «تأملی بر وضعیت سبک زندگی اسلامی-ایرانی دانشجویان دانشگاه شهید مدنی»، مطالعات برنامەی درسی آموزش عالی، سال ١٤، شمارەی ٢٦: ١٨٩-٢١٥، پاییز و زمستان ١٤٠١.

افشاری، علی. «چه چیز فعالیتهای نسل جدید جنبش دانشجویی ایران را برجسته میکند»، وبسایت رادیو فردا، آبان ١٤٠١ (دسترسی از طریق com.radoifarda در ٢٥ بهمن١٤٠١).

باقی، عمادالدین. جنبش دانشجویی ایران از آغاز تا انقلاب اسلامی. تهران: انتشارات جامعه ی ایرانیان، ١٣٧٨.

بشیریه، حسین. دیباچەای بر جامعەشناسی سیاسی ایران. تهران: انتشارات نگاه معاصر، ١٣٨١.

بیات، آصف. «آیا ایران در آستانەی انقلاب دیگری است؟»، وبسایت زیتون، اسفند ١٤٠١ (دسترسی از طریق com.zeitoons در ٢٠ فروردین ١٤٠٢) خسروخاور، فرهاد، و محسن متقی. «بازخوانی رابطه ی دین با سکوالریزاسیون و روندهای آن میان روشنفکران و جوانان»، نشریەی آزادی اندیشه، شمارەی ٣: ٤٩-٦٩، دی ١٣٩٥.

سلطان بیگی، نسیم، محمد پورعبدالله، و دیگران. ویژەنامەی روز دانشجو )مصاحبه با فعالین چپ دانشجویی دهەی هشتاد ( وبسایت طبقه داتکام، آذر ١٣٩٣) دسترسی در پنجم بهمن ١٤٠١ از طریق tabaghe.com.

سیف، اسد، تراب حقشناس، و دیگران. جنبش دانشجویی ایران، مجلەی آرش، شمارەی ١٠٤، اسفند ١٣٨٨.

زیباکلام، صادق. گفتگوی روزنامەی اعتماد با صادق زیباکلام در مورد اعتراضات ١٤٠١، روزنامەی اعتماد، بهمن ١٤٠١.

صدر، بنیامین. «٢٠ سال پس از واقعه؛ ١٨ تیر به روایت نقش آفرینانش»، وبسایت رادیو فردا. ١٧ تیر ١٣٩٨ (دسترسی از طریق com.radiofarda در ٢٢ بهمن ١٤٠١).

ظریفیان، غلامرضا. گفتگوی روزنامەی اعتماد با غلامرضا ظریفیان در مورد اعتراضات دانشجویی ١٤٠١، روزنامەی اعتماد، آذر ١٤٠١.

قاسمی، علی اصغر. «نقش جنبش دانشجویی در شکل گیری انقلاب اسلامی«، فصلنامەی دانشگاه اسلامی، شمارەی ١٨ و ١٩: ٨٧-١٢٦، تابستان و پاییز ١٣٨٢.

کنعانی نسب، سجاد، و دیگران. «تبیین جامعەشناختی تأثیر سبک زندگی بر خیزشها و جنبشهای سیاسی دانشجویان (مطالعەی موردی: دانشگاه رازی کرمانشاه)«، جامعەشناسی سیاسی ایران، سال پنجم، شمارەی اول (پیاپی ١٧: ٢٠٢-٢٢٤، بهار ١٤٠١)

مدنی قهفرّخی، سعید مدنی. «صد سال و صد روز: دربارەی خیزش مهسا»، وبسایت زیتون،

بهمن ١٤٠١ (دسترسی از طریق com.zeitoons صدر ١٧ بهمن ١٤٠١).
مرادی، علیرضا، و مهدی حسین زادەی فرمی. «شکاف اجتماعی دولت و جنبش چپ دانشجویی در دهەی ١٣٨٠»، بررسی مسائل اجتماعی ایران، دورەی دوازدهم، شمارەی دوم: ٢٠١-٢٢٩، پاییز و زمستان ١٤٠٠.
ناطق، هما. «سرکوب جنبش دانشجویی»، مجلەی زمان نو، شمارەی: ١٠، ١٤٣-١٦٥ آبان ١٣٦٤.
نیکفر، محمدرضا. «جایگاه، اهمیت، و دامنەی بحث سکولاریسم در ایران»، نشریەی آزادی اندیشه، شمارەی: ٣، ٣٠-٤٨ دی ١٣٩٥.

Dabiri, Arastoo. "'Women. Life, Freedom': A movement in progress in Iran", Dignity, Vol. 8, Iss. 1, Art. 5, 2023.

Golkar, Saied. "Student Activism, Social Media, and Authoritarian Rule in Iran", a part of The Whole World is Texting: Youth Protest in the Information Age, Irvin Epstein (editor). Rotterdam: Sense Publishers,2015.

Honari, Ali. "Struggles for Revival: The Iranian Student Movement under the 'Moderate' Government, 2013-2017", chapter 7 of Human Rights and Agents of Change in Iran: Towards a Theory of Change, Rebeca Barlowand Shahram Akbarzadeh (editors). London: Palgrave Macmillan Press, 2018.

Kadivar, Mohammad Ali. "Alliances and Perception Profiles in the Iranian Reform Movement, 1997 to 2005", American Sociological Review, Volume 78 (6): 1063-1086, November 2013.

Mahdi, Ali Akbar. "The Student Movement in the Islamic Republic of Iran", Iranian Research and Analysis, Vol.15, No. 2, November 1999, (access via drsoroush.com on February 10, 2023).

Mashayekhi, Mehrdad. "The Revival of the Student Movement in PostRevolutionary Iran", International Journal of Politics, Culture, and Society, Vol. 15, No. 2: 283-313, Winter 2001.

Matin, Kamran. Recasting Iranian Modernity: International Relations and Social Changes, London: Rutledge Press, 2013.

Mehrabi, Tara. "Women, Life, Freedom: On protests in Iran and why it is a feminist movement", Women, Gender and Research, No. 2: 121-144, November 2022.

Razavi, Reza. "The Cultural Revolution in Iran, with Close Regard to the Universities, and its Impact on the Student Movement", Middle Eastern Studies, 45 (1): 1-17, 2009.

Rouhi, Mahsa. "Women, Life, Freedom in Iran", Survival (published online), Vol. 64, No. 6: 189-196, December 2022.

Sadeghi-Boroujerdi, Eskandar. "Iran's uprisings for 'Women, Life, Freedom': Over-determination, crisis, and the lineages of revolt", Politics: 1-35, 2023.

Torbati, Atlas. "Iranian zoomers, a generation of bravery, hope and invincibility", Discover Society: New Series 3 (1), February 2023

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پەراوێزەکان

١. ناونیشانی توێژینەوەکە بە فارسی ( دین و جنبش های دانشجویی ایران، ریحانه غلامی، نقد اقتصاد سیاسی، خرداد ١٤٠٢) دین و جنبش‌های دانشجویی ایران/ ریحانه غلامی – نقد اقتصاد سیاسی (pecritique.com)

٢. بشیریە، دیباچه ای بر جامعه شناسی سیاسی ایران، ١٣٨١:١١ .

٣. گفت وگوی ڕوزنامه ی اعتماد با غالمرضا ظریفیان، ١٤٠١/ گفتوگوی ڕوزنامه ی اعتماد با صادق زیباکالم، ١٤٠١.

٤. سەعید مەدەنی لە وتارێك کە لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە نووسیویەتی لە ژێر ناوی "سەد ساڵ و سەد ڕۆژ: لەبارەی ڕابوونی مەهسا"بە شێوەیەکی تا ڕادەیەك سادە، باسی جیاوازیی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی پێشووی کردووە.

5- Golkar: "Student Activism, Social Media, and Authoritarian Rule in Iran", 2015: 63

٦. حق شناس، «زمانی کە من عضو انجمن اسالمی دانشجویان بودم»، مجلەی آرش، ١٣٨٨: ١٢١-١٢٢.

٧. سەرچاوەی پێشوو.

٨. باقی، جنبش دانشجویی ایران از آغاز تا انقلاب اسلامی ١٣٧٨: ١٠٤-١٠٥.

٩. فتاپور، «جنبش دانشجویی در سال های ٤٧ تا ٥٢»، مجله آرش، :١٣٨٨. ١٤١-١٤٢

١٠. قاسمی، «نقش جنبش دانشجویی در شکل گیری انقلاب اسلامی»، ١٣٨٧:١٠٢.

١١. سەرچاوەی پێشوو: ١٠٦-١٠٥. بۆ خوێندنەوەی زۆرتر لەبارەی کاریگەریی عەلی شەریعەتی لەسەر شۆڕشی ئیسلامیی سەیری بەشی عەلی شەریعەتی : کیمیاگەری شۆڕشی ئیسلامیی لە بەشی شەشەمی کتێبی Recasting Iramian Modernity: International Relations and Social Changes لە نووسینی کامران مەتین: ١٣٠-١٣٦.

١٢. حیزبوڵلاهی بەشێك لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، کە لە سەرەتای شۆڕش لە سەرکوتکردنی زانکۆکان، ناڕەزایەتییەکان و نووسینگەی ڕۆژنامەی گرووپە سیاسییەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی تایبەتیان هەبوو.

13. Mahdi, "The Student Movement in the Islamic Republic of Iran", 1999: drsoroush.com

١٤. . بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕاستەوخۆ لەم بارەیەوە دەیتوانین بگەڕێنەوە سەر وتارەکانی ئایەتوڵلا خومەینی لە بارەی زانکۆ. ئەم وتارانە لە ئێنتەرنێت لەبەر دەست دان. لەواندا ئەو زانکۆ بە ناوەندی گەندەڵی و بەستراوە بە ستەمکارانی جیهان دەزانێت و دەڵێت زانکۆکان بۆمبی هێشوویی مەترسیدارن.

١٥. ئایەتوڵلا خومەینی لە وتارەکانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ خوێندکارانی تەبریز و تاران ئەوان بۆ ڕۆحیەتی لێبوردنانەیان لە شۆڕش ستایش کرد و جەختی کرد کە ئەم شۆڕشە پێویستی بە لەخۆبردوویی هەیە....

16. Ibid
17. radiofarda.com
18. Golkar, "Student Activism, Social Media, and Authoritarian Rule in Iran", 2015: 64.
19. 8 Ibid, Razavi, "The Cultural Revolution in Iran, with Close Regard to the Universities,

and its Impact on the Student Movement", 2009: 10.

20. Golkar, "Student Activism, Social Media, and Authoritarian Rule in Iran", 2015: 64.

21. Kadivar, "Alliances and Perception Profiles in the Iranian Reform Movement, 1997 to 2005", 2013: 1069, 1073-1076.

٢٢. دەتوانین ئەم ڕەفتارە لیبراڵییە لە ناوەڕۆکی دروشمی خوێندکارانی ساڵەکانی نەوەددا ببینینەوە. بۆ نموونە، دوای ئەوەی کە عەبدوڵلا نوری، سیمای ڕیفۆرمیستێی ناسراوی ساڵەکانی نەوەد و سەرەتای ساڵەکانی دوو هەزار، لە وەزارەتی ناوخۆ لادرا خوێندکاران لە کۆبوونەوەیەك کە لە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ ڕێزگرتنی ئەو بەڕێوەچوو ئەم دروشمانەیان گوتەوە : "پەرلەمانی فەرمایشی هەڵوەشێننەوە»، "پەرلەمانی زۆرکیمان ناوی/ ناتق نوریمان ناوێ»، "دەبێت پەرلەمانی دەستەمۆ هەڵوەشێتەوە "Razavi, "The Cultural Revolution in Iran, with Close Regard to the Universities, and its Impact on the student Movement» :٢٠٠٩ ١١). لەم قۆناغەدا هێشتا دروشمی خوێندکاران لەبارەی ناوەڕۆکی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ڕادیکاڵ نەکرابوو و چاکسازیی پەرلەمان لە پەرلەمانێکی دەستەمۆ و بڕیاری بۆ پەرلەمانی یاسایی بەشێك لە خواستە سیاسییەکانی ئەوان بوو.

23. Golkar, "Student Activism, Social Media, and Authoritarian Rule in Iran", 2015: 65.

24. ashayekhi, "The Revival of the Student Movement in PostRevolutionary Iran", 2001: 306.

25. Ibid 302

26. Razavi, "The Cultural Revolution in Iran, with Close Regard to the Universities, and its Impact on the Student Movement", 2009: 12.

٢٧. مرادی و حسین زاده ی فرمی، «شکاف اجتماعی دولت و جنبش چپ دانشجویی در دهه ١٣٨٠»، ١٤٠٠: ٢١٤.

٢٨. ئەم دەق و دروشمانەم لە ڕاپۆرتی سایتی کرێکاری ئۆفۆق ڕوون ( ofros.com) لە نارەزایەتییەکانی ئازەری ساڵی ١٣٨٦ لە زانکۆی تاران لەژێر ناوی "سات بە ساتی ١٦ی ئازەر لە زانکۆی تاران"بەدەست هێناوە.

٢٩. زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە بزوتنەوەی خوێندکاری چەپی ساڵەکانی هەشتا لە چاوپێکەوتنی نەسیم سوڵتان بەیگی، محەمەد پوور عەبدوڵلا، کەریم ئاسایش، عابید توانچە و سارا کرمانیان، چالاکانی پێشووی بزوتنەوەی چەپی خوێندکاریی ساڵەکانی دوو هەزار وەرمگرتووە. لەمبارەیەوە سەیری تایبەتنامەی ڕۆژی خوێندکاریی سایتی تەبەقە دات کام بکەن.

30. Honari, "Struggles for Revival: The Iranian Student Movement under the 'Moderate' Government, 2013-2017", 2018: 131-136.

٣١. خسروخاور و متقی، «بازخوانی رابطە دین با سکولاریزاسیون»، ١٣٩٥: ٩٥-٩٨.

٣٢. بە پێی ڕاپۆرتی keyhan.ir دانیشتوانی خوێندکاری وڵات لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢١.٢٠٢٠ سێ ملیۆن و ١٧٣ هەزار و ٧٧٩ خوێندکار بووە. ئەمە لە کاتێك دایە کە گرووپی تەمەنی لە نێوان ١٥ هەتا ٣٠ ساڵ نزیکەی لە سەدا ٢٥ی دانیشتوانی هەشتا ملیۆن کەسی ئێران پێك دێنن ( وەرگیراو لە amar,org.ir). واتە لە بە مەزەندە لە ئێران نزیکەی یەك لە سەر پێنج ( نزیکەی چوار ملیۆن لە بیست ملیۆن)ی گەنجان لە زانکۆ دەخوێنن.

33. .Rouhi, "Women, Life, Freedom in Iran", 2022

٣٤. اسدیان و حیدری کلچە. «تأملی بر وضعیت سبک زندگی اسلامی-ایرانی دانشجویان دانشگاه شهید

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مدنی»، ۱٤۰۱.
۳۵. افشاری، «چە چیز فعالیت های نسل جدید جنبش دانشجویی ایران را برجستە میکند»، وبسایت ۳٤ رادیو فردا، ۱٤۰۱.
۳٦. کنعانی نسب و دیگران. «تبیین جامعە شناختی تأثیر سبک زندگی بر خیزش ها و جنبشهای سیاسی دانشجویان»، :۱٤۰۱. ۲۲۱-۲۲۰.
۳۷. نیکفر، «جایگاه، اهمیت، و دامنە بحث سکولاریسم در ایران»، ۱۳۹۵: ۳۳.
۳۸. نصرت، مجلە ی آرش، :۱۳۸۸. ۱۵۵.
39. Sadeghi-Boroujerdi, "Iran's uprisings for 'Women, Life, Freedom': Over-determination, crisis, and the lineages of revolt"2023: 8.

٤۰. بەراوردکردنی دروشمە ناڕەزایەتییەکانی ۲۰۲۲ بە دروشمی ناڕەزایەتییەکانی شۆڕشی ۱۹۷۹ تێپەڕینی کۆمەڵگا لە ئایین پێشان دەدات. دوو دروشمی "ئەمەیە دروشمی نەتەوەییمان، خوا، قورئان، خومەینی"و یان "بۆ پاراستنی قورئان، سوپایی تۆ یارمەتیدەری ئێمە بە"کە لە شۆڕشی ۱۹۷۹ دەگوترانەوە پێشان دەدەن کە کۆمەڵگای ئێران لە پەنجا ساڵی دوایی لە ئاراستەی بۆ ئایین تووشی گۆڕانکاریی بنەمایی بووە (دروشمەکان وەرگیراو لە سەرچاوەی ئارایی لە ئێنتەرنێتە).
٤۱. بەهەمان شێوە کە پێشتر ئاماژەی پێدرا بزوتنەوەی خوێندکاری چەپی ساڵەکانی دوو هەزاریش بۆ پرسی ژنان لە پاڵ پرسەی جۆراوجۆرەکانی دیکە سەرنجی پێداوە، بەڵام چەپی خوێندکاری ساڵەکانی هەشتا نەیتوانی پرسی ژن بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەرفراوان لە ناوەندی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکان دابنێت. هۆکاری ئەم پرسە ڕوونە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئەو ڕۆژە وەکو کۆمەڵگای ئەمڕۆ ئامادەی ڕوودانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی بەرفراوان کە بابەتی ئەو ئازادی ژنان بێت، نەبوو، هەرچەندە نیشانەکانی ئەو دەبیندرا. بزوتنەوەی خوێندکاریی دوایی پرسی خۆی لە کۆمەڵگا وەرگرت.
٤۲. هەڵبەتە ناوەڕۆکی دروشمی خوێندکاران لە سەردەمی پێش لە شۆڕش و دوای ئەو بە پێچەوانەی جیاوازییەکانیان هەندێ هاوبەشیان پێکەوە هەیە. بابەتی سەرەکی دروشمگەلێك کە لە ناڕەزایەتی خوێندکاری ئەم دواییە گوترا لە پاڵ ئازادی ژن و ژیانی دیکتاتۆری و ئازادی بوو وەکو "مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، "ئازادی، ئازادی، ئازادی». «مەرگ و نەمان بۆ ستەمکەر، چ پاشا بێت چ ڕابەر»، "نە پاشایەتی، نە ڕابەری، دیموکراسی، یەکسانی"(ئەم دروشمانە لە ئێنتەرنێت وەرگیراون). لە ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی پێشووش دروشمگەلێك کە لە دەوری بابەتەکانی ئازادی و دیکتاتۆری بیچمیان گرتبێت دەگوترانەوە. بۆ نموونە لە ڕەوتی شۆڕشی ۱۹۷۹ دروشمەکانی "سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی"لەلایەن خوێندکارانەوە دەگوترانەوە یان لە ساڵی ۱۹٦۱ ژمارەیەك لە قوتابیان و خوێندکارانی دروشم "ستەمکار لەنێو دەچێت، خوێندکار سەرکەوتووە"(ناتق، "سەرکوتکردنی بزوتنەوەی خوێندکاریی"۱۳٦٤: ۱٦۰) گوت. بۆیە، دەتوانین ناوەڕۆکی ستایش کردنی ئازادی و لۆمە کردنی دیکتاتۆری هەم لە دروشمە خوێندکارییەکانی پێش لە شۆڕش و هەمیش لە دروشمە خوێندکارییەکانی دوای شۆڕش ببینینەوە.
٤۳. خسروخاور و متقی، «بازخوانی رابطە دین با سکولاریزاسیون»، ۱۳۹۵: ۸۸-۹۰.
٤٤. بخشی از سرود دختران آفتاب

# ڕێککەوتننامەی سعودیە - ئێران‌و نێوەندگیریی چین: دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی لەسەر ناوچەکە

سەدات لاچینەر

وەرگێڕانی لە تورکییەوە : هەڤاڵ ئازاد محێدین



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku

## بەرایی

لە ئازاری ٢٠٢٣ دوو وڵاتی خاوەن ململانێی لە مێژینەی وەک عەرەبستانی سعودیە و ئێران بە نێوەندگیری چین لە پەکینی پایتەختی چین هەستان بە ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەیەکی دیبلۆماسی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان...(١) ڕێکەوتننامەکە بە جۆرێکە کە دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵ دروست بکات لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. بێگومان ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران ئاسایی ببێتەوە ئەوا دەکرێت سەرەتایەک بێت بۆ کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆی یەمەن، یاخود کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئەو وڵاتە. دەکرێت گرووپە نێوخۆییەکانی لوبنان و سووریایش بگەن بە جۆرێک لە ڕێکەوتن کە تا ڕادەیەکی زۆر سەرچاوەی ململانێکانی نێوان ئێران و سعودیەن. لە لایەکی ترەوە ئەم ڕێکەوتننامەیە یەخەگیرییەکی ڕوون دەبێت بۆ ئەو سیستەمەی کە ئەمریکا هەوڵی دروستکردنی دەدا لە ناوچەکەدا... هەروەها بە نزیکبوونەوەی چین و ئێران لە سعودیە و ناوچەکە واشتنگتۆن کە هەوڵی نزیککردنەوەی ئیسرائیل و جیهانی عەرەبی دەدات ناچار دەبێت جارێکی تر سەر لەنوێ سیاسەتەکانی خۆی دابڕێژێتەوە... بە کورتی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە کاریگەری زۆر زیاتری دەبێت لە سەر ناوچەکە.

### ١. دوو دراوسێی سەربە کێشە: ئێران و عەرەبستانی سعودیە

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە هیچ کاتێک بە بێ قەیران نەبووە. ئەم دوو دەوڵەتە کە خۆیان وەک نوێنەری سوننە و شیعەی جیهان نمایش دەکەن، لەسەر چەندین کەیس لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، پەیوەندییەکانیان بە درێژای چەندین دەیە دوچاری قەیران و پاشەکشە بووەتەوە.(٢) بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ هەردوو وڵات لە ڕووی ئایدۆلۆجیا و سیاسییەوە زیاتر تووشی کێشمەکێش بوونەتەوە. دوای ساڵی ١٩٧٩ وڵاتانی کەنداو نیگەران بوون لەوەی کە ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی مەزهەبی شیعەوە دەست بخاتە ناو کاروباری نێوخۆی وڵاتانی کەنداوە، ئێرانیش بەهەمانشێوە نیگەران بوو لەوەی کە وڵاتانی عەرەبی لە ڕێگەی لینکی مەزهەبییەوە هەستان بە ئەنجامدانی چالاکی زیان بەخش لە نێو خاکی ئێراندا، هاوکاریکردنی سەدام حوسێن لە جەنگی نێوان ئێران – عێراقدا لە لایەن وڵاتانی کەنداووە ئەم نیگەرانییانەی ئێرانی زیاتر کردبوو. بە بۆچونی ئێران عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی تری عەرەبی وەک درێژکراوەیەکی هێزی دەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جووڵەی

سیاسەی دەکەن. هەروەها لە ماوەکانی ڕابردوودا لە ساڵی ٢٠١٦ سعودیە هەستا بە لە سێدارەدانی کەسایەتییەکی ئاینی شیعە. لە سێدارەدانی ئەم کەسایەتییە نارەزایەتی هاوڵاتیانی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێناو وەک کاردانەوەیەک هاوڵاتیانی ئێران هێرشیان کردە سەر کونسوڵخانەی سعودیە لە تاران و گڕیان لە کونسوڵخانەکە بەردا. بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕووی لە گرژی کرد و هەردوو وڵات هەستان بە داخستنی کونسوڵخانەکانیان لە تاران و ڕیاز...(٣)

شایەنی باسە پێکدادانەکانی یەمەنیش هۆکارێکی گرنگ وون بۆ زیاتر ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە، بە جۆرێک عەرەبستانی سعودیە هەستا بە سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانێتی عەرەبی لە دژی یاخیبووە حوسییەکانی یەمەن کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکران. ئەگەرچی ئێران هەموو ئەو بانگەشانەی ڕەتدەکردەوە کە پاڵپشتی هیچ هێزێک بکات لە یەمەن، بەڵام ئەم ڕەتکردنەوەیەی ئێران نەیتوانی ئەو ڕاستییە لە لای جیهان بشارێتەوە کە ئێران لە ڕووی هاوکاری سەربازیی پێشکەش بە یاخیبووەکانی یەمەن دەکات. بە کورتی لە حەوت ساڵی ڕابردوودا هەردوو وڵات لە ڕووی دیبلۆماسییەوە زمانێکی توندیان بەرامبەر بە یەکتر بەکارهێناوە و بە هیچ جۆرێک نەیان توانیوە هیچ پەیوەندییەکی ڕاوستەوخۆ ئەنجام بدەن. تەنانەت لە هەندێک ناوچەی وەک یەمەن ئەگەر شەڕی وەکالەتیش بێت ئەوا لە ڕووی سەربازیشەوە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. هەر بۆیە ڕێکەوتننامەکەی ٦ ئازاری ٢٠٢٣ ی نێوان ئێران و سعودیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە...

## ٢. ڕێکەوتننامەی پەکین(٤)

بەپێی ڕێکەوتننامەکە هەردوو وڵات هەڵدەستن بە دووبارەکردنەوەی کونسوڵخانەکانیان لە تاران و ڕیاز... بەپێی بناماکانی ڕێکەوتننامەکە هیچ کام لە ئێران و سعودیە ئەگەر لە ڕێگەی شەڕی وەکالەتیشەوە بێت بەهیچ جۆرێک هێرش ناکەنە سەر خاکی یەکتری... هەردوو وڵات دەستناخەنە ناو کاروباری نێوخۆی یەکترییەوە و ڕێزلە سەروەری یەکتری دەگرن... خاڵێکی تر کە لەسەری ڕێکەوتوون بەکارنەهێنانی میدیا و ڕاگەیاندنەکان لە دژی یەکتری و بەکارنەهێنانی وشەی توند و ناشرینە بەرامبەر بە یەکتر...

بێگومان ئەمانەی کە ئاماژەی بۆ کراوە بڕیارە فەرمییەکانی ڕێکەوتننامەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک زانیاری تر کە ڕانەگەیەنراوە باس لەوە دەکەن کە سعودیە پێداچوونەوە دەکات بە ئەو کەناڵانەی کە لە وڵاتەکەیدا هێرش دەکەنە سەر ئێران و هەموو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەو بەرنامە و هەواڵانە ڕادەگرێت کە ڕژێمی ئێران وەک ڕژێمێکی خراپەکار دەناسێنێت... ئێرانیش ڕێگری دەکات لە حوسییەکان کە لە خاکی یەمەنەوە درۆن و ساروخ ئاڕاستەی سعودیە بکەن... ئەگەر ئەم زانیارییانەش پشت ڕاستیش نەکرابێتنەوە ئەوا بێگومان سەودایەکی لەوجۆرە بۆ هەردوو وڵات بە گونجاو دەبینرێت... ڕوونیشە کە ڕێکەوتننامەکە چەندین ماددەی تری شاراوەی لەخۆگرتووە...

شیکەرەوانانی سیاسەتی دەرەوە پێشبینی ئەوە دەکەن لە دۆخی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە و بەردەوامبوونی ئەوا خاڵی وەرچەخان دەبێت بۆ ناوچەکە و دەکرێت کۆتایی بە ئاڵۆزییە نیوخۆییەکانی یەمەن بێت و چارەسەری سیاسی بۆ قەیرانەکانی سووریا و لوبنان ئاسانتر بێت...

## ئایا بلۆکێکی ڕۆژهەڵاتی نوێ دادەمەزرێت؟

لە لایەکی ترەوە ڕێکەوتنی ئێران و سعودیە بە نێوەندگیری چین بووە بە جێگەی نیگەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. لە دوای ڕێکەوتنی پەکین دروستکردنی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی لە دژی ڕۆژئاوا لە لایەن چین و ڕووسیاوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بووە بە جێگەی باسی لێکۆڵەران و سیاسەتڤانانی ڕۆژئاوا. هەربۆیە ئیشان سارۆر (Ishaan Tharoor ) لە واشتنگتۆن پۆستدا بابەتێکی نووسیوە لە ژێر ناونیشانی « ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەیەکی گرنگە بۆ دابەشکردنی جیهان بۆ دوو لایەنی ململانێ».(٥)

بەبۆچوونی هەندێک لە چاودێران ڕێکەوتننامەی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە تەنها سەرەتایەکە، چین لە داهاتوودا چەندین هەنگاوی تر دەنێت لە بەرژەوەندی خۆی... ئەگەرچی لە ئێستادا هیچ هەنگاوێکی کرداری نییە لە لایەن چینەوە لەم ڕووەوە، بەڵام دەزانرێت کە چین چەندە گرنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا دەدات و چەندین پرۆژەی ئابووری و وەبەرهێنانی لەو ناوچانەدا ئەنجام داوە... تەنانەت گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عەرەبستانی سعودیە بێگومان چینە... ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە چیتر چین بەتەنها گرنگی بە لایەنی ئابووری ناوچەکە نادات، بەڵکو خۆی دەخزێنێتە ناو کایەکانی سیاسەت و ئاسایشیشەوە. وەک دەوترێت ئەم ڕێکەوتننامەیە بەڵگەی ئەوەیە کە چین پەل دەهاوێژێت بۆ لایەنەکانی تری وەک سیاسەت و ئاسایش.

بێگومان خوێندنەوەی ئەم هەنگاوانەی چین بەبێ ڕووسیا خوێندنەوەیەکی تەندروست نابێت. وەک زانراوە لە دوای دەستپێکردنی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین هەریەک لە چین و ڕووسیا زیاتر لەیەکتری نزیکبوونەتەوە و ڕووسیاش پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ئێراندا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەیە. ڕووسیا لە مێژە لە بیری دروستکردنی بلۆکێکە لە دژی ڕۆژئاوا ئەوەش لە ڕێگەی نزیکبوونەوەی لە ئێران و وڵاتانی تری ئۆراسیای بەکارهێنانیان لە دژی ڕۆژئاوا. ئێستا ئەم نێوەندگیرییەی چین لە نێوان ئێران و سعودیە بە دڵخۆشی هیواوە پێشوازی لێکراوە. ئەگەر بلۆکێکی سەربازیش لە دژی ڕۆژئاوا دروست نەکرابێت ئەوا بێگومان فەراهەمکردنی هەر جۆرە هاوکار و هەرەوەزییەک دەبێتە جێگەی نیگەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، تەنانەت دەکرێت بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەونە مەترسییەوە. دەستپێک و سەرەتای هاریکارییەکانیش دەکرێت بژاردەی پارەیەکی تر بێت بۆ بازرگانییە دەرەکییەکانیان لەبری دۆلار. کە بێگومان نزیکترین سیاریۆ بەکارهێنانی یوانی چینییە. کە بێگومان پێشتریش ڕووسیا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە پارەی چینی (یوان) لە بازرگانی نێوان ڕووسیا و چین بەکاربهێنرێت وەک جێگرەوەی دۆلار. بێگومان ئەگەر هەریەک لە ئێران و سعودیەش بەم پێشنیارەی ڕووسیا قایل ببن ئەوا دۆلاری ئەمریکی گورزێکی گەورەی لە بازرگانی جیهانیدا بەردەکەوێت و هێرشێکی جدی دەبێت بۆ سەرکردایەتیکردنە جیهانییەکەی ئەمریکا.

کاریگەرییەکی تری ڕێکەوتننامەکە کەمکردنەوەی سیاسەتی پەراوێزخستنە لە دژی ئێران؛ بێگومان ئێران بۆخۆی خاوەنی پەیوەندییەکی باشە لەگەڵ هەریەک لە ڕووسیا و چین، بێگومان ئەگەر پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئاسایی بکاتەوە ئەوا ڕۆژئاوا ناچار دەبێت لە نێوان ئێرانێکی بەهێز و ئێرانێکی پەراوێز خراودا کۆمەڵێک بڕیار بدات کە لەبەرژەوەندی خۆی بێت. کە بێگومان ئێرانێک کە ڕووسیا و دواتریش چین هاوپەیمانی بن ئەوا بێگومان کۆنترۆڵکردنی لە لایەن ڕۆژئاواوە زۆر ئەستەم دەبێت...

یەکێکی تر لە نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە فراوانبوونی نفوزی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێگومان ئاسایشی ئیسرائیلە. وەک دەزانرێت لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپدا ئەمریکا واشنتگتۆن دەستی کرد بە پرۆژەی نزیککردنەوەی ئیسرائیل و جیهانی عەرەبی لە یەکتر و ئەم پرۆژەیە لە ڕێگەی چەندین ڕێکەوتننامەوە بەردەوامی هەبوو. ئەمریکییەکان وایان بیردەکردەوە کە لەم پرۆژەیەدا سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە. بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی هەژموونی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیککردنەوەی ئێران و سعودیە لە یەکتری، گومانی ئەوە دروستبووە کە ئایا نزیکبوونەوەکانی نێوان ئیسرائیل و جیهانی عەرەبی بەردەوام دەبێت یاخود نا، چونکە وا گومان دەبرێت کە عەرەبەکان بە خواستی خۆیان لە ئیسرائیل نزیک نەبوبێتنەوە بەڵکو لە ژێر فشاری ئەمریکادا ناچار بووبێتن لە ئیسرائیل نزیک بووبێتنەوە. لەگەڵ هاتنی چین بۆ ناوچەکە و ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز ئەوا

وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە فشارەکانی ئەمریکا زیاتر هەست بە ئازادی دەکەن و هەست دەکەن کە ناچار نین لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕێکەوتننامەی ئاشتی ببەستن، هەر هیچ نەبێت دەتوانن لەکاتی ئەنجامدانی هەر ڕێکەوتنێکیشدا ئەوانیش داواکاری خۆیانیان هەبێت.

### ئێران دڵخۆشە

بێگومان ئێران دڵخۆشە بە ئەنجامدانی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕیازدا و دوابەدوای ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی پەکین کاربەدەستانی ئێران ئاماژەیان بە خۆشحاڵی خۆیان کرد بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕێکەوتن لەگەڵ سعودیەدا... وەک دەزانرێت بارودۆخی ناوخۆی ئێران لەدوای مەرگی ژینا ئەمینییەوە ڕووی لە ئاڵۆزی کرد و لە تەواوی جیهان دەست بە دژایەتی کردنی ئێران و ڕژێمەکەی کرا. بەم شێوەیە لە دۆخێکی لەم جۆرەدا ئەنجامدانی ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە گرنگترین وڵاتی ناوچەکە (سعودیە) دەکرێت وەرگرتنی ئەو شەرعییەتە بێت کە ڕژێمی ئێران لەو سەروبەندەدا زۆر پێویستی پێیبوو. تاران هیواخوازە کە بتوانێت لەم ڕێگەیەوە پلانی سیاسەتی پەراوێزخستنی ئێران لە لایەن ڕۆژئاوا تێک بشکێنێت. دەرچەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ڕێکەوتننامەیە هەواڵێکی ناخۆش بوو بۆ خۆپیشاندەرەکانی ئێران لە دژی ڕژێمی ئێران.

خاڵێکی تری گرنگ بۆ ئێران لە ڕێکەوتننامەکەی لەگەڵ سعودیە بوونی نێوەندگیری چین بوو. چونکە ئێران هیوا خوازە کە هەژمونی وڵاتانی وەک چین و ڕووسیا لە ناوچەکە زیادبێت، چونکە ئەم دوو هێزە گەورەیە بەتایبەت چین خاوەنی هێزێکی وایە کە بتوانێت هاوسەنگی هێزی ئەمریکا لە ناوچەکە ڕابگرێت. ئێران و چینیش خاوەنی پەیوەندییەکی باشن و تەنانەت ئێرانیش ئەندامی «ڕێکخراوی یەکێتی شەنگەها»(٦) یە کە چین ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە. بەڵام چین لەگەڵ هەموو ئەم پەیوەندییانەی لەگەڵ ئێراندا دیارە ئامادە نییە لەبەر ئێران بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە مەترسییەوە.

ڕەنگە ئێران بییەوێت لە داهاتوودا بە هاوکاری چین ئەم ڕێکەوتننامەیە لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبیدا ئەنجام بدات. ئێران لەدوای سعودیە هیواخوازە کە ڕێکەوتننامەی هاوشێوە لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبیدا واژۆ بکات بەتایبەت یەکەم وڵات کە بیەوێت لێی نزیک بێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ دروست بکات بێگومان بەحرێنە. بەڵام دەکرێت ئامانجی گەورەی ئێران چارەسەرکردنی کێشەکانی بێت لەگەڵ میسردا بە هۆکاری ئەوەی میسر گەورەترین وڵاتی عەرەبییە هەم لە ڕووی دانیشتوان و هەم میسر بانگەشەی ڕابەرایەتی کردنی جیهانی عەرەبی دەکات. ئێران وا بیر دەکاتەوە ئەنجامدانی ڕێکەوتنامە لەگەڵ سعودیە و میسر و

لێکنزیک بوونەوەیان بەمانای لێکنزیکبوونەوەی تەواوی جیهانی عەرەبی دێت.

ئێران هیواخوازە لە ڕێگەی باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میرنشینی یەکێتی عەرەبیدا بتوانێت ئەو پەراوێزییە ئابوورییە بشکێنێت کە تێی کەوتووە. هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیەدا کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و میرنشینی یەکێتی عەرەبی. چونکە میرنشینی یەکێتی عەرەب لەژێری کاریگەری ڕاستەوخۆی سعودیەدایە و خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و زیندووی جیهانییە. ئەگەر ئێران بتوانێت بە ئازادانە بازرگانی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بکات ئەوا سیاسەتی پەراوێز خستنەکەی ڕۆژئاوا بە تێپەڕبوونی کات بێمانا دەبێت بۆ ئێران. تەنانەت ئێستاش هێڵی میرنشینی یەکێتی عەرەب و تورکیا نەفەسێکی قووڵ دەبەخشن بە ئابووری ئێران.

### سعودیەکان دڵخۆشن، بەڵام لە دۆخی هەڵسەنگاندندان

سعودیەکانیش وەک ئێرانییەکان دڵخۆشن بە ڕێکەوتننامەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سعودیەکان متمانە بە ئێران ناکەن. سیاسەتی چاوەڕێبە و ببینە پەیڕەو دەکەن. سعودیە تاڕادەیەک دەزانێت کە ئێران چاوەڕوانە کێشەکانی لەگەڵ کاتدا کۆتای پێ بێت و بەبێ ئەوەی ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکات چاوەڕوانی گۆڕانی هەڵوێستی بەرامبەری دەکات، هەربۆیە سعودیە هیواخوازە کە ئێران بە ڕاستگۆیانە ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکات. لەم بابەتەدا سعودیە گرنگی بە نێوەندگیری چین دەدات. بەڵام بە داخەوە هیچ دڵنیا نییە لەوەی کە ئێران ئەم ڕێکەوتننامەیە جیبەجێ دەکات یاخود نا. لە ڕاستیشدا نیگەرانییەکانی سعودیە واقعین. چونکە ماددەکانی ڕێکەوتننامەکە زۆر ورد و ڕوون نین. کارو چالاکییەکانی یەمەن، سووریا، عێراق، لوبنان لەلایەن کێوە و تا چەند دەتوانرێت چاودێری بکرێت؟ دووەمیش چاودێری کردنی ئەوەی کە ئایا لایەنەکان دەست دەخەنە ناو کاروباری ناوخۆی یەکترەوە کارێکی هێندە ئاسان نییە بۆ دۆخی ئەو دوو وڵاتە. با ببینین کات ئەمانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا گەورەترین متمانەی سعودیەکان ئەوەیە کە ڕژێمی ئێران یەکێک لە گەورەترین پێویستییەکانی ڕێکەوتنە لەگەڵ سعودیە. ئێران لە ئێستادا بە قوورسترین کاتەکانیدا تێدەپەڕێت و دەیەوێت لەڕێگەی ڕووسیا و چین و سعودیەوە ڕووبەڕووی یەخەگیرییەکانی ڕۆژئاوا ببێتەوە. خۆی لەخۆشیدا ئەوەی کە بەها دەدات بە ڕێکەوتنی تاران لەگەڵ سعودیەدا بێگومان هەر ئەم دۆخەیە.

یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانی ڕێکەوتننامەکە بۆ سعودیەکان بێگومان ئەوەیە کە هێز دەبەخشێت بە سعویە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا، بەتایبەتی تر بەرامبەر بە ئەمریکا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەمریکییەکان هەمیشە بە زمانێکی توند ڕەخنە ئاڕاستەی ڕژێمی سعودیە دەکەن و هەوڵدەدەن سیاسەتەکانی خۆیان بەسەر سعودیەدا جێبەجێ بکەن. بێگومان سعودیەکانیش لەم دۆخەی ڕۆژئاوا بێزار بوون و دەیانەوێت لە ڕێگەی هێزی ترەوە هێزی ڕۆژئاوا هاوسەنگ بکەنەوە. هەربۆیە سعودیەیش وەک ئێران بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە هاتنی هەژموونی چین دەکەن بۆ ناوچەکە. ئەمە وا دەردەکەوێت کە ململانێ جیهانییەکانی نێوان چین و ئەمریکا لە داهاتوودا زیاتر لەسەر ئێران و سعودیە ڕەنگبداتەوە.

### دەستکەوتەکانی وڵاتی چین

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە چین لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دوو هێزی وەک ئێران و سعودیە کە نەیان دەتوانی بگەن بە ئاشتی لەسەر یەک مێز و گەیاندنیان بە ئەنجامدانی ڕێکەوتننایەکی گرنگی وەک پەکین ئەوا هەم دەستکەوت هەمیش ڕێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی بوو بۆ چین. لە لایەکی ترەوە چین بەم کارەی توانی ڕۆڵی نێوەندگیری بەدەست بێنێت. بەجۆرێک لەدوای نێوەندگیرییەکەی نێوان سعودیە و ئێران باس لەوە دەکرا کە چین لە هەوڵدایە کە ڕێکەوتنی ئاشتی لەنێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرقەرار بکرێت، بێگومان ئەمەش دەرخەری خواستی چینە بۆ بەهێزکرنی پێگەی نێوەندگیری خۆی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان وڵاتان. چین بە پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریکاوە کە چارەسەری دەهێنێت بۆ وڵاتان و دەیسەپێنێت بەسەریاندا، تەنها لە ڕێگەی نێوەندگیریەوە بە تێچوویەکی کەم سیاسەتێکی دروست بەدەست دەهێنێت. لە لایەکی ترەوە چین لەڕێگەی نێوەندگیری نێوان سعویە و ئێران و ئەنجامدانی ڕێکەوتنی ئاشتی لە نێوان دوو وڵاتی مسوڵمان کە خۆیان وەک نوێنەری سوننە و شیعەی جیهان نمایش دەکەن، ڕووبەڕووی هەموو ئەو پڕوپاگەندانە دەبێتەوە کە بەرامبەر بە مسوڵمانەکانی وڵاتەکەی خۆی ئەنجامی دەدات. ئەمە لەکاتێکدایە کە بیرمان نەچێت یەکێک لە هەرە کارتە گرنگەکانی دەستی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە چین کارتی مسوڵمانەی ئویگورە تورکەکانی چینە. ماوەی چەندین ساڵە بابەتی توانەوەو لەناوبردنی مسوڵمانەکانی ناوچەی شاینکان و بەکارهێنانی چەندین ڕێگە بۆ ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیانی سڤیل و داخستنی پەرستگای مسوڵمانان و ڕێگە نەدان بە پەروەردەی دینی لە لایەن چینەوە، بابەتی گەرمی میدیا جیهانییەکان بووە. هەربۆیە بوونی دوو لە گرگترین دەوڵەتانی ئیسلامی لەگەڵ چیندا و باسنەکردنی مسوڵمانانی ئویگور، هەم کاری چینی ئاسان دەکات و هەمیش هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە مسوڵمانەکانی چین بێ کاریگەر دەکات. واتە چین بە ئەنجامدانی نێوەندگیری لە نێوان ئێران سعودیەدا بە تیرێک دوو نیشانەی پێکاوە.

### ٣. چین – لوتکەی کۆمکاری عەرەبی و ئامانجەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست: ناوچەیەک کە ماوەیەکی درێژە چین فەرامۆشی کردووە

چین چەندین سەدەیە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فەرامۆش کردووە و کەمترین گرنگی پێداوە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا. شایەنی باسە بە درێژای مێژوو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هیچ جۆرە هێرشێکی چینی بەخۆیەوە نەبینیوە، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیش هەرگیز ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی چین نەبوونەتەوە لە ناوچەکەدا. گونجاو نییە نەبوونی هەڕەشەی چین بۆ سەر ناوجەکە بە تەنها ببەسترێتەوە بە فاکتەری دووری جوگرافیای چین لە ناوچەکەوە. بێگومان نابێت ڕۆڵی فەلسەفەی چین بۆ ژیان لێرەدا فەرامۆش بکرێت هەربۆیە شایەنی خۆیەتی بابەتێکی لەم چەشنە بەشێوەیەکی فراوانتر توێژینەوەی لەسەر بکرێت. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیش چین یاریکەرێکی دوورە پەرێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. تەوژمە چەپەکان و بەرهەڵستکارانی ئیمۆریالیزمی و نەتەوەپەرستانی ناوچەکە زیاتر لە چین خۆیان خزاندبوویە ژێر هەیمەنەی یەکێتی سۆڤیەتەوە. بێگومان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چین سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە بێلایەنی خۆی پاراستبوو، هێشتا بۆ خۆی یەکێک بوو لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و خاوەنی هێزێکی ماددی سنوردار بوو هەتا ساڵانی ١٩٩٠ کان. لەگەڵ کۆنفرانسی باندونگ لە ساڵی ١٩٥٥ دا چین بوو بە خاوەنی پێگەیەکی سیاسی بەهێز لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم. لەم سەرو بەندەدا چین جگە لە کەیسی باشووری یەمەن(٧) و عومان(٨) سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەجێ هێشتبوو بۆ ململانێکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت. بە دەستەواژەیەکی تر چین نەیدەویست بە هیچ جۆرێک دەست بخاتە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووبەڕووی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ببێتەوە. لەم ٣٠ ساڵەی دوایدا چین سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مادییەوە بەشێوەیەکی خێرا گەشەی کرد، بەڵام هەمیشە ویستویەتی کە ئەم گەشەکردنەی نەبێتە هۆکاری نیگەرانی وڵاتانی تری زلهێز، هەر بۆیە خۆی بە دوور گرتووە لە خۆ خزاندنە ناو کێشە سیاسییەکانی ناوچەکە. هەر بۆیە ویستویەتی بە بێدەنگی و بەوردی جووڵەکانی خۆی ئەنجام بدات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چین هەرچەندە ویستبێت بە بێدەنگ نفوزی خۆی زیاد بکات، ئەوا بەهۆکاری ئەو گەشەکردنە خێرایەی کە کردوویەتی سەرنجی وڵاتانی تری خاوەن نفوزی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. چین لە ١٩٩٠ کانەوە تا ئێستا لە ئەمریکای لاتینەوە بۆ ئەفریقا لە ئەورووپاوە بۆ ئەوپەڕی ئۆقیانوس لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەناڵە دیبلۆماسییەکان و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕاگەیاندنەکانەوە توانیویەتی ببێت بە ئەکتەرێکی کارای نێودەوڵەتی. بێگومان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێک بووە لەو ناوچانەی کە چین نفوزی خۆی تێدا فراوان کردووە.

بێگومان یەکێک لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە چینی ئاراستەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە ئابوورییە زەبەلاحەکەی چین و پێویستی ئەو ئابوورییە زەبەلاحەیە بە ئەو نەوتە زۆرەی ناوچەکە.(٩) وەک زانراوە چین لە ڕووی وزەوە وڵاتێکی وابەستەیە بە دەرەوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەی چینە. بەشێکی گەورەی پێویستییە نەوتییەکانی چین لە لایەن ڕووسیا و عەرەبستانی سعودیەوە دابین دەکرێت. چین لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بە قەبارەی ١٧٦ ملیارد دۆلار نەوتی خاوی لە ناوچەکە هاوردە کردبوو کە بەمەش بووە گەورەترین هاوردەکاری نەوتی خاو لە جیهاندا. بێگومان یەکێک لە گەورەترین خاڵە نەرێنییەکانی چین وابەستە بوونیەتی بە جیهانی دەرەوە لە دابینکردنی وزەدا. پەکین دەیەوێت ئەوەندەی لە توانایدایە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزەی جیهان بکات. چین بە باشی ئەوە دەزانێت کە ئەمریکا یان هەر هێزێکی تر هەر گۆڕانکارییەک لە نرخی سەرچاوەکانی وزە بکەن ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئابووری چین. بۆیە لەبەرئەمەیە چین دەیەوێت نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاد بکات و ناوچەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.(١٠)

شایەنی باسە گەورەترین دەرفەت بۆ چین کە دەیەوێت ببێت بە ئەکتەرێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا مێژووی چینە لە ناوچەکەدا. چین بە بەراورد بە هەر هێزێکی تر خاوەنی مێژوویەکی خاوێنە لە ناوچەکەدا. بێگومان ئەورووپییەکان خاوەنی مێژووی ئیمپریالیستین لە ناوچەکەدا و هەر جووڵەیەکی فەرەنسییەکان و ئینگلیزەکان بە گومانەوە سەیر دەکرێت و زۆر کاتیش بە چاوی دوژمنەوە چاودێری دەکرێن. ئەمریکایش بەهەمان شێوە بە درێژای سەدەی بیستەم سیاسەتێکی لە ناوچەکەدا پەیڕەوکردووە کە شایەنی کاردانەوەی گەلانی ناوچەکە بووە، وەک ڕوخانی حکومەتەکەی موسەدەق لە ئێران و هاوکاری کردنی ئیسرائیل لە کەیسی فەلەستیندا کە ئەمانەش هۆکاربوون بۆ ئەوەی کە ئەمریکایش لە ناوچەکەدا هێندەی پێویست دوژمن بۆ خۆی پەیدا بکات. بێگومان کاتێک کە هێزێکی وەک چین بەراورد دەکرێت بە هەریەک لە ئەورووپا و ئەمریکا خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازی دەبێت سەبارەت بە ناوچەکە. هاوتەریب چین توانیویەتی ڕێز لە بنەمای بێلایەنی بگرێت لە نێوان هەر یەک لە سعودیە و ئێرانیشدا و نەبێت بە لایەنگیری هیچکام لەم دوو هێزە. چین کە وابەستەی سەرچاوەکانی وزەی ناوچەی کەنداوە بەباشی ئەوە دەزانێت کە هەر

لایەنگیرییەک دەکرێت ببێت بە سەرچاوەی پێکدادان و لە کۆتایشدا ببێت بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوورییە نەتەوەییەکانی خۆی. لەگەڵ ئەمانەشدا گەورەترین ئاڵەنگیرییەکانی چین لە ناوچەکەدا بێگومان ئایدۆلۆژیای چینە کە دەکرێت ڕووبەڕووی کاردانەوەی دینی ببێتەوە. بەڵام چین لەم ڕووەشەوە دەستی بە گۆڕانکاری کردووە و خەریکە وێنەی خۆی لەو بابەتەدا دەگۆڕێت و سەرکەوتوو دەبێت.

یەکەمین لوتکەی چین – وڵاتانی عەرەبی و داخڵبوونی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(١١)

وەک زانراوە لە کانونی یەکەمی ٢٠٢٢ دا سەرۆکی چین شی جی پینگ بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە سعودیە و لە سەردانەکەیدا لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای سعودیەدا کۆبوویەوە.(١٢) سەردانەکەی شی بۆ سعودیە دوابەدوای کۆنگرەی پارتەکەی بوو کە ئەمەش واتای گرنگیدانی زیاتری چین و خودی شییە بە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. لە کاتی سەردانەکەی شی بۆ ناوچەکە سەرەڕای ئەنجامدانی ٣٤ ڕێکەوتننامەی وەبەرهێنان لە نێوان لایەنەکان، بەڵگەنامەیەکی ستراتیجی هاوبەشیش لە نێوان لایەنەکاندا واژۆ کرا.(١٣) بەم شێوەیە هەرەوەزییەکانی نێوانیان فۆرمێکی یاسایی وەرگرت. بە بۆچوونی پسپۆڕان قەبارەی ئەنجامدانی ئەو ڕێکەوتننامانەی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی نزیک دەبێتەوە لە ٣٠ مليار دۆلار.

لەم سەردانەدا هەریەک لە چین و عەرەبستانی سعودیە ڕاگەیاندراوێکی ٤٠٠٠ وشەیی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە تێدا کۆمەڵێک ڕێکەوتننامەی سیاسی گرنگیان ئەنجامدا و بڕیاریانداوە لە کۆمەڵێک بابەتی تردا هاوکاری یەکتر بکەن. کاتێک کە ڕاگەیاندنی هاوبەشی چین و سعودیە دەخوێنینەوە دەبینین کە گفتوگۆی زۆر بابەتی زانستی و سیاسی کراوە بەجۆرێک هەر لە توێژینەوەی فەزاییەوە بۆ جەنگی ئۆکرانیا گفتوگۆکراوە و بەشێوەیەکی گشتی هەردوو وڵات لە زۆرینەی کەیسەکاندا هاوڕا بوون. ئەم بەیاننامە هاوبەشەی نێوان چین و سعودیە لەگەڵ ئەوەی جەخت لە تەبایی سیاسی نێوانیان دەکات، دەکرێت پەیامێکیش بێت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا کە لە کۆمەڵێک کەیسی وەک مافی مرۆڤ فشار دەخەنە سەر سعودیە. دەگونجێت لەکاتی سەردانەکەی شی بۆ سعودیە سەرکردەکانی عەرەبی جەختاین لەوە کردبێتەوە کە نابێت دەست بخرێتە ناو کاروباری نێوخۆی وڵاتان و مافەکانی مرۆڤ بۆ زیادکردنی هەیمەنەی سیاسی لە دژی وڵاتان بەکاربهێنرێت.

ئەگەر چی هەریەک لە چین و سعودیە لە زۆرینەی بوارەکان هەر لە زیرەکی دەستکردەوە بۆ کەیسەکانی ژینگە ڕێکەوتنیان ئەنجام دابێت و بەڵێنی هاوکاری کردنیان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دابێت، ئەوا بێگومان گرنگترین بوار کە ڕێکەوتنیان لەسەر کردبێت کەرتی وزەیە. چونکە وەک دەزانرێت چین گەورەترین بەکارهێنەری وزەیە لە جیهاندا و سعودیەش دووەمین دابینکەرەی وزەی چینە. بەپێی داتاکانی ساڵی ٢٠٢٢ چین لە ٥١٪ وزەی خۆی لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاوردە کردووە و لەو ڕێژەیەش لە ٨٠٪ لە وڵاتان کەنداوەوە هاوردەکردووە. (١٤) لەبەرئەوە چین دەیەوێت بازرگانییەکانی لەگەڵ سعودیە گەشە پێبدات و لەبارودۆخێکی باشتردا بەردەوامی بدات بەو بازرگانییەی خۆی. بەجۆرێک کە بازرگانییەکە بازرگانییەکی وزەیی یەکلایەنی نەبێت. هەر بۆیە کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی چین هەستا بە دامەزراندنی ڕافینەری نەوت و دابینکردنی بڕی ١٠ ملیارد دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی هەموو جۆرەکانی پەترۆکیمیا، کە توانی بەم شێوەیە ببێت بە یەکێک لە گەورەترین ئەو کۆمپانیایانەی کە لە چیندا وەبەرهێنان دەکەن. هاوکات باس لەوە دەکرێت کە هەر یەک لە کۆمپانیای ئارامکۆ و گرووپی وزەی شاندۆنگ بەنیازن ڕێککەوتنی نوێ بکەن سەبارەت بە دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی نەوتی لە چیندا. بەم شیوەیە سعودیە جگە لە نەوت و غازەکەی دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو سەرمایەی کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەیگوازێتەوە بۆ چین هاوکارێکی گەورەی ئابووری چین بێت. بێگمان ئەمەش زەربەیەکی تر دەبێت بۆ ڕۆژئاوا چونکە سعودیە تا ئێستا سەرمایەکەی خۆی خستبووە خزمەت بانک بازاڕی بۆرسەی ئەمریکا و ئەورووپا، بەڵام لێرە بەدواوە بەشێک لە سەرمایەکەی دەگوازێتەوە بۆ چین.

### لوتکەی چین – کۆمکاری عەرەبی

دوا بەدوای کۆبوونەوەکەی سەرۆکی چین شی لەگەڵ کاربەدەستانی سعودیە، لە ٩ کانونی یەکەمی ٢٠٢٢ دا لە ڕیاز لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبیشدا کۆبوویەوە. لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم لوتکەیە یەکەمین لوتکەی نێوان چین و وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی بوو، لوتکەیەکی مێژووی بوو بۆ هەردوو لایەن. لە لوتکەکەدا بڕیاردرا بە دامەزراندن و بەهێزکردنی هاوبەشی ستراتیجی نێوان چین و وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی. سەرۆکی چین شی لە وتاری لوتکەکەدا ڕایگەیاند کە چین ئامادەیە نەوت و غازی زیاتر لە وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی هاوردە بکات و یارمەتی دەری وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی بێت لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتی. هەروەها چین جەخی لەوەش کردەوە چاوەڕوانی زیاتری سەرمایە و وەبەرهێنانی وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبییە، دەیەوێت کاڵای زیاتریش هەناردەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیەکە

بکات. هەروەها شی داوای لە وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی کرد کە دراوی چینی و بۆرسەی نەوت و غازی شانگاهای وەک پلات فۆڕمێک زیاتر بەکاربهێنن. دەکرێت وتارەکەی شی جێگەی نیگەرانی واشنتۆن بوبێت. لەگەڵ ئەمەشدا وڵاتانی عەرەبی وا دەرناکەون کە ئارەزووی بەکارهێنانی دراوی چین بکەن لە مامەڵە بازرگانییەکانیاندا. ئارەزومەندیش بن هیچ نەبێت نایانەوێت نیشانی ڕای گشتی بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا نابێت ئەو ڕاستییە لە یاد بکرێت خواستی ئەمریکا بۆ نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام ڕووی لە کەمی دەکات و چینیش بەردەوام داخوازی بۆ نەوتی ناوچەکە زیاد دەکات و نابێت دراوی چینی وەک جێگرەوەی دۆلاری ئەمریکی بەهەند وەرنەگیرێت.

جگە لە بابەتی وزە سەرۆکی چین داوای لە وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی کرد دەست بکەن بە کارکردن لە سێکتەری مانگی دەستکرد و بۆشایی ئاسمان. هەروەها داوای لە وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی کرد کە زاناکانیان لە بواری بۆشایی ئاسمان لەگەڵ زاناکانی چین کاری هاوبەش ئەنجام بدەن و مانگی هاوبەشیان هەبێت و کاری بۆشایی ئاسمانیان هەبێت.(١٦) ئەگەر چی ئەم پێشنیارانەی سەرۆکی چین بۆ وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی بۆ زۆرینەمان وەک خەیاڵ وایە، بەلام نابێت ئەو ڕاستیە لەیاد بکەین کە وڵاتانی کەنداو لە دوایانەدا گرنگیەکی زۆر دەدەن بە بابەتی توێژینەوەی ئاسمانی و تەکنەلۆجیای مانگی دەستکرد، بێگومان چینیش دەیەوێت ئەم سەرنجەی وڵاتانی عەرەبی ڕاکێشێت بەلای خۆیدا. کە لەم ڕێگەیەوە وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوتی وەک کەنداو دەتوانن بە دەیان ملیارد دۆلار تەرخان بکەن بۆ بابەتی توێژینەوەی ئاسمانی و ئەمەش دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ چین هەتا لە کێبڕکێی بۆشایی ئاسمانیدا زیاتر گەشەبکات و پێش بکەوێت.

### لوتکەی چین – وڵاتانی عەرەبی

دوابەدوای لوتکەی نێوان چین و وڵاتانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی، سەرۆکی چین هەستا ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تر لە ڕیاز لەگەڵ ٢١ وڵاتی عەرەبیدا. کۆبوونەوەکە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. دوابەدوای کۆبوونەوەکانی سەرۆکی چین لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا چین توانی ئەوە پەیامە بگەیەنێت کە چیتر دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا ببەستێت و بە هێزێکی گەورەترەوە دەربکەوێت لە ناوچەکەدا. ئەگەر چی لوتکەی نێوان چین وڵاتانی عەرەبی پڕوپاگەندەیەکی گەورەیشی بەدوای خۆیدا نەهێنابێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لوتکەکە خاڵی وەرچەرخان دەبێت بۆ ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی و وڵاتانی عەرەبی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەتایبەتی. هەر لەبەرئەوەیشە کە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین ماو نینگ ڕایگەیاند کە «لوتکەی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی گرنگترین و بەرزترین ڕووداوی دیبلۆماسی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی بووە لە کاتی دامەزراندنی کۆماری گەلی چینییەوە تا ئێستا». بە بۆچوونی ماۆ نینگ لوتکەکە یەکەم هەنگاوی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە ناوچەکەدا. شی جیپینگیش باس لە قۆناغێکی نوێ دەکات سەبارەت بە پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وڵاتانی یەکێتی کەنداو و عەرەبستانی سعودیە.(١٧)

شایەنی باسە لە لوتکەی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبیدا جەخت کرایەوە لەسەر هەمان ئەو بڕیار و ستراتیجیانەی کە لە لوتکەی چین و وڵاتانی یەکێتی کەنداودا گفتوگۆی لەسەرکرابوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە وڵاتانی عەرەبی خۆشحاڵ دەرەکەون بە بوونی هێزێکی هاوسەنگیکەری وەک چین بەرامبەر بە ڕۆژئاوا. سەبارەت بە چینیش خواستی ئەوەی هەیە کە هەماهەنگییەکانی نێوانیان بە تانها تایبەت نەبێت بە بواری نەوت و غاز بەڵک و فراوانتر بکرێت و چەندین لایەنی تری وەک سەربازیی و ئاسایشیش بگرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی عەرەبەکان دڵخۆشن، چونکە چین بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە هێزێک نییە کە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات سەبارەت با مافەکانی مرۆڤ و پرۆسەی دیموکراسی، زلهێزێکە دەست ناخاتە ناو کاروباری نێوخۆی وڵاتانەوە.

بێگومان لایەنی ئابووری گەورەترین دەرئەنجامی لوتکەی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی دەبێت، چونکە بەپێی داتاکان قەبارەی بازرگانی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی زیاتر لە ٣٠٠ ملیارد دۆلار و چاوەڕوان دەکرێت لەدوای لوتکەی نێوانیان ئەو ژمارەیە بەرزتربێتەوە. هەروەها چین لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی زیاتر گەشە پێبدات و جگە لە بواری نەوت و غاز چەندین بواری تریش بگرێتەوە. بەتایبەتی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی نێوانیان زیاتر بکرێت.

### سەردانی فەرمی بۆ ئێران و ڕێککەوتننامە

دوابەدوای لوتکەی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی هو چون هو یاریدەدەری سەرۆکی چین بە سەردانێکی فەرمی گەشتە ئێران. لە سەردانەکەی لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ٢٠٢٣ دا سێ ڕۆژ لەگەڵ سەرۆککۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسیدا لە کۆبوونەوەدا بوون. (١٨) لە سەردانەکەدا لایەنی چینی ئەو پەیامەیان بە ئێران گەیاندبوو کە چین بە هەموو شێوەیەک هاوکاری ئێران دەبێت هەم لە بواری ئەتۆمیدا و هەمیش لە بەرامبەر فشارەکانی ڕۆژئاوادا. هەروەها بەڵێنی ئەوەش بە ئێران درابوو کە چین بەردەوام دەبێت

و بڕی ئەو کاڵا کشتوکاڵییانە زیاتر دەکات کە لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات. بەڵام بابەتی سەرەکی گفتوگۆکانیان هاوردەکردنی نەوتی ئێران بوو. چین لە ساڵی ٢٠٢١ هەتا ٢٠٢٢ بڕی هاوردەکرنی نەوتی لە ئێرانەوە بە ڕێژەی لە ١٣٠٪ زیاد کردووە و حکومەتی پەکین دەیەوێت ئەم ئاسایشی ئەم بازرگانییە مسۆگەر بکات. لەگەڵ ئەمانەدا هەریەک لە چین و ئێران هەستان بە واژۆکردنی ٢٠ ڕێکەوتننامەی هەرەوەزی لە گەلێک بواری جۆراوجۆردا.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دەستکەوتانەی چین لە ناوچەکەدا لە دەرئەنجامی سەردانەکانی چین بۆ ناوچەکە، چین توانی هەردوو لایەنی ئێران و سعودیە لە پەکین کۆبکاتەوە و ببێت بە نێوەندگیری نێوانیان بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان. دوای ئەم هەنگاوە چاوەڕوان دەکرێت هەریەک لە چین و ئێران لەم ساڵەدا لوتکەیەک ئامادە بکەن سەبارەت بە وڵاتانی کەنداو. چین هەوڵدەدات هەم لە عەرەبەکان و هەمیش لە ئێران نزیکتر ببێتەوە. بە کورتی چین توانی بێتە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ببێت بە ئەکتەرێکی کاریگەر و نفوزی خۆی زیاد بکات بۆیە ئێستا هەموو چاوەکان لەسەر کاردانەوەکانی ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکایە، کە ئایا دەبێت کاردانەوەی چۆن بێت سەبارەت بە نفوزی چین لە ناوچەکەدا.

### ٤- ئەمریکا بۆشایی لە ناوچەکەدا دروستکرد و چین پڕی کردەوە

گەشەکردنی خێرای هەژموونی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێگومان دەبێتە هۆکاری نیگەرانی واشنگتۆن، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکرێت کە فراوانبوونی نفوزی چین لە ناوچەکەدا دەرئەنجامی سیاسەتەکانی خودی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمریکا بە هاتنی بۆ عێراق ڕووبەڕووی شکستی گەورە بوویەوە و لە کۆتایشدا زۆر بە خێرای کشایەوە، بێگومان بە کشانەوەشی عێراقی خستە دەست ئێران و هێزە میلیشیاکانی عێراق. لە دوای ڕوخانی دەسەڵاتی بەعس هێشتا نەتوانراوە ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکرێتەوە کە دروستبووە، هاوتەریب سەروەری عێراق بە مانایەکی گشتی نەتوانراوە زامن بکرێت. لە لایەکی ترەوە هەڵگیرسانی جەنگی سووریا و هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بەو جەنگە نیگەرانی دەوڵەتانی ناوچەکەی لێکەوتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا دوای سووریا نۆبەی ئێمەیە؟ ئەمریکا لە سووریاش لە بری دەوڵەت هاوپەیمانی لەگەڵ پەیەدە (پارتی یەکێتی دیموکرات) ئەنجامدا. بێگومان ئەنجامدانی جەنگی عێراق و هاوپەیمانی لەگەڵ پەیەدە دا لە چەندین لایەنەوە هەڵەی ستراتیجی بوون بۆ ئەمریکا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چونکە بوون بە هۆکاری نیگەرانی و تەنانەت ترساندنی هاوپەیمانییە لە مێژینەکانی خودی ئەمریکا خۆی کە دەتوانین عەرەبستانی سعودیە و تورکیا وەک نموونە وەربگرین. دەرئەنجام وا دەردەکەوێت کە ئەمریکا ئەم دوو هاوپەیمانە مێژوویەی لە دەست چووبێت. لە لایەکی ترەوە پرۆژەکەی ئەمریکا بۆ ئاشتی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی پلانێکی تۆکمە نەبوو، چونکە بەرهەمی پلانەکە کەم بوو لەهەمانکاتدا تێچوشی گەلێک بەرز بوو...

لە دوای جەنگی عێراق ڕوون بوویەوە کە ئەمریکا بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ئاشتی و ئاسایش و خۆشبەختی بۆ وڵاتانی ناوچەکە فەراهەم بکات. جەنگی یەمەنیش باشترین نموونەی ئەوەیە کە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی ئەمریکا تەنها جەنگ و کاولکارییە. خۆ ئەگەر جەنگی نێوخۆی یەمەن لە ڕێگەی هەوڵەکانی چینەوە کۆتایی پێبێت، ئەوکات زۆر بەباشی ڕووندەبێتەوە کە سیاسەتەکانی کۆن (مەبەست ئەمریکایە) چەندە هەڵە بوون. بۆیە پێویستە دیبلۆماتکاران، ڕاوێژکاران و سیاسەتڤانانی ئەمریکا زۆر بە وردی بیر لە ڕووداوەکان و دەرئەنجامەکانی بکەنەوە. ئەمریکا پێویستە لە بری چەک و جەمسەرگەرایی ڕەچەتەی نوێی سیاسی پێشکەش بە دەوڵەتانی ناوچەکە بکات. پێویستە لە بری جەنگ هیوا بەخشبێت و هاوکاری هاوڵاتیانی و دەوڵەتانی ناوچەکە بکات. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەمریکا هەوڵ بدات ئەو بێمتمانەییە برەوێنێتەوە کە لەلای هاوڵاتی و وڵاتانی ناوچەکە دروستبووە سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەمریکا. بە پێچەوانەوە ئەو خواست و پێداویستییانە لە لایەن وڵاتێکی ترەوە پڕدەکرێتەوە.

بە پوختی چین هەوڵی داوە لە ناوچەیەکدا نفوزی خۆی فراوان بکات کە ئەمریکا تێیدا ناچالاکە و بۆشای هێزی تێدایە. بۆ ئەم مەبەستەش چین لە دوای جەنگی ساردەوە تا ئێستا لە کاتێکدا هاتۆتە ناوچەکەوە کە ئەمریکا زۆرترین بۆشایی لە ناوچەکەدا دروستکردووە.

دەرئەنجام: ئایا بەرەو جیهانێکی فرە جەمسەری دەڕۆین؟

جیهان چیتر جیهانە کۆنەکە نییە. ئەو سیستەمەی کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دروستکرابوو وردە وردە کۆتایی دێت، تا ئێستا ڕوون نییە کە چی جۆرە سیستەمێک جێگەی ئەو سیستەمەی پێشتر دەگرێتەوە. بەڵام هەر جۆرێک بێت بێگومان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێک دەبێت لەو سیستەمە نوێیە.

نابێت ئەوە لەبیربکرێت کە بە ئەنجامدانی تەنها ڕێکەوتنێک لە نێوان ئێران و سعودیەدا ئەوا ناوچەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەدوور دەبێت لە کێشە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا

لێکنزیکبوونەوەی ئەم دوو هێزە ناکۆکە وزەیەکی وا دەبەخشێت بە ناوچەکە کە چەندین گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە ببینێت.

زیادبوونی نفوز و چالاکی هێزە نێودەوڵەتیەکان لە ناوچەکەدا، لە لایەک دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ وڵاتانی ناوچەکە و لە لایەکی تریشەوە ئەگەرەکانی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە زیاتر دەکات.

ئەوەی کە هۆکار بوو بۆ ئەنجامدانی ڕێکەتنی نێوان ئێران و سعودیە لە پەکین بەتەنها ئێران و سعودیە نەبوون، بەڵکو ئەو خواستەی چینیشە بۆ دروستبوونی جیهانێکی فرە جەمسەر. هەروەها خودی ئێران و سعودیە و چینیش هیواخوازن کە ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕێکەوتننامەیەکی ئاسایی نەبێت، بەڵکو هەنگاوێک بێت بۆ دروستبوونی سیستەمێک کە بتوانێت ئەمریکای پێ هاوسەنگ بکرێت.

شت گەلێکی پەنهان هەیە لە پشت ڕێکەوتننامەکەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە چیتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژهەڵاتە ناوەڕاستەکەی جاران نابێت.

**تێبینی:**

لەبەر زۆری سەرچاوەکان لە کۆتایی توێژینەوە دانەنراون، خوێنەر دەتوانێت بۆ زانینی سەرچاوەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەم لینکەی خوارەوە:

https://www.researchgate.net/publication/369658197_Suudi_Arabistan_-_Iran_Anlasmasi_ve_Cin%27in_Arabuluculugu_Bolge_Icin_Olasi_Sonuclari?channel=doi&linkId=6426993466f8522c38e87f94&showFulltext=true

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



کەسایەتی

# ئێرانناسی



## ئایەتوڵڵا محەمەدڕەزا مەهدەوی کەنی؛

# متمانە پێکراوی دوو ڕابەر

ئامادەکردنی: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

محەمەدڕەزا مەهدەوی کەنی ساڵی ١٩٣١ لە گوندی «کەن» سەر بە پارێزگای تاران لەدایکبووە، لە دوای کۆتاییهێنانی خوێندنی سەرەتایی ڕوو دەکاتە قوتابخانەی لوڕزادە (مدرسە علمیە لرزدە) و ساڵی ١٩٤٨ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئایینی ڕوو دەکاتە شاری قوم. مەهدەوی کەنی تاوەکو ساڵی ١٩٦١ لە خوێندن بەردەوام دەبێت، لەم ماوەیەدا لەبەردەستی مامۆستایان و مەراجعی تەقلیدی بەناوبانگی حەوزە وەك ئایەتوڵڵا بروجێردی، ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی، ئایەتوڵڵا مشکینی، ئایەتوڵڵا مورتەزا موتەهەری، هەروەها ئایەتوڵڵا خومەینی وانەکانی فیقه، تەفسیر، حیکمەت و کەلام دەخوێنێت. هەر لە ماوەی مانەوەی لە شاری قومدا، لەگەڵ ئەندامەکانی گرووپی «فیدائیانی ئیسلام» پەیدا دەکات و هاوشان لەگەڵ خوێندندا، ڕوو دەکاتە کاری سیاسی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku

مەهدەوی کەنی لە دوای گەڕانەوەی بۆ تاران دەست دەکات بە وتنەوەی وانە حەوزەییەکان و ئیمامەتی جومعە. لەم ماوەیەدا و لەژێر کاریگەریی بۆچوونە سیاسییەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی، دەچێتە نێو چالاکییە سیاسییەکانی دژ بە حکومەتی پەهلەوی و بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لە لایەن دەزگای هەواڵگری حکومەتی پەهلەوی (ساواک) دەستگیر دەکرێت. دوای ئازادبوونی، لەسەر چالاکییەکانی بەردەوام دەبێت و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٤ دەستگیر دەکرێتەوە و بۆ ماوەیەك بۆ شاری «بۆکان» دوور دەخرێتەوە و دوای گەڕانەوەی بۆ تاران لە ساڵی ١٩٧٧ ئازاد دەکرێت.

مەهدەوی کەنی لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی سیاسیی بەرهەڵستکاری حکومەتی پەهلەوی بە ناوی «جامعە روحانیت مبارز» دەکات و دەبێت بە یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی، ئەم کۆمەڵەیە کە بە پێشنیاری ئایەتوڵڵا خومەینی و پشتیوانی ئایەتوڵڵا موتەهەری دامەزرا بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ چالاکییەکانی خۆی ئاشکرا کرد. دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە کە سەرجەمیان لە ئایەتوڵڵا خومەینییەوە نزیکبوون، بریتیبوون لە: سەید محەمەد بەهەشتی، مورتەزا موتەهەری، محەمەد جەواد باهونەر، سەید عەلی خامنەیی و سەید عەبدولکەریم موسەوی ئەردەبیلی. مەهدەوی کەنی لە ساڵی ١٩٨١ وەك ئەمینداری گشتیی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا. کۆمەڵەی ڕۆحانییەت لە ساڵانی دوای شۆڕش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان، ئەنجومەنە ڕاوێژکارییەکان، دادوەری و لایەنی بەڕێوەبردن و سیاسەترێژی هەبوو و بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی گوتاری باڵی ڕاستڕەو بوو کە دواتر بە «ئوسوڵگەراکان» ناویان دەرکرد.

مەهدەوی کەنی لە زستانی ١٩٧٩ لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە دەبێتە ئەندامی بازنەی یەکەمینی ئەنجومەنی شۆڕش (شورای انقلاب) لە شاری پاریس، هەروەها بەشداری لیژنەی پێشوازی لە ئایەتوڵڵا خومەنی لە کاتی گەڕانەوەی بۆ تاران دەکات. هەر ئەم نزیکایەتییەی مەهدەوی کەنی لە ئایەتوڵڵا خومینی وادەکات دەستبەجێ لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩، سەرپەرشتیای یەکەمین ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی چەکداری بۆ پاراستنی شۆڕش بە ناوی «کمیتە انقلاب اسلامی» پێ بسپێردرێت کە تاوەکو ساڵی ١٩٨٢ لەم ئەرکە بەردەوام دەبێت.

بەردەوامی پەیوەندییەکانی مەهدەوی کەنی لەگەڵ دامەزرێنەری شۆڕشی ئیسلامیی، هەلی وەرگرتنی چەندین پۆستی هەستیاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ دەڕەخسێنێت کە بەشێکیان بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێران بووە، وەك: فەقیهی باڵای تاران لە ئەنجومەنی پاسەوانی دەستووری ئێران، ئەندامێتی لە ستادی شۆڕشی کولتووری، ئەندامێتی لە لیژنەی پێداچوونەوەی

دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نوێنەرایەتی ڕابەری ئێران لە لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەرپرسانی ڕژێم، ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی «روحانیت مبارز»، وەزیری ناوخۆ لە کابینەی ڕەجایی و باهونەر، سەرۆکایەتی دەوڵەتی کاتی (١٩٨١/٩/٢ – ١٩٨١/١٠/٢٩)، هەروەها لە ساڵەکانی تردا ئەندامێتی لە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم و ئەنجومەنی شارەزایانی ڕابەری و سەرۆکایەتیکردنی ئەنجومەنی شارەزایان دوایین بەرپرسیارێتی ئەو بووە.

مەهدەوی کەنی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خامنەیی، هاوشێوەی ڕابەری یەکەمی ئێران، پەیوەندییەکی نزیکی هەبووە و بووەتە جێگە متمانە و پاڵپشتیکردنی؛ سەرەتای ئەم پەیوەندییە بۆ ئامادەبوونی هەردووکیان لە وانەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی دەگەڕایەوە. دواتر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆحانییەت و ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامیی، ئەم پەیوەندییانە بەردەوامی هەبوو تا ئەو شوێنەی کە سەید عەلی خامنەیی لە پەرلەمانی ئێران، پشتگیرییەکی تەواوی لە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ لە لایەن مەهدەوی کەنییەوە کرد. لە بەرامبەردا مەهدەوی کەنی بە قازانجی عەلی خامنەیی، خۆی لە ڕکابەری سەرۆککۆماری کشاندەوە، هەروەها لە ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩، ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی میرحوسێن موسەوی کرد و لە بەرامبەردا ڕاشکاوانە پشتگیریی تەواوەتی خۆی بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی دەربڕی و تەنانەت ڕایگەیاند: «ڕابەری ئێمە، پیرۆزی هەیە».

هاوشانی ئەرك و ڕۆڵبینینە سیاسییەکانی، لە ساڵی ١٩٨١ ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی، لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ئایینی و سیاسی وەك خامنەیی، مشکینی، مونتەزەری، ئەمینی، ئیمامی کاشانی و ...، زانکۆی «ئیمام سادق»یان دامەزراند. مەهدەوی کەنی لە پاش ئایەتوڵڵا مونتەزەری، ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتی زانکۆکەی پێ سپێردا و تا کۆتایی تەمەنی لەم پۆستە مایەوە. زانکۆی ئیمام سادق یەکەمین زانکۆی ئێرانە لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ دامەزرا و بەرهەمی بەرنامەی وەرچەرخانی کولتووریی پاش شۆڕش و پرۆسەیەك بوو کە بە شۆڕشی کولتووری (انقلاب فرهنگی) ناو نرا. هەر بۆیە زانکۆی ئیمام سادق لە ساڵی ١٩٨٢، وەکو یەکەمین زانکۆی دوای ئەم پرۆسەیە دامەزرا و لە چوارچێوەی دامەزراوەی «جامعە الامام الصادق» بوونی خوی ڕاگەیاند.

ئامانج و ناوەڕۆکی ئەم زانکۆیە بریتیبوو لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، توێژینەوەیی، کولتووری، فێرکاری، بانگەشەیی و ئابووری کە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی کارە زانستی و کولتوورییەکانییەوە، داهاتی ئابووری بۆ بەڕێوەچوونی زانکۆ بەدەست بهێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەروەك مەهدەوی کەنی ئاماژەی پێدابوو، دامەزرێنەرانی زانکۆی ئیمام سادق لە خەونی دروستکردنی زانکۆیەکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هاوشێوەی «جامعة الازهر» بوون و بەوپێیەی کە تاران ناوەندی حکومەتی ئیسلامی بوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە زانکۆیەکی ئاست بەرزتر لە زانکۆی ئەزهەر دروست بکەن کە ببێتە «هیوای دوارۆژی ئیسلام و شیعە» و لەم پێناوەدا خوێندکاران پەروەردە بکەن بۆ سەرانسەری جیهان بیاننێرن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠، بڕیاردەرانی زانکۆ بەرەو «بەئیسلامیکردنی» زیاتری وانەکانی خوێندن هەنگاویان نا و وانە حەوزەوییەکان چوونە ناو پرۆگرامی خوێندنی بەشە جیاوازەکانەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە لە ئێستادا تەواوی بەشە زانستییەکانی زانکۆ بە دەستەواژەی زانستە ئیسلامییەکان (معارف اسلامی) دەستپێدەکەن وەکو زانستە ئیسلامییەکان و یاسا، زانستە ئیسلامییەکان و ئابووری و ... .

محەمەد ڕەزا مەهدەوی کەنی لە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١٢/١٨ کۆچی دوایی کرد؛ ئایەتوڵڵا خامنەیی لە پەیامی سەرەخۆشیدا، مەهدەوی کەنی بە کەسایەتییەکی کاریگەر و یارێکی وەفاداری دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و نیزام ناو برد کە لە هەموو قۆناغەکاندا وەك سیاسییەکی ڕاستگۆ و شۆڕشگێڕێکی ڕاشکاو ڕەفتاری کردبوو.

## سەرچاوەکان

- مهدوی کنی، محمدرضا (١٣٨٥)، خاطرات آیت الله مهدوی کنی، تدوین: غلامرضا خواجه‌سروی، تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی، ١٣٨٥.
- مدیرشانه‌چی، محسن (١٣٨٥)، فرهنگ احزاب و جمعیتهای سیاسی ایران، تهران: نگاه معاصر.
- ارکان زاده یزدی، سعید (١٣٩٢/٤/٢٣)، «دانشگاه امام صادق (ع) تربیت‌کننده مدیران «میاني»»، روزنامه شرق، شماره ١٧٨١، ص ٧.
- خبرنامه دانشجویان ایران (١٣٩٩/١٠/١٨)، « دانشگاه امام صادق(ع) چگونه تاسیس شد؟/ انگیزه‌ای که به ذهن یک فعال اقتصادی رسید»، https://shorturl.at/uKTY٨.
- خامنه‌ای (١٣٩٣/٨/٣)، « هشت برش از رابطه آیت‌الله مهدوی کنی و رهبر انقلاب»، https:// ٢٨٠٠٧=farsi.khamenei.ir/others-report?id.
- ایکدر، سولماز (١٣٩٧/٧/١٨)، « تغییر ژنتیکی در مدیریت دانشگاه امام صادق»، https://www. ٥٦٢٤٧/zeitoons.com.
- مرکز اسناد انقلاب اسلامی (١٤٠١/٧/٢٧)، « شرحی از زندگینامه آیت‌الله محمدرضا مهدوی کنی»، https://shorturl.at/biACL.

کتێبناسی

ئێراناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# ئێرانییەکان

## مێژووی دێرین تا سەردەمی هاوچەرخ (١)

**ئامادە کردنی: ئێرانناسی**

هومایوونی کاتۆزیان ناوێکی دیاری ئێرانە. ئابووریناس، کۆمەڵگەناس، مێژوونووس، لێکۆڵیاری بواری زانستە سیاسییەکان و ڕەخنەگری ئەدەبە. کاتۆزیان ساڵی ١٩٤٢ لە تاران لەدایکبووە. لە بەریتانیا و لە ساڵی ١٩٦٧ کۆلێجی ئابووری لە زانکۆی بیرمێنگام تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٦٨ ماستەر و لە ساڵی ١٩٨٤ دکتۆرای لە زانکۆی کنت لە بیرمێنگام بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە. لە زانکۆکانی ئێران، کەنەدا، بەریتانیا و ئەمریکا خاوەنی کۆرسی ئابووری بووە. ئێستا وەک لێکۆڵیاری پۆست دکتۆرا لە کۆلێجی سنت ئانتۆنی و ئەندامی دامەزراوەی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی کامبریجە. خاوەنی دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەیە بە زمانەکانی ئینگلیسی و فارسی. زیاتر لە ٢٨ کتێبی لە کتێبخانەکانی ئێران بە فارسی بەردەستن.

کاتۆزیان خاوەنی دو تێزی گرنگە لە ئێرانناسیدا. یەکەمیان ڕەخنەگرە سەبارەت بە دیدگای ئەورووپا میحوەری لە تێڕوانینیان سەبارەت بە مێژووی ئێران و دووەمیان ئێران کۆمەڵگەی کورت مەودا. بەو مانایەی کە کورت مەودایی نەک لە بیناسازی و هونەری میعماری ئێرانییدا ڕەنگی داوەتەوە بەڵکو لە کۆی کایە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگڕێژ کراوە. کاتۆزیان یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە ناکرێت بە پەنجەی ئاماژە ئیشارەتی بکەین و لە بەرچاوی نەگرین. کاتۆزیان دەبێت بخوێندرێتەوە و دیدگامان سەبارەت بە ئێرانناسی دەوڵەمەند بکات.

کتێبی ئێرانییەکان. مێژووی دێرین تا سەردەمی هاوچەرخ، یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی ئەو بیرمەندە کە لە بواری مێژووی ئێراندا نووسراوە. کۆی کتێبەکە ١٢ بەشە و لە بەشی (١-٦) سەبارەت لە مێژووی کۆن و ناوەڕاستی ئێرانە لە بەشی (٧-١٢) مێژووی سەدەی نۆزدەی ئێران تا شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە. دەروازەی کتێبەکە لە چەندین ئاماژەی ئەکادیمی و زانستییانە پێکهاتووە کە دیدگای نووسەر لەسەر کۆی کتێبەکە دەخاتە ڕوو. ئەوەی بە لای کاتۆزیانەوە گرنگە تێڕوانینی ئەوە بۆ مێژوو. ئەو پێیوایە ئەوەی کە مێژوو لە حیکایەت خوێنی و ئەفسانە جیادەکاتەو ئەو بنەما گرنگەی هەڵسەنگاندنە شیکاریی مێژووییە. ماهیەتی مێژووی ئێران چییە؟ لە چۆنیەتی و بۆچییەتی لە مێژووی ئێراندا چۆن تێبگەیین. ئەم کتێبە هەم بۆ خەڵکی ئاسایی و پسپۆڕەکان لە یەککاتدا نووسراه.

کاتۆزیان کاتێک کە خەسڵەتەکانی مێژووی ئێران شیکاری دەکات، هەندێک تابۆی گرنگ لە مێژووی ئێران دەشکێنێت. پەیوەندی نێوان حکومەت و دەوڵەت لە سەرتاسەری مێژووی ئێراندا دژ بەیەکبوون. خواستی حکومەت بۆ دەسەڵاتی ڕەها و شیوازی دیکتاتۆریەت لە لایەک و خواستی خەڵک بۆ شۆڕش و پابەند نەبوون بە یاساکانی دەوڵەت لە سەرتاسەری ئێران لە لایەکی دیکە بەدیدەکرێت. چەند ئاماژەیەکی کەم نەبێت لە حکومەت و خەڵک هاوتەریب لەگەڵ یەکبوون. ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم و دیاریکراو. بەرمەبنای تێزی «فەڕڕی ئیزەدی» ئەگەر حاکمێک لەگەڵ خەڵک عادیلانە ڕەفتار نەکات بەرەکەتی خواوەند لەدەستدەدات و دەڕوخێت. کەسی دووەم و جێنشینی پاشا لە حوکمی ئێراندا هەمیشە و بە گشتی گرفتێک بنەڕەتی بووە. لە پاش مەرگ یاخود نەمانی پاشا بە هەر هۆکارێک دیار نەبووە کە کێ جێنشینی پاشایە. بەردەوام بابەتی جێنشینی گرفتی بۆ دەسەڵات دروستکردووە. زۆرجار جێنشین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە ناو خوێن و ئاگردا تێپەڕیوە. لە مێژووی ئێراندا مەرج نەبووە کە هەمیشە دەسەڵات ناوەندگەرا و بەهێز بووبێت. لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەردەمی پاشاکانی (پێش ئیسلام) و سەردەمی قاجاری تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵات لە کەنارەکانی حکومەت زیاتر بووە تا ناوەند. لەبەر فراوانی جوگرافیای ئێران و نەبوونی هێڵی گواستنەوەی پێشکەوتوو بە تایبەت لە سەردەمی قاجار، دەوڵەت دەسەڵاتی ناوەندی خۆی وەک پێویست بەکارنەهێناوە و لاواز دەرکەوتووە.

ئێران کۆمەڵگەی کورتخایەن: لە ژێر ڕۆشنایی نەبووی هیچ پابەندبوونێکی یاسای بۆ بابەتی جێنشینی یاسا هیچ کات لەوە دڵنیا نەبوو کە بتوانێت کوڕە خۆشەویستەکەی بگاتە دەسەڵات. نەبوونی متمانە و نادڵنیایی لەمەڕ ئەم بابەتە، هەمیش دەسەڵاتداران لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیان. هەرکات ئەگەری ئەوە هەبوو کە کەسێک چاو ببڕێتە کورسی دەسەڵات و زەوتی بکات. ئەم دۆخە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانیش بە هەمان شێوە بوو. پاشا فشاری لەسەر خەڵک بە سەندنی باج و فشار لەسەریان زیاد دەکرد. دەسەڵاتی ڕەهای پاشا و خواستی خەڵک بۆ شۆڕش بەردەوام لە مێژووی ئێراندا دوبارە دەبێتەوە. ناجێگیریی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و نەبوونی پشتیوانی خەڵک لەو دەسەڵاتە خەسڵەتێکی جێگیری مێژووی ئێرانە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، نووسەر زۆر ئازادانە کە باس لە نەژاد و ڕەسەنی ئێران دەکات، لە فارسدا کورتی ناکاتەوە. بە ڕۆشنی دان بەوەدا دەنێت کە فارس یەکێک لە ڕەسەنەکانی پێکهێنەری مێژووی ئێرانە لە پاڵ کورد و بەلوچ و تاجیک و ئەفغان. هەروەها زمانی فارسیش یەکێکە لە زمانەکانی ئێران لە تەنیشت زمانەکانی دیکەی ئێران. وەک پێشتر زمانەکانی تر وەک زار و شێوەزار سەیر دەکران. بنچینەی مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران دابەشبووە بەسەر گوندنشین و خێڵە کۆچەرییەکاندا. کۆچەرەکان هەمیشە هەڕەشەبوون بەسەر دانیشتوانی گوندەکانەوە. لە کاتی یەکگرتنی بەشێك لەو هۆزانە توانیویانە دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و چەکدایی لە وڵاتدا بگرن. وەک هەخامەنشییەکان ئەو کارەیان کرد بەرامبەر بە دەوڵەتی ماد لە مێژوودا. کە بەردەوامبوون تا سەردەمی قاجارییەکان کە ئەوانیش بە هەمانشێوە خێلی کۆچەریی تورک بوون.

ناسنامەی ئێران و ئایدۆلۆژی و نەتەوەپەرستی ئێران یەکێکە لەو بابەتانەی کە هەمیشە جێگای مشتومڕی زۆر بووە. لێکۆڵینەوە تازەکان بە گومانەوە سەیری تێزی ناسیۆنالیزمی ئاریایی ئێران دەکەن. دووبارە بونیاتنانەوەی تێزی ئێرانیخوازی و بە ناوەندێتی نەژادی فارسی لە ژێر کاریگەریی تەوژمی ئەڵمانی لە ئێران سەریهەڵدا. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە داڕشتنی ناسنامەی ئێرانی. لەبەرئەوەی لە ژێر کاریگەریی هەڵچوونی ئایدۆلۆژی

و خەونی هەستەکیدا بوو. هیچ هەڵسەنگاندنێکی واقیعگەرایانەی تێدا نەبوو بە مێژوو و کۆمەڵگەی ئێران. هەرچەندە ئەم هەوڵە لە سەردەمی ڕەزاخاندا پەرەی سەند، زۆرێک لە ڕوناکبیران و مێژوونووسانی ئێرانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لەوانە کەسایەتی وەک سادق هیدایەت (هەرچەند خۆی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ پاشایەتی ڕەزاخاندا نەبوو).

نووسەر بە وردی لە بەشەکانی (١-٨) باسی ئەم بابەتە دەکات.

ئێرانگەرایی: وەک تێڕوانینێکی نوێی نووسەر سەرنج دەبات بۆ هەندێک بابەتی هەستیار. بەوەی کە ئێرانگەرایی لە مێژووی ئێراندا بە واتای ئێرانگەرایی نوێی میژووی ئێران نییە کە کاریگەرە بە نەتەوەپەرستی ئێرانی. بەڵکو بە واتای هەستێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نێوان ئێرانییەکان کە خۆیان لە نەتەوەکانی دراوسێ پێ دەناساند. ئەم هەستە وەک بۆ هەندێک ڕاستبوو. ئەم هەستی ئێرانیبوون لە مێژوودا یەکسان و جێگیر نەبووە. بەڵکو لە ژێر کاریگەری سێ هۆکاری سەرەکی گۆڕانی بە سەردا هاتووە. یەکەمیان زمانی فارسی بووە. کە وەک کۆڵکەی هاوبەشی ئێرانییەکان سەیری کراوە لە مێژوودا و زمانی ئەدەب و شارستانییەتیتان بووە. دووەم ئیسلامی شیعی کە هەندێک لە ڕەگە کولتوورییەکانی تا مێژووی کەونارای ئێران دەڕوات. کە لە مێژووی پێنج سەد ساڵی ڕابردووی ئێران مەزهەبی زۆرینەی ئێرانییەکان بووە. سێیەم خاکی ئێران و جوگرافیاکەی. هەرچەندە ئەم پانتاییە جوگرافییە لە مێژوودا فراوانی و بەرتەسکبوونەی زۆری بە خۆوە دیوە، بەڵام لە ئەنجامدا وەک ناوچەیەکی کولتووری توانیویەتی هەبوونی خۆی لە مێژوودا بسەلمێنێت.

بە گشتی ئەم کتێبە نایابە بەسوودە بۆ خوێنەری گشتی و پسپۆڕانی تایبەتمەندی مێژووی ئێران و کولتوور و شارستانییەتەکەی. نووسەر پابەند نەبووە بە ڕێڕەوێکی مێژوویی بە تەنها، بەڵکو ئابووری و باری کۆمەڵایەتی و کولتووری و فیکری ئێرانیش بەشێکە لە کارەکە.

---

١. همایون کاتوزیان. ایرانیان دوران باستان تا دورەی معاصر. چاپی یەکەم. تهران. نشر مرکز، ١٣٩١.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چەمکناسی

ئێرانناسی

## چەمکناسی

# ئاسایشی نەتەوەیی



ئامادەکردنی: هەورامان فەریق

لە ڕووی زمانەوانییەوە بە حاڵەتی خاڵیبوون لە هەرجۆرە هەڕەشە یان هێرش یان ئامادەییەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، هەڕەشە و هێرشێك دەگوترێت ئاسایش. لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بە توانای پارێزگاری و بەرگریکردنی دەوڵەتێك لە هاوڵاتییەکانی کراوە[1]. هەڵبەت پێناسە مۆدێرنەکەی ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە و تەنیا لایەنی سەربازیی ناگرێتەوە، بەڵکو پارێزگاری لە تاوان و تێرۆریزم، ئاسایشی ئابووری، ژینگەیی، خواردن، وزە و سایبێریش لەخۆ دەگرێت[2]. لەڕووی زاراوەی سیاسی و یاساییەوە ئاماژە بە چوار جۆر لە ئاسایشی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دەکرێت. وەها دەردەکەوێت کە هەتا دەوڵەتێك یان سیستمێکی سیاسی زیاتر هەست بە ترسی لەدەستدانی خەڵك، سەروەت و خاکەکەی بکات، ئاسایشیتر و سەربازیتر دەبێت. بۆیە ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەت . نەتەوەکانیان لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی و فرەئایینی دانەمەزراون، ناتوانن خۆیان لەم دۆخە دەرباز بکەن و دەبێت پلان، بودجە و ستراتیژی نزیك و دووریان بۆ ئەم بوارە تەرخان بکەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گرنگییەکی زۆر بە پرس و دۆخی ئاسایشی نەتەوەیی دەدات. هەر لە دەستووری کۆماری ئیسلامییەوە بگرە تا دامەزراندنی ئەنجومەی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی (شورای عالی امنیت ملی) و گوتاری رۆژانەی میدیاکان و لێدوانی فەرمی بەرپرسەکانیانەوە بگرە کە ئاسایشی نەتەوەیی بە هێڵی سووری رژێم ناوزەد دەکەن[٣]، تا ئامادەگی سەربازیی و ئاسایشیی ئەو وڵاتە لە نزیکترین سنوورەکانییەوە تا دوورترین وڵاتانی وەك ڤەنزوێلا. هەڵبەت تێگەیشتن لەم چەمکە بەبێ پەیوەستکردنەوەی بە چەمکگەلێکی وەك بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، ویلایەتی فەقیهـ، سەروەری خاك (تمامیت ارضی) و سەروەریی نەتەوەیی نیوەناچڵ دەنوێنێت. هەر بۆیە لە پێداچوونەوەی دەستووری ١٣٦٨(١٩٨٩)ی ئێران و لە مادەی ١٧٦ دا پێویستیی دامەزراندنی ئەنجومەنێك بەناوی «ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی» هاتەئاراوە و بە کردەیی هەنگاوی بۆ نرا. ئەرکەکانی ئەنجوومەنەکە لە سەرەتاوە دیاریکردنی سیاسەتەکانی بەرگری؛ هاوئاهەنگکردنی چالاکییە سیاسی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی پەیوەست بە پلانرێژیی گشتی بەرگری.ئاسایشی؛ و سوودوەرگرتن لە پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی وڵات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆی و دەرەکییەکان بوو[٤].

لە هەندێك لەو توێژینەوانەدا کە سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ئەنجام دراون، ئاماژە بە چەند فاکتەر و کارەکتەرێك دەکرێت کە لە چاویلکەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە بە هەڕەشە هەژمار دەکرێن. بۆ نموونە، هەندێك بکەری ناو هەرێمی کورستان[٥]؛ کاریگەری ریفراندۆم[٦]؛ بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان و دەرهاویشتەکانی لەسەر دنەدانی ئاراستە ناسیۆنالیستییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان[٧]؛ بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق٨ و جێگیربوونی هێزەکانی ناتۆ لە نزیك سنوورەکانی ئێران[٩].

دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ڕوانینی دەستەبژێری ئێرانی چ پارێزگاران و چ ڕیفۆرمیستەکان سەبارەت بەم چەمکە وەك یەك نییە. لە سەرەتای شۆڕشەوە ڕەوتی گۆڕانی گوتاری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ساتی هەڵگیرسانی شۆڕش تا پێش جەنگی عێراق . ئێران (پەرەسەندن سەنتەر)، لە سەروبەندی جەنگ (پاراستن سەنتەر) و لە کۆتایی جەنگەوە و هاتنەسەرکاری دەوڵەتی (گەشە سەنتەر) پۆلێنبەندی دەکرێت.١٠. دوو گوتاری زاڵی نەریتیی . نوێ یان شۆڕشگێڕیی . نەتەوەیی نوێنەرایەتی ئەم دوو گوتارەیان کردووە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی ئێران و بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە. گوتاری یەکەمیان بە دەوری (دالی ناسنامەگەرایی) و دووەمیان (دالی پەرەپێدانگەرایی)

دا دەسوڕێتەوە. گوتاری ناسنامەگەرا ڕێگای دەستڕاگەیشتن بە ئاسایشی بەردەوام لە بەهێزکردنی ناسنامەی شۆڕشگێڕی و ئیسلامیدا دەبینێتەوە و لاوازبوونی ئەم ناسنامەیە بە هۆکاری سستبوونی پایەکانی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکات. لایەنی بەرامبەر، کە پەرەپێدانگەرایە، بە لەبەرچاوگرتنی واقعییەتەکانی کایەی نێودەوڵەتی و هەروەها پانتایی کولتووری و کۆمەڵایەتی خەڵك لە ناوخۆی وڵاتدا و گرنگیدان بە ڕەهەندی سۆفتی ئاسایش، هەنگاونان بە ئاڕاستەی پەرەپێدان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بە پێشگریمانەی دەستڕاگەیشتن بە ئاسایشی بەردەوام پێناسە دەکات[11].

ڕاجیایی سەبارەت بە فاکتەرەکانی هەبوونی ئاسایشی نەتەوەیی و هەڕەشەکانی سەری مشتومڕی بەردەوامی گوتارە سەرەکییەکان و باڵە جیاجیاکان بووە. هەندێك پێیان وایە کە گرنگترین کۆڵەکەی ڕژێمی ئێران وەك پارێزەری ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە ناسنامەی کولتووری، چونکە بەها مەعنەوییەکان و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی کە پێکهێنەری بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامییە، لە بنەڕەتدا خەسڵەتێکی کولتووریی هەیە و تەنانەت هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشیش بووە. هەربۆیە لە هەندێك وڵاتدا بە چڕی کار لەسەر سیاسەتی کولتووری کراوە. لە ئاست ناوخۆی وڵاتیش کۆمەڵێك فاکتەر هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروست دەکەن. یەکێك لەوانە فرە کولتووری و فرەئاییینبوونی وڵاتە، کە بە دەبنە ئاگری ژێر پووشی تێکدانی یەکڕیزی نەتەوەیی١٢ و هەڵوەشانەوەی وڵات. بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بمانەوێت قسە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بکەین دەتوانین بە گوێرەی لەپێشتربوونەکانی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی پۆلێنبەندییان بکەین. لە توێژینەوەیەکدا لەپێشتربوونەکانی هەڕەشەکان بەمشێوەیە پۆلێنبەندی کراون: هەڕەشە سەربازیی/زانیارییەکان، ئابوورییەکان، سیاسی .کولتوورییەکان و ژینگەیی. سەرچاوەکان. هەڕەشە سەربازیی و زانیارییەکان پێش هەموو هەڕەشەکانی دیکە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکەن. لە نێو ئەم جۆرەشدا؛

جەنگ و ململانێی سەربازیی پشت ئەستوور بە بنەمای دەرەوەی سنوور؛

تیرۆر و تیرۆریزم؛

هەڕەشە سایبرییەکان لە کایەی سەربازیی و زانیاری؛

سیخوڕی و نفوزی زانیاری[13].

بۆیە بە گوێرەی پۆلێنبەندی لەپێشتربوونەکان و ئەنجامەکان، توێژینەوەی سەرەوە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشنیاز دەکات کە پێویستە ڕێکار، بوجە و ستراتیژی پێویست بگیرێنەبەر بۆئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە ببنەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەی پەیوەستە بە عێراق و کوردستانەوە ئەوەیە کە وڵاتانی دراوسێی عێراق و بەتایبەت ئێران ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لە یەکگرتوویی عێراقدا دەبیننەوە. عێراقێك کە کوردستانی تێدا بەلاوازی بمێنێتەوە یان بتوێتەوە. عێراقێکی یەکگرتوو لە حاڵەتی بەردەوامیی ئەم فرەییەی ئێستادا کەمترین هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروست دەکات، بەڵام توندتربوونی ئیتنیسیتە و هەستی نەتەوایەتی عەرەبی (بۆ نموونە سەدرییەکان) لە عێراقدا دەرخەری دەرکەوتنی هەڕەشەگەلی نوێ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دەبن. بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە دابەشبوونی عێراق خراپترین دۆخ بۆ ئێران دەخوڵقێنێت، بیچمگرتنی عێراقێکی پێکهاتوو لە کورد و شیعە و سوننە، بەڵام لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دڵخوازی ئێرانە، چونکە هەم لە لایەکەوە هەژموونی خۆی بەسەر ئەو عێراقە زۆرینە شیعەیەدا دەسەپێنێت، هەم ڕێگری لە هەژموونی هێزگەلێکی دیکەی وەك ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات و دەرەنجام بە مسۆگەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کۆتایی دێت. هەڵبەت بە حەزەرکردن لەوەی کە ئەم عێراقەش بە هەنگاونان بەرەو بەهێزیی زیاتر بەجۆرێك لەدەست دەرنەچێت[١٤] کە چیتر لە ژێر ڕکێفی ئێراندا نەبێت. هەربۆیە ئێران بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکات، لە لایەك ڕێگە بە دابەشبوونی عێراق نادات و هەوڵ بۆ عێراقێکی یەکپارچە دەدات، لەلایەکی تر نایەوێت عێراقێکی هێندە بەهێز دروست ببێت کە لەسەر ڕێڕەوەکەی ئێستای لابدات و لە ژێر کاریگەری هێزە ناوچەییەکانی وەك تورکیا و وڵاتانی عەرەبی بە ئاڕاستەیەکی دیکە هەنگاو بنێت کە بە دڵی ئێران نەبێت.

## سەرچاوەکان

1. National Security versus Global Security | United Nations
2. https://study.com/learn/lesson/national-security-policy-concept-role.html

٣ - امنیت ملی ایران خط قرمز جمهوری اسلامی ایران است - خبرگزاری مهر | اخبار ایران و جهان | Mehr News Agency

٤ - شورای عالی امنیت ملی - از قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران | مهدی داودآبادی (davoudabadi.ir)

٥ - داود رضایی و قدیر نصیری، مهمترین کنشگران تحولآفرین در اقلیم کردستان عراق، فصلنامه علمی امنیت ملی سال دوازدهم، شماره چهل و چهارم، تابستان ١٤٠١ مقاله سوم از صفحات ١٠٤ – ٧٧، ص١.

٦ - اصغر بیات و دیگران، تحولات کردستان عراق و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا -107شماره سی و ششم - پاییز 1397 / صص 1 ١٣٦-١٠٧. ص١٠٨.

٧ - رویا فرزین راد و ئەوانیتر، بررسی مسئلۀ هم هپرسی استقلال اقلیم کردستان عراق و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصل نامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی، دورۀ ٩ . شمارۀ ٣١ . تابستان ١٣٩٨، ص. ١١.

٨ - نصرت الله حیدری، تأثیر حضور نیروهای آمریکایی در عراق جدید بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مطالعات سیاست بین الملل، دوره 2، شماره 2، شماره پیاپی ) 3(، تابستان 0410 ، ص 022 0، ص١٧.

٩ - سهیل سهیلینجفآبادی و دیگران، بررسی آیندهپژوهانه حضور ناتو در خاورمیانه و محیط پیرامونی ایران و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مطالعات بینالمللی سال ١٧ ، شماره ١(٦٥) صص ١٦٩-١٩٤، ص ١٤.

١٠ - داود بخشایی، محسن قلی پور، تحول گفتمان های امنیت ملی در جمهوری اسلامی ایران، فصلنامەی علمی . تخصصی سپهر سیاست، سال ٧، شمارە٢٦، ١٣٩٩، ص٤.

١١ - همان، 23.

١٢ - مصطفی قاسمی حیدری و دیگران، اثرات استقلالخواهی اقلیم کردستان عراق بر انسجام ملی مناطق کردنشین ایران، فصلنامه مطالعات بینالمللی سال 18 ، شماره 1 ( 69 (، تابستان ، ص٢.

١٣ - حسین بختیاری، ٢ علی صالح نیا، اولوی تبندی تهدیدات امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران با روش تحلیل سلسل همراتبی،AHP، فصلنامۀ مطالعات راهبردی سیاستگذار یعمومی، دورۀ ٨ ، شمارۀ ٢٧ ، تابستان ٩، ص١٠.

١٤ - محمدزمان راستگو، عراق منسجم و امنیت جمهوری اسلامی ایران، سیاست کاربردی پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات علوم انسانی، دو فصلنامەی علمی . تخصصی، سال اول، شمارەی دوم، پاییز و زمستان ١٣٧٩، ٤٣-٧١، ص ٢٣.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵێـنەوەی ئایندەیی





































CFS


Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی












ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




































CFS

Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت**
**بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات**



**ژمارە (٩) ساڵی سێیەم، تشرینی دووەم ٢٠٢٣**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku